UNITED NATIONS
HUMAN RIGHTS
OFFICE OF THE HIGH COMMISSIONER

# پەیـمـانـنـامـە بـنـەڕەتـیـە نـێـودەوڵـەتـیـەکـانی

# مـافـەکـانـی مـرۆڤ

United Nations

# ناوەڕۆک

ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی هەموو جۆرێک لە جیاکاری و ڕەگەزپەرستی .......... ٥
پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکان ......... ١٩
پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنی و سیاسییەکان.................................٣٣
پرۆتۆکۆلی سەرپشککراوی یەکەم پەیوەست بە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت
بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان..........................................................................٥٣
پرۆتۆکۆلی سەرپشککراوی دووەمی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە
مافە مەدەنی و سسیاسیەکان بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارە دان . ..٥٧
پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکاریەک لە دژی ژنان...............................٦١
رێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ ......................................................................... ٧٧
رێککەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە و هەموو جۆرەکانی مامەڵە
و سزای قورس یان نا مرۆیی یان ئابڕووبەرانە ........................................................ ١٠١
پرۆتۆکۆلی ئیختیاری تایبەت بە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بەرەنگاربوونەوەی
ئەشکەنجە و جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر.. ١١٥
رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە پاراستنی مافی کرێکارارانی کۆچبەر
و ئەندامانی خێزانەکانیان ............................................................................... ١٣١
رێککەوتننامەی مافەکانی کەسانی خاوەن پیداویستی تایبەت...................................١٦٩
ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە پاراستنی هەموو کەسێک لە وونبوونی زۆرەملێ... ٢٠٣

# ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی هەموو جۆرێک لە جیاکاری و ڕەگەزپەرستی

**بەپێی بڕیاری ژمارە ٢١٠٦ لە ٢١ کانوونی یەکەمی ١٩٦٥ دا لەلایەن کۆمەڵەی گشتیەوە لەخۆگیراوەو کراوەتەوە بۆ واژۆکردن و پەسەندکردن، لە ٤ی کانونی دووەمی ١٩٦٩شدا بەپێی ماددەی ١٩ خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە .**

وولاتانی ئەندام لەم ڕێکەوتننامەیەدا،

تێڕوانینیان هەبێت کەوا پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بنەمای شکۆمەندی و یەکسانیەوە دامەزراوە و بەزگماکیش بوونی هەیە بۆ هەموو مرۆڤەکان، هەروەها هەموو وولاتانی ئەندام پەیمانیان داوە بە وەرگرتنی ڕێکاری بە تەنیا و بە کۆمەڵ، بۆ هاوکاریکردنی ڕێکخراوەکە لە وەدەستهێنانی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بریتییە لە بەهێزکردن و هاندانی ڕێزگرتنێکی گشتگیر بۆ چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتیەکان بۆ هەمووان، بەبێ جیاکاری لەسەر بنەمای ئیتنی و ڕەگەز و زمان و ئاین،

هەروەها باوەڕیشیان بەوە بێت کەوا جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندووە کەوا هەموو مرۆڤەکان بە سەربەستی لەدایک دەبن وە لە شکۆمەندی و مافەکاندا یەکسانن وە هەموو مرۆڤێک مافی گەیشتنی هەیە بە هەموو ماف و ئازادیەکان بەبێ هیچ جۆرە جیاکارییەک لەسەر بنەمای ئیتنی و ڕەنگی پێست و نەتەوەیی بێت.

وە دەبێت باوەڕیان بەوە بێت کەوا هەموو مرۆڤەکان یەکسان بن لەبەردەم یاسادا وە مافی یەکسانیان هەبێت لە پاراستنیان بە یاسا بەبێ جیاکاری یان هاندان بۆ جیاکاری.

بە تێڕوانین بۆ ئەوەی کەوا نەتەوە یەکگرتووەکان کۆلینیزم و هەموو جۆرێک لە کردارەکانی جیاکردنەوە و جیاکاری سەرزەنشت کردووە بە هەموو شێوەکانی و لەهەر شوێنێک بێت، هەروەها جاڕدانی کردووە بۆ پێدانی سەربەخۆیی بۆ گەلانی ژێردەست لە ١٤ کانوونی یەکەمی ١٩٦٠ دا ( بڕیاری کۆمەڵەی کشتی ژمارە ١٥١٤ (١٥)) وە زۆر خێرا و بە فەرمیش تاکید لە پێویستی کۆتایی هێنانی دەکات بەبێ هیچ مەرج و بەربەستێک.

هەروەها بەهەند وەرگرتنی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری ڕەگەزی کە لە ڕێکەوتی ٢٠ تشرینی ١٩٦٣ دا دەرچووە ( بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە ١٩٠٤ (د ١٨)) کە بە فەرمی جەخت لە پێویستی ئەوە دەکات بۆ زاڵبوونی خێرا بەسەر هەموو جۆرێک لە جیاکاری ڕەگەزی لە جیهاندا بە هەموو شێوەکانی و پێویستی دەستەبەرکردنی تێگەیشتن و ڕێزگرتن لە شکۆمەندی کەسیی مرۆڤ.

وە باوەڕیشی بەوە بێت کە هەر مەزهەبێک لەسەر بنەمای لێکترازان و جیاکاری دامەزرابێت ئەوا ئەم مەزهەبە بەشێوەیەکی زانستی هەڵەیەو ئەم جۆرە ڕەوشتانەش مەحکومکراوو نادادپەروەریە وە لە نێو کۆمەڵگەشدا کارێکی مەترسیدارە، هەروەها هیچ پاساوێکیش نییە بۆ جیاکاری ڕەگەزی جا چ بە تیۆری بێت یان پراکتیکی و لەهەر شوێنێکیش بێت،

هەروەها دووبارە جەخت لەوە دەکاتەوە کەوا جیاکاری لەنێوان مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ڕەنگی پێست و ڕەسەنی نەژاد دەبێتە بەربەستێک بۆ دروستکردنی پەیوەندی دۆستایەتی و ئاشتەوایی لەنێوان گەلاندا و دەبێتە هۆی لێکترازان لە پێکەوە ژیان لە نێوان ئەو کەسانەی کە لەچوارچێوەی یەک وڵاتدا پێکەوە دەژین،

هەروەها باوەڕیشی بەوە بێت کە هەبوونی بەربەستە ڕەگەزییەکان بەهیچ شێوەیەک ناگونجێت لەگەڵ هزری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی،

هەروەها دەبێت نیگەرانییەکی زۆریشی هەبێت دەربارەی ئەو جیاکاریانەی کە لەزۆر شوێنی ئەم جیهانەدا بەدی دەکرێن، هەروەها بەرامبەر ئەو سیاسەت و حکومەتانەی کە لەسەر بنەمای ڕەگەزپەرستی یان رقوکینەی ڕەگەزی دامەزراون وەکو سیاسەتەکانی جیاکاری ڕەگەزی و دورخستنەوەو جیاکردنەوە،

وە سوڕ بێت لەسەر گرتنەبەری هەموو ڕێگایەک بۆ زاڵبوون بەسەر هەموو شێوەکانی ڕەگەزپەرستی ، هەروەها ڕێگر بێت لە مەزهەبەکان لە پەیڕەوکردنی ڕەگەزپەرستی و جیاکاری وە بەرەنگاری ببێتەوە بە مەبەستی لێکتێگەیشتن لە نێوان ڕەگەزەکان بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی نێودەوڵەتی ئازادی بەدەر لە هەموو جۆرێک لە دوورخستنەوەو جیاکاری ڕەگەزی،

بەهەند وەرگرتنی ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی پەیوەست بە کارو کارکردن کە لە ساڵی ١٩٥٨ لە لایەن ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لەخۆگیراوە، هەروەها ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی هەموو جۆرێک لە جیاکاری لە پەروەردەدا کە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانی پەیوەست بە پەروەردەو زانست و کەلتوور لە ساڵی ١٩٦٠ ەوە لەخۆ گیراوە،

ئارەزووی هەبێت کە هەموو ئەم پرینسیپانە جێبەجێ بکات کە لە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون بۆ زاڵبوون بەسەر  هەموو شێوازەکانی جیاکاری ڕەگەزی، وە گرتنەبەری ڕێوشوێنی زانستی پێویست لە نزیکترین دەرفەتدا بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە،

لەسەر ئەمانەی خوارەوەدا ڕێکەوتن:

## بەشی یەکەم

### ماددەی ١

١.لەم ڕێکەوتننامەیەدا زاراوەی " جیاکاری ڕەگەزی" بەمانای جیاکاری،  دەرهاوێشتن، ڕێگەلێگرتن یان بەلاوە باشتربوون دێت لەسەر بنەمای نەژاد یان ڕەنگی پێست یان نەسەب یان ڕەسەنی نەتەوەیی یان ئیتنی بە مەبەستی بەربەست خستنە بەردەم دانانان یاخود پەیڕەوکردن بەشێوەیەکی یەکسان بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتیەکان لە بوارەکانی سیاسی ، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری یاخود هەر بوارێکی تری ژیان بە گشتی.

٢.ئەم ڕێکەوتننامەیە نابێت جێبەجێ بکرێت لەکاتی هەبوونی هەر جیاکردنەوەیەک یان وەدەرگرتن  یان کۆتبەندکردن یان بەلاوە باشتربوونێک کە لەلایەن هەر وڵاتێکی ئەندامەوە بەرامبەر ئەم ڕێکەوتننامەیە بکرێت لە نێوان هاوڵاتیەکانی و ئەوانەی هاوڵاتی نین.

٣.نابێت هیچ شتێک لەم ڕێکەوتننامەیەدا وا شیبکرێتەوە کە بەهەر شێوەیەک کاریگەری لەسەر ئەحکامە یاساییەکانی کارپێکراودا هەبێت لە نێو وولاتانی ئەندامدا وە ئەوانەی کە پەیوەستن بە ڕەگەزنامەو هاولاتی بوون و مافی هاولاتی پێدان وە نابێت ئەم ئەحکامانە دژی ڕەگەزێکی تایبەت بێت.

٤.گرتنەبەری پێوەری تایبەت بەمەبەستی پێشکەوتنی تەواوی هەندێک گروپی نەژادی و ئیتنی یان ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە پارێزگاری لێکردن هەیە لەوانەیە پێویست بێت بۆ ئەوەی ئەم کەس و گروپانە بەیەکسانی پەیڕەوی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتیەکانی خۆیان بکەن وە نابێت جیاکاری ڕەگەزیان لەگەڵدا بکرێت، هەروەها دەرەنجامی ئەم پێوەرانەش نەبێتە جوداکردنەوەی مافەکان لەنێوان گروپە جیاوازەکاندا، بەمەرجێک بەردەوامی نەبێت کاتێک ئەنجامەکانی خۆی دەهێنێتە دی.

## ماددەی ٢

١.پێویستە ولاتانی ئەندام جیاکاری ڕەگەزی قەدەغە بکەن وە ڕێوشوێنی گونجاوو خێرا بگرنەبەر بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتی لەناوبردنی جیاکاری ڕەگەزی بە هەموو شێوەکانیەوە وە برەو بدەن بە لێکتێگەیشتن لەنێوان هەموو نەژادەکان (ڕەگەزەکان) وە بۆ دەستەبەرکردنی ئەمانەش:

أ- پێویستە لەسەر هە وولاتێکی ئەندام بەڵێن بدات کە پەیڕەوی هیچ کارێکی جیاکاری ڕەگەزی نەکات لەدژی کەسەکان یان گروپەکان یان دامەزراوەکان وە دەستەبەرکردی هەڵسوکەوتی هەموو دەسەلات و دامودەزگا گشتیە نەتەوەیی و ناوخۆکان بۆ پابەندبوون.

ب- پێویستە هەموو وولاتانی ئەندام بەڵێن بدەن کە هاندان و پارێزگاری لێکردن یان پاڵپشتی نەکەن لە هیچ جۆرێک لە جیاکاری ڕەگەزی کە لەلایەن هەر کەس و دامەزراوەیەکەوە ئەنجامبدرێت.

ج- پێویستە هەموو وولاتێکی ئەندام ڕێوشوێنی کاریگەر بگرێتەبەر بۆ پێداچوونەوە بە سیاسەتە حکومییە نیشتیمانی و ناوخۆییەکان، هەروەها هەمواركردن و بەتاڵکردنی هەر یاسایەک و سیتمێک کە ببێتە هۆکاری جیاکاری ڕەگەزی یان ببێتە هۆکاری درێژە پێدانی لە هەر شوێنێک بێت.

د- پێویستە لەسەر وولاتانی ئەندام بە هەموو شێوازێکی گونجاو، لەنێویشیدا دانانی یاسای تازە بۆ قەدەغەکردن و کۆتایی هێنان بە هەر جیاکاریەکی ڕەگەزی کە لەلایەن هەر کەس و گروپ و دامەزراوەیەکدا ئەنجام بدرێت.

ه- هەموو وولاتی ئەندام بەڵێن بدەن کەوا بەپێی پێویست پاڵپشتی لە ڕێکخراوەکانی نەهێشتنی جیاوازی لەنێوان ڕەگەزەکان و ڕێگاکانی تری نەهێشتنی بەربەستەکانی جیاکاری لەنێوان ڕەگەزەکان بکەن، وە لەباربردنی هەر شتێک کە ببێتە هۆکاری برەودان بە لێکترازانی ڕەگەزی.

٢.پێویستە وولاتانی ئەندام بەپێی پێویست وە لە بارودۆخی گونجاودا پێوەری تایبەت تۆکمە بگرنە بەر لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشەنبیری و بواری تردا، بۆ دەستەبەرکردنی گەشەسەندن و بەرگری تەواو بۆ هەندێک گروپی ئیتنی یان ئەو کەسانەی کە سەر بەم گروپانەن، بەمەبەستی سوودمەند بوون بەیەکسانی لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتیەکان.هەروەها نابێت بەهیچ شێوەیەک ئەم پێوەرانە وەک دەرەنجامێک ببەسترێتەوە بە

درێژەپێدانی نایەکسانی و جیاکردنەوەی مافەکانی گروپە ڕەگەزییە جیاوازەکان دوای ئەوەی ئەنجامەکانی خۆیان بەدەست دێنن.

**ماددەی ٣**

پێویستە لەسەر وولّتانی ئەندام بەشێوەیەکی تایبەت سیاسەتەکانی ڕەگەزپەرستی و جیاکردنەوەی ڕەگەزی بە هەموو شێوەیەک مەحکوم بکەن و بەڵێنیش بدەن بە ڕێگەگرتن و نەهێشتن و بنبڕکردنی ئەم جۆرە کارانە لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دادوەریاندا.

**ماددەی ٤**

پێویستە وولاتانی ئەندام پرۆتیستۆی هەموو جۆرە پرۆپاگەندەو ڕێکخراوێک بکەن کە لەسەر بنەمای بیروڕای تیۆری پێشخستنی هەر ڕەگەزێک یاخود گروپێکی لە ڕەنگ و ڕەسەنی ئیتنی وەکو یەک دامەزرابێت، یان ئەم گروپانەی کە هەوڵ دەدەن پاساو بهێننەوە یان برەوبدەن بە هەر جۆریک لە جۆرەکانی رقوکینەی ڕەگەزی یان جیاکاری ڕەگەزی، وە پێویستە بەڵین بدەن بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی هەنوکەیی و ئەرێنی بۆ زاڵبوون بەسەر هەموو جۆرێک لە هاندان بۆ کاری جیاکاری لەم جۆرە، هەروەها بەڵێنی تایبەتی بدەن بۆ بەرجەستەکردنی ئەم مەبەستەو هەروەها هەموو پرینسیپەکانی کە لە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە لەگەڵ هەموو مافەکانی کەلە ماددەی ٥ی ئەم ڕێکەوتننامەدا بە ڕاشکاوی باسی لێوەکراوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا:

(ا) پێویستە بەپێی یاسا بڵاوکردنەوەی هەر بیروڕایەک کە لەسەر بنەمای پێشخستنی ڕەگەزی و ڕقوکینەو هاندان بۆ جیاکاری ڕەگەزی بەتاوان هەژمار بکرێت، لەگەڵ هەر جۆرە کارێکی تری هاندان بۆ توندوتیژی لە دژی هەر ڕەگەزێک یان گروپە کەسێکی لە ڕەنگ یان ڕەسەنی نەژادی جیاواز، هەروەها پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ هەر چالاکیەکی ڕەگەزپەرستی، لەنێویشیدا هاوکاری مادی.

ب. وە پێویستە ڕاشی بگەیەنێت کەوا ڕێکخراوە نایاسایی و قەدەغەکراوەکان و هەموو جۆرە چالاکیەکانی پروپاگەندەی تر کە دەبێتە هاندان بۆ جیاکاری ڕەگەزی قەدەغەکراوە، هەروەها بەشداریکردن لەم جۆرە چالاکی و ڕێکخراوانەدا تاوانێکەو بەپێ یاساش سزا دەدرێت.

(ج) پێویستە دەرفەت نەدرێت بە دەسەڵات و دەزگا گشتییە ناوخۆیی و نیشتیمانیەکان بۆ برەودان و هاندانی جیاکاری ڕەگەزی.

**ماددەی ٥**

بەمەبەستی گونجاندن لەگەڵ پابەندییە بنەڕەتیەکانی کە لە ماددەی ٢ ی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە، پێویستە وولاتانی ئەندام بەڵێن بدەن بە بنبڕکردن و قەدەغەکردنی جیاکاری ڕەگەزی بەهەموو شێوەکانیەوە، هەروەها دەستەبەرکردنی مافەکانی هەموو کەسێک بەبێ جیاوازی لەسەر بنەمای نەتەوەو ڕەنگ و ڕەسەنایەتی ئیتنی لەبەردەم یاسادا، هەروەها بە سوودمەندبوون لەم مافانەی خوارەوە:

(ا) مافی یەکسانی لە مامەڵەکردن لەبەردەم دادگاو هەموو ئۆرگانەکانی تری بەڕێوەبردنی دادپەروەریدا.

ب. مافی پاراستنی تاکەکەسی و پاراستن لەلایەن حکومەتەوە لە دژی هەر توندوتیژیەک یان ئازاردانی جەستەیی، جا چ لەلایەن بەرپرسانی حکومیەوە بێت یاخود گروپێک یان دەزگایەکی تایبەتەوە بێت.

(ج) مافە سیاسیەکان، بەتایبەتیش مافی دەنگدان لە هەڵبژاردن و خۆ کاندیدکرن لەسەر بنەمای دەنگدانی گشتی بە یەکسانی، بۆ بەشداریکردن لە حکومەت لە بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتیەکان لە سەر هەر ئاستێک بێت لەگەڵ هەبوونی یەکسانی لە گەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتیەکان.

(د) مافە مەدەنیەکانی تری وەکو:

١- مافی ئازادی لە هاتن و چوون و هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بوون لە چوارچێوەی سنووری وڵاتدا.

٢- مافی جێهیشتنی هەر وڵاتێک، لەنێویشدا وڵاتی خۆت و گەڕانەوەش بۆ وڵاتی خۆت.

٣- مافی هەبونی ڕەگەزنامە.

٤- مافی هاوسەرگیری و هەڵبژاردنی هاوسەر.

٥- مافی موڵکداری، جا بەتەنها بێت یان بە هاوبەشی لەگەڵ کەسانی تردا.

٦- مافی میراتگری

٧- مافی ئازادی لە هزرو ویژدان و ئایندا.

٨- مافی ئازادی بیروڕاو ڕا دەربڕین.

٩- مافی ئازادی لە گردبوونەوەی ئاشتیخوازانەو دامەزراندنی کۆمەڵەو ڕێکخراو.

(ە) مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان، بەتایبەتیش ئەم مافانەی خوارەوە:

١- مافی کارکردن و ئازادی لە هەڵبژاردنی جۆری کار، وە مەرجەکانی کارکردنی دادپەروەرانەو پاراستن لە بێکاری، وە وەرگرتنی کرێی کار بەیەکسانی بۆ کارێکی دیاریکراو، لەگەڵ پێدانی خەڵات و پاداشتی کار بەیەکسانی.

٢- مافی دامەزراندن و ئەندامێتی لە سەندیکاکان.

٣- مافی نیشتەجێبوون.

٤- مافی تەندروستی گشتی و چاودێری بزیشکی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی.

٥- مافی پەروەردەو ڕاهێنان.

٦- مافی یەکسانی بەشداریکردن لە چالاکییە کەلتوریەکان.

٧- مافی چوون و گەیشتن بە هەموو شوێن و خزمەتگوزارییە گشتیەکان، وەکو هۆکارەکانی گواستنەوە و هۆتێل و ڕێستۆرانتەکان و قاوەخانەو شانۆو پارکەکان.

**ماددەی ٦**

پێویستە دەوڵەت پارێزگاری و پاراستنی کاریگەر دەستەبەر بکات بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لەژێر دەسەڵاتەکانی ئەودا دەژین لەڕێگای دادگای باڵای پەیوەستەوە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر کارێکی جیاکاری ڕەگەزی کە پێشێلکاری بێت لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتیەکان کە دژی ئەم ڕێکەوتننامەیە بێت، هەروەها مافی قەرەبووکردنەوەی هەر زیانێک لە ئەنجامی ئەم جیاکارییەدا.

**ماددەی ٧**

ووڵاتانی ئەندام بەڵێن بدەن بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی هەنوکەیی و کاریگەر، بەتایبەتی لە بوارەکانی پەروەردەو فێرکردن و کەلتوورو میدیا، بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی دەمارگیری کە ببێتە هۆی جیاکاری ڕەگەزی، هەروەها بۆ برەودان بە لێکتێگەیشتن و لێبوردەیی و دۆستایەتی لەنێوان نەتەوەکان و گروپە نەژادی و ئیتنیەکاندا، هەروەها بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی پرینسنیپەکانی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ دەربارەی بنبڕکردنی هەموو جۆرێک لە جیاکاری ڕەگەزی و ئەم ڕێکەوتننامەیە.

## بەشی دووەم

**ماددەی ٨**

١-لێژنەیەک پێک بهێنرێت دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری ڕەگەزری بەناوی " لێژنە" لە هەژدە ئەندامی پسپۆڕی ڕەوشت بەرز و بێلایەن پێک دێت کە لەلایەن ووڵاتانی ئەندامەوە لەنێوان هاوڵاتیەکانیاندا هەڵدەبژێردرێن کە بە ێیفەتی کەسی خۆیان کاردەکەن، بە لەبەرچاوگرتنی دابەشکردنی جوگرافی دادپەروەرانە بۆ نوێنەرایەتی کردنی شارستانیەتە جیاوازەکان و هەروەها سیتمە یاساییە گشتیەکان.

٢-ئەندامانی ئەم لێژنەیە بە نهێنی هەڵدەبژێردرێن لە لیستی ئەم کاندیدانەی کە لەلایەن ووڵاتی ئەندامەوە پێشکەش کراوە، هەر ووڵاتێکی ئەندام بۆی هەیە کەسێک لە نێو هاوڵاتیەکانیەوە کاندید بکات.

٣- لەدوای شەش مانگ لە چوونە بواری جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکەوە هەڵبژاردنی سەرەتایی ئەنجام دەدرێت ، بەلانی کەمیش بە سێ مانگ بەر لە هەر هەڵبژاردنێک پێویستە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نامەیەک بۆ ووڵاتانی ئەندام بنێرێت بۆ کە داوایان لێبکات بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدەکانیان لەماوەی دوو مانگدا. هەروەها سکرتێری گشتی لیستێک ئامادە دەکات بە پێی ئەلف و بێ بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە کاندید کراون وە دەینێرێت بۆ ووڵاتانی ئەندام.

٤-پێویستە هەڵبژاردنی ئەندامانی لێژنەکە لە کۆبوونەوەیەکدا ئەنجام بدرێت کە لەلایەن سکرتێری گشتیەوە ئامادە کراوە. لە کۆبوونەوەکەشدا دوو لەسەر سێی ووڵاتانی ئەندام ژمارەی یاسایی پێک دەهێنن وە ئەم کاندیدانە هەڵدەبژێردرێن کە زۆرترین دەنگ بەدەست دەهێنن یانیش زۆرینەی دەنگەکانی نوێنەرانی ووڵاتانی ئەندام بەدەست دێنن.

٥-

(ا) پێویستە ئەندامانی لێژنەکە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵبژێردرێن. بەڵام ماوەی نۆ لە ئەندامانی هەڵبژێردراو لە هەڵبژاردنی یەکەم لەدوای دوو ساڵ بەسەر دەچێت و تەواو دەبێت و لەدوای هەڵبژاردنی یەکەمدا سەرۆکی لێژنەکە ئەم نۆ کەسە لەڕێگەی تیروپشکەوە هەڵدەبژێرێت.

ب. لەکاتی شوێنگرتنەوەی لەناکاویشدا، ئەو وولاّتە ئەندامەی کە ئەندامەکەی کشاوەتەوە بۆی هەیە کەسێکی تری پسپۆڕ پێشنیار بکاتەوە لە نێوان هاولاّتیەکانی خۆیدا بەمەرجێک ڕەزامەندی لێژنەکەی لەسەر بدرێت.

٦- پێویستە هەموو تێچووی ئەندامەکان لەسەر وولاّتی ئەندام بێت لەکاتی کارکردنیان لە لێژنەکەدا.

## ماددەی ٩

١-پێویستە لەسەر هەر وولاّتێکی ئەندام ڕاپۆرتێک پێشکەش بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات، بۆ ئەوەی لێژنەکە تێڕوانینی بۆ بکات دەربارەی هەموو ئەو ڕێوشوێنە یاسایی و دادوەری و کارگێڕی و ڕێوشوێنی تر کە لەلایەن خۆیانەوە گیراوەتەبەر بۆ پێدانی کاریگەری بە ئەحکامەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە:

ا. لەدوای یەک ساڵ لەوەی کە ڕێکەوتننامەکە دەچێتە بواری جێبەجێکردن لە وولاّتی پەیوەست: هەروەها،

ب. دوواتر، هەر دوو ساڵ جارێک و لەسەر داواکاری لێژنەکە. لێژنەکە بۆی هەیە داوای زانیاری زیاتر لە وولاّتی ئەندام بکات.

٢- لێژنەکە لەڕێی سکرتێری گشتیەوە هەڵدەستی بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی کاری ساڵانەی بۆ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ، وە بۆشی هەیە کەوا پێشنیارو پێشنیاز پێشکەش بکات لەسەر بنەمای دیراسەکردنی ڕاپۆرتەکان و ئەو زانیاریانەی کە لە وولاّتی ئەندامەوە وەرگیراوە، ئەم پێشنیاز و پێشنیارە گشتیانە پێشکەش بە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت لەگەڵ هەر تێبینیەک ئەگەر لەلایەن وولاّتی ئەندامەوە هەبێت.

## ماددەی ١٠

١-لێژنەکە پەیڕەوەی ناوخۆی پەیوەست بەخۆی دادەڕێژێت

٢-لێژنەکە بەرپرسەکانی خۆی بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵەبژێرێت.

٣-ئەمینداریێتی لێژنەکە لەلایەن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە دابین دەکرێت.

٤-لێژنەکە کۆبوونەوەکانی لە بارەگای سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەبەستێت.

## ماددەی ١١

١-ئەگەر هەر وولاّتێکی ئەندام وای ببینێت کە وولاّتێکی تری ئەندام ئەحکامەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە جێبەجێ ناکات، بۆی هەیە هۆشداری بدات بە لێژنەکە. دوای ئەوە لە میانی سێ مانگدا لێژنەکە ئەم زانیاریانە بە وولاّتەکە ڕادەگەیەنێت، ئینجا پێویستە لەسەر وولاّتی ناوبراو ڕوونکردنەوەیەک بە نوسراو پێشکەش بە لێژنەکە بکات بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی بابەتەکەو ڕێوشوێنی چارەسەری گونجاو بۆی، ئەوە ئەگەر لەلایەن وولاّتی ئەندامەوە هەبێت.

٢-ئەگەر بابەتەکە لەڕێگەی گفتوگۆی دوولایەنە یەکلایی نەکرایەوە یانیش هیچ ڕێکارێکی تر وەرنەگیرا لە ماوەی شەش مانگدا دوای ئەوەی وڵاتی ئەندام یەکەم نامەی بەدەست دەگات، هەردوو وڵات بۆیان هەیە جارێکی تر ئاگاداری لیژنەکە بکەنەوە هەروەها ئاگاداری وڵاتێکی تریش بکەنەوە.

٣-پێویستە لیژنەکە بەپێی برگەی ٢ ی ئەم ماددەیە تێڕوانین بۆ هەر بابەتێک بکات کە بۆی دەنێردرێ دوای ئەوەی تاکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەموو ڕێگاچارەیەک گیراوەتە بەر لە کەیسەکەدا بە گوێرەی گونجانی لەگەڵ پرینسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی، وە ئەم بنەمایەش جێبەجێ ناکرێت لە حالەتەکانی کە چارەسەر ماوەیەکی زۆری پێدەچێت.

٤-لەهەر کەیسێکی کە بۆی ڕەوانە دەکرێت، لیژنەکە مافی ئەوەی هەیە داوای زانیاری زیاتر بکات لە وڵاتی ئەندام.

٥-کاتێک تێڕوانین لەلایەن لیژنەکەوە بۆ هەر کەیسێک دەکرێت لە چوارچێوەی ئەم ماددەی ەدا، وڵاتی ئەندامی پەیوەست مافی ئەوەی هەیە کە نوێنەرێک بنێرێت بۆ بەشداریکردن لە کارەکانی لیژنەکە بەڵام مافی دەنگدانی نابێت لەماوەی پێداچوونەوەی کەیسەکەدا.

## ماددەی ١٢

١-أ. دوای ئەوەی لیژنەکە هەموو زانیارییە پێویستەکانی کۆکردەوە، پێویستە سەرۆکی لیژنەکە هەڵسێ بە دامەزراندنی دەستەی ئاشتەوایی تایبەت ( کە دوواتر پێی دەووترێت دەستە) کە لە پێنج کەس پێک دێت وە ئەم کەسانە دەکرێ ئەندام بن یانیش ئەندام نەبن لە لیژنەکە، هەروەها ئەندامەکانی دەستە بە ڕەزامەندنی هەردوو لایەنی کێشەکە بەزۆرینەی دەنگ هەڵدەبژێردرێن، وە دەرفەتیش بە هەردوو وڵاتەکە دەدرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەشێوەیەکی ئاشتیانەو بە گوێرەی ڕێزگرتنیان بۆ ئەم ڕێکەوتننامەیە.

ب. ئەگەر وڵاتانی ئەندام لە ماوەی سێ مانگدا نەیانتوانی دەستەکە بە شێوەیەکی تەواو یان بەشێکی پێک بهێنن، ئەوا دەستەکە هەڵدەستی بە هەڵبژاردنی نهێنی بۆ ئەو ئەندامانەی کە وڵاتانی پەیوەست لەسەری ڕێک نەکەوتبوون وە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی دەستەکە دەبێت.

٢- ئەندامانی دەستەکە بە شێوەیەکی بێلایەن کاردەکەن، وە نابێت هاوڵاتی ئەو وڵاتانە بن کە لە کێشەکەدان یاخود هاوڵاتی وڵاتێک بن کە بەشێک نەبێت لەم ڕێکەوتننامەیە.

٣-دەستەکە سەرۆکێک هەڵدەبژێرێت بۆ خۆی لەگەڵ پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆی.

٤-دەستە کۆبوونەوەکانی خۆی لە بارەگای سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەگرێت یان لە هەر شوێنێکی تر کە پێی باش بێت.

٥-سکرتاریەتیش خزمەتگوزاریەکان بەپێی برگەی ٣ لە ماددەی ١٠ی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا بۆ دەستەکە پێشکەش دەکات، هەرکاتێک کە کێشەکان ببنە هۆی دامەزراندنی دەستەکە.

٦-پێویستە لەسەر ئەم وڵاتانەی کە کێشەکەیان هەیە تێچووەکانی ئەندامانی دەستەکە بەیەکسانی دابەش بکەن بە پێی هەڵسەنگاندنێک کە لەلایەن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پێشکەش دەکرێت.

٧-سکرتێری گشتی، بەپێی پێویست دەسەڵاتی ئەوەی پێدراوە کە تێچووی ئەندامانی دەستەکە بدات پێش ئەوەی کە هەردوو وولاتی لایەن لە کێشەکە تێچووەکان بدەن ئەمەش بە پێی ماددەی ٦ لەم ڕێکەوتننامەیەدا.

٨-هەموو ئەو زانیاریانەی کە لێژنەکە دەستی دەکەوێت دەیخاتە بەردەم دەستە، کە ئەویش لەلایەن خۆیەوە بۆی هەیە داوا لە وولاتانی لایەن بکات بۆ هەر زانیارییەکی تری پەیوەست.

## ماددەی ١٣

١-دوای ئەوەی کە دەستەکە تێڕوانینێکی تەواو بۆ بابەتەکە دەکات، پێویستە ڕاپۆرتێک ئامادە بکات و پێشکەش بە سەرۆکی لێژنەکەی بکات کە بریتی بێت لە ئەنجامەکانی کە گەیشتووە پێی دەربارەی هەموو پرسیارو ڕاستیەکانی کێشەی نێوان هەردوو وولاتی ئەندام، هەروەها ڕاپۆرتەکە بریتی بێت لە پێشنیارەکان بۆ چارەسەرێکی ئاشتیانەی کێشەکە.

٢-سەرۆکی لێژنەکە هەڵدەستی بە ناردنی ڕاپۆرتی دەستەکە بۆ هەریەک لە وولاتانی کێشەکە، ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە پێویستە لەماوەی سێ مانگدا ڕازیبوون یاخود ڕازینەبوونی خۆیان لەسەر پێشنیارەکانی کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە بە سەرۆکی لێژنەکە ڕابگەیەنن.

٣-پاش بەسەرچوونی ئەو ماوەیەی کە لە برگەی دووی ئەم ماددەی ەدا هاتوون سەرۆکی لێژنەکە هەڵدەستی بە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی ڕاپۆرتی دەستەکە بە وولاتانی تری ئەندام لەم ڕێکەوتننامەیەدا.

## ماددەی ١٤

١-هەر وولاتێکی ئەندام لە هەر کاتێکدا بێت بۆی هەیە ڕایگەیەنێت کە دان بە لێهاتویی لێژنەکە دادەبنێت لە وەرگرتن و تێڕوانین بۆ سکاڵاکانی تاکە کەسی بێت یان کۆمەڵە کەسێک کە لەژێر دەسەڵاتەکانی دادوەری ئەم وولاتەدا دەژین، ئەوانەی کە بانگێشەی ئەوە دەکەن کە بوونەتە قوربانی پێشێلکارییەکانی وولاتی ئەندام بۆ مافەکانی کە لەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە. وە نابێت هیچ سکاڵایەک لەلایەن لێژنەکەوە وەربگیرێت ئەگەر وولاتی ئەندام ئەم جۆرە ڕاگەیەندراوەی نەکردبێت.

٢-هەر وولاتێک کە ڕاگەیەنراوی خۆی دەکات بەپێی ئەوەی کە لە برگەی یەکی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە، بۆی هەیە کە دەستەیەک دەستنیشان بکات یان دابمرزرێنیت لە سیستمی یاسای نیشتیمانی خۆیدا کە پەیوەست بێت بە وەرگرتن و دیراسەکردنی ئەو سکاڵانامانەی کە لەلایەن تاکە کەس و گروپەکانەوە پێشکەش دەکرێن کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەری ئەم وولاتەدا دەژین، ئەوانەی کە بانگێشەی ئەوە دەکەن کە بوونەتە قوربانی هەریەک لەو مافانەی کە لەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە، وە ئەوانەی کە بێ هیوا بوونە لە دۆزینەوەی چارەسەریە ناوخۆییەکانی کە هەن.

٣-پێویستە وولاتی ئەندام ڕاگەینراوەکەی کە کردوویەتی بەگوێرەی برگەی ١ ی ئەم ماددەی ە، لەگەڵ دامەزراندنی دەستەکەدا کە لە برگەی دووی ئەم ماددەی ەدا هاتووە بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بسپێرێت، وە سکرتێری گشتیش لەلایەن خۆیەوە کۆپیەکی دەنێرێت بۆ وولاتانی تری ئەندام. ئەمەو دەکرێت ڕاگەیەنراوەکە

بکێشرێتەوە بە ئاگاداری سکرتێری گشتی، وە ئەم کێشانەوەیەش هیچ کاریگەریەکی نابێت لەسەر ئەو سکاڵایانەی کە لەلایەن لێژنەکەوە لەژێر تێروانین دان.

٤-پێویستە تۆماری سکاڵانامەکان لەلایەن ئەم دەستەیەدا بپارێزرێت کە بەگوێرەی برگەی ٢ ی ئەم ماددەی ە دەستنیشان کراوە یان دامەزراوە، وە لەڕێی چەند کەناڵێکی گونجاوەوە کۆپیەکی ئەم تۆمارانە رادەستی سکرتێر گشتی بکرێت، بەڵام پێویستە ئەوە بزانرێت کە ناوەرۆکی ئەم تۆمارانە بۆ ڕای گشتی بڵاو نەکرێتەوە.

٥-لە حالەتێک ئەگەر سکالاکەر سەرکەوتوو نەبوو لە وەدەستهێنانی داواکارییەکەی لە دەستە بەگوێرەی برگەی دووی ئەم ماددەی ە، ئەوا بۆی هەیە لە ماوەی شەش مانگدا سکاڵاکەی بۆ لێژنەکە بەرز بکاتەوە.

٦- ا. لێژنەکە بە نهێنی سەرنجی وولاتانی ئەندام ڕادەکێشێت لەسەر هەر سکاڵایەک کە بانگێشەی ئەوە بکات پێشێلکاری کراوە لە یەکێک لە ئەحکامەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە، بەڵام ناشبێت ناسنامەی ئەو کەس و گروپانە ئاشکرا بکات کە پەیوەستن بەبێ ڕەزامەندی خۆیان، وە پێویستە لێژنەکە بە هیچ شێوەیەک سکاڵا لە سەرچاوەی نادیارەوە وەربگرێت.

ب. پێویستە لەسەر وولاتەکە لەماوەی سێ مانگدا شیکردنەوەی نوسراو پێشکەش بە لێژنەکە بکات کە تێیدا ئەگەر هەبێت بابەتەکان و چارەسەرەکان ڕوونبکاتەوە کە ئەم وولاتە گرتونیە بەر.

٧-ا. لێژنەکە تێڕوانین بۆ سکاڵاکان دەکات لەژێر ڕۆشنایی هەموو ئەو زانیاریانەی کە خراونەتە بەردەست لەلایەن وولاتی ئەندامی پەیوەست و سکاڵاکەرەکەوە. نابێت لێژنەکە هیچ سکاڵایەک لە سکاڵاکەرەوە وەربگرێت تەنها دوای ئەوەی تاکید دەکاتەوە کە بێ هیوا بووە لە پێشکەشکردنی چارەسەری ناوخۆ بۆ کێشەکەی، بەڵام نابێت ئەمە بکرێتە بنەمایەک لە حالەتەکانی کە پێشکەشکردنی چارەسەر بە شێوەیەکی لەئەندازە بەدەر ماوەیەکی زۆری پێبچێت.

ب. پێویستە لێژنەکە هەموو پێشنیارو پێشنیازەکانی کە هەیەتی بۆ هەردوو وولاتی ئەندام و سکاڵاکەرەکەی بنێرێت.

٨-پێویستە لەسەر لێژنەکە کورتکراوەی ئەم سکاڵایانە بخاتە نێو ڕاپۆرتی ساڵانەی، وە ئەگەر بشکرێت کورتەیەک لە شیکردنەوەو ڕاگەیەنراوەکانی وولاتانی ئەندامی پەیوەست لەگەڵ پێشنیارو پێشنیازەکانی.

٩-لێژنە تایبەتەکە ناتوانێت دەست بە کارەکانی بکات بەگوێرەی ئەم ماددەی ە، تەنها دوای ئەوەی دە وولاتی ئەندام ڕاگەیەنراوەکانیان دەردەکەن بەپێی برگەی یەکی ئەم ماددەی ە.

## ماددەی ١٥

١-لە چاوەڕوانی وەدەست هێنانی ئامانجەکانی جاڕنامەی پێدانی سەربەخۆیی بۆ وولات و نەتەوە ژێردەستەکان کە لە بریاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە١٥٤١ (د-١٥) لە بەرواری ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٠، نابێت ئەحکامەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە بە هیچ شێوەیەک ببێتە بەربەست بۆ مافی سکاڵاکردن کە لەڕێگای ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە تایبەتەکانی ترەوە دراوە بەم نەتەوانە.

٢-ا. پێویستە لێژنەی دامەزراو بەگوێرەی ماددەی ٨ برگەی ١ ی ئەم ڕێکەوتننامەیە کۆپییەک لە فۆرمی سکاڵانامەکان وەربگرێت، ئینجا هەموو بیروڕاو پێشنیارەکانی دەربارەی سکاڵانامەکان پێشکەش بە دەستەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکات کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ پرینسیپ و ئامانجەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە دەکەن بە تێڕوانینیان بۆ سکاڵانامەکانی کە لەلایەن دانیشتوانی هەرێمەکانی ژێر ویێایەو ئەوانەی کە ئۆتۆنۆمیان پێنەدراوە و هەموو ئەو هەرێم و ناوچانەی کە بریاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە١٥٤١ (د-١٥) یان بەسەردا جێبەجێ دەبێت وە پەیوەستن بە بابەتەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە دەیانگرێتەوە.

ب. لێژنەکە لە دەستە پەیوەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کۆپییەک لە ڕاپۆرتی ڕێوشوێنە یاسایی و دادوەری و کارگێرپیەکان وەردەگرێت، ئەوانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە پرینسیپ و ئامانجەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە کە لەلایەن وولاتانەوە بەڕێوە دەبرێت لەم ناوچانەی کە لە برگەی فەرعی ا. ی ئەم برگەیەدا ئاماژەی پێکراوە، هەروەها بۆیان هەیە ڕای خۆیان دەربڕن و پێشنیاریش پێشکەش بە دەستەکان بکەن.

٣-پێویستە لێژنەکە لەم ڕاپۆرتەی کە بۆ کۆمەڵەی گشتی دەینێرێت کورتەیەک لە سکاڵانامەو ڕاپۆرتەکان دابنێت کە لە دەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆی هاتوون، لەگەڵ بۆچوون و پێشنیارەکانی لێژنەکە دەربارەی ئەم ئەم سکاڵانامەو ڕاپۆرتانە.

٤-پێویستە لێژنەکە داوا لە سکرتێری گشتی بکات بە پێدانی زانیاری و ئامانجەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە دەربارەی ئەو هەرێمانەی کە لە برگەی ٢ ا. دا لەم ڕێکەوتننامەیەدا ئاماژەی پێکراوە.

### ماددەی ١٦

هەموو ئەحکامەکانی پەیوەست بە یەکلایی کردنەوەی کێشەکان لە ڕێکەوتننامەیەدا جێبەجێ دەکرێن بەبێ ئەوەی زێدەڕۆیی لەسەر هەر یەکێک لە ڕێکارەکانی پەیوەست بە یەکلاکردنەوەی کێشەکان و سکاڵاکانی بواری جیاکاری لە ڕێکەوتننامەکانی دامەزراندنی یان دروستکردنی پەیماننامەکانی کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەخۆ گیراوە و نابێت هیچ ڕێگریەکیش هەبێت لەبەردەم وولاتی ئەندام بۆ گرتنەبەری ڕێکاری دیکە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان بەپێی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتی و گشتیەکان یان تایبەتیەکانی کە لە نێوانیاندا کارپێکراوە.

### ماددەی ١٧

١.ئەم ڕێکەوتننامەیە کراوە دەبێت بۆ واژووکردن لەلایەن هەر وولاتێکی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان یان ئاژانسە تایبەتەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، یان هەر وولاتێکی ئەندام لە ڕێکەوتننامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، یانیش لەلایەن هەر وولاتێکەوە کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتیەوە داوەت کراوە تا ببێتە ئەندام لەم ڕێکەوتننامەیەدا.

٢.ئەم ڕێکەوتننامەیە ئامادەدەکرێت بۆ پەسەند کردن، وە سەنەدەکانی پەسەندکرنیش رادەستی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت.

### ماددەی ١٨

١.پێویستە ڕێکەوتننامەکە بکرێتەوە بۆ هاتنەپاڵ لەلایەن هەر وولاتێک لەم وولاتانەی کە لە ماددەی ١٧ برگەی (١) ی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا ئاماژەی پێکراوە.

٢.چوونەپاڵ ئەم ڕێکەوتننامەیە بە رادەستکردنی سەنەدی چوونەپاڵ دەبێت بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**ماددەی ١٩**

١.ئەم ڕێکەوتننامەیە دوای سی ڕۆژ لە بەرواری ڕاسپاردنی سەنەدی بیست وحەفتەمی چوونەپاڵ یان پەسەندکردن بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٢.بۆ هەر وولاتێک کە ڕێکەوتننامەکە پەسەند دەکات یان دەچێتە پاڵی دوای ڕادەستکردنی سەنەدس بیست و حەفتەمین لە سەنەدەکانی پەسەندکردن و چوونەپاڵ، ڕێکەوتننامەکە دوای سی ڕۆژ لە بەرواری ڕادەستکردنی سەنەدەکە لەلایەن ئەم وولاتەوە دەچێتە بواری جێبەجێ کردن.

**ماددەی ٢٠**

١.سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو تەحەفوزاتەکانی کەلەلایەن وولاتانی ئەندامەوە کراوە لە کاتی پەسەندکردنی ڕێکەوتننامەکەدا وەردەگرێت و گشتگیریان دەکات بۆ هەموو ئەو وولاتانەی کە بونەتە ئەندام یان دەبن بەئەندام لە ڕێکەوتننامەکەدا و هەر وولاتێکیش لاری هەبێت لەسەر تەحەفوزاتەکە ئەوا دەبێت لە ماوەی نەوەد ڕۆژدا بە سکرتێری گشتی ڕابگەیەنێت دوای ئەوەی کە تەحەفوزەکە قەبووڵ دەکات.

٢.ڕێگە بەهیچ تەحەفوزێک نادرێت کە لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا نەگونجێت، هەروەها ڕێگە بەهیچ تەحەفوزێکیش نادرێت کە ڕێگر بێت لە کارەکانی یەکێک لە دەستەکانی کە بەگوێرەی ئەم ڕێکەوتننامەیە دامەزراون، وە هەر تەحەفوزێکیش ئەگەر لەلایەن دوو لەسەر سێی وولاتانی ئەندامدا ڕەت بکرێتەوە ئەوا بەتاڵ دەبێت.

٣.دەکرێ هەر تەحەفوزێک لە هەر کاتێکدا بکشێنرێتەوە بە ڕاگەیاندراوێک بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بنێردرێت و ڕاگەیاندراوەکەش لە بەرواری وەرگرتنیەوە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن.

**ماددەی ٢١**

هەموو وولاتێکی ئەندام بۆ هەیە تانە لە ڕێکەوتننامەکە بدات بە نوسراوێک کە بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەنێرێت و تانەکەش دوای یەک ساڵ لە بەرواری وەرگرتنی لەلایەن سکرتێری گشتیەوە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن.

**ماددەی ٢٢**

لەکاتی بەرپابوونی هەر کێشەیەک لەنێوان دوو وولاتی ئەندام یان زیاتر لەم ڕێکەوتننامەیەدا دەربارەی شیکردنەوەی یان جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە، پێویستە یەکلاییکردنەوەکە لەڕێگەی گفتوگۆوە ئەنجام بدرێت یانیش لەڕێ ڕێکارەکانی کە لە ڕێکەوتننامەکەدا هاتووە، لەسەر داوای یەکێک لە وولاتانی ئەندام کێشەکە دەنێردرێت بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئەگەر لایەنەکانی کێشەکە نەگەیشتن بەهیچ ڕێکەوتنێک.

## ماددەی ٢٣

١.هەر وولاتێکی ئەندام لە هەر کاتێک بێت بۆی هەیە داواکاری پێشکەش بکات بۆ دووبارە پێداچوونەوە بۆ ئەم ڕێکەوتننامەیە، ئەمەش بە نوسراوێک دەبێت کە بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەنێرێت.

٢.پێویستە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیار بدات لەسەر ئەم هەنگاوانەی کە پێویستن دەربارەی ئەم داواکارییە.

## ماددەی ٢٤

پێویستە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگەواز بنێرێت بۆ هەموو ئەو وولاتانەی کە لە بڕگەی ١ ی ماددەی ١٧ ی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا ئاماژەیان پێکراوە بەمانەی خوارەوە:

ا. واژۆ و پەسەندکردن و چوونەپاڵ بەگوێرەی مادەکانی ١٧ و ١٨.

ب.بەرواری کەوتنە بواری جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە بەپێی ماددەی ١٩

ت.سکالأنامەو ڕاگەیاندراوەکانی کە بەپێی مادەکانی ١٤ و ٢٠ و ٢٣ وەرگیراون

پ.ناڕەزایەتیەکان بەپێی ماددەی ٢١

## ماددەی ٢٥

١.پێویستە ئەم ڕێکەوتننامەیە بە زمانەکانی چینی و ئینگلیزی و فەڕەنسی و روسی و ئیسپانی بخرێتە ناو ئەرشیفی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

٢.پێویستە لەسەر سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان کە کۆپیەکی پەسەندکراوی ئەم ڕێکەوتننامەیە بنێرێت بۆ هەموو ئەو وولاتانەی کە دەکەونە ژێر هەر بەشێکی ئاماژە پێکراو لە بڕگەی ١ ماددەی ١٧ ی ئەم ڕێکەوتننامەیە.

# پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان

بەپێی بڕیاری ٢٢٠٠ د- ٢١ ی بەرواری ١٦ ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٦ ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتیپێبەستراوە و خراوەتەڕوو بۆ ئیمزاکردن و متمانەپێبەخشین بەرواری جێبەجێکردن: ٣ ی کانونی دووەمی ١٩٧٦ ، بەپێی ئەحکامەکانی ماددەی ٢٧

پێشەکی

دەوڵەتانی ئەندام یاخود لایەن ئەم پەیماننامەیەدا، وایدەبینن کەبە پێی ئەو پرەنسیپانەی لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، داننان بە شکۆمەندی ڕەسەن و یەکسان و نەگۆڕی مافەکانی هەموو ئەندامانی خێزانی مرۆڤایەتی بناغەی ئازادیی و داد و ئاشتییە لەجیهاندا، لەبەرئەوە بڕیار دەدەن لەسەرئەوەی کەئەو مافانە لەکەرامەتی مرۆڤی ڕەسەنەوە دێت کەتێیدایەتی.

پەی بەوەش دەبەن کە تاکە ڕێگا بۆ بەدیهێنانی نموونەی باڵا، بەپێی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە مرۆڤەکان ئاازاد بن و بەهرەمەند بن لەئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان و لەژێر چنگی ترس و هەژاریدا نەبن، ئەوە ڕێگەی ڕەخساندنی هەل ومەرجە بۆئەوەی هەموو مرۆڤێک لەمافە مەدەنی و سیاسییەکانی بەهرەمەند بێت، هەروەها بەمافە ئابووریو کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی، ئەوە لەمێشکی خۆیادا دادەنێت کە ئەوەی دەکەوێتە سەرشانی دەوڵەتان، بەپێی یاسای گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان پابەندبوونە بە قوولکَردنەوەی ڕێزگرتن و لەبەرچاوگرتنی جیهانیانەی مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی، پەی بەوەش دەبەن کەپێویستە تاکەکەس کە چەند ئەرکێکی بەرامبەر کەسانی تر و ئەو کۆمەَڵەیە لەسەرشانە کەئینتمای بۆیان هەیە، هەست بەبەرپرسیارێتی بکات لەپێناو پتەوکردن و سەرپەرشتیکردنی ئەو مافانەی لەم پەیماننامەیەدا متمانەی پێبەخشراوە

لەسەر ئەم مادانەی خوارەوە ڕێکەوتن:

## بەشی یەکەم

**ماددەی ١**

١. هاموو گەلان مافی ئەوەیان هەیە خۆیان چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن، بە پێی ئەم مافەش ئازادن لەدیاریکردنی ناوەندی سیاسی خۆیانداو لەهەولدَانیان بۆ بەدیهێنانی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییان.

٢. گەلان بەتێکڕا، لەمیانەی گەڕانیان بەدوای ئامانجە تایبەتییەکانی خۆیاندا، مافی ئەوەیان هەیە مامەلەیەکی ئازادانە لەگەڵ سامان و داهاتە سروشاتییەکانی خۆیانادا بکەن، بەبێ ئەوەی هیچ کام لەو ئیلتزاماتانە پێشێل بکات کە زادەی پێویستییەکانی هاوکاریی ئابووریی نێودەوڵەتییە کە لەسەر بناغەی سوود گۆڕینەوە و یاسای نێودەوڵەتی دامەزراوە. لە هیچ حالەتێکیشدا نابێت هیچ گەل و میلەتێک لەو هۆکارانە بێبەش بکرێت کە تایبەتن بەژیانی تایبەت بەخۆی.

٣. دەبێت وڵاتانی ئەندامی نێو ئەم پەیمانە، بەوانەیشەوە کە بەرپرسایارێتی باەڕێوەبردنی ئەو هەرێمانەیان لەئەستۆدایە کەئۆتۆنۆمییان نییەو ئەو هەرێمانەی چاودێری دەیانگرێتەوە، کار بکەن بۆ بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و ڕێز لەو مافە بگرن، ئەویش بە گوێرەی ئەحکامەکانی یاسای گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان.

## بەشی دووەم

### ماددەی ٢

١. هەموو وولاتانی ئەندامی ئەم پەیمانە بەڵێن دەدەن کە تاک لایەنە وە لە ڕێگای یارمەتی و هاوکاری نێودەوڵەتیەوە، بەتایبەتیش لە سەر ئاستی ئابووری و تەکنیکی ، وە بەپێ ی باشترین ئەو ئاستەی کە سەرچاوە بەردەستەکانی ڕێگا دەدەات، بە هەنگاو نان بۆ ئەوەی دەستەبەری کرداری ( هەنگاو بە هەنگاو) ( تدریجی) ی بکەن بۆ ئەو مافانەی کە ئەم پەیماننامەیە دانی پێداناوە و متمانەی پێ بەخشیوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ڕێکارە گونجاوەکان دەگرێتەبەر، بەتایبەتش ڕێکارە تەشریعاتیەکان .

٢.هەموو وولاتانی ئەندامی ئەم پەیمانە بەلێنی ئەوە دەدەن دەستەبەرکردنی ئەو مافانە بۆ هەموو ئەوکەسێکە بەبێ هیچ هەلاوێردێک بەهۆی نەژاد، ڕەنگ، ڕەگەز، زمان، ئایین یاخود بیروڕای سیاسی و غەیرە سیاساییەوە، یان بەهۆی بنەچەی نەتەوایەتی، کۆمەلایەتی، ساامان یاان بنەچاەو ڕەچاەلەکەوە یاخود بەهۆی چەند هۆکارێکی تر.

٣.وولاتە تازە پێگەیشتوەکان دەتوانن بە لەبەرچاوگرتنی پێویستی مافەکانی مرۆڤ و ئابووری نەتەوەیی، بڕیار بدەن کە تا چ ڕادەیەک دەتوانن ئەو مافە ئابووریانە بکەن کە لەم پەماننامەیەدا هاتووە بۆ کەسانی غەیرە هاوولاتی دەستەبەر بکەن.

### ماددەی ٣

وولاتانی ئەندامی ئەم پەیمانە بەلێن دەدەن بەدەستەبەرکردنی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەو مافە مەدەنی و سیاسییانەی کە بە دەق لەم پەیمانەدا هاتوون.

### ماددەی ٤

وولآتانی لایەن یان ئەندام لەم پەیماننامەیە دان بەوەدادەنێن کە وولآت ناتوانێت ئەو مافانەی دەستەبەری کردوون بخاتە ژێر بارێکەوە بە پێ ی ئەم پەیماننامەیە مەگەر بەپێ ی ئەو سنوورە نەبێت کە بە یاسا بڕیاری لەسەر دراوە، یان بە ئەندازەی گونجانی لەگەل سروشتی ئەم مافانە، بە مەرجێک کە ئامانجی سەرەکیشی بەهێز کردنی خوشگوزەرانی گشتی بێت لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا .

**ماددەی ٥**

١. لەم پەیماننامەیەدا هیچ مادەیەکی وای تێدانیە بتوانرێت راڤەی بکرێت بەو شێوەیەی کە هەر دەولەَتێک یان کۆمەلێَک یان کەسێک دەتوانێت چالاکیەک یان کارێک بەئامانجی بەفیرۆدانی هەر ماف و ئازادییەک لەوانە ئەنجام بدات کە لەناو ئەم پەیماننامەیەدا متمانەی پێبەخشراوە، یاخود بۆ سەپاندنی چەند کۆت و بەندێکی وەها بێت کە فراوانتر بن لەوەی کە لەپەیماننامەکەدا دیاریکراون.

٢.رێگە نادرێت هیچ کۆت و بەند و تەسککردنەوەیەک بەسەر هیچ کام لە مافە بنچینەییە متمانە پێ بەخشراوەکانی مرۆڤدا یان پیادەکراوەکانیدا لەهیچ وڵاتێکدا بسەپێنرێت بەناوی پیادەکردنی یاساکان یان رێککەوتننامەکان یان سیستەم و عورفەکان، بەپاساوی ئەوەی کە ئەم پەیماننامەیە ئیعترافی پێناکات یان لەسنورێکی تەسکدا ئیعترافی پێکردووە ( دانی پیاناوە . (

## بەشی سێیەم

**ماددەی ٦**

١.وولآتانی ئەندام لەم پەیماننامەیە دان بە مافی کارکردن دا دەنێن، کە ئەوەش مافی ئەوە لەخۆ دەگرێت کە هەموو کەسێک دەرفەتی ئەوەی بۆ برەخسێندرێت کە بژێوی ژیانی دەست کەوێت لە رێگای کارێک کە خۆی هەڵیدەبژێرێت یان بە ئازادی پەسەندی دەکات، وە دەوڵەت دەبی رێکارە پێویستەکان بگرێتە بەر بۆ پاراستنی ئەم مافە .

٢.ئەو رێکارانەی کە وولآتانی ئەندام لە م پەیماننامەیە دەیگرێتە بەر بۆ دەستەبەر کردنی مسۆگەر کردنی پیادەکردنی تەواوی ئەو مافە لە رێگای دابین کردنی پرۆگرامی رێنمایی کردنی تەکنیکی و پیشەیی وە لەو بوارەشدا نەخشەرێ و تەکنیکی وا بگیرێتەبەر کە توانای وەدەست هێنانی گەشانەوەی ئابووری و کۆمەلایەتی و کۆمەلایەتی هەبیت و کارگەرێکی بەرهەمهێن و تەواو بێت و لە ژێر هەل و مەرجێکدا کە زامنی ئازادیە سیاسیەکان و ئابووریە سەرەکیەکان بکات بۆ تاکەکان.

**ماددەی ٧**

وولآتانی ئەندام لەم پەیماننامەیە دان بەوەدا دەنێن کە هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە بارودۆخی کار کردنی گونجاو و دادپەروەری هەبێت و ئەمانەی خوارەوەشی بۆ مسۆگەر بکات :

ا. پاداشتێک بۆ هەموو کرێکاران دابین دەکرێت وەک لایەنی کەم :

١. کرێیەکی یەکسان، و پاداشتێکی یەکسان  لە کاتی یەکسانی بڕی کارەکە بەبی هیچ جیاکاریەک، وە بۆ ئافرەتانیش بەتایبەتی ئەبی سودمەند بن لە هەل و مەرجیکی کارکردن کە کەمتر نەبێت لەگەل هەل و مەرجی کارکردنی پیاوان، وە ئەبێ ئەو کرێ یەی کە وەری دەگرێ هاوتا بێت لەگەڵ ئەو کرێ یەی کە پیاوان وەری دەگرن لە کاتی یەکسانی کارەکەدا.

٢. ژیانێکی ئاسوودە و شکۆمەند بۆ خۆیان و خێزانەکانیان بە پێ ی حوکمەکانی ئەو پەیماننامەیە .

ب.	بارودۆخێکی کارکردن کە مسۆگەری سەلامەتی و تەندروستیان بکات .

ت. هەمووان یەکسان بن لەبەرامبەر دەرفەتی پلە بەرزکردنەوە، لە ناو کارەکانیان، بۆ پلەیەکی گونجاوی بەرزتر، بەبێ ئەوەی ئەو شتە بچێتە ژێر باری هیچ شتێکی تر تەنها توانا و ماوەی مانەوەی لە ئیشەکە نەبێت .

پ.	پشوودان و کاتەکانی دەست بەتاڵی، دیاری کردنێکی مەنتیقی بۆ ساتەکانی کارکردن ە مۆڵەتی خولی ئاسایی بە مووچە وە هەروەها پاداشتیش لە بری رۆژانی پشووی فەرمی .

**ماددەی ٨**

١.وولاَنی ئەندام لەم پەیماننامەیە پەیمان دەدەن بە زامنکردنی ئەمانەی خوارەوە:

ا.مافی هەریەکێک بۆ پێکهێنانی سەندیکاو بە هاوبەشی لەگەڵ کەسانی تر وە بوون بە ئەندام لە هەر سەندیکایەکی تر بە ئارەزووی خۆی، بەبێ هیچ کۆت و بەندێک غەیری یاساو رێساکانی رێکخراوەکە خۆی نەبێ، کە مەبەست لێ ی بەهێزکردنی بەرژەوەندیە ئابووری و کۆمەلاَیەتیەکانی و پاراستنیان بێت. ناکرێت پیادەکردنی ئەو مافە بخرێتە یان ملکەچی هیچ کۆت و بەندێک بکرێت غەیری ئەوە نەبێت کە بە یاسا دیاری کراون وە رێکاری پێویستن بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و سیستەمی گشتی و پاراستنی مافەکانی خەڵکانی ترو ئازادیەکانیان .

ب.مافی سەندیکاکان بۆ دروست کردنی فیدراسیۆنی نیشتمانی وە مافی ئەو فیدراسیۆنانەش بۆ دروستکردنی رێکخراوی سەندیکای نێودەوڵەتی و چوونە ناویەوە .

ت.مافی سەندیکاکان بۆ پیادەکردنی مافەکانیان بە ئازادی ، بەبێ هیچ کۆت و بەندێک غەیری ئەوە نەبێت کە بە یاسا دیاری کراون وە رێکاری پێویستن بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و سیستەمی گشتی و پاراستنی مافەکانی خەڵکانی ترو ئازادیەکانیان.

پ.مافی مانگرتن، بەمەرجێک پیادە بکرێت بە پێ ی یاساکانی ئەو وولاتەی کە تیایەتی.

ج.ئەو ماددەی یە نابێتە رێگر لەوەی کە ئەندامانی هێزە چەکدارەکان و پیاوانی پۆلیس و کارمەندە کارگێڕیەکانی حکومەت ملکەچی کۆت و بەندی یاسایی بن کاتی پیادەکردنی ئەو مافە .

ح.لەم ماددەی یەدا هیچ حوکمیکی وای تێدانیە کە ڕێگا بە وولآتانی ئەندام لە ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی کاری نێو دەوڵەتی ساڵی ١٩٤٨ سەبارەت بە ئازادی سەندیکایی و پاراستنی مافی ڕێکخستنی سەندیکایی لە گرتنەبەری ڕێکاری تەشریعی کە بە هۆیەوە ، یان جێبەجێ کردنی یاسا بە شێوەیەک کە بە هۆیەوە ، چاوپۆشی ( تنازل) لەو زەماناتانە بکات کە لە ڕێککەوتننامەی ناوبراو هاتوە .

**ماددەی ٩**

وولآتانی ئەندام لەم پەیماننامەیە ددان بە مافی هەموو کەسێک دا دەنێن لە بیمەی کۆمەلایەتی ، لەنێویشیاندا دڵنیابوونی کۆمەلایەتی .

**ماددەی ١٠**

وولآتانی ئەندام لەم پەیماننامەیە ددان بەوانەی خوارەوە دەنێن:

١. خێزان کە یەکەی کۆمەڵایەتی و سرۆشتی کۆمەڵگە پێک دەهێنێ، پێویستە زۆرترین بڕی لە پاراستن و یارمەتی پێببەخشرێت، بە تایبەتی بۆ بە تواناکردنی ئەم خێزانە بۆ ئەوەی بە بەردەوامی بتوانی بە بەرپرسیاریەتەکانی هەڵسێ وەک پەروەردەکردنی ئەو منالآنەی کە لە خۆی گرتوون. وە ئەبێ هاوسەرگیریش بە ڕەزامەندی هەردوو لایەنی کە دەیانەوەی هاوسەرگیری بکەن ئەنجام بدرێت بەبێ هیچ جۆرە ناچارکردنێک .

٢.پێویستی دابین کردنی پاراستنێکی تایبەت بۆ دایکان بۆ ماوەیەکی مەنتیقی پێش منالْ بوون و دوای منالْ بوونیش. وە ئەبێ دایکانی کرێکار لە ماوەی ئاماژە بۆکراو مۆڵەتی بە مووچە یان مۆڵەتێک کە بیمەی کۆمەڵایەتی گونجاوی لەگەڵ بێت بدرێتێ.

٣. پێویستی لەبەر گرتنی ڕێکاری پاراستن و یارمەتی تایبەت بۆ هەموو منالآن و هەرزەکاران بەبێ هیچ هەلاوێردێک بە هۆی ڕەچەڵەک یان هەر بارو دۆخێکی تر. وە پێویستە منالان و هەرزەکاران بپارێزرێن لە هەموو جۆرە خراپ بەکارهێنانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی. و ئەبێ یاساش وابێت کە سزای ئەوانە بدات کە بەکاریان دێنن لە هەر کارێک کە ببێتە هۆی تێکچوونی ئەخلاقیان و زیان بە تەندروستیان بگەیەنێ و یان مەترسی لەسەر ژیانیان دروست بکات و زیان بە گەشەی سروشتیان بگەیەنێت، وە دەوڵەت ئەبێ کەمترین ساڵ دیاری بکات کە بە یاسا سنور دابنرێت بۆ کارکردنی بە پارەی ئەو منالآنەی کە نەگەیشتوونەتە ئەم تەمەنە و سزاشی لەسەر بێت .

**ماددەی ١١**

١.وولآتانی ئەندام لەم پەیماننامەیە ددان بەوە دەنێن کە مافی هەموو کەسێکە کە لە ئاستێکی بژێوی گونجاو بۆ خۆی و خێزانەکەی بژین ، کە دەستەبەری پێداویستیەکانی وەک خۆراک و جل و بەرگ و شوێنی حەوانەوە بکات ، وە مافی لە باشتر کردنی بەردەوامی بارودۆخی ژیانی ، وە وولآتانی ئەندام لەم

پەیماننامەیە هەموو ڕێکارە پێویستەکان دەگرنە بەر بۆ کارا کردنی ئەم مافە، وە لەم بارەوەش ددان بە گرنگی هەمهانگی نێودەوڵەتی دەکەن کە لەسەر بنەمای ڕەزامەندی سەربەخۆ بکرێت .

٢. وە وەک ددان نانێک بە مافی بنەڕەتی هەموو کەسێک کە ئازاد بێت لە برسێتی، ووڵاتانی لایەن لەم پەیماننامەیە ج بە هەولی یەک لایەنەی خۆیان چ لە ڕێگای هەمهاهەنگی نێودەوڵەتی هەڵدەستن بە گرتنەبەری ئەو ڕێکارانەی کە پرۆگرامی دیاری کراو تایبەتی لە خۆ دەگرێت و پێویستە بۆ:

ا. باشتر کردن ڕێگاکانی بەرهەمهێنان پاراستن و دابەش کردنی کەل و پەلی خورادەمەنی، لە ڕێگای سوود وەرگرتنێکی تەواو لە هۆکارە زانستی و تەکنیکیەکان، و بلاو کردنەوەی هۆشیاری لەسەر بنەماکانی خۆراک ، وە دروست کردنی یان چاککردنی سیستەمی دابەش کردنی زەوی کشتوکاڵی بەشێوەیەک کە زەمانی باشترین گەشەی سەرچاوە سروشتیەکان و سوود وەرگرتن لێیانەوە بکات .

ب. دڵنیابوون لە دابەش کردنی کەل وپەلە خۆراکیە جیهانیەکان بە دابەشکردنێکی دادپەروەرانە بە پێ ی پێویستیەکان ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی ئەو ولاتانەی کە کەل و پەلی خۆراکی هاووردە دەکەن و ئەوانەشی کە هەناردەی دەکەن بە یەکسانی .

**ماددەی ١٢**

١.ولاتانی لایەن لەم پەیماننامەیە ددان بە مافی هەموو مرۆڤێک لە سوود وەرگرتن لە بەرزترین ئاستی تەندروستی جەستەیی و عەقلی دەنێن کە دەکری پێ ی بگەن.

٢.ئەو ڕێکارانەی کە ووڵاتانی لایەن لەم پەیماننامەیە دەیگرنە بەر بۆ زامن کردنی پیادەکردنێکی تەواوی ئەم مافە ئەو ڕێکارانە لە خۆدەگرێت:

ا. کارکردن بۆ کەمکردنەوەی تێکڕای مردنی لە دایک بووان و تێکڕای مردنی شیرخۆرەکان و گەشەکردنی مناڵ بە گەشەیەکی تەندروستی.

ب. باشترکردنی هەموو لایەنەکانی تەندروستی ژینگەیی و پیشەسازی .

ت. پاراستن لە نەخۆشیە گوارزراوەکان و نشینەکان و پیشەییەکان و نەخۆشیەکانی تر و چارەسەرکردنیان و ڕووبەڕووبونەوەیان .

پ. ڕەخساندنی بارو و دۆخێک کە بە هۆیەوە خزمەتگوزاریە پزیشکیەکان دابین بکرێت و لەگەڵ چاودێری پزیشکی بۆ هەمووان لە کاتی نەخۆشی .

**ماددەی ١٣**

١.وولآتانی ئەندام لەم پەیماننامەیە ددان بەوە دەنێن کە هەموو تاکێک مافی پەروەردە و فێربوونی هەیە. وهەر هەمووشیان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە کە پەروەردە و فێربوون ئەبێ ئاڕاستە بکرێت بۆگەشەی تەواوی کەسایەتی مرۆڤ و درک کردن بە شکۆمەندی مرۆڤ و پتەوکردنی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان .و هەر هەمووشیان هاوڕان لەسەر پێویستی ئەوەی کە پەروەردەو فێربوون ئامانجی بەتوانا کردنی هەموو کەسەکان بێت بۆ ئەوەی بەشداری و ڕۆڵێکی سوودبەخش ببینن لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد، و پتەوکردنی هاوبەندیەکانی لێک تێگەیشتن و لێبوردەیی و هاورێییەتی لە نێوان هەموو نەتەوەکان و دەستە ئایینی و ئیتنی و رەچەلەکە جیاوازەکان ، و پاڵپشتی کردنی ئەو چالاکیانەی کە نەتەوە یەکگرتوەکان پێیان هەڵدەستێت لە پێناو پاراستنی ئاشتی .

٢.وولآتانی لایەن لەم پەیماننامەیە ددان بەوەدا دەنێن کە زەمانەتی پیادەکردنی تەواوی ئەم مافە پێویستی بەوە هەیە کە :

ا.خوێندنی سەرەتایی (ئیلزامی) پابەندی بێت و بۆ هەمووانیش رەخسا بێت بە خۆڕایی .

ب.خوێندنی دواناوەندی گشتی بێت بە هەموو جۆرەکانیەوە، لە نێویشیاندا خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی وە بۆ هەمووان فەراهەم بێت بە هەموو هۆکارەکانیەوە وە بەتایبەتی بە هەنگاو بەنگاوی بە خۆڕایی فیربوون لەبەرچاو بگیرێت.

ت.خوێندنی باڵا بۆ هەمووان فەراهەم بێت بە یەکسانی ، لەسەر بنەمای توانا، بەهەموو هۆکارە پێویستەکانیشەوە و بەتایبەتی بە هەنگاو بەنگاوی بە خۆڕایی فیربوون لەبەرچاو بگیرێت.

پ.هاندانی پەروەردەی بنەڕەتی یان چڕ بکرێت ، تا ئەو رادەی کە دەکرێ، لە پێناو ئەو کەسانەی کە خوێندنی سەرەتاییان وەرنەگرتروە یان تەواو نەکردوە .

ج.کارکردن بە کارایی بۆ پەرەپێدانی تۆڕێکی قوتابخانەیی لەسەر هەموو ئاستەکان و دامەزراندنی سیستەمی دەستەی وانەبێژان (Fellowship) کە مەبەستەکە بپێکێ و بەردەوامبوون لە باشترکردنی بارو دۆخی دارایی ئەو کەسانەی لە بواری وانەبێژی کاردەکەن .

٣.ولاتانی لایەن لەم پەیماننامەیە پەیمان دەدەن کە ڕێز لە ئازادی باوکەکان بگرن ، یان بەخێوکەرەکان لە کاتی بوونیان و لە هەڵبژاردنی قووتابخانە بۆ مناڵەکانیان غەیری قووتابخانە حکومیەکان و بەمەرجێک ئەو قوتابخانانەی کە هەڵبژێردراون پابەند بێت بە لانی کەمی پێوەرەکانی فێربوون کە وولات بڕیاری لەسەر دەدات یان ئەی سەپێنێ و دابین کردنی پەروەردەی ئەو مناڵانە لە لایەنی ئایینی و هەڵس و کەوتی و بە پێ ی باوەڕی تایبەتی خۆیان .

٤. ناکرێت هیچێک لە حوکمەکانی ئەو ماددەی یە وا راڤە بکرێت کە خۆتێهەڵقورتان بێت لە ئازادی تاکەکان و دەستەکان لە دروست کردن و دامەزراندن و بەڕێوەبردنی دامەزراوەی فیربوونی ، بە مەرجێک هەموو کاتێک پابەند بن لەگەل بنەماکانی باس کراوە لە برگەی (١) لەو ماددەی یە و بە شێوەیەک ئەو فێربوونەی کە ئەو دامەزراوانە پەیرەوی دەکەن بچێتە ژێرباری لانی کەمی ئەو پێوەرانەی کە دەوڵەت سەپاندوویەتی.

**ماددەی ١٤**

وولاتانی لایەن لەم پەیماننامەیە، یان هێشتا لایەن نین و دەبن بە لایەنێک لەم پەیماننامەیە پەیماندەدەن کە توانیویانە زامنی بە خۆڕایی خویندن وپەیوەستکردنی ( ئیلزامیەتی) خویندنی سەرەتایی لە وولاتەکە خۆی یان لە هەرێمەکانی تری سەر بەو وولاتە کردوە ، وە لە ماوەی دوو ساڵدا هەستاوە بە دانانی پلانێکی کاری تێر و تەسەل بۆ جێبەجێ کردنی بە کردار و هەنگاو بە هەنگاوی پرنسیپی پەیوەست کردن (ئیلزامیەت )و بە خۆڕایی بوونی خویندن بۆ هەمووان، لە ماوەی ژمارەیەکی بەجێ و دیاری کراو لە سالەکان لە پلانەکەدا .

**ماددەی ١٥**

١.وولاتانی لایەن لەم پەیماننامەیە ددان بەوەدا دەنێن کە مافی هەموو تاکێکە کە:

ا.بەشداری ژیانی کەلتوری بکات.

ب.چێژ لە سوودەکانی پێشکەوتنی زانستی و بەکارهێنانەکانیشی وەربگرێت.

ت.کە سودمەند بێت لە پاراستنی بەرژەوەندیە معنویی و مادیەکانی کە لە ئەنجامی هەر کارێکی زانستی یان هونەری یان ئەدەبی کە خۆی داهێنەری بوبێ .

٢.وولاتانی لایەن لەم پەیاننامەیە لە کاتی گرتنەبەری رێکارەکان بۆ زامن کردنی پیادەکردن و ممارەسەکردنی ئەو مافە ئەوە لەبەر چاودەگرن کە ئەو رێکارانە ئەو شتانەش لەبەر چاو بگرێت کە پێویستن بۆ پاراستنی زانست و کەلتوور و پەرەپێدانیان و بلاوکردنەوەیان.

٣.وولاتانی ئەندام لەم پەیماننامەیە پەیمان دەدەن کە رێز لەو ئازادیە بگرن کە ناکرێت دەست بەرداری بین لە لیکۆڵینەوەی زانستی و چالاکی داهێنان .

٤. وولاتانی لایەن لەم پەیماننامەیە ددان بەو سوودانەی کە دێنە دەست لە ئەنجامی هاندان و پەرەپێدانی پەیوەندی و هەماهەنگی نێودەوڵەتی لە بوارەکانی زانست و کەلتوور .

## بەشی چوارەم

**ماددەی ١٦**

١.وولآتانی لایەن لەم پەیماننامەیە پەیمان دەدەن کە بە پێ ی حوکەمەکانی ئەم بەشە لە پەیماننامەکە ئەو راپۆرتانە پێشکەش بکەن کە باس لەو رێکارەکانە دەکات کە گرتویەتە بەر و ئەو پێشکەوتنانەی کە بەدی هاتوە لە سەر رێگای زەمانەت کردنی رێزگرتن لەو مافانەی کە ئەم پەیماننامەیە ددانی پیاناون.

٢. ا. هەموو راپۆرتەکان ئاراستەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکرێن، کە ئەویش لە لای خۆیەوە کۆپییەکی ئەو راپۆرتانە ئاراستەی ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەلایەتی دەکات بۆ سەیر کردن لێیان بە پێ ی حوکمەکانی ئەم پەیماننامەیە .

ب. هەروەها لەسەر ئەمینداری گشتی پێویستە کە، کاتێک ئەو راپۆرتەی هاتوە لە وولاتێکی لایەن لە پەیماننامەکە، یان بەشێکی یان زیاتر لە بەشێکی ، پەیوەست بوو بە تایمەتمەندی ئاژانسێکی تایمبەتمەندی نەتەوەیەکگرتوەکان  بە پێ ی دۆکیۆمێنتی دامەزرانەکەی وە وولاتی ناوبراو لایەن بێت لەو ئاژانسە ، ئەوا ئەمینداری گشتی کۆپیەکی ئەو راپۆرتە بۆ ئەو ئاژانسە دەنێرێت یان ئەو بەشەی مەسەلەکە کە پەیوەستە بەوانەوە، بە پێ ی حالەتەکە .

**ماددەی ١٧**

١.وولآتانی لایەن لەم پەیماننامەیە راپۆرتەکانیان بە قۆناغ پێشکەش دەکەن، بە پێ ی بەرنامەیەک کە ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی دای دەنێت لە ماوەی ساڵێک لەسەر کارا بوونی جێبەجێ کردنی ئەم پەیماننامەیە، دوای راوێژ کردن لەگەڵ وولآتانی لایەن ئاژانسە تایبەتمەندەکانی پەیوەندیدار.

٢.وولآت ئەبێ لە راپۆرتەکەی خۆی ئاماژە بە هەموو ئەو هۆکارو ئاستەنگانە بکات کە دە رێگرن لە جێبەجێ کردنی تەواوی ئەو پابەندیانەی کەلە ناو دەقەکانی ئەم پەیماننامەیە هاتوە .

٣.کاتێک کە لە لایەن وولاتی لایەن لەم پەیماننامەیە زانیاریە پێویستەکان نێردرابێت بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان یان یەکێک لە ئاژانسە تایبەتمەندەکانی ، ئەوا پێویست بە دووبارە ناردنەوەی زانیاریەکان ناکات تەنها ئەوە نەبێت کە کورتەیەکی پوخت لە زانیاریەکان دەنێرێتەوە .

**ماددەی ١٨**

ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ، بە پێ ی ئەو بەرپرسیارەتیانەی کە پێ ی راسپێردراون لە لایەن پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە بواری مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە سەرەکیەکانی ، بۆی هەیە کە لەگەڵ ئاژانسە تایبەتمەندەکان ئەو رێکارانە بگرێتەبەر کە پێویستن بۆ ئەوەی ئاژانسەکان ئەو راپۆرتانە بۆ ئەنجومەن بنێرن کە باس لەو پێشوەچوونانە دەکەن لە بواری دڵنیابوون لە پابەندبوون بەو بابەتانەی کە لە بواری چالاکیەکانیانە لە حوکمەکانی ئەم پەیماننامەیە، وە دەکرێ لە ناو ئەو راپۆرتانە بە تێرو تەسەلی

باسی ئەو بڕیارو راسپاردانە بکرێت کە لە لایەن دامەزراوە تایبەتمەندەکانی ئەو ئاژانسانە لە خۆ گیراوە سەبارەت بەم پابەندیانە .

مادده‌ی ١٩

ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆی هەیە کە ئەو راپۆرتانەی کە پەیوەستە بە مافەکانی مرۆڤ و لەلایەن وولاتانەوە نێردراون ، بیان نێرێت بۆ لیژنەی مافەکانی مرۆڤ بە پێ ی ماددەی کانی ١٦ و ١٧ وە لە ئاژانسە تایبەتمەندەکانیش وەربگرێت بە پێ ی ماددەی ی ١٨، بۆ دیراسەکردنیان و دانانی راسپاردەی گشتی سەبارەت پێیانەوە یان بۆ چاو پێخشانەوە پێیانەوە کاتی کە پێویست بێت.

ماددەی ٢٠

وولاتانی لایەن لەم پەیماننامەیەو ئاژانسە تایبەتمەندەکانی پەیوەیوەندیدار بۆیان هەیە کە تێبینیەکانی خۆیان پێشکەش بە ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بکەن سەبارەت بە هەر راسپاردەیەکی گشتی کە لیژنەی مافەکانی مرۆڤ دەری ئەبرێت بە پێ ی ماددەی ی ١٩ یاخود لەبارەی هەر ئاماژەیەک بۆ راسپاردەیەکی گشتی کە هاتبێت لە هەر راپۆرتێک بۆ لیژنەی مافەکانی مرۆڤ نێردرابێت یان لە ناو هەر دۆکیۆمێنتێکی تر کە بۆیان نێردرابێت .

ماددەی ٢١

بۆ ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە کە ماوە ماوە راپۆرت بۆ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە بنێرێت کە تیایدا ئەو راسپاردانەی باس کراوە کە سروشتێکی گشتی هەیە وە کورتەیەکیش لەو زانیاریانەی کە لەلایەن وولاتانی ئەندام و ئاژانسە تایبەتمەندەکانەوە هاتوون سەبارەت بەو رێکارانەی کە گیراونەتەبەر و ئەو پێشکەوتنانەی کە وەدەست هاتوون لە پێناو زامن کردنی گشتگیرکردنی لەبەرچاو گرتنی ئەو مافانەی کە لەناو ئەو پەیماننامەیەدا ددانیان پێنراوە.

ماددەی ٢٢

بۆ ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەلایەتی هەیە کە سەرنجی دەستەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و لقی دەستەکان و ئاژانسە تایبەتمەندەکانی پەیوەندیدار رابکێشێ بۆ فەراهەم کردنی یارمەتی تەکنیکی بۆ هەر پرسێک کە دێتە پێشەوە لە ناو ئەو راپۆرتانەی کە ئاماژەیان پێکراوە لەم بەشەی ئەو پەیماننامەیە، وە دەکری ئەم دامەزراوانە هەر یەکەو لە بواری تایبەتمەندی خۆی یارمەتی پێشکەش بکەن بۆ دروست کردنی هەڵوێست لە سەر شتی گونجاو بۆ ئەوەی هەندێ رێکاری نێودەوڵەتی بگیرێتە بەر کە بەهۆیەوە ئاسانکاری بۆ جێبەجێ کردنی کارای هەنگاو بەهەنگاوی ئەم پەیماننامەیە بکرێت.

**ماددەی ٢٣**

ووڵاتانی لایەن لەم پەیماننامەیە رازین لەسەر ئەوەی کە ئەو رێکارە نێودەوڵەتیانەی کە ئامانج لێ ی زامن کردنی کاراکردنی ئەو مافانەیە کە لەم پەیماننامەیدا هاتوە ، بەستنی رێککەوتننامەو لە خۆگرتنی راسپاردە و فەراهەم کردنی یارمەتی تەکنیکی و بەستنی کۆبونەوەی هەرێمی و کۆبونەوەی تەکنیکی لە خۆ دەگرێت بە مەبەستی راوێژکردن و دیراسەکردن کە رێک دەخرێن بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی پەیوەندیدار .

**ماددەی ٢٤**

لەئەحکامەکانی ئەم پەیماننامەیەدا رێگە بەو شێوە راڤەکردنە نادرێت کە نەیەتەوە لەگەڵ ئەوەی لەبەلێَنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستوورەکانی ئاژانسە پسپۆڕەکاندا هاتووە سەبارەت بەو ئەحکامانەی کە ئەو بەرپرسایارێتیانە دیاریدەکات کە تایبەتن بەهەریەک لە دەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسەکانی پسپۆر لە بواری ئەو کێشانەی کە ئەم پەیماننامەیە باسیان لێوەدەکات.

**ماددەی ٢٥**

لەئەحکامەکانی ئەم پەیماننامەیەدا رێگە بەو شێوە راڤەکردنە نادرێت کە نەگونجێت لەگەڵ ئەوەی کە هەموو گەلان، بەوپەڕی ئازادییانەوە، مافی رەسەنی خۆیان هەیە لەوەی کە بەهرەمەند و سوودمەندی تەواو بن لەسامان و کەرەستە سروشتییەکانیان.

**ماددەی ٢٦**

١. دەرگا کراوەیە لەبەردەم هەر دەولەَتێکی ئەندام لەنەتەوەیەکگرتووەکان یان ئەندام لەهەر ئاژانسێک لەئاژانسە پسپۆرەکان بەوەی کە ئەم پەیماننامەیە ئیمزا بکات، یان بۆ هەر دەولەتێکی ئەندام لەسیستەمی بنەڕەتی دادگای دادی نێودەولەتی، یان هەر دەولەتێکی تر کە کۆمەلەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بانگهێشتی بکات بۆئەوەی ببێتە ئەندامێکی ئەو پەیماننامەیە.

٢. ئەم رێککەوتننامەیە ملکەچی پشتراستکردنەوە و هەموو بەَلگەنامە پشتراستکردنەوەکانیش لەلای ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانە.

٣. سەرلەبەری ئەو دەولەَتانەی لەبڕگەی ١ی ئەم مادەیەدا ئاماژەیان پێدراوە، دەتوانن پەیوەستی ئەم رێککەوتننامەیە بن.

٤. بەلگَەنامەی پەیوەستبوون لەدەستی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکاندایە.

.5ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان هەموو ئەو دەولەَتانە ئاگاداردەکاتەوە کە ئیمزایان لەسەر ئەم پەیماننامەیە کردووە یان چوونەتە پالی بەوەی کە هەرچی بەَلگەنامەی پشتراستکردنەوە یان پەیوەستبوون هەیە لە لای ئەو بن.

**ماددەی ٢٧**

١. كاركردن بەم پەیماننامەیە بەسێ مانگ دوای ئەوە دێت كە سی و پینجەمین بەڵگەنامەی پەیوەستبوون یان پشتراستكردنەوە لە لای ئەمینداری گشتی نەتەوەیەكگرتوەكان دابنرێت.

٢. بەڵام ئەو دەولەتانەی پشتراستكردنەوە یان پەیوەستبوونەكەیان دەكەوێتە دوای دانانی سی و پینجەمین بەلگەنامەی پەیوەستبوون یان پشتراستكردنەوە ، بۆ هەریەكێك لەمانە كاركردن بەم پەیماننامەیە بەسێ مانگ دوای ئەوە دێت كە بەڵگەنامەی پەیوەستبوونەكەی یان پشتراستكردنەوەكەی دابنێت.

**ماددەی ٢٨**

ئەحكامەكانی ئەم پەیماننامەیە، بەبێ هیچ كۆت و بەند و هەڵاوێردنێك، بەسەر هەموو ئەو یەكانەدا پیادە دەكرێت كە وولاتانی فیدرالییان لێپێكهاتووە.

**ماددەی ٢٩**

١. هەر دەولەتێكی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە مافی ئەوەی هەیە پێشنیاری هەمواركردن بكات بەمەرجێك پێویستە لەسەری دەقەكەی لای ئەمینداری گشتی نەتەوە یەكگرتوەكان دانابێت. وەک ئەنجامی ئەمەش، ئەمینداری گشتی بەهەموو دەولەتانی ناو ئەم پەیماننامەیە رادەگەیەنێت بۆ هەر هەمواركردنێك كە هەیانبێت، هەروەها تێیدا داوای ئەوەش دەكات كەئەگەر چاوخشاندنەوە بەو پێشنیارانەو دەنگدان لەسەریان پێویستی بەبەستنی كۆنگرەیەكی وولاتانی ئەندام بوو ئەوا ئاگاداری بكەنەوە. ئەگەرلایەنی كەم دوو لەسەر سێی دەولەتانی ئەندام بەستنی كۆنگرەكەیان بەپێویست زانی ئەوا ئەمینداری گشتی بەچاودێری نەتەوەیاەكگرتووەكان دەیبەستێت.

٢. هەمواركردنەكان لەو كاتەوە دەستپێدەكات كە كۆمەلەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان بریاریان لەسەرداو زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە پەسەندیان كرد، بەپێی ئەو رێوشوێنە دەستورییانەی لەلای هەریەكێكیان هەیە.

٣. هەر كە هەموار كردنەكان دەستیانپێكرد پێویستە لەسەر ئەو دەولەتانەی پەسەندیانكردووە پێوەی پابەند بن بەئەحكامەكانی ئەم پەیماننامەیەوە و بەهەر هەموارێكەوە كە پێشتر پەسەندیان كردووە.

**ماددەی ٣٠**

بەدەر لەو ئاگاداركردنەوانەی بەپێی برگەی ٥ ی ماددەی ٢٦ ئەنجامدەدرێن، ئەمینداری گشتی نەتەوە یەكگرتوەكان هەموو ئەو دەولەتانە ئاگاداردەكاتەوە كە لەبڕگەی ١ ی ماددەی ناوبرداودا ئاماژەیان پێدراوە كە ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن:

ا. ئیمزاكردنەكان و پشتراستكردنەوەكان و پەیوەستبوونەكان بەپێی ماددەی ٢٦ دانرابن.

ب. مێژووی کارپێکردن بەم پەیماننامەیە بەپێی ماددەی ٢٧ ، لەگەڵ مێژووی کارپێکردن بەهەر هەمووارکردنێک لەچوارچێوەی ماددەی ٢٩ دا ئەنجامبدرێت.

**ماددەی ٣١**

١. ئەم بەلگەنامەیە، کە دەقە ئیسپانی و ئینگلیزیی و رووسی و چینی و فەڕەنسییەکە وەک یەکن، لەدۆکیۆمێنتەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا دەپارێزرێت.

٢. ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، وێنەیەکی باوەڕپێکراو دەنێرێت بۆ هەموو ئەو دەولەتانەی لەماددەی ٢٦ دا ئاماژەی پێدراوە.

# پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنی و سیاسییەکان

## بەپێی بڕیاری ٢٢٠٠ د- ٢١ ی بەرواری ١٦ ی کانونی یەکەمی ١٩٦٦ ی کۆمەلەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتیپێبەسراوە و خراوەتەڕوو بۆ ئیمزاکردن و متمانە پێبەخشین بەرواری جێبەجێکردن ٢٣ ی ئاداری ١٩٧٦ ، بەپێی ئەحکامەکانی ماددەی ٤٩

پێشەکی

ئەو دەولەتانەی لەناو ئەم پەیماننامەیەدان وایدەبینن کە بڕیاردان کەرامەتێکی رەسەنی هەموو ئەندامانی خێزانی مرۆڤایەتییەو چەند مافێکی یەکسان و نەگۆڕن و ئەمەش بەپێی پرەنسیپە راگەیەندراوەکانی یاسای گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بناغەی ئازادیی و داد و ئاشتییە لەجیهاندا، لەبەرئەوە بڕیار دەدەن لەسەرئەوەی کە ئەو مافانە لەکەرامەتی مرۆڤی رەسەنەوە دێت کە تێیدایەتی.

پەی بەوەش دەبەن کە تاکە رێگا بۆ بەدیهێنانی نموونەی بالا، بەپێی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە مرۆڤەکان ئازاد بن سوودمەند بن لەئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان و لەژێر چنگی ترس و هەژاریدا نەبن، ئەوە رێگەی رەخساندنی هەل ومەرجە بۆئەوەی هەموو مرۆڤێک لەمافە مەدەنی و سیاسییەکانی سوودمەند بێت، هەروەها بەمافە ئابووریو کۆمەلایەتی و رۆشنبیرییەکانی، ئەوە لەمێشکی خۆیادا دادەنێت کە ئەوەی دەکەوێتە سەرشانی دەوڵەتان، بەپێی یاسای گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پابەندبوونە بە قوولکردنەوەی رێزگرتن و لەبەرچاوگرتنی جیهانیانەی مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی، پەی بەوەش دەبەن کەپێویستە تاکەکەس کە چەند ئەرکێکی بەرامبەر کەسانی تر و ئەو کۆمەلەیە لەسەرشانە کەئینتمای بۆیان هەیە، هەست بەبەرپرسیارێتی بکات لەپێناو پتەوکردن و سەرپەرشتیکردنی ئەو مافانەی لەم پەیماننامەیەدا متمانەی پێبەخشراوە.

لەسەر ئەم مادانەی خوارەوە رێکەوتن:

## بەشی یەکەم

### ماددەی ١

١. هاموو گەلان مافی ئەوەیان هەیە خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، بە پێی ئەم مافەش ئازادن لەدیاریکردنی ناوەندی سیاسی خۆیانداو لەهەولدانیان بۆ بەدیهێنانی گەشەی ئابووری و کۆمەلایەتی و کەلتوورییان.

٢. گەلان بەتێکڕا، لەمیانەی گەڕانیان بەدوای ئامانجە تایبەتییەکانی خۆیاندا، مافی ئەوەیان هەیە مامەلەیەکی ئازادانە لەگەڵ سامان و داهاتە سروشاتییەکانی خۆیانادا بکەن، بەبێ ئەوەی هیچ کام لەو ئیلتزاماتانە پێشێل بکات کە زادەی پێویستییەکانی هاوکاریی ئابووریی نێودەوڵەتییە کە لەسەر بناغەی سوود گۆڕینەوە و یاسای نێودەوڵەتی دامەزراوە. لە هیچ حالەتێکیشدا نابێت هیچ گەل و میلەتێک لەو هۆکارانە بێبەش بکرێت کە تایبەتن بەژیانی تایبەت بەخۆی.

٣. دەبێت وڵاتانی ئەندامی نێو ئەم پەیمانە، بەوانەیشەوە کە بەرپرسیاریێتی باەڕێوەبردنی ئەو هەرێمانەیان لەئەستۆدایە کەئۆتۆنۆمییان نییەو ئەو هەرێمانەی چاودێری دەیانگرێتەوە، کار بکەن بۆ بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و ڕێز لەو مافە بگرن، ئەویش بە گوێرەی ئەحکامەکانی یاسای گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان.

## بەشی دووەم

### ماددەی ٢

١. هەموو دەولەَتانی ئەندامی ئەم پەیمانە بەڵێن دەدەن بەوەی کەڕێز لەو مافانە بگرن کە ئەم پەیماننامەیە دانی پێداناوە و متمانەی پێ بەخشیوە، هەروەها دەستەبەرکردنی ئەو مافانە بۆ هەموو ئەو کەسانەشە کە لەچێوارچێوەی هەرێمەکانیاندا دەژین و هاتوونەتە ناویەوە، بەبێ هیچ هەڵاوێردێک بەهۆی نەژاد یان ڕەنگ یان ڕەگەز یان زمان یان ئایین یاخود بیروڕای سیاسی و غەیرە سیاساییەوە، یان بەهۆی بنەچەی نەتەوایەتی یان کۆمەڵایەتی یان سامان یاان بنەچەو ڕەچەڵەکەوە یاخود بەهۆی چەند هۆکارێکی تر.

٢. هەموو دەولەَتانی ئەندامی ئەم پەیمانە بەلێَنی ئەوە دەدەن کە ئەگەر هاتوو ڕێوڕەوە یاساییەکان یان نایاساییەکان بەکردەوە ئەو مافانە دەستەبەر نەکەن کە لەو پەیماننامەیەدا دانیان پێدانراوە، ئەوا بەپێی ڕێوشوێنە دەستووریی و مادەکانی ئەو پەیماننامەیە، هەرچی پێویست بکات لەڕێ وشوێنگەلی یاسایی و نایاسایی بگیرێنەبەر.

٣. هەر دەولەَتێکی ئەندامی ناو ئەم پەیماننامەیە بەلێَن دەدات کە:

ا. دەستەبەرکردنی ڕێگەیەکی کاریگەر بۆ مەیسەرکردنی سکاڵای هەر کەسێک لەوانەی کە ئەو ماف و ئازادییانەی پێشێل کراون لەناو ئەم پەیماننامەیەدا متمانەیان پێ بەخشراوە، تەنانەت ئەگەر ئەو پێشێلکارییە لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجام درا بن کەسیفەتی ڕە سمی خۆیانیان تێدا بەکارهێنابێت.

ب.زەمینەی بڕیاردان لەسەر پیشێل کردنی مافەکانی هەموو سکاڵاکەرێکی لەم جۆرە دەستەبەر بکرێت ئەگەر دەسەڵاتێکی دادوەریی یان کارگێڕیی یان یاساییانەی تایبەت، یان هەر دەسەڵاتێکی تایبەتی تر کە سیستمی یاسایی دەولەت دیاری کردبێت، پشتڕاستی بکاتەوە، هەروەها گەشە بەتواناکانی سکاڵای دادوەریی بدرێت.

ج. زەمینەسازی بکرێت بۆ ئەو دەسەڵاتانەی تایبەتن بەراپەڕاندنی ئەو مادانەی لەبەرژەوەندی ساکاڵاکاران دەرچوون.

### ماددەی ٣

دەولەَتانی ئەندامی ئەم پەیمانە بەلێَن دەدەن بەدەستەبەرکردنی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەو مافە مەدەنی و سیاسییانەی کە بە دەق لەم پەیمانەدا هاتوون.

### ماددەی ٤

١. لەو حالەتە کت و پڕ و هەڵاوێردانەدا کەهەڕەشە لەژیانی نەتەوە دەکەن و بەشێوەیەکی فەرمی راگەیەنراون، دەولەتە ئەندامەکانی نێ و ئەم پەیمانە دەتوانن لەسنوری پێویستیی هەلومەرجدا رێ و شوێنی ئەوتۆ بگرنەبەرو پابەند نەبن بەوەی لەم پەیمانەدا هاتووە، بەمەرجێک کەئەم رێ وشوێنانە ناکۆک نەبن لەگەڵ ئەو پابەندبوونانەی تر کەبەپێی یاسا ی نێودەولەتی هاتونەتە ئاراوە، هەروەها جیاکارییەک لەخۆنەگرێت کەپاساوەکەی خوێن یان رەنگ یان رەگەز یان زمان یان رەچەلەکی کۆمەڵایەتی بێت.

٢. ئەم دەقە رێگە بەشتێک نادات پێچەوانەی ئەحکامەکانی ماددەی ٦ و ٧ و ٨ (هەردوو برگەی ١ و ٢ ) و ١١ و ١٥ و ١٦ و ١٨ بێت.

٣. هەر دەولەتێکی ئەندام لەم پەیمانەدا ئەگەر مافی پابەندنەبوونی بەکاربهێنێت، ئەوا پێویستە لەسەری لەرێگەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە راستەوخۆ دەوڵەتە ئەندامەکانی تر ئاگادار بکات لەو ئەحکامانەی کە پابەند نابێت پێیانەوە یان ئەو هۆکارانەی پاڵنەر بوون بۆ ئەمە، هەروەها پێویستە لەو بەروارەی کەکۆتایی بە پابەند بوونەکەی دەهێنێت جارێکی تر و بەهەمان شێوە ئاگاداریان بکاتەوە.

### ماددەی ٥

١. لەم پەیماننامەیەدا هیچ مادەیەکی وای تێدانیە بتوانرێت راڤەی بکرێت بەو شێوەیەی کە هەر دەولەتێک یان کۆمەڵێک یان کەسێک دەتوانێت چالاکیەک یان کارێک بەئامانجی بەفیڕۆدانی هەر ماف و ئازادییەک لەوانە ئەنجام بدات کە لەناو ئەم پەیماننامەیەدا متمانەی پێبەخشراوە، یاخود بۆ سەپاندنی چەند کۆت و بەندێکی وەها بێت کە فراوانتر بن لەوەی کە لەپەیماننامەکەدا دیاریکراون.

٢.رێگە نادرێت هیچ کۆت و بەند و تەسککردنەوەیەک بەسەر هیچ کام لە مافە بنچینەییە متمانە پێ بەخشراوەکانی مرۆڤدا یان پیادەکراوەکانیدا لەهیچ وڵاتێکدا بسەپێنرێت بەناوی پیادەکردنی یاساکان یان رێککەوتننامەکان یان سیستەم و عورفەکان، بەپاساوی ئەوەی کە ئەم پەیماننامەیە ئیعترافی پێناکات یان لەسنورێکی تەسکدا ئیعترافی پێکردووە ( دانی پیاناوە).

## بەشی سێیەم

### ماددەی ٦

١. مافی ژیان مافێکی پێویست بەهەموو مرۆڤێکە، پێویستە یاسا ئەو مافە بپارێزێت، هەروەها نابێت کە بەزۆر لەو مافە بێبەش بکرێت.

٢. ئەو دەولەتانەی کەسزای لەسێدارەدانیان تێدا هەلنەوەشاوەتەوە، نابێت کار بەم سزایە بکەن، تەنها مەگەر وەک سزایەک بێت بۆ ئەو تاوانانەی کە زۆر ترسناکن، بەپێی ئەو تەشریعەی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا پەیڕەو دەکرێت و ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم پەیمانەو رێکەوتننامەی نەهێشتنی تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵ و

سزادان لەسەری، هەروەها نابێت ئەم سزایە جێبەجێبکرێت مەگەر بەپێی حوکمێکی کۆتایی بێت، کە لەدادگایەکی تایبەتەوە دەردەچێت.

٣. کاتێک بێبەشکردن لەژیان دەبێتە تاوانێک لەتاوانەکانی کۆمەلکوژیی، ئەو تێگەیشتنە شتێکی بەلگەنەویست دەبێت کەهیچ دەقێک لەم مادەیەدا نییە ڕێگە بەهیچ دەولەتێکی ناو ئەم پەیمانە بدات، بەهەر شێوەیەک بووە، سەرشانی خۆی لەهەر پابەندییەک خالی بکاتەوە کە ئەحکامەکانی ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی کۆمەلکوژیی و سزادان لەسەری، خستویانەتە سەری.

٤. هەرکەسێک کە حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا دراوە، مافی ئەوەی هەیە داوای لێبوردنی تایبەتیی بکات یان سزاکەی بۆ بگۆڕدرێت. دەشێت لێبوردنی گشتی بۆ دەرچێت یان لێبوردنی تایبەتیی یان لە سەرجەم حالەتەکاندا سزای لەسێدارەدانی بۆ بگۆڕدرێت.

٥. نابێت سزای لەسێدارەدان بەسەر ئەو کەسانەدا بدرێت کەتاوانیان ئەنجامداوە و تەمەنیان لەخوار ١٨ سالەوەیە، هەروەها ئەم سزایە بەسەر ژنانی دوگیانیشدا ناسەپێنرێت.

٦. لەم مادەیەدا هیچ حوکمێک نییە کە بشێت، لە لایەن دەولەتێکی ئەندامی ناو ئەم پەیمانەوە، پەنای بۆ ببرێت بەمەبەستی دواخستنی سزای لەسێدارەدان یان ڕێگر بێت لە هەلۆەشاندنەوەی.

## ماددەی ٧

نابێت کەس بخرێتە ژێر ئەشکەنەوە، یان مامەلەو سزای توندو نامرۆڤانەی لەگەلدا بکرێت یاخود کەرامەتی بشکێنرێت. بەتایبەتی نابێت هیی تاقیکردنەوەیەکی پزیشکی یان زانستی لەسەر کەس ئەنجام بدرێت ئەگەر ڕەزامەندیی ئازادانەی خۆی لەسەر نەبێت.

## ماددەی ٨

١. نابێت هیچ کەسێک بکرێتە کۆیلە، کۆیلایەتی و بازرگانیکردن بەکۆیلەوە بەهەموو جۆرەکانیەوە قەدەغەیە.

٢. نابێت کەس ملکەچ بکرێت بۆ بەندایەتی.

٣. ا. نابێت کە ناچاری بێکاریی و کاری ئیجباری بکرێت.

ب. نابێت ڕاڤەکردنی بڕگەی ٣ ڕ بکرێتە ئەوەی کە ئەو دەولەتانەی سزای زیندانیکردن و کاری قورس بەسەر هەندێک تاواندا دەدەن، ڕێگە لە جێبەجێکردنی سزای کاری قورسیان بگرێت کە لە لایەن دادگایەکی تایبەتەوە دەرچووە.

ج. بەپێی مەبەستەکانی ئەم بڕگەیە، دەستەواژەی ( بێکاری و کاری ئیجباری) ئەم خالانەی خوارەوە ناگرێتەوە:

١. ئەو کارو خزمەتانەی کەمەبەست لێی لقی ب/ ی ئەم بڕگەیە نیەو بەسەر کەسی دەستبەسەردا دەسەپێنرێت بەپێی بڕیارێکی قەزایی یان یاسایی، یان ئەو کەسەی لەنمونەی ئەم بڕیارە لەسەری دەرچووەو بەشێوەیەکی مەرجدار ئازادکراوە.

٢. هەر خزمەتێک کە مۆرکی سەربازیانەی پێوە دیار بێت هەروەها لەو دەوڵەتانەی کە لەخزمەتی سەربازییاندا دان بە مافی رەتکردنەوەی ویژدانی دادەنێن، هەر خزمەتێکی نەتەوایەتی کە یاسا بەسەر رەتکەرەوە ویژدانییەکاندا بیسەپێنێت.

٣. هەر خزمەتێک کە لەحالەتی نائاسایی یان کارەساتی وادا دەسەپێت کە هەڕەشە لەژیانی گروپ یان خۆشگوزەرانیان دەکات.

٤. هەر کارو خزمەتێک کەبەشێک لەپابەندبوونی مەدەنیانەی ئاسایی پێکبهێنێت.

## ماددەی ٩

١. هەموو کەسێک مافی ئازادی و ئاسایشی هەیە بۆ خۆی، نابێت کەس بە زۆر دەست بەسەربکرێت یان دەستگیربکرێت، نابێت کە لە ئازادی بێ بەش بکرێت تەنها بەهۆی ئەو هۆکارانەوە نەبێت کە بەیاسا دیاریکراون و بەپێی ئەو رێوشوێنەیە کەتێیدا بڕیاری لەسەردراوە.

٢. پێویستە هەرکەسێک دەستبەسەر دەکرێت هۆکارەکانی دەستبەسەرکردنی پێڕابگەیەنرێت، لەکاتێکدا پێویستە بەزوترین کات ئەو تۆمەتەشی پێڕابگەیەنرێت کە ئاڕاساتەی کراوە.

٣. کەسی دەست بەسەرکراو یان دەستگیرکراو بەتۆمەتێکی سزایی ، بەزوترین کات دەنێردرێتە بەردەم یەکێک لە دادوەرەکان یان یەکێک لەو فەرمانبەرانەی کەیاسا سەرپشکی کردوون بەوەی ئەرکی داوەریی جێبەجێ بکەن ، ئەو کەسە مافی خۆیەتی لەماوەیەکی شیاودا دادگایی بکرێت یان ئازاد بکرێت، نابێت دەستبەسەرکردنی ئەو کەسانەی کەچاوەڕێی دادگایین بکرێتە بنەمای گشتی، بەڵام دەشێت ئازاد بکرێن بەگەرەنتی ئامادەبوونیان لە دادگادا لەهەر قۆناغێکی تر لە قۆناغەکانی رێوشوێنی قەزایی و گەرەنتی جێبەجێکردنی حوکمەکە لە کاتی پێویستدا.

٤. هەرکەسێک بەهۆی دەست بەسەرکردن یان دەستگیرکردنەوە لەئازادی بێبەشکراوە، مافی گەڕانەوەی هەیە بۆ دادگا تاوەکو ئەو دادگایە لایەنی یاساییبوونی دەستگیرکردنەکەی یەک لاییبکاتەوە، فەرمانیش بدات ئازادبکرێت ئەگەر دەستگیرکردنەکەی نایاسایی بوو.

٥. هەرکەسایێک کەبۆتە قوربانی دەستی کردەی دەستبەسەرکردن یان دەستگیرکردنی نایاسایی، مافی قەرەبووکردنەوەی هەیە.

## ماددەی ١٠

١.هەموو ئەو کەسانەی لەئازادی بێ بەشکراون، مامەَلەیەکی مرۆڤانەیان لەگەڵدا دەکرێت و رێزی کەرامەتی مرۆییانەی کەسەکە دەگیرێت.

٢.١. کەسانی تۆمەتبارکراو لەو کەسانە جیادەکرێنەوە کە ئیدانەکراون، تەنها لەهەل ومەرجی هەڵاوێرد و تایبەتدا نەبێت، هەمووشیان بەو شێوەیە مامەلە دەکرێن کەئیدانە نەکرا بن.

ب/ تۆمەتبارکراوانی مێردمنداڵ جیادەکرێنەوە لەگەورەکان و بەزووترین کات دەنێردرێنە لای دادوەر بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان.

٣. پێویستە سیستەمی زیندانەکان ڕەچاوی مامەلەکردنی زیندانیەکان بکات لەوەدا کەئامانجە سەرەکییەکەی چاکسازیکردن و دووبارە شیاندنەوەی کۆمەڵایەتییانە. تاوانبارانی مێردمنداڵ لە گەورەکان جیادەکرێنەوەو بەشێوەیەک مامەلەیان لەگەلدا دەکرێت کە لەگەڵ تەمەن و پێگەی یاساییاندا بگونجێت.

## ماددەی ١١

نابێت هیچ کەسێک زیندانی بکرێت تەنها لەبەرئااەوەی نەیتوانیوە بەلێنی پابەندبوونی بەگرێبەستێکەوە جێبەجێ بکات و بیباتەسەر.

## ماددەی ١٢

١. هەر تاکێک کەبەشێوەیەکی یاسایی لەهەرێمی دەولەتێکادا بێت ، مافی ئازادیی گەڕانی هەیە تێیدا و مافی هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوونیشی هەیە.

٢. هەر تاکێک مافی بەیێهێشتنی هەموو وڵاتێکی هەیە، بەوڵاتەکەی خۆشیەوە.

٣. نابێت ئەو مافە باساکراوانەی سەرەوە بەهیچ کۆت و بەندێک سنوردار بکرێت، تەنها ئەوانەیان نەبێت کەدەقی یاساییان لەسەر هاتووەو بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و سیستمی گشتی و تەندروستی گشتی و ئاکاری گشتی و مافی کەسانی تر و ئازادییەکانیان پێویستن، هەروەها دەبێت لەگەڵ ئەو مافانەی تردا تەبابێت کە لەم پەیماننامەیەدا دانیپێدانراوە.

٤. نابێت کەس ،بەزۆری زۆردارەکی، لەمافی چوونە ناو وڵاتەکەی بێبەشبکرێت.

## ماددەی ١٣

نابێت هیچ بێگانەیەک دووربخرێتەوە ، کە بەشێوەیەکی یاسایی لەهەرێمی دەولەتێکی ئەندامانی ئەم پەیماننامەیەدایە، مەگەر بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕیارێک بێت کە بەپێی یاسا گیراوەتەبەر، خۆ ئەگەر پێویستیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەی نەویست، ئەوا دەبێت وای لێ بکرێات ئەو هۆکارانە بخاتەڕوو کە پاڵپشتی دوورنەخستنەوە دەکەن، هەروەها توانای خستنەڕووی کێشەکەی هەبێت بۆ بەردەم دەسەلاتیکی تایبەتمەند یان ئەو کەسە کە ئەو دەسەڵاتە دەستنیشانیکردووە یان ئەوانەی بەتایبەتی بۆ ئەو کارە دەستنیشان کراون، هەروەها توانای دانانی وەکیلێکی هەبێت تاکو لەبەردەم ئەو دەسەڵاتە یان ئەو کەسانەدا نوێنەرایەتی بکات.

## ماددەی ١٤

١. تێکڕای خەلکی یەکسانن لەبەردەم یاساداو مافی هەموو تاکێکە دوای یەک لابوونەوەی هەر تۆمەتێکی سزایی کە بدرێتە پالێ یان لەماف و پابەندبوونەکانی یان لەهەر داوایەکی مەدەنیدا مافی ئەوەی هەیە کە دۆزەکەی جێگەی چاوپیاخشاندنەوەیەکی دادوەرانەو ئاشکرابێت لەلایەن دادگایەکی تایبەتمەندی سەربەخۆی بێلایەنەوە کە بە حوکمی یاسا دانرابێات، دەشێت ڕێگە لەڕۆژنامەو جەماوەر بگیرێت بەوەی کە لەهەموو یان لە بەشێکی دادگاییکردنەکە دا ئامادە نەبن، ئەویش بەهۆی ئاکاری گشتی یان سیستەمی گشتی یان ئاسایشی گشتییەوە لەکۆمەلگەیەکی دیموکراسیدا، یاخود لەبەر ڕاگرتنی حورمەتی ژیانی تایبەتی لایەنەکانی داواکە، یان ئامادەبوون لەکەمترین سنوردا ئەویش بەو پێیەی کەدادگا بەپێویستی دەزانێت و پێیوایە کە ئاشکرایی لەهەندێ هەل و مەرجی هەلاوێردا

لەبەرژەوەندیی دادپەروەریدا نەبێت و بیشێوێنێت، بەڵام هەر حوکمدانێک لەپرسێکی سزایی یان داوایەکی مەدەنیدا دەبێت بەشێوەیەکی ئاشکرا دەربکرێت، مەگەر ئەوەتا کارەکە پەیوەست بێت بە چەند مێردمنداڵێکەوە کە بەرژەوەندییان پێچەوانەی ئەمە بخوازێت، یان ئەوەتا داواکە ناکۆکییەکانی نێوان ژن و مێردێک تاو و توێ بکات یان پەیوەستبێت بە بەخێوکەری ( الوێایە) منداڵانەوە.

٢. هەر کەسێکی تۆمەتبارکراو بەوەی کە تاوانێکی ئەنجامداوە، بە بێ تاوان دادەنرێت، تاکو تاوانەکەی لەرووی یاساوە بەسەردا نەسەپێت.

٣. هەر کەسێکی تۆمەتبارکراو بەوەی کە تاوانێکی ئەنجام داوە، دەبێت لە کاتی سەیرکردنی دۆزەکەیدا، لەسەر بنچینەی یەکسانییەکی تەواو، لەم گەرەنتیانەی خوارەوە سوودمەندبێت:

ا. پێویستە زۆر بەزوویی و بەتێروتەسەلی ، بەزمانێک کە تێی بگات ، سروشت و هۆکارەکان ی ئەو تۆمەتەی پێڕابگەیەنرێت کە ئاڕاستەی کراوە.

ب. پێویستە کاتی تەواو و ئاسانکاری تەواوی بدرێتێ بۆ ئامادەکردنی بەرگریی و پەیوەندیکردن بەپارێزەرێکەوە کە خۆی هەلێدەب ێرێت.

ج. پێویستە دادگایی بکرێت بەبێ هیچ دواکەوتنێکی بێ پاساو.

و. پێویستە بەئامادەبوونی خۆی دادگایی بکرێت و خۆی بەرگری لەخۆی بکات یان بەهۆی پارێزەرێکەوە کە خۆی هەلێبژاردوە، هەروەها لەو مافەش ئاگاداربکرێتەوە کەهەیەتی سەبارەت بەبوونی کەسێک بەرگری لێبکات، لەکاتێکدا ئەگەر کەس نەبوو بەرگری لێبکت، ئەوا پێویستە دادگا پارێزەرێکی بۆ دابین بکات تا بەرگری لێبکات ، یان بەرژەوەندی دادگەریی وایخواست کە نابێت کرێی پارێزەر بکەوێتە سەر شانی ئەو ئەگەر هۆکاری تەواوی نەبوو بۆ خەرجکردنی ئەو کرێیە.

ه. پێویستە خۆی یان کەسانی تر گفتوگۆ لەگەڵ شایەتەکانی تۆمەتبارکردنیدا بکەن، پێویستە ڕەزامەندی بەدەست بهێنێت بۆ بانگهێشت کردنی شایەتەکانی نەکردنی تاوانەکە بەهەمان ئەو مەرجانەی کە دەچەسپێت بەسەر شایەتی تاوانبارکردندا.

و. پێویستە وەرگێیڕی بۆ دەستەبەربکرێت ئەگەر هاتوو تێنەگەشت یان نەیتوانی قسە بەو زمانە بکات کە لەدادگادا بەکاردێت.

ز. پێویستە زۆری لێنەکرێت تاکو شایەتی دژی خۆی بدات یان دان بەتاوانەکەیدا بنێت.

٤. لەهەلومەرجی مێردمنداڵاندا، ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە ڕێوشوێنەکان گونجاو بن لەگەڵ تەمەنیان و پێویستی گێڕانەوەی کارامەییاندا.

٥. هەر کەسێک کە بەتاوانێک ئیدانە دەکرێت، بەپێی یاسا مافی ئەوەی هەیە پەنابەرێتە بەر دادگایەکی باڵاتر تاکو چاو بە بڕیاری ئیدانەکردنەکە و ئەو سزایەدا بگێڕ ێتەوە کە حوکمی بەسەردا دراوە.

٦. کاتێک کە حوکمێکی کۆتایی بەسەر کەسایێکدا دەدریت و بەتاوانێک ئیدانەی دەکات، پاشان حوکمەکە پوچەڵ بۆوە یان لێبوردنی تایبەت دەرچوو لەسەر بنەمای ڕوداوێکی تازە یان ڕوداوێک کە تازە پەردەی لەسەر لابرابێت و

بەلگەی تەواوی تێدا بێت کە هەلەیەکی قەزایی رویداوە، پێویستە ئەو کەسەی بەهۆی ئەو ئیدانەکردنەوە سزادراوە، بەپێی یاسا قەرەبووبکرێتەوە، ئەگەر هاتوو ئەوە نەسەلما کە بەشێوەیەکی گشتی یان بەشی لێپرسراوێتی ئەوەی ناکەوێتە ئەستۆ کە لەکاتی گونجاودا پەردەی لەسەر ڕوداوە نەزانراوەکە ی نەبردبێت.

٧. پێویستە کە دووبارە دادگایی نەکرێتەوە یان سزا نەدرێت لەسەر تاوانێک کە پێشتر لەسەری ئیدانەکراوە یان بەپێی یاساو رێوشوێنی سزایی لەهەموو دەولەتێکدا، بەحوکمێکی کۆتایی بەبێتاوان دەرچووە.

**ماددەی ١٥**

١. هیچ تاکێک بەهیچ تاوانێک ئیدانە ناکرێت ، ئەگەر بەهۆی کارێک یان نەکردنی کارێکەوە لەکاتی ئەنجامدانیدا بەپێی یاسای نیشتمانی یان نێودەوڵەتی بەتاوان دانەنرابێت، هەروەها نابێت هیچ سزایەک بسەپێنرێت کە توندتر بێت لەو سزایەی کە لەکاتی ئەنجامادانی تاوانەکەدا کاری پێ کراوە، ئەگەر لەپاش ئەنجامادانی تاوانەکە یاسایەک دەرچوو کە سزاکەی سوکتر بوو ، ئەوا پێویستە کەسی جێبەجێکەری تاوانەکە سوود لەم سووککردنە وەربگرێت.

٢. لەم مادەیەدا شتێک نیە کە بەربەست بێت لەبەردەم دادگایی یان سزادانی کەسێک لەسەر ئەنجامدانی هەر کارێک یان نەکردنی هەر کارێک کە لەکاتی ئەنجامدانیدا بەپێی بنەما گشتیەکانی یاسا ، کە کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتوکان دانی پێیداناوە، بەتاوان دانرابێت.

**ماددەی ١٦**

هەموو مرۆڤێـک لە هەر شوێنێک بێت مافی ئەوەی هەیە کە دان بە کەسایەتی یاسایی بنرێت.

**ماددەی ١٧**

١. نابێت هیچ کەسێک بەزۆرو بەشێوەیەکی نایاسایی دەست وەربدرێتە تایبەتمەندییەکانی یان کاروباری خێزانی یان ژینگەکەی یان پۆساتەکانی، نابێت دوچاری هیچ هەلمەتێکی نایاسایی ببێتەوە کە شەرەف و ناوبانگی لەکەدار بکات.

٢. هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە یاسا لەمجۆرە دەستێوەردان و لەکەدارکردنانە بیپارێزێت.

**ماددەی ١٨**

١. هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە ئازاد بێت لەبیروباوەڕو ویژدان و ئاییندا، بەو مافەشەوە کە ئازادە لەوەی بەچ ئاینێکەوە پەیوەست دەبێت، ئازادە لەوەی کە چ ئاینێک هەڵدەبژێردرێت و پێوەی پابەند دەبێت، ئازادی ئەوەشی هەیە کە ئایین یان بروباوەڕی خۆی ئاشکرا بکات لەرێی پەرستن و پیادەکردن و فێرکردنەوە، بەتەنیا یان بەکۆمەڵ، بەبەرچاوی خەلکەوە یان لەشوێنی تایبەت و بەتەنیا.

٢. نابێت زۆر بۆ کە بهێنرێت بەیۆرێک کە ببێتەهۆی کۆتکردنی ئازادییەکەی لەوەی کە پابەند بێت بەئاینێکەوە، یان ئازادییەکانی لەوەدا پێشێل بکرێت کە خۆی ئاینێک یان بیروباوەڕێک هەلبژ ێرێت.

٣. نابێت ئازادی مرۆڤ لەبەزۆر ئاشکراکردنی ئایین و بروباوەڕیدا پێشێل بکرێت، تەنها بۆ ئەو کۆتانە نەبێت کە یاسا دەیسەپێنن و بۆ پاراستنی سیستەمی گشتی یان تەندروستی گشتی یان ئاکاری گشتی یان مافەکانی خەلکانی ترو ئازادییە بنەڕەتییاەکانیان پێویستن.

٤. وڵاتانی ئەندام لەم پەیمانەدا بەڵێن دەدەن بەوەی کە ڕێز لە ئازادی باوکان یان بەخێوکەران بگرن ئەگەر هەبن، کە پەروەردەی ئاینی و رەوشتی منداڵەکانیان بەپێی بروباوەڕە تایبەتییەکانی خۆیان فەراهەم بکەن.

**ماددەی ١٩**

١. هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە، بەبێ گێچەڵ پێکردن، هەر بۆچوونێکی هەیە بڕوای پێبهێنێت.

٢. هەموو مرۆڤێک مافی ئازادی رادەربڕینی هەیە. ئەم مافە ئەوەش دەگرێتەوە کە ئازاد بێت لەپەنابردنە بەر هەر جۆرە زانیاری و بیروباوەڕێک و وەرگرتنیان و گواستنەوەیان بۆ خەڵکانی تر بەبێ ئەوەی رەچاوی هیچ سنوورێک بکات، جا چ بەنامەی نوسراو بێت یان بەچاپکراوی یان لەقاڵبێکی هونەریدا یان بەهەر رێگەیەکی تر.

٣. پیادەکردنی ئەو مافانەی کە لەبڕگەی ٢ ی سەرەوەدا هاتوون، چەند ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی تایبەتیان لێدەکەوێتەوە، بۆیە دەبێت ملکەچی چەند کۆتێک بکرێن بەڵام بەمەرجی ئەوەی ئەو کۆتانە بەدەقێکی یاسایی دیارییبکرێن و پێویستبن بۆ:

ا. ڕێزگرتن لەمافی خەڵکانی ترو کەرامەتیان.

ب. بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یان سیستەمی گشتی یان تەندروستی گشتی یان ئاکارە گشتییەکان.

**ماددەی ٢٠**

مافی ئازاد بەشداریکردن لەکۆبوونەوەو کۆمەڵەی ئاشتییانەدا.

**ماددەی ٢١**

کۆبوونەوەی سیاسی مافێکی دانپێدانراو دەبێت، ناکرێت کۆت بنرێتەسەر بەکارهێنانی ئەم مافە تەنها ئەوە نەبێت کە بەیاسا دیاری دەکرێ و  رێوشوێنی پێویست پێکدەهێنن لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا، بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یان سەلامەتی گشتی یان سیستەمی گشتی یان پاراستنی تەندروستی گشتی یان ئاکارە گشتییەکان یان پاراساتنی مااف و ئازادییەکانی خەڵکانی تر.

**ماددەی ٢٢**

١. هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە لەگەڵ کەسانی تردا کۆمەڵە دابمەزرێنێت، بە مافی دامەزراندنی سەندیکاو ئەندامبوونیش تێیدا بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی.

٢. نابێت هیچ کۆتوبەندێک بخرێتە سەر بەکارهێنانی ئەم مافە تەنها ئەوە نەبێت کە یاسا دیاری دەکات و رێ و شوێنی پێویستن لەکۆمەڵگایەکی دیموکراسیدا بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یان سەلامەتی گشتی یان سیستمی گشتی یان پاراساتنی تەندروستی گشتی یان ئاکارە گشتییەکان یان پاراستنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکانی تر.

٣. لەم مادەیەدا هیچ  حوکمێکی وەهای تێدانییە رێگە بەو وڵاتانی ئەندامی رێکەوتننامەی کاری نێودەولەتی بدات، کە سالی  بەستراوە١٩٤٨ سەبارەت بەئازادی سەندیکایی و پاراساتنی مافی خۆرێکخستنی سەندیکایدا ، رێ وشوێنی یاسادانانی وەها بگرنەبەر یان بەشێوازێک یاسا بسەپێنن کەپێشێلکردنی زەمانەتەکانی ئەو رێکەوتننامەیەی تێدا بێت.

**ماددەی ٢٣**

١. خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سروشاتی و بنەڕەتیانەی کۆمەڵگەیە، هەروەها مافی ئەوەشی هەیە کۆمەڵگەو دەوڵەت بیپارێزن.

٢. ژن و پیاو، هەر کەگەیشتنە تەمەنی هاوسەرگرییەوە، مافی ئەوەیان هەیە هاوسەربگرن و خێزان پێکبهێنن و ئەم مافەش دانپێدانراوە.

٣. هایی هاوساەرگرییەک نابەساا یت ئەگاەر بەرەزامەنادی تاەواوی هەردووییاەنی لەساەر نەبێتو نابێت هیی زۆرەملێیەکی تێدابێت.

٤. وڵاتانی ئەندام لەم پەیماننامەیەدا ڕێوشوێنی پێویست دەگرنەبەر بۆ زامنکردنی یەکسانی لەئەرک و مافەکانی هەردوو کەسەکە ژن و پیاو لەکاتی هاوسەرگریداو لەماوەی پێکەوەژیانداو پاش لێک ترازانی لەحالەتی لێک ترازانیشدا پێویستە چەند ڕێ و شوێنێک بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی پارێزگاریی پێویست بۆ مندالەکان دابینبکرێت، ئەگەر هەبن.

**ماددەی ٢٤**

١. هەموو لەدایک بوویەک، بەبی جیاوازیکردنی بەهۆی ئەتنیک، ڕەنگی پێست، توخم، زمان، ئایین، بنەچەی نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتی، دارایی یان بنەچەو نەسەب، مافی بەسەر خێزانەکەی و بەسەر کۆمەلگەو بەسەر دەولەتەوە هەیە کە ڕێ و شوێنی شیاو بگرنەبەر بەمەبەستی پارێزگاریکردنی، بەو پێیەی کەوەک پێنەگەیشتوویەک پێویستی پێیەتی.

٢. دەبێت هەموو منداڵێک دەستبەجێ لەگەڵ لەدایکبوونی تۆمار بکرێت و ناوێکی پێ ببەخشرێت تاکو پێی بناسرێت.

٣. هەموو منداڵێک مافی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەیەکی هەیە.

**ماددەی ٢٥**

هەموو هاوڵاتییەک، بەبێ هیچکام لەو جۆرە جیاکاریانەی لەماددەی ٢ دا هاتوون، ئاەم مافانەی خوارەوەی هەیە کەدەبێت بەبێ هییچ کۆتێکی نابەجێ بیدرێتێ و پیادەیان بکات:

ا. بەشداری لەبەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا بکات، یان ڕاستەوخۆ یان لەڕێی نوێنەرگەلێکەوە بەئازادی هەڵبژێردرێن.

ب. خۆی کاندید بکات و دەنگ بدات لەهەڵبژاردنێکی بێخەوشدا کە بەشێوەیەکی خولییەو لەدەنگدانێکی گشتیدا و بەیەکسانی لەنێوان دەنگدەراندا سازدەکرێت و بەدەنگدانی نهێنیی ، کەئەمەش ڕادەربڕینی ئازاد لەبۆچوونی دەنگدەراندا مسۆگەر دەکات.

ج. دەرفەتی ئەوەی بۆ برەخسێنرێت، بەگشتی لەگەڵ کەسانی تردا یەکسان بێت، مافی وەرگرتنی فەرمانبەرێتییە گشتییەکانی لەوڵاتەکەیدا پێبدرێت .

**ماددەی ٢٦**

تێکڕای خەلکَی یەکسانن لەبەردەم یاساداو مافی ئەوەیان هەیە یەکسان و پارێزراو بن لەلایەن یاساوە بەبی جیاوازیی، لەمبارەیەوە پێویستە یاسا هەموو جۆرە جیاکارییەک قەدەغە بکات و بەشێوەیەکی کاریگەرانە هەموو کەسەکان لە جیاکاریی بپارێزێت، بەهەر هۆیەکەوە بێت ، وەک نەژاد یان رەنگ یان رەگەز یان زمان یان ئایین یان بیر و ڕای سیاسی و ناسیاسی یان رەچەلەَکی یان نەتەوایەتی یان کۆمەڵایەتی، یان دارایی یان نەسەب و بنەچە، یان هەر هۆکارێکی تر.

**ماددەی ٢٧**

لەو وڵاتانەدا کە کەمایەتی ئیتنیکی یان ئایینی یان خاوەن زمانی تایبەتیان تێدایە، نابێت بێبەش بکرێن لە مافی سوودمەندبوون لەکەلتووری تایبەتی خۆیان یان لەئاشکرا کردنی ئایینەکەیان و ئەنجامدانی ڕێوڕەسمەکانیان، یان لەبەکارهێنانی زمانەکەیان، کەدیارە ئەویش بەهاوبشی لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەَلەکەیاندا.

## بەشی چوارەم

**ماددەی ٢٨**

١. لیژنەیەک پێک دێت بەناوی لیژنەی تایبەت بەمافی مرۆڤ تلەمەودوا لەناو ئەم پەیماننامەیەدا بە"لی نااه" ئاماژەی پێدەدرێت، ئەو لیژنەیە لەهەژدە ئەندام پێک دێت و ئەو کاروبارانە لەئەستۆ دەگرێت کە لەخوارەوە دیاریکراون.

٢.لیژنەکە لەهاوڵاتیانی ئەو دەولەَتانە پێکهاتووە کە ئەندامی ئەم پەیماننامەیەن، لەوانەی کە خاوەنی پلەوپایەکی ئەخلاقیانەی بەرزو بەرچاون لەبواری مافی مرۆڤدا، لەگەڵ رەچاوکردنی ئەوەی کە ئەگەر بێت و هەندێک لە کەسانی شارەزای یاسایی بەشداری تێدا بکەن ئەوا شتێکی باش و بەسوود دەبێت.

٣. دیاریکردنی ئەندامانی لیژنەکە بەهەَلبژاردن دەبێت و کارکردنیان لەو لیژنەیەدا بەناوی خۆیانەوە دەبێت.

**ماددەی ٢٩**

١. ئەندامانی لیژنەکە لەرێگەی دەنگدانی نهێنییەوە هەلدَەبژ ێردرێن لەلیستی ئەوانەدا کە ئەو خەسڵەتەیان تێدایە کە لەماددەی ٢٨ دا دیاریکراون، پێدەچێت دەولەَتانی ئەندامی ناو ئەو پەیماننایە بۆ ئەو مەبەستە پاڵاوتبێتیانن.

٢. هەر دەولەَتێک لەوانەی ئەندامە لەناو ئەم پەیماننامەیەدا، لەچوارچێوەی هاوڵاتییەکانیدا، لەدوو کە زیاتر نەپالێَوێت.

٣. لەتوانای ئەو کەسەدایە کە زیاتر لە جارێک خۆی بپالێَوێتەوە.

**ماددەی ٣٠**

١.هەڵبژاردنی یەکەم لەکاتێکادا بکرێت کە شەش مانگ زیاتر بەسەر دەست بەکاربوونی پەیماننامەکەدا تێپەڕ نەبووبێت.

٢.لایەنی کەم چوار مانگ پێش وادەی هەر هەڵبژاردنێک بۆ ئەندامێتی لیژنەکە، نەک هەلبژاردن بۆ پڕکردنەوەی کورسییەکی بەتاڵ بەپێی ماددەی ٣٤ ، ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان نامەیەک ئاڕاستەی دەوڵەتانی ئەندامی ناو ئەو پەیماننامەیە دەکات و تێیدا داوای ناو پالێوراوانیان لێدەکات بۆ بەئەندامبوون لەلیژنەکەدا لەماوەی سێ مانگدا.

٣.ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لیستی ناوی هەموو پالێوراوەکان دادەنێت، بەپێی ریزبەندیی ئەلف و باسکردنی ناوی ئەو دەولەتەی پالآوتوویەتی، ئەم لیستە لایەنی کەم مانگێک پایا دەست پێکردنی هەر هەلبژاردنێک د گاتەوە دەست دەولەتانی ئەندام لەناو پەیماننامەکەدا.

٤.ئەندامانی لیژنەکە لەکۆبوونەوەیەکدا هەڵدەبژێردرێن کە دەوڵەتانی ئەندام لەناو پەیماننامەکەدا دەیبەستن، لەسەر داوای ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان و لەبارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان. لەناو ئەو کۆبوونەوەیە دا، کە شەرعیەتی یاسایی خۆی وەردەگرێت بەئامادەبوونی دوو لەسەر سێی نوێنەرانی دەولەتانی سەر بەو پەیماننامەیە، ئەو پالێوراوانە دەبنە ئەندامی لیژنەکە کە زۆرترین دەنگ و زۆرینەی رەهای دەنگەکانی نوێنەرانی دەولەتانی لایەن گر و ئامادەبووی دەنگدەریان بەدەستهێناوە.

## ماددەی ٣١

١. نابێت لیژنەکە لەیەک هاوڵاتی زیاتری هیچ دەولەتێکی تێدابێت.

٢. بۆ هەڵبژاردنی ئەندام لەلیژنەکەدا، رەچاوی دادپەروەریی دەکرێت لەرووی دابەشبوونی جوگرافی و نوێنەرایەتیکردنی ژیارو سیستمە یاساییە سەرەکییە جۆربەجۆرەکان.

## ماددەی ٣٢

١. دەبێت هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەکە بۆ ماوەی ساڵ بێت، خۆ ئەگەر خۆشیان بپالێونەوە ئەوا دەشێت هەلبژێردرێنەوە. بەلآم ماوەی کار گرتنە دەستی نۆ ئەندامی هەڵبژێردراوی هەڵبژاردنی یەکەم تەمەنی دوو سالەو ئەو نۆ ئەندامە لەگەڵ کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنی یەکەمدا دیاریدەکرێن، ئەویش بەوەی سەرۆکی کۆبوونەوەی دیاریکراو لەبڕگەی ٤ ی ماددەی ٣٠ دا ناوەکانیان لەرێگەی تیروپشکەوە دیاری دەکات.

٢. دەبێت هەڵبژاردنەکە ئەو کاتە بکرێت کە وادەی ویلایەتەکەی، بەپێی مادەکانی پێشوتری ئەو بەشەی ئەم پەیماننامەیە، تەواو بوو.

## ماددەی ٣٣

١. ئەگەر ئەندامێکی لیژنەکە، بەکۆی دەنگی ئەندامانی تر، لەکارەکانی دابڕا، بەدەر لەو غیابەی کە مۆرکێکی کاتیانەی هەیە، ئەوا سەرۆکی لیژنەکە ئەمە بەئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان رادەگەیەنێت و ئەمینداری گشتی ئەوە رادەگەیەنێت کە کورسی ئەو ئەندامە بەتالە.

٢. لەکاتی مردن یان وازهێنانی ئەندامێکی ئەو لیژنەیەدا، سەرۆکی لیژنەکە دەم ودەست ئەمە بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان رادەگەیەنێت و ئەویش لە لای خۆیەوە ئەوە رادەگەیەنێت کە کورسی ئەو ئەندامە بەتالە هەر لەرۆژی مردنەکەیەوە یان لەو رۆژەوە کە وازهێنانەکەی پەسەند دەکرێت.

## ماددەی ٣٤

١. ئەگەر بەپێی ماددەی ٣٣ ئەوە راگەیەندرا کە کورسییەک بەتالەو دوای ئەم راگەیاندنەش هێشتا ویلایەتی ئەو ئەندامەی کەدەبێت بگۆڕدرێت شەش مانگی بە دەمەوە ماوە، بۆ ئەمە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان دەولەتانی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە رادەگەیەنێت بەوەی کەدەبێت لەماوەی دوو مانگدا ناوی پاَلێوراوەکان بەپێی ماددەی ٢٩ پێش کەش بکەن ئەویش لە پێناو پڕکردنەوەی ئەو کورسییە بەتالەَدا.

٢. ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لیستی ناوەکان بەو شێوەیەو بەپێی ریز بەندی ئەلف و بێ ئامادە دەکات و لیستەکە دەگەیەنێتە دەولەَتانی ئەندام لەم پەیماننامەیادا. بۆ ئەمەش هەڵبژاردنی پێویست دەکرێت بەمەبەستی پڕکردنەوەی کورسییە بەتاَلەکە، ئەویش بە پێی حوکمەکانی تایبەت بەم بەشەی پەیماننامەکە.

٣. هەر ئەندامێکی لیژنەکە، کە بەپێی ماددەی ٣٣ ، بۆ پڕکردنەوەی کورسییە بەتالەَکە هەَلبژێردراوە، ئەرکەکانی ئەندامێتی لەلیژنەکەدا دەگرێتە دەست تا ئەو ماوەیە تەواو دەبێت کە تێیدا ئەندامەکە کورسییەکەی بەتالەَ، ئەویش بەپێی حوکمەکانی ئەو مادەیە.

## ماددەی ٣٥

ئەو پاداشتانەی ئەندامانی لیژنەکە، بەرەزامەندیی کۆمەَلەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان وەریدەگرن، لەبودجەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆیان تەرخان دەکرێت، ئەویش بەپێی ئەو مەرجانەی کە کۆمەلەی گشتی بڕیاریان لەسەر دەدات، بەپێی بایەخ و گرنگی بەرپرسیارێتییەکانی لیژنەکە.

## ماددەی ٣٦

ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان بەپێی پێویست کارمەندان دابین دەکات و ئاسانکاریی دەکات بۆ ئەوەی لیژنەکە بتوانێت رۆلی کارا بگێڕێت لە بەجێگەیاندنی ئەو کارو فەرمانانەی بۆیان دانراوەو ئەم پەیماننامەیە دەیخوازێت.

## ماددەی ٣٧

١. ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان بانگهێشتی لیژنەکە دەکات بۆ بەستنی کۆبوونەوەی یەکەمی لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

٢. دوای کۆبوونەوەی یەکەم، لیژنەکە بەپێی ئەو کاتانە کۆدەبێتەوە کە پەیڕەوە ناوخۆییەکەی دیاریکردووە.

٣. لیژنەکە کۆبوونەوەکانی خۆی لەبارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان یان لە نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنیڤ دەبەستێت.

## ماددەی ٣٨

هەر ئەندامێکی لیژنەکە، بەر لەوەی پۆستەکەی بگرێتە دەست،بەشێوەیەکی رە سمی بەڵێندەدات بەوەی کە لە دانیشتنێکی ئاشکرادا، بەوپەڕی بێلایەنی و بێگەردییەوە کارەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

## ماددەی ٣٩

١. لێژنەکە ئەندامانی نوسینگەکەی بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبژێردرێت و دەکرێت جاری تریش هەلبژێردرێتەوە.

٢. لیژنەکە خۆی پەیرەوە ناوخۆییەکەی دادەڕێژێت، بەڵام دەبێت ئەم دوو حوکمەی خوارەوەی تێدابێت:

ا. دەبێت لەکۆبوونەوەکاندا دوانزە ئەندام ئامادەبن بۆ ئەوەی شەرعیەت وەربگرن.

ب. بڕیارەکانی لی نەکە بەزۆرینەی دەنگی ئەندامە ئامادەبووەکانی وەردەگرێت.

## ماددەی ٤٠

١. دەوڵەتانی ئەندامی ناو ئەم پەیماننامەیە بەڵێن دەدەن بەوەی کە راپۆرتەکان لەبارەی ئەو رێ و شوێنانەوە پێش کەش بکەن کە گرتوویانەتە بەرو کاریان بەو مافانە کردووە کە پەیماننامەکە دانی پێداناون، هەروەها لەبارەی ئەو پێشکەوتنەوە کە بە دەست هاتووەو ئەو مافانە لێی سوودمەندبوون، ئەویش:

ا. لەماوەی سالێکی دەستبەکاربوونی ئەو پەیماننامەیە لەییەن دەولەتانی ئەندامەوە،

ب. هەر کە لیژنەکە داوای ئەوە لێکرد.

٢.هەموو راپۆرتەکان پێشکەش بەئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکرێت و ئەویش لە رێی خۆیەوە رەوانەی لیژنەکەی دەکات بەمەبەستی سەیرکردنیان. پێویستە لەو راپۆرتانەی کە پێشکەش دەکرێن ئاماژە بەو هۆکارو گرفتانە بدرێت کە رەنگە لەبەردەم راپەڕاندنی مادەکانی ئەو بەلێننامەیەدا قووتببنەوە.

٣. دوای ئەوەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان راوێژ لەگەڵ لیژنەکەدا دەکات ئیدی بۆی هەیە کۆپییەک لەهەر بەشێکی ئەو راپۆرتانە بنێرێت بۆ ئاژانسە تایبەتمەندە دیاریکراوەکان کە بواری کارکردنی خۆیانە.

٤. لیژنەکە دیراسەی ئەو راپۆرتانە دەکات کە لە لایەن دەولەتانی ئەندامی ناو پەیماننامەکەوە پێشکەشکراون. هەروەها پێویستە لەسەر لیژنەکەش ئاگاداری وولاتانی ئەندام بکاتەوە سەبارەت بە تێبینی و کۆمینتەکانیان سەبارەت بە رابۆرتەکانی کە ئەو دەولەتانە داویانەتی یان هەر سەرنجێکی گشتی کە بۆ ئەوان بگەڕێتەوە و لێژنەکە پێ ی گونجاو بێت .هەروەها دەکرێت لیژنەکە هەمان کۆمێنت و تێبینیەکان بۆ ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتیشدا بنێرێت لەگەڵ کۆپی ئەو راپۆرتانەش کە لە وولاتانی ئەندامەوە پێ ی گەیشتوە سەبارەت بەو پەیماننامەیە.

٥. دەبێت دەولەتانی ئەندامی ناو ئەم پەیماننامەیە کۆمێنتەکانی خۆیان لەسەر هەرکام لەو تێبینیانە پێش کەش بکەن، کە بەپێی برگەی ٤ ی ئەم مادەیە، پیشاندراون.

## ماددەی ٤١

١.پێویستە لەسەر هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ناو ئەم پەیماننامەیە لەهەر کاتێکدا بێت، بەپێی حوکمەکانی ئەم مادەیە، ئەوە رابگەیەنێت کە ئەوان ددان بەپسپۆڕیی لیژنەکە دادەنێن لەوەرگرتن و دیراسەکردنی ئەو راگەیاندنانەی کە لەلایەن دەوڵەتێکیانەوە دەردەچاێت سەبارەت بەوەی کە دەولەَتێکی ئەندامی تر پابەند نابێت بەو کارو ئەرکانەی لەپەیماننامەکەدا هەیە. هەروەها نابێت راگەیاندنە پێشکەش کراوەکان بەپێی ئەم مادەیە وەربگیرێن و دیراسە بکرێَن تەنها مەگەر لە لایەن دەولەتێکی ئەندامەوە دەرچووبێت کە راگەیاندنێکی دەرکردبێت و تێیدا ددان بەپسپۆڕیی لیژنەکەی دانابێت. هەروەها نابێت لیژنەکە هیچ راگەیاندنێک لەهیچ دەولەَتێکی ئەندامیشەوە وەربگرێت کە بەلای دەوڵەتێکی ئەندامی پەیماننامەکەوە گرنگ بێت ئەگەر راگەیاندنی ناوبراوی دەرنەکردبێت. ئەم رێوشوێنەی خوارەوە بەسەر ئەو راگەیاندنانەدا پیادە دەبێت کە بەپێی ئەحکامەکانی ئەم مادەیە وەردەگیرێن:

ا. ئەگەر دەولەتێکی ئەندامی ناو ئەم پەیماننامەیە بینی کە دەولەتێکی تری ئەندام دواکەوتووە لەجێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەم پەیماننامەیەدا ئەوا بۆی هەیە بەراگەیاندنێکی نوسراو ئەو دەولەَتە لەو دواکەوتنە ئاگاداربکاتەوە. پێویستە لەسەر ئەو دەولەَتەشی کە نامەکەی وەرگرتووە، لەساتەوەختی وەرگرتنی راگەیاندنەکەوە بەسێ مانگ، بەنوسین، دەولەَتە نێردەرەکە ئاگاداربکاتەوە لەوەی کە هەر جۆرە راڤەیەک یان روونکردنەوەیەکی هەیە بۆ روونکردنەوەی مەسەلەکە بیدات ، بەڵام دەبێت، ئەوەندەی لەتواناشدا هەیەو بەباش بزانرێت، ئاماژە بەرێساکانی جێبەجێکردن و شێوازەکانی سکاڵای ناوخۆ بدات کە بەکارهێنراون یان ئێستا لەبەکارهێناناندان یان هێشتا لەبەردەستدان بۆ بەکارهێنان.

ب.ئەگەر مەسەلەکە نەگەیشتە ئەوەی بتوانێت بەشەش مانگ دوای وەرگرتنی راگەیاندنی یەکەم لە لایەن دەوڵەتی وەرگرەوە چارەسەر ببێت بە شێوەیەک کە هەردوو دەوڵەتی ئەندام رازی بن پێ ی، ئەوا هەریەکەیان دەتوانێت مەسەلەکە رەوانەی لیژنەکە بکات و لێی ئاگادار بکاتەوە وهەروەها بیشینێرێت بۆ دەولەَتەکەی تریش،

ت.نابێت لیژنەکە سەیری ئەو مەسەلەیە بکات کەبۆی رەوانە کراوە تا دلنیا نەبێت لەوە ی کە، بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەولەتی باوەڕَپێکراو، پەنابراوەتە بەر هەموو شێوازەکانی چارەساەرکردنی ناوخۆ و چاری نەبووە. ئەم رێسایە بەسەر ئەو حالەَتانەدا پیادە ناکرێت کە شێوازەکانی چارەسەر کردن تێیاندا کاتێکی زۆر دەخایەنێت و سنوری ئاسایی خۆی تێدەپەڕێنێت،

پ. لیژنەکە دانیشتنی نهێنی دەبەستێت لەکاتی لێکۆلێنەوە لە نامەکاندا لەچوارچێوەی ئاەو مادەیەدا.

ج. پێویستە لەسەر لیژنەکە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەحکامەکانی برگەی (ت)، هەولە باشەکانی خۆی نیشانی دوو دەولەَتە دیاریکراوەکە بدات، بەئامانجی گەیشتنە چارەسە رییەکی دۆستانەی مەسەلەکە لەسەر بنەمای رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سەرەکییەکانی لەم پەیماننامەیادا متمانەی پێبەخشراوە،

ح.لیژنەکە، لەهەر مەسەلەیەکدا بۆی رەوانە بکرێت، مافی ئەوەی هەیە کە هەردوو دەولەَتە ئەندامەکە بانگهێشت بکات، کە لەبڕگەی ب دا ئاماژەی پێدراوە، بەمەبەستی پێدانی هەر زانیارییەک کەپەیوەندی بەو مەسەلەیەوە هەبێت،

خ. هەردوو دەولەتی ئەندام، کە لەبڕگەی ب ئاماژەیان پێدراوە، مافی ئەوەی هەیە لەکاتی سەیرکردنی مەسەلەکەدا نوێنەری خۆی بنێرێتە لای لیژنەکە، هەروەها مافی ئەوەشی هەیە کە تێبینی و سەرنجەکان بەشێوەی زارەکی یان بەنووسین پێشکەش بکات،

د.پێویستە لەسەر لیژنەکە راپۆرتێک لەماوەی دوانزە مانگدا ئامادە بکات لەوکاتەوەی کە ئاگادارکردنەوەکەی پێگەیشتووەو لەبڕگەی ب دیاریکراوە:

"١" ئەگەر گەیشتنە چارەسەرییەکی ئەوتۆ کە لەگەڵ مەرجەکانی بڕگەی (ج) بگونجێت، ئەوا لیژنەکە راپۆرتەکەی کورت دەکاتەوە بۆ خستنەڕووی کورتەی رووداوەکان و ئەو چارەسەرییەی کە پێیگەیشتوون،

"٢" بەڵام ئەگەر نەگەیشتنە چارەسەرییەکی ئەوتۆ کە لەگەڵ مەرجەکانی بڕگەی(ج) بگونجێت، ئەوا لیژنەکە راپۆرتەکەی کورت دەکاتەوە لەخستنەڕوویەکی کورتەی رووداوەکان و،لەگەَلیدا هەموو یاداشتە نوسراوەکان و بەرنوسی ئەو بەیاننامانە هاوپێچ دەکات کە هەردوو دەولەَتە ئەندامەکە بەشێوەیەکی شەفەوی پێشکەشیانکردوون.

بەڵام پێویستە لەهەموو مەسەلەیەکدا راپۆرتەکە بگەیەندرێتە دەست هەردوو دەوڵەتە ئەندامە پەیوەستدارەکە.

٢. ئەحکامەکانی ئەم مادەیە لەوکاتەوە دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت کە ١٠ دەولەتی ئەندامی ناو ئەم پەیماننامەیە، لەچوارچێوەی بڕگەی (١) ی ئەم مادەیەدا،چەند راگەیاندنێکیان دەرکرد. دەولەَتەکانی ئەندامی ئەو راگەیاندنانە لەلای ئەمینداری گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان دادەنێن و ئەویش لەلای خۆیەوە کۆپییەکانی دەنێرێت بۆ دەولەَتانی تری ئەندام. دەولەَتی ئەندام مافی ئەوەی هەیە راگەیاندنەکەی خۆی بکێشێتەوە ئەویش لەرێگەی ئاگادارکردنەوەیەکەوە کە بۆ ئەمینداری گشتی بنێرێت. ئەم کێشانەوەیە نابێتەمایەی ئەوەی سەیری هیچ مەسەلەیەک نەکرێت کە بابەتی راگەیاندنەکە بێت و پێشوەخت لەچوارچێوەی ئەو مادەیەدا ناردبێتی،

هەروەها دوای ئەوەی ئەمینداری گشتی لەکێشانەوەی راگەیاندنەکە ئاگاداردەکرێتەوە ئیدی نابێت هیچ راگەیانادنێکی نوێ لەهیچ دەولەَتێکی ئەندام وەربگیرێت، ئەگەر دەولەتی ئەندامی پەیوەستدار راگەیاندنێکی نوێی دەرنەکردبوو.

## ماددەی ٤٢

١.١. ئەگەر لیژنەکە بەپێی ماددەی ٤١ نەیتوانی مەسەلەیەک چارەسەر بکات کە نێردراوەتە لای بەشێوەیەک کە هەردوو دەولەتی ئەندامی پەیوەستدار رازی بکات، دوای رەزامەندی پێشوەختی هەردوو دەولەتی ئەندامی پەیوەستدار، دەستەیەکی تایبەت بۆهەماهەنگی کردن دەستنیشان دەکرێت کە لەمەودوا ئەمە بە"دەستە" ناودەبرێت و هەموو هەوڵەکانی ئەم دەساتەیەش دەخرێنە ژێر دەستی هەردوو دەولەَتە ئەندامە پەیوەستدارەکەوە بەمەبەستی گەیشتنە چارەسەرییەکی دۆستانەو لەسەر بنەمای رێزگرتن لەئەحکامەکانی ئەم پەیماننامەیە،

ب. دەستەکە لەپێنج کەس پێک دێت کە رەزامەندی هەردوو دەولەَتە ئەندامە پەیوەستدارەکەی لەسەرە. ئەگەر هەردوو دەولەَتە ئەندامە پەیوەساتدارەکە نەیانتوانی لەماوەی سێ مانگدا بگەنە رێککەوتنێک لەبارەی پێکهێنانی دەستەکە بەگشتی یان بەشێکی، ئەوکاتە لیژنە لاەناو ئەنادامانی خۆیادا بەدەنگادانی نهێنیء بەزۆرینەی موتڵەق ئەنادامانی ئەو دەستەیە هەلدَەبژێرن کە لەسەری رێکنکەوتبوون.

٢. ئەندامانی دەستە بەسیفەتی شەخسییەوە کاردەکەن. نابێت هاوڵاتیانی هیچ کام لەدوو دەوڵەتە ئەندامە پەیوەستدارەکە بن یان هاوڵاتی دەوڵەتێک بێت لەدەرەوەی ئەم پەیماننامەیەوە یان ئەندام بێت تێیدا بەڵام ئەو ڕاگەیاندنەی دەرنەکردبێت کە لەماددەی ٤١ دا دیاریکراوە.

٣. دەستەکە سەرۆکی خۆی هەڵدەبژێردرێت و پەیڕەوی ناوخۆی تایبەت بەخۆی دادەڕێژێت.

٤. کۆبوونەوەکانی دەستەکە لەبارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان یان لەنووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنیف دەبەسترێن. هەروەها دەست دەدات کۆبوونەوەکان لەشوێنێکی گونجاوی تریش ببەسترێن ئەگەر دەستەکە بەراوێژ کردن لەگەڵ ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەردوو دەوڵەتی ئەندامی پەیوەستدار دیاری بکەن.

٥. ئەمانەتی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەماددەی ٣٦ دا دیاری کراوە هەڵدەستێت بەدەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو کۆمەلەدەستەیەش کە بەپێی ئەم مادەیە دیاریکراون.

٦. ئەو زانیارییانەی بەدەست لێژنەکە گەیشتوون و کۆیکردوونەتەوە دەخرێنە ژێر دەستی دەستەکەوەو ئەمیش دەتوانێت داوا لە هەردوو دەوڵەتی ئەندامی پەیوەستدار بکات بەوەی کە هەر زانیارییەکی پەیوەندیدار بەم مەسەلەیەوە هەیە بیدەن.

٧. دوای ئەوەی دەستەکە لەهەموو لایەنەکانی مەسەلەکە دەڕوانێت و ناگات بەهیچ، بەڵام لەهەموو حالێکدا نابێت دوانزە مانگ تێپەڕبکات بەسەر خستنەڕووی مەسەلەکەدا، دەبێت دەستەکە ڕاپۆرتێک بۆ سەرۆکی لیژنەکە ئامادە بکات بۆ ئەوەی کۆتایی بەمەسەلەی هەردوو دەوڵەتی ئەندامی پەیوەستدار بهێنێت:

ا. ئەگەر دەستەکە نەیتوانی لەماوەی ئەو دوانزە مانگەداو لەمیانەی سەیرکردنی مەسەلەکەدا هیچ شتێک بەدەستبهێنێت، ئەوا ڕاپۆرتەکەی کورتدەکاتەوە بەوەی ئاماژەیەکی کەم بدات بەو قۆناغەی لەئاکامی ئەو سەیرکردنەدا پێیگەیشتووە،

ب. ئەگەر گەیشتنە چارەسەرییەکی دۆستانەی مەسەلەکە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ کە لەم پەیماننامەیەدا متمانەی پێبەخشراوە ئەوا لیژنەکە ڕاپۆرتەکەی کورتدەکاتەوە بۆ خستنەڕوویەکی کەمی ڕووداوەکان و ئەو چارەسەرییەی پێیگەیشتوون،

ت. ئەگەر نەگەیشتنە چارەسەرییەک کە هەموو مەرجەکانی برگەی ب/ لەخۆگرتبێت، ئەوا دەستەکە لەراپۆرتی خۆیدا باس لەهەموو ئەو ئەنجامانە دەکات کە پێیگەیشتووە سەبارەت بەهەموو ئەو مەسەلانەی پەیوەندیدارن بەپرسەکەوە و هەردوو دەوڵەتی ئەندامی پەیوەستدار لەسەری ڕێکناکەون، هەروەها باس لەبیرو ڕای خۆشی دەکات سەبارەت بەوەی چەندێک دەتوانن مەسەلەکە بەشێوەیەکی دۆستانە چارەسەربکەن، لەگەڵ یاداشتە نوسراوەکان و ئەو بەرنووسانەی هەردوو دەوڵەتی ئەندامی پەیوەستدار لەسەر زار پێشکەشیانکردووە.

پ. ئەگەر دەستەکە ڕاپۆرتەکەی خۆی لەچوارچێوەی برگەی (ت) دا پێشکەشکرد، ئەوکاتە هەردوو دەوڵەتی ئەندامی پەیوەستدار، بەسێ مانگ دوای وەرگرتنی ئەو ڕاپۆرتە، سەرۆکی لیژنە ئاگاداردەکەنەوە لەوەی کە ئاخۆ ئەوان ڕازین لەسەر ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی دەستەکە یاخود ڕازی نین.

٨. ئەحکامی ئەم مادەیە ڕێگە لەو بەرپرسیارێتییانە ناگرێت کە لیژنەکە لەماددەی ٤١ دا دایناوە.

٩. هەردوو دەولەتی ئەندامی پەیوەستدار بەشێوەیەکی یەکسان هەموو تێچوونەکانی ئەندامانی لیژنەکە لەبەینی خۆیاندا دابەشدەکەن ئەویش بەپێی ئەو مەزەندەیەی کە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دایناوە.

١٠. ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی ئەوەی هەیە لەکاتی پێویستدا تیچوونەکانی ئەندامانی لیژنەکە بدات بەرلەوەی هەردوو دەولەتی ئەندامی پەیوەساتدار، بەپێی بڕِ◌ِ◌ِگەی ٩ ی ئەم مادەیە، ئەو تیچوونانە بدەنەوە.

### ماددەی ٤٣

ئەندامانی لیژنەکەو ئەندامانی دەستەکانی هەماهەنگی تایبەت،کە لەوانەیە بەپێی ماددەی ٤٢ دا بنرێن، مافی ئەوەیان هەیە سوودوەرگرن لە ئاسانکارییەکان و ئیمتیازات و ئەو حەساناتانەی بڕیارە بدرێنە ئەوانەی ئەرکی نەتەوە یەکگرتووەکانیان پێڕاسپ◌َردراوە و لەو برگانەدا دیاریکراون کە باس لەمە دەکات لەرێککەوتننامەی ئیمتیازاتی نەتەوەیەکگرتوەکان و حەساناتەکانی.

### ماددەی ٤٤

ئەو ئەحکامانەی پەیوەندیدارن بەراپەڕاندنی ئەم پەیماننامەیەوە پیادە دەکرێن بێئەوەی رێگە لەو رێوشوینانە بگرێت کە لەبواری مافەکانی مرۆڤدا یان بەپێی بە◌َلگەنامەکانی دامەزراندن و رێککەوتننامە تاتیبەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە پسپۆڕەکان گیراونەتەبەر و بڕیاریان لەسەردراوە، هەروەها رێگە لەدەوله◌َتانی ئەندامی ناو ئەم پەیماننامەیەش ناگرێت بەوەی رێ وشوێنی تر بگرنەبەر بۆ چارەسەکردنی کێشەو دووبەرەکییەک بە گوێرەی رێکەوتننامە نێودەوله◌َتییە گشتییەکان یان تایبەتییەکان کە لەناوخۆیاندا کاری پێدەکرێت.

### ماددەی ٤٥

لیژنەکە لەرێگەی ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە، راپۆرتێکی ساڵانە لەبارەی کاروبارەکانیەوە پێشکەش بەکۆمە◌َلەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات.

## بەشی پێنجەم

### ماددەی ٤٦

لەئەحکامەکانی ئەم پەیماننامەیەدا رێگە بەو شێوە راڤەکردنە نادرێت کە نەیەتەوە لەگەڵ ئەوەی لەبەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستوورەکانی ئاژانسە پسپۆڕەکاندا هاتووە سەبارەت بەو ئەحکامانەی کە ئەو بەرپرسایارێتیانە دیاریدەکات کە تایبەتن بەهەریەک لە دەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسەکانی پسپۆر لە بواری ئەو کێشانەی کە ئەم پەیماننامەیە باسیان لێوەدەکات.

### ماددەی ٤٧

لەئەحکامەکانی ئەم پەیماننامەیەدا رێگە بەو شێوە راڤەکردنە نادرێت کە نەگونجێت لەگەڵ ئەوەی کە هەموو گەلان، بەوپەڕی ئازادییانەوە، مافی رەسەنی خۆیان هەیە لەوەی کە سوودمەندی تەواو بن لەسامان و کەرەستە سروشتییەکانیان.

## بەشی شەشەم

### ماددەی ٤٨

١. دەرگا کراوەیە لەبەردەم هەر دەولەتێکی ئەندام لەنەتەوە یەکگرتووەکان یان ئەندام لەهەر ئاژانسێک لەئاژانسە پسپۆرەکان بەوەی کە ئەم پەیماننامەیە ئیمزا بکات، یان بۆ هەر دەولەتێکی ئەندام لەسیستەمی بنەڕەتی دادگای دادی نێودەولەتی، یان هەر دەولەتێکی تر کە کۆمەلەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگهێشتی بکات بۆئەوەی ببێتە ئەندامێکی ئەو پەیماننامەیە.

٢. ئەم رێککەوتننامەیە ملکەچی پشتراستکردنەوە و هەموو بەڵگەنامە پشتراستکردنەوەکانیش لەلای ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

٣. سەرلەبەری ئەو دەولەتانەی لەبڕگەی ١ی ئەم مادەیەدا ئاماژەیان پێدراوە، دەتوانن پەیوەستی ئەم رێککەوتننامەیە بن.

٤. بەلگەنامەی پەیوەستبوون لەدەستی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە.

٥. ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان هەموو ئەو دەولەتانە ئاگاداردەکاتەوە کە ئیمزایان لەسەر ئەم پەیماننامەیە کردووە یان چوونەتە پالی بەوەی کە هەرچی بەڵگەنامەی پشتراستکردنەوە یان پەیوەستبوون هەیە لە لای ئەو بن.

### ماددەی ٤٩

١. کارکردن بەم پەیماننامەیە بەسێ مانگ دوای ئەوە دێت کە سی و پینجەمین بەڵگەنامەی پەیوەستبوون یان پشتراستکردنەوە لە لای ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان دابنرێت.

٢. بەڵام ئەو دەولەَتانەی پشتراستکردنەوە یان پەیوەستبوونەکەیان دەکەوێتە دوای دانانی سی و پینجەمین بەلگَەنامەی پەیوەستبوون یان پشتراستکردنەوە ، بۆ هەریەکێک لەمانە کارکردن بەم پەیماننامەیە بەسێ مانگ دوای ئەوە دێت کە بەَلگەنامەی پەیوەستبوونەکەی یان پشتراستکردنەوەکەی دابنێت.

**ماددەی ٥٠**

ئەحکامەکانی ئەم پەیماننامەیە، بەبێ هیچ کۆت و بەند و هەڵاوێردێک، بەسەر هەموو ئەو یەکانەدا پیادە دەکرێت کە دەولەَتانی فیدرالییان لێپێکهاتووە.

**ماددەی ٥١**

١. هەر دەولەَتێکی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە مافی ئەوەی هەیە پێشنیاری هەمووارکردن بکات بەمەرجێک پێویستە لەسەری دەقەکەی لای ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان دانابێت. وەک ئەنجامی ئەمەش، ئەمینداری گشتی بەهەموو دەولەتانی ناو ئەم پەیماننامەیە رادەگەیەنێت بۆ هەر هەمووارکردنێک کە هەیانبێت، هەروەها تێیدا داوای ئەوەش دەکات کەئەگەر چاوخشاندنەوە بەو پێشنیارانەو دەنگدان لەسەریان پێویستی بەبەستنی کۆنگرەیەکی دەولەَتانی ئەندام بوو ئەوا ئاگاداری بکەنەوە. ئەگەرلایەنی کەم دوو لەسەر سێی دەولەتانی ئەندام بەستنی کۆنگرەکەیان بەپێویست زانی ئەوا ئەمینداری گشتی بەچاودێری نەتەوەیاەکگرتووەکان دەیبەستێت.

٢. هەمووارکردنەکان لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە کۆمەلەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بریاریان لەسەرداو زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەۆلەتانی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە پەسەندیان کرد، بەپێی ئەو رێوشوێنە دەستورییانەی لەلای هەریەکێکیان هەیە.

٣. هەر کە هەمووار کردنەکان دەستیانپێکرد پێویستە لەسەر ئەو دەولەَتانەی پەسەندیانکردووە پێوەی پابەند بن بەئەحکامەکانی ئەم پەیماننامەیەوە و بەهەر هەمووارێکەوە کە پێشتر پەسەندیان کردووە.

**ماددەی ٥٢**

بەدەر لەو ئاگادارکردنەوانەی بەپێی برگەی ٥ ی ماددەی ٤٨ ئەنجامەدرێن، ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان هەموو ئەو دەولەَتانە ئاگاداردەکاتەوە کە لەبرگەی ١ ی ماددەی ناوبراودا ئاماژەیان پێدراوە کە ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن :

ا. ئیمزاکردنەکان و پشتراستکردنەوەکان و پەیوەستبوونەکان بەپێی ماددەی ٤٨ دانرابن.

ب. مێژووی کارپێکردن بەم پەیماننامەیە بەپێی ماددەی ٤٩ ، لەگەڵ مێژووی کارپێکردن بەهەر هەمووارکردنێک لەچوارچێوەی ماددەی ٥١ دا ئەنجامبدرێت.

**ماددەی ٥٣**

١. ئەم بەلگَەنامەیە، کە دەقە ئیسپانی و ئینگلیزیی و رووسی و چینی و فەرەنسییەکە وەک یەکن، لەدۆکیۆمێنتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەپارێزرێت.

٢. ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، وێنەیەکی باوەرپێکراو دەنێرێت بۆ هەموو ئەو دەولەَتانەی لەماددەی ٤٨ دا ئاماژەی پێدراوە.

# پرۆتۆکۆلی سەرپشـــککراوی یەکەم پەیوەست بە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیـاسیەکان

سەبارەت بە پێشکەش کردنی ســکالا لە لایەن تاکەکانەوە

متمانەی پێکرا و خرایە روو بۆ واژۆ و پشت راست کردنەوە و چوونەناویەوە بە پێ ی بڕیاری کۆمەڵەی گشــتی نەتەوەیەکگرتوەکان ٢٢٠٠ ڕ ( د- ٢١) لە بەرواری ١٦ ی دیسیمبری ١٩٦٦

بەرواری دەست کردن بە جێبەجێ کردن : ٢٣ ی ئادار١٩٧٦ بەپێ ی ئەحکامەکانی مادده ٩

وولاتانی ئەندام لەم پرۆتۆکۆلە،

بە گونجاوی دەزانن بۆ پاڵپشــتی کردنی گەیشتن بە مەبەستەکانی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و ســیاسیەکان ( کە لێرەوە بەدواوە وەکو " پەیماننامە " ناوی ئەهێنرێت، و بۆ جێبەجێ کردنی ئەحکامەکانی ، ( تمکین ) دەسەلات دان بە لێژنەی پەیوەندی دار بە مافەکانی مرۆڤ ، کە بەپێ ی ئەحکامەکانی بەشی چوارەم لە پەیماننامە دروست کراوە وە ( کە لێرەوە بە دواوە وەک " لێژنە " ناوی ئەهێنرێت ) بە هەڵسان بە پێ ی ئەحکامەکانی ئەو پرۆتۆکۆلە ، بە وەرگرتن و چاوخشاندن بەو نامانەی کە لە لایەن تاکەکانەوە پێشکەش دەکرێن کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە قوربانی هەر پێشێلکاریەک بن بۆ هەر مافێک لەو مافانەی کە بڕیاری لێدراوە لە پەیماننامەکە،

وولاتانی ئەندام رێککەوتن لەسەر ئەمانەی خوارەوە :

### ماددەی ١

هەر وولاتێکی ئەندام لەم پەیماننامەیە و دەبێتە لایەن لەم پرۆتۆکۆلە، دان دەنێ بە تایبەتمەندی لێژنە لە وەرگرتن و چاوخشاندن بەو نامانەی کە کەپێشکەش دەکرێن لە لایەن ئەو تاکانەوە کە کە دەکەونە ژێر ویلایەتی ئەو وولاتەی کە لایەنە لە پرۆتۆکۆلەکە، وە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە قوربانی هەر پێشێلکاریەک بن کە لەلایەن وولاتە لایەنەکەوە کرابێت بۆ هەر مافێک لەو مافانەی کە لەناو پەیماننامەکەدا بڕیاری لێدراوە. وە لێژنە بۆی نیە کە هیچ نامەیەک وەربگرێت پەیوەست بە هەر وولاتێک کە ئەندام بێت لە پەیماننامەکە بەڵام ئەندام نەبێت لەم پرۆتۆکۆلـە.

### ماددەی ٢

مەرجدار بە ئەحکامەکانی ماددە ١، ئەو تاکانای کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەر مافێکیان لەو مافانەی کە لە پەیماننامەکە هاتوە پێشێلکراوە، وە دوای گرتنە بەری هەموو رێگاکانی سکاڵا و دادوەری ناوخۆیی فەراهەمکراو، بۆیان هەیە کە نامەیەکی نوسراو ئاراستەی لێژنەکە بکەن بۆ پیاچونەوە بە نامەکە.

### ماددەی ٣

لێژنە دەبێت و بۆی هەیە کە هەر نامەیەک ڕەت بکاتەوە کە بە پێ ی ئەم پرۆتۆکۆلە پێشکەش کرابێت بەلام نەناسراو بێت ، یان بە پێ ی رای لێژنە خراپ بەکارهێنان بێت بۆ مافی پێشکەش کردنی نامە یان پێچەوانەی ئەحکامەکانی پەیماننامەکە بێت .

### ماددەی ٤

١.مەرجدار بە ئەحکامەکانی مادده ٣ ، لێژنە هەر نامەیەک کە پێشکەشی کرابێت بە پێ ی ئەم پرۆتۆکۆلە رەوانەی وولاتی ئەندام لەم پرۆتۆکۆلە دەکات کە تاوانبار کراوە بە پێشێل کردنی هەر حوکمێک لە حوکمەکانی پەیماننامەکە .

٢.وولاتی ئەندام لە ماوەی شەش مانگدا هەڵدەستی بە ناردنی نوسراوی پێویست بۆ لێژنە کە تیایدا پرسەکەی روونکردۆتەوە ، لەگەڵ ئاماژە کردن بە هەر ڕێکارێک لە کاتی پێویست کە گیرابێتەبەر بۆ هەڵگرتنی ئەو ستەمەی کە کردویەتی .

### ماددەی ٥

١.لێژنە دەڕوانێتە هەموو ئەو نامانەی کە پێ ی گەیشتوون بە پێ ی ئەم پرۆتۆکۆلە لەبەر رۆشنایی ئەو زانیاریە نوسراوانەی کە کە خراوەتە بەردەستی لەلایەن کەسی پەیوەندیدارەوە وە لە لایەن وولاتی ئەندامی پەیوەندیدار.

٢.لێژنە نابێت بڕوانێتە هیچ نامەیەک کە لە لایەن هەرکەسێکەوە بێت و پێشکەش کرا بێت، پێش دڵنیابوونەوە لەوەی کە:

ا. ئەو پرسە خۆی لە ژێر دیراسە کردن و لێکۆڵینەوە نەبێت لە لایەن هیچ دەستەیەکی تر لە دەستە نێو دەوڵەتیەکان یان سازانی نێودەوڵەتی.

ب. وە کەسە پەیوەندیدارەکە هەموو رێگاکانی سکاڵا و دادوەری ناوخۆیی فەراهەمکراوی گرتۆتەبەر، بەڵام ئەم بنەمایە لەسەر ئەم حالەتانە جێبەجێ نابێت کە ڕێکارەکانی سکاڵاو دادوەری ماوەی زۆر زیاتر دەخایەنن کە لە سنوری پەسەند کراو نین.

٣.لێژنە لە کۆبونەوەی داخراودا دەڕوانێتە ئەو جۆرە نامانەی کە لەم پرۆتۆکەلەدا باسی لێوە کراوە.

٤.لیژنە هەڵدەستی بە ناردنی ئەو رایەی خۆی کە بڕیاری لەسەر دەدات بۆ وولاتی ئەندام و هەروەها بۆ کەسە پەیوەندیدارەکەش.

### ماددەی ٦

لێژنە بە پێ ی حوکمەکانی مادده ٤٥ ی پەیماننامە، کورتەی هەموو ئەو کارو چالاکیانەی کە کردوونیەتی لە چوارچێوەی ئەو پرۆتۆکۆلە، دەیخاتە ناو ئەو راپۆرتە ساڵانەی کە ئامادەی دەکات.

### ماددەی ٧

لە چاوەڕوانی بەدیهێنانی مەبەستەکانی بڕیاری ١٥١٤ ( ١٥) کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان لەخۆی گرت لە ١٤ی دیسیمبری ١٩٦٠ سەبارەت بە راگەیاندنی بەخشینی سەربەخۆیی بەو وڵات و گەلانەی کە استعمار کرابوون ،

ئەحکامەکانی ئەم پرۆتۆکۆلە هیچ کۆتێک ناسەپێنێ لە هەر جۆرێک بێت، لەسەر مافی پێشکەش کردنی داواو سکاڵا کە بەخشراوە بەو گەلانە لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان و رێکەوتتنامەو بەڵگەنامە نێودەوڵیەتیەکانی تر کە بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئاژانسە تایبەتمەندەکانی بڕیاریان لێدراوە.

**ماددەی ٨**

١.ئەو پرۆتۆکۆلە فەراهەمکراوە بۆ واژۆکردن بۆ هەر وڵاتێک کە پەیماننامەکەی واژۆ کردبێت.

٢.ئەو پرۆتۆکۆلە دەخرێتە روو بۆ پشتڕاست کردنەوەی هەر وولاتێک کە پەیماننامەکەی پشتڕاست کردبێتەوە یان چوبێتە ناویەوە . وە ێکووک پشتڕاست کردنەوەکانیش لە لای ئەمیــنداری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان دادەنرێت .

٣.چوونە ناو ئەو پرۆتۆکۆلە فەراهەم دەکرێت بۆ بۆ هەر دەوڵەتێک کە پەیماننامەکەی پشتڕاست کردبێتەوە یان چووبێتە ناویەوە.

٤.چوونە ناو پرۆتۆکۆلەکە روودەدات بە دانانی بەڵگەنامەی چونەناویەوە لە لایەن ئەمیــنداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە .

٥.ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ئاگاداری هەموو ئەو وولاتانە دەکاتەوە کە ئەو پرۆتۆکۆلەیان واژۆ کردوە یان چوونەتە ناویەوە سەبارەت بە دانانی هەر بەڵگەنامەیەک لە بەڵگەنامەکانی پشتڕاستکردنەوە یان چونەناوەوە.

**ماددەی ٩**

١.بەمەرجی دەست پێکردن بە جێبەجێ کردنی پەیماننامەکە، ئەو پرۆتۆکۆلە دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە دوای سێ مانگ لە مێژووی رادەست کردنی بەڵگەنامەی پشتڕاستکردنەوە یان چوونە ناوەوەی دەیەم بۆ ئەمیندای گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان.

٢.بەڵام ئەو دەوڵەتانەی کە ئەو پرۆتۆکۆلە پشتڕاست دەکەنەوە یان دەچنە ناویەوە دوای رادەست کردنی بەڵگەنامەی دەیەم، ئەوا کاتی دەست پێکردن بە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆتۆکۆلە دوای سێ مانگ لە بەرواری رادەست کردنی بەڵگەنامەی پشتڕاست کردنەوە یان چوونە ناوەوە دەبێت بۆ هەر یەکێکیان.

**ماددەی ١٠**

حوکمەکانی ئەو پرۆتۆکۆلە بەبێ هیچ کۆت و بەند و هەڵاوێردێک بەسەر هەمو یەکەکانی کە وولاتە فیدرالیەکانی لی ◌ٙ پێک دێت جێبەجێ دەبێت.

**ماددەی ١١**

١.بۆ هەر دەوڵەتێکی ئەندام لەم پرۆتۆکۆلە هەیە کە پێشنیاری هەموارکردن بکات لەسەری، وە پێشنیارەکەشی رادەستی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکات، هەر بەو پێیشەش ئەمینداری گشتی پێشنیاری هەموارکردنەکە بە دەوڵەتانی لایەن لەم پرۆتۆکۆلە رادەگەیەنێ ، و داواشیان لێ دەکات کە بە ئەمیندای گشتی رابگەیەنین ئایا بەستنی کۆنفرانسێکیان پێ باش بێت بۆ دەوڵەتانی ئەندام بۆ پیاچونەوە بە پێشنیارەکان و دەنگدان لەسەریان. ئەگەر لایەنی کەم سێ یەکی دەوڵەتانی ئەندام بەباشیان زانی کە کۆنفرانسەکە ئەنجام بدرێت ئەوا ئەمینداری گشتی کۆنفرانسەکە دەبەستێت بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، وە هەر هەموارکردنێکیش کە لە

لایەن زۆرینەی دەوڵەتانی ئامادەبوو دەنگی لەسەر بدرێت و لە خۆ بگیرێت لە کۆنفرانسەکە ئەوا دواتر ئەخرێتە بەر دەم کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ بڕیاردان لەسەری.

٢.هەموارەکان دێنە بواری جێبەجێ کردنەوە لەو ساتەی کە لە لایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتەوانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت و بە زۆرینەی دەنگی دوو لەسەر سێ ی دەوڵەتانی ئەندام لە پرۆتۆکۆل بە پێ ی رێکارە دەستوریەکانیان.

٣.هەر کاتێک دەست بە جێبەجێ کردنی هەموارەکان کرا ئەوا دەوڵەتانی ئەندام کە پەسەندیان کردوە پەیوەست دەبێت بۆیان، لە کاتێکدا دەوڵەتانی ئەندامی تر پابەند دەبن بە ئەحکامەکانی ئەو پرۆتۆکۆلە و بە هەر هەموار کردنێکی پێشوتر کە پەسەندیان کردبێت.

## ماددەی ١٢

١. بۆ هەر دەوڵەتێکی ئەندام هەیە کە بکشێتەوە لەم پرۆتۆکۆلە لە هەر کاتێکا ئەویش بە ناردنی راگەیاندنێکی نووسراو بۆ ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان . وە کشانەوەکەش ئەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە دوای سێ مانگ لە بەرواری گەیشتنی راگەیاندنەکە بە ئەمیندای گشتی.

٢. کشانەوهیچ کاریگەریەکی نابێت لەسەر بەردەوامی جێبەجێ کردنی ئەحکامەکانی ئەو پرۆتۆکۆلە لەسەر هەر نامەیەک کە پێشکەش کرابێت بە پێ ی ماددەی ٢ پێش بەرواری هاتنە بواری جێبەجێ کردنی کشانەوەکە.

## ماددەی ١٣

بێ گوێدانە ئەو ئاگادارکردنەوانەی کە دەکرێن بە پێ ی برگە ٥ ی ماددەی ٨ ی ئەو پرۆتۆکۆلە، ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە لە برگەی ١ ی ماددەی ٤٨ ی ئەم پەیماننامەیە ئاماژەیان بۆ کراوە ئاگادار دەکاتەوە بەوەی خوارەوە:

ا. واژۆکردنەکان و پشتڕاستکردنەوەکان و چوونە ناوەکانی کە دەکرێت بە پێ ی مادەی ٨.

ب. بەرواری دەست پێکردن بە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆتۆکۆلە بەپێ ی ماددەی ٩، وە بەرواری دەست پێکردنی جێبەجێ کردنی هەر هەمواركردنێكیش بە پێ ی ماددەی ١١ دەکرێت.

ج. ئاگادارکردنەوەی کشانەوەی هاتوو بە پێ ی ماددەی ١٢.

## ماددەی ١٤

١. ئەو پرۆتۆکۆلە، کە دەقە متمانە پێکراوەکانی بە زمانەکانی ئیسپانی و ئینگلیزی و روسی و سینی و فەرەنسی هاوتان رادەستی بەشی کەل و پەلە پاریزراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکرێت.

٢. ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان هەڵدەستێ بە ناردنی کۆپی باوەڕپێکراو لەم پرۆتۆکۆلە بۆ هەموو دەوڵەتانی ئەندام کە ئاماژەیان پێکراوە لە ماددەی ٤٨ ی پەیماننامەکە.

## پرۆتۆکۆلی سەرپشککراوی دووەمی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سسیاسیەکان بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارە دان .

**لە خۆگیرا و خرایە ڕوو بۆ واژۆکردن و پشتڕاستکردنەوە و چوونەناوەوە بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ٤٤/ ١٢٨ لە بەرواری ١٥ ی کانونی یەکەمی ١٩٨٩**

وولاتانی ئەندام لەو پرۆتۆکۆلە ،

لە کاتێکدا باوەڕیان وایە کە هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان هاوبەشێکە بۆ پاڵپشتی کردنی شکۆمەندی مرۆیی و پەرەپێدانی پلە بە پلەی مافەکانی مرۆڤ،

و لە کاتێکدا ئاماژە بە ماددەی ٣ لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دەکات کە لە ١٠ کانونی یەکەمی سالی ١٩٤٨ لە خۆگیراوە و ماددەی ٦ لە پەیماننامەی نێوووڵاتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان کە لە ١٦ کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٦ لە خۆگیراوە،

وە لە کاتێکدا تێبینی ئەوە دەکات کە ماددەی ٦ ی پەیماننامەی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان ئاماژە بە هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارە دان کردوە بە هەندێک دەستەواژە کە زۆر بە توندی توحی کە ئەم هەڵوەشاندنەوەیە کارێکی راست و رەوانە،

وەک باوەڕێک لە لایەن وولات ەوە کە دەبێت هەموو ئەو رێکارانەی کە بە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدان دەدرێت وا هەژمار بکرێت کە پێشوەچونە بۆ چێژ وەرگرتن لە مافی ژیان ،

وەک ئارەزویەکیش کە وولات بەپێ ی ئەم پرۆتۆکۆلە پابەندبونێکی نێوووڵاتی دەخاتە ئەستۆی خۆی بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان،

ڕێککەوتن لەسەر ئەمانەی خوارەوە:

### ماددەی ١

١.نابێت هیچ کە سێک لە سێدارە بدرێت کەلە ژێر فەرمانڕەوایی دەدوەری وولاتێک ی ئەندام بێت لەم پرۆتۆکۆلە .

٢.هەر وولاتێک ی ئەندام هەموو رێکارە پێویستەکان دەگرێتە بەر بۆ هەڵوەشانەوەی سزای لە سێدارە دان لەناو چواچێوەی فەرمانڕەوایی دادوەری خۆی.

### ماددەی ٢

١.هیچ جۆرە خۆ بەدوور گرتنێک رێگە پێدراو نیە لەسەر ئەم پرۆتۆکۆلە، مەگەر خۆبەدوورگرتنێک بیت کە پێشتر راگەیەندرا بێت لەکاتی پشتڕاستکردنەوەی یان چونەناویەوە، وە لە دەقەکەش ئەوە هاتبێ کە سزای

لە سێدارەدان لە کاتی جەنگ جێبەجێ دەکرێت بەپێ ی تاوانبارکردنێک کە لە تاوانێکی لە رادەبەدەر ترسناک بێت و سروشتێکی سەربازی هەبێت و لە کاتی جەنگدا ئەنجام درابێت.

٢.وولآتی ئەندام کە ئەم خۆبەدوورگرتنە رادەگەیەنێ، لە کاتی پشتڕاستکردنەوە یان چوونەناوەوەی ئەم پرۆتۆکۆلە، هەڵدەستی بە ناردنی ئەو ئەحکامانەی کە پەیوەندیدارە لە ناو یاسا نیشتمانیەکانی وە لە کاتی جەنگ دا جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان.

٣.وولآتی ئەندام کە ئەم خۆبەدوورگرتنە رادەگەیەنێ، هەڵدەستێ بە ئاگادارکردنەوەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بە سەرەتاو کۆتایی هەر بارودۆخێکی جەنگی کە لە سەر زەویەکانی هەیە.

**ماددەی ٣**

وولآتانی ئەندام لەم پرۆتۆکۆلە هەڵدەستن بە باس کردنی زانیاریەکان سەبارەت بەو رێکارانەی کە گرتویانەتە بەر بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پرۆتۆکۆلە لە ناو ئەو راپۆرتانەی کە پێشکەشی دەکەن بۆ لێژنەی پەیوەندیداری مافەکانی مرۆڤ بە پێی ماددەی ٤٠ لەم پەیماننامەیە.

**ماددەی ٤**

سەبارەت بەو وولآت انەی ئەندامن لەو پەیماننامەیە و راگەیاندنیان پێشکەش کردوە بە پێ ی ماددەی ٤١، تایبەتمەندی لێژنەی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ درێژ دەبێتەوە بۆ وەرگرتن و پیاچونەوە بە نامەکان، کاتێک کە وولآتێک ی ئەندام بانگەشەی ئەوە ئەکات کە گوایا وولآتێک ی ئەندامی تر پابەندیەکانی جێبەجێ ناکات، تایبەتمەندی لێژنە درێژ دەبێتەوە بۆ ئەوەی ئەحکامەکانی ئەم پرۆتۆکۆلەش بگرێتەوە، تەنها مەگەر دەولەتی ئەندامی پەیوەندیدار بەیاننامەیەک رابگەیەنێت کە پێچەوانەی ئەمە بێت لە کاتی پشت راستکردنەوە یان چونەناوەوەی پرۆتۆکۆلەکە.

**ماددەی ٥**

سەبارەت بەو وولآت انەی ئەندامن لە پرۆتۆکۆلی سەرپشککراوی یەکەمی پەیماننامەی نێوولآتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان کە لە خۆگیراوە لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٦٦، تایبەتمەندی لێژنەی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ درێژ دەبێتەوە بۆ وەرگرتن و پیاچونەوە بەو نامانەی کە هاتوون لە لایەن ئەو تاکانەوە کە لە ژێر فەرمانڕەوایی دادگەری ئەودان ، تایبەتمەندی لێژنە درێژ دەبێتەوە بۆ ئەوەی ئەحکامەکانی ئەم پرۆتۆکۆلەش بگرێتەوە، تەنها مەگەر دەولەتی ئەندامی پەیوەندیدار بەیاننامەیەک رابگەیەنێت کە پێچەوانەی ئەمە بێت لە کاتی پشت راستکردنەوە یان چونەناوەوەی پرۆتۆکۆلەکە.

**ماددەی ٦**

١.کار بە حوکمەکانی ئەو پرۆتۆکۆلە دەکرێت وەک ئەحکامی خراوەپاڵ بۆ پەیماننامەکە.

٢.بەبێ لێدان لە توانینی ڕاگەیاندنی خۆبەدوورگرتن بەپێ ی ماددەی ٢ ی ئەم پرۆتۆکۆلە، ئەو مافەی کە زامن کراوە بە پێی برگە ١ لە ماددەی ١ ی ئەم پرۆتۆکۆلە بە هیچ جۆرێک لێ ی کەم ناکرێتەوە بە پێ ی ماددەی ٤ ی ئەوپەیماننامەیە.

**ماددەی ٧**

١.دەرگای واژۆ کردن لەسەر ئەم پرۆتۆکۆلە کراوەیە بۆ هەر وولاتێک لەو وولات انەی کە پەیماننامەکەیان واژۆ کردوە.

٢.ئەو پرۆتۆکۆلە پشتڕاست دەکرێتەوە لە لایەن هەر وولاتێک کە پەیماننامەکەی پشتڕاستکردبێتەوە یان چوبێتە نویەوە. وە بەڵگەنامەی پشتڕاستکردنەوەکەش رادەستی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکرێت.

٣.دەرگای چونەناوەوە بۆ ئەم پرۆتۆکۆلە والا ئەکرێت بۆ هەر وولاتێک کە پەیماننامەکەی پشتڕاست کردبێتەوە یان چوبێتەناویەوە.

٤.چوونەناو پرۆتۆکۆلەکە دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە بە رادەست کردنی بەڵگەنامەی چونەناوەوە بۆ ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان.

٥.ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان هەڵدەستی بە ئاگادارکردنەوەی هەموو ئەو وولاتانە کە ئەو پرۆتۆکۆلەیان واژۆ کردوە یان چوونەتە ناویەوە سەبارەت بە دانانی هەر بەڵگەنامەیەک لە بەڵگەنامەکانی پشتڕاستکردنەوە یان چونەناوەوە.

**ماددەی ٨**

١.ئەو پرۆتۆکۆلە دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە دوای سێ مانگ لە مێژووی رادەست کردنی بەڵگەنامەی پشتڕاستکردنەوە یان چوونە ناوەوەی دەیەم بۆ ئەمیندای گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان.

٢.بەڵام ئەو وولات انەی کە ئەو پرۆتۆکۆلە پشتڕاست دەکەنەوە یان دەچنە ناویەوە دوای رادەست کردنی بەڵگەنامەی دەیەم، ئەوا کاتی دەست پێکردن بە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆتۆکۆلە دوای سێ مانگ لە بەرواری رادەست کردنی بەڵگەنامەی پشتڕاست کردنەوە یان چوونە ناوەوە دەبێت بۆ هەر یەکێکیان.

**ماددەی ٩**

حوکمەکانی ئەو پرۆتۆکۆلە بەبێ هیچ کۆت و بەند و هەڵاوێردێک بەسەر هەمو یەکەکانی کە وولاتە فیدرالیەکانی لێ پێک دێت جێبەجێ دەبێت.

**ماددەی ١٠**

ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان هەڵدەستێ بە ئاگادارکردنەوەی هەموو ئەو وولاَت انەی کە ئاماژەیان بۆ کراوە لە بڕگەی ١ ی ماددەی ٤٨ ی ئەم پەیماننامەیە بەو وردەکاریانەی خوارەوە:

(ا) ئەو خۆبەدوورگرتنانەو نامانەو ئاگاداریانەی کە دەرکراون بە پێ ی ماددەی ی ٢ ئەو پرۆتۆکۆلە،

(ب) ئەو راگەیاندنانەی کە دەرکراون بە پێ ی ماددەی ٤ یان ماددەی ٥ ی ئەو پرۆتۆکۆلە،

(ج) واژۆکان و پشت ڕاستکردنەوەکان و چونەناوەوەکان کە کراون بە پێ ی ماددەی ٧ ی ئەو پرۆتۆکۆلە،

(د) بەرواری دەست کردن بە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆتۆکۆلە بە پێ ی ماددەی ٨ ی پرۆتۆکۆلەکە.

**ماددەی ١١**

١. ئەو پرۆتۆکۆلە، کە دەقە متمانە پێکراوەکانی بە زمانەکانی ئیسپانی و ئینگلیزی و روسی و سینی و فەرەنسی هاوتان رادەستی بەشی کەل و پەلە پاریزراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکرێت.

٢. ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان هەڵدەستێ بە ناردنی کۆپی باوەڕپێکراو لەم پرۆتۆکۆلە بۆ هەموو وولاَتانی ئەندام کە ئاماژەیان پێکراوە لە مادە ٤٨ ی پەیماننامەکە.

# پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکاریەک لە دژی ژنان

## نیویۆرک ١٨ ی دیسیمبر ١٩٧٩

پێشەکی:

لە (١٨) ی کانونی یەکەمی/ دیسێمبەری ١٩٧٩ هەنگاوێکی گرنگ و سەرەکی نرا بەرەو بەدیهێنانی ئامانجی پێدانی مافی یەکسانی بە ژنان، ئەمەش کە کۆمەڵەی کشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکەوتنامەی نەهێشتنی جیاوازی بە هەموو شێوازەکانی دژی ژنان پەسەند کرد.

ئەم ڕێکەوتننامەیە لە (٣٠) ماددە پێکهاتووە و خراوەتە فۆرمێکی یاسایی بە مەبەستی پابەند بوون بەو ڕێوشوێنانەی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی پەسەند کراون لە پێناوبەدیهێنانی یەکسانی لە مافەکاندا بۆ ژنان لە هەموو شوێنێکی جیهان.

پاش وتووێژ کردنێکی درێژ خایەن لە لایەن چەند گروپێک کە لەو بوارەدا کاریان دەکرد لە گەڵ لیژنەی پەیوەست لە مەڵبەندی ژنان و کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەنجامدران و لێکۆڵینەوەکان پێنج ساڵیان خایاند دەرەنجام ڕێکەوتننامەکە پەسەند کرا. ئەم ڕێککەوتننامە گشتگیرە پەیوەستە بە دابین کردنی مافی یەکسانی بۆ ژنان لە سەرجەم بوارەکان و بێ ئەوەی باری خێزانی بەهەند وەربگیرێت، واتە یەکسانی لە بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیری و مەدەنی، چەندین بەربەست و لەمپەر لەبەردەم ژناندا دانراون تەنها لە سەر بنەمای ڕەگەز، ئەم ڕێکەوتنامەیە کار دەکات بۆ دانانی یاسای نیشتمانی بۆ قەدەغەکردنی جیاکاری و داوا دەکات کە ڕێوشوێنی تایبەت و کاتی بگیرێتەوە بەر بۆ پەلە کردن لە جێبەجێ کردنی یەکسانی دروست لە نێوان پاوان و ژناندا، هەروەها گرتنەبەری چەندین هەنگاو بە ئامانجی ڕاستکردنەوەی نەریتە کۆمەڵایەتیەکان کە دەبنە هۆکاری بەردەوامی جیاکاری دژی ژنان ڕێوشوێنەکانی تر باس لە بوونی مافی یەکسانی بۆ ژنان لە بوارەکانی سیاسی و ژیانی گشتی دەکات، یەکسانی لە خوێندن و ڕێکخستنی هەمان ڕێگە لە ڕووی میتۆدی فێرکاری و جیاوازی نەکردن لە دامەزراندن و موچە و دابین کردنی ئاسایشی فەرمیان ڕەوایەتی لە کاتی شووکردن و منداڵ بووندا. ئەم ڕێکەوتننامەیە پێداگیری دەکات لە یەکسان بوونی ژن و پیاو لە بەرپرسیارێتی چوارچێوەی ژیانی خێزانی، هاوکات تیشک دەحاتە سەر خزمەت گوزاریە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەتیش خانەکانی چاودێری منداڵان کە پێویستە بۆ کۆکردنەوەی لە نێوان پابەندبونە خێزانیەکان و بەرپرسیارێتی کارو بەشداربوون لە ژیانی گشتیدا. چەند ماددەیەکی تری ئەم ڕێکەوتننامەیە داوای نەهێشتنی جیاوازی لە خزمەت گوزاریە تەندروستیەکان دەکات کە پێشکەش بە ژنان دەکرێت، هەروەها ئەو خزمەت گوزاریانەی پەیوەندییان بە پلان دانانی خێزان و ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە دەدرێت بە پیاوان بە هەمان شێوە بدرێت بە ژنان. لەم ڕێکەوتننامەیەدا داوا لە وڵاتانی ئەندام دەکرێت کە ڕەزامەندی دەرببڕن بە پوچەڵکردنەوەی ئەو گرێ بەست و ڕێگریە تایبەتیانەی بەبەستن لە ڕێگەی ژنان لە

رووی یاساییەوە و پێویستە کاریان پێ نەکرێت و ڕەتیان بکەنەوە. ڕێکەوتننامەکە گرنگییەکی تایبەت دەدات بە گرفتەکانی ژنانی گوند نشین. بە پێی ڕێکەوتننامەکە لیژنەیەک لە پسپۆڕان پێکدەهێنرێت بۆ سەرپەرشتی کردنی نێودەوڵەتی بەمەبەستی پابەندبوونی ئەو دەوڵەتانەی ڕەزامەندیان بۆ ڕێکەوتننامەکە دەربڕیوە، لیژنەکە لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە هەڵدەبژێرێت کە ئەندامن. سەبارەت بە کارکردنی ئەم لیژنەیە، ئەندامەکانی بەشێوەی کەسیەتی خۆیان کاردەکەن و بە پێی تێڕوانییان بۆ ئەو پێشکەوتنانەی بە دەست هاتوون بڕیارەکانیان دەدەن. دەرگای ئەندام بوون و واژۆکردنی ڕێکەوتننامەکە لە ١٩٨٠/٣/١ پاش ڕازی بوونی بیست دەوڵەت بە پابەند بوون بە ڕێساکان کرایەوە. واژۆکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە لە ڕێگەی پەسەندکردن یاخود چوونە پاڵ بەندەکانی ڕێکەوتننامەکەو جێبەجێ کردنیان دەبێت.

**هاوپێچ**

ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی جیاکاری دژی ژنان دەوڵەتانی لایەن لەم ڕێکەوتننامەیەدا،، تێڕوانینی ئەوەیان هەیە کە میساقەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەر لە نوێ جەخت لە باوەڕبوون بە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ و کەرامەتی تاک بە یەکسانی بۆ پیاوان و ژنان دەکات. هاوکات ئەوەش بەدی دەکرێت کە جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ، نەهێشتنی مەبدەئی جیاوازی دووپات دەکاتەوە، ڕاشی گەیاندووە کە مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک دەبن و یەکسانن لە کەرامەت و مافدا، هەر مرۆڤێک بۆی هەیە خۆشگوزەران بێت لەو ئازادیانەی لەم جاڕنامەیەدا هاتووە بە بێ جیاوازی، ڕەتکردنەوەی ئەو جیاوازیانەی لە سەر بنەمای ڕەگەز وولاتانی لایەن لە هەردوو پەیماننامەی نێو دەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ، ئەو بەرپرسیاریەتیان دەکەوێتە ئەستۆ کە مافی ژنان و پیاوان لە پەیڕەوکردنی مافەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری و مەدەنی و سیاسی بە یەکسانی جێبەجێ بکەن. ئەو ڕێکەوتنامە نێو دەوڵەتیانەی بە چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە تایبەتەکان ئەنجام دراون و هانی یەکسانی مافەکان دەدەن لە نێوان ژنان و پیاوان بە هەند وەردەگیرێت. ئەوەش بە دی دەکرێت کە بڕیار و جاڕنامەو ڕاسپاردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە تایبەتەکان کە لە پێناو چەسپاندنی یەکسانی لە مافەکان لە نێوان پیاوان و ژنان ئەنجام دراون ڕووبەڕووی نیگەرانی بونەتەوە، گەرچی چەندی ڕێگەی جیاواز گیراوەتەبەر بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام جیاکاریەکی فراوان لە دژی ژناندا ماوە و بنبڕنەکراوە. ئاماژە بەوە دەکرێت کە جیاکاری دژی ژنان، پیشێلکردنی مەبدەئی یەکسانیە لە ماف و ڕێزگرتنی کەرامەتی مرۆڤ و ڕێگرە لە بەر دەم بەشداریکردنی ژنان بە شێوەیەکی یەکسان لە گەڵ پیاوان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتووری لە وولاتەکانیاندا. هاوکات ڕێگرییە لە گەشە کردنی کۆمەڵگەو خێزان، ئەمە جگە لەوەی کە ئەستەم دروست دەکات لە بەر دەم گەشەکردنی تواناکانی ژن لە خزمەتکردنی نیشتمان و مرۆڤایەتی. ئەوەی مایەیی نیگەرانییە لە حاڵەتەکانی هەژاریدا بوار نادرێت بە ژنان بۆ بەدەست هێنانی کار بۆ دەستەبەرکردنی خواردنی خۆی و خێزانەکەی،

هەروەها بواری دەستەبەرکردنی مافی تەندروستی و خوێندن و ڕاهێنان و پێداویستیەکانی دیکەی نیە، وەڵی بە شێوەیەکی زۆر کەم لە هەندێک شوێن دەرفەرتیان بۆ دەڕەخسێت. باوەڕبوون بەوەی دامەزراندێکی سیستەمێکی ئابووری نێودەوڵتی نوێ لە سەر بنەمای دادپەروەری، ڕۆلێکی کاریگەرو باڵای دەبێت لە هەڵساندنەوەی یەکسانی لە نێوان ژنان و پیاوان پێداگیری بکرێت لە ریشە هەڵکێشانی هەر جیاکاریەکی ڕەگەز پەرستی و هەموو شێوازەکانی ڕەگەزپەرستی و جیاکاری و داگیرکاری نوێ و هێرش کردن و دەست بەسەردا گرتن و دەست تێوەردانێک لە کارو باری ناوخۆی دەوڵەتان کە –بڕیارێکی بنەڕەتیە سەبارەت بە خۆشگوزەرانی پیاوان و ژنان بە هەموو مافەکانیان بە شێوەیەکی تەواوکاری. دوپاتکردنەوەی سەقامگیری ئاشتی و ئاسایشی دەوڵەت کەمکردنەوەی ئاستی ئاڵۆزیە نێودەوڵەتیەکان و هاوکاری ئاڵوگۆڕلە نێوان سەرجەم دەوڵەتەکاندا بە بێ هەند وەرگرتنی جیاوازی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابوری و نێوانیان، نەهێشتنی چەک بە گشتی وە بە تایبەتیش چەکی ئەتۆمی لە ژێر سایەی چاودێریەکی نێو دەوڵەتی توندو کاریگەر. دووپاتکردنوەی بنەماکانی داد پەروەری و یەکسانی و سوودی ئاڵ و گۆڕ لە پەیوەمدیەکان لە نێوان وولاتاندا، کارکردن بەوەی کە ئەو گەلانەی لە ژێر داگیرکاریدان مافی خۆیانە داوای مافی چارەی خۆنوسن و سەربەخۆی بکەن، هەروەها رێزگرتن لە سەروەری نیشتمانی و ئاسایشی هەرێمایەتی دەبنە هۆکاری پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و گاریگەری دەبێت لە سەر هاتنەوەی یەکسانی تەواو لە نێوان ژنان و پیاواندا.

گەشەکردنی تەواو بۆ هەر وولاتێک، خۆشگوزەرانی جیهان و کێشەی ئاشتی، لە هەمووان دەخوازێت کە ئەوپەڕی بەشداری بکرێت بۆ لایەنی ژنان لە سەر بنەمای یەکسانی لە گەڵ پیاوان لە هەموو بوارەکاندا. بەشداریکردنی پڕ بایەخی ژنان لە خۆشگوزەرانی خێزان و لە گەشە کردنی کۆمەڵگا کە تا ئێستا بە ئاستێکی تەواو دانی پێدا نەنراوە، گرنگی کۆمەڵایەتی بۆ دایکایەتی ڕۆڵی دایک و باوک لە خێزان و پەیوەندی کردنی منداڵان بە هەند وەردەگیرێت ز هەستکردن بەوەی کە نابێت ڕۆڵی ژنان لە منداڵبوون بکرێتە بنەمای جیاکاری، بەڵکو پێویستە ئەو بەرپرسیاریەتیە دابەشبکرێت لە نێوان ژن و پیاو و کۆمەڵگا بە گشتی. بەدیهاتنی یەکسانی تەواو لە نێوان ژن و پیاو پێویستی بە ئەنجامدانی گۆڕانکاریە لە ڕۆڵی چاولێکەری پیاو هەروەها لە ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگاو خێزاندا. هەموو تواناکان دەخرێنە گەڕ لە ەپێناو جێبەجێ کردنی ئەو بنەمایانەی لە جاڕنامەی نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان هاتوون، پێویستە بۆ ئەو مەبەستەش ڕێ و شوێنی گونجاو بیگیرێتە بەر بۆ نەهێشتنی جیاکارییە بە هەموو شێواز جۆرەکانی. ڕێکەوتن ئەنجام درا لە سەر ئەوانەی خوارەوە:

## بەشی یەکەم

**ماددەی ١**

مەبەستی ئەم ڕێکەوتنامە نەهێشتنی ( جیاکاری دژی ژنان ) واتە نەهێشتنی هەر جیاکاری و دوور خستنەوەیەک و لە سەر بنەمای ڕەگەز کە مەبەست لێی ڕەتکردنەوەی ژنانە بە پێی بنەمای یەکسانی ژن و پیاو لە مافەکانی مرۆڤ و ئازاد بە بنەڕەتیەکان لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و مەدەنی یاخود لە هەر بوارێکی تر، یان نەهێشتنی ڕەتکردنەوە ڕێگری لە پەیڕەوکردنی مافەکانیان بە بێ هەند وەرگرتنی باری خێزانی.

**ماددەی ٢**

سەرجەم دەوڵەتانی لایەن هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژی ژنان ڕەت دەکەنەوە ڕەزامەندن لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان بە هەموو ئامرازێکی گونجاو، بۆ بەدیهێنانی پەیمان دەدەن بە جێبەجێکردنی ئەم برگانەی لای خوارەوە:

ا/ دانانی بنەمای یەکسانی لە نێو ژن و پیاو لە دەستورە نیشتمانیەکان یان لە یاسا گونجاوەکانی دیکەدا، ئەگەر ئاماژەی وپێنەکرا بوو – جێبەجێکردنی پراکتیکی ئەم برگەیە لە ڕێگەی یاساو ئامرازە گونجاوەکانی دیکەوە دەبێت.

ب/ گرتنەبەری ڕێو شوێنی تەشریعی گونجاو، تەنانەت لە کاتی پێویستدا سزاش بچەسپێنرێت بۆ ئەو ڕێگریکردن لە هەموو جیاکاریەک دژی ژنان.

**ماددەی ٣**

دەوڵتانی لایەن لە هەموو بوارەکانداو بە تایبەتی لە بوارەکانی سیاسی و کۆزمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و هەموو ڕێوشوێنێکی گونجاو دەگرنە بەر لە پێناو گەشەکردنی ژنان و پێشخستنیان، ئەمەش بۆ ئەوەی زەمانەتی پەیڕەوکردی مافەکانی مرۆڤو ئازادیە بنەڕەتیەکانیان بۆ بکرێت لەسەر بنەمای یەکسانی لە گەڵ پیاوان.

**ماددەی ٤**

ئەو ڕێوشوێنە تایبەت و کاتییەی لە لایەن دەوڵەتانی لایەن گیراوەتە بەر بە ئامانجی پەلەکردن لە یەکسانی کرداری لە نێوان پیاوان و ژنان بە جیاکاری هەژمار ناکرێت وەک لەم ڕێکەوتنامەیەدا هاتووە، بەڵام نابێت بە هەر هۆکارێک بێت بەردەوامی دەهەبێت و لە لایەن دەوڵەتانی دیکەوە کاری پێبکرێت، پێویستە کارکردن بەو ڕێوشوێنانەوە ڕابگیرێت کە ئامانجی هاوبەشی و هەلی یەکسان و مامەڵەکردن لەگەڵ ژناندا بە یەکسانی هاتە دی.

**ماددەی ٥**

دەوڵەتانی لایەن سەرجەم ڕێوشوێنە گونجاوەکان دەگرنە بەر بۆ بەدی وهێنانی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە :

ا/ ڕاستکردنەوەی باوە کۆمەڵایەتی کلتوریەکان لە بارەی هەڵسوکەوتی پیاوان و ژنان بە ئامانجی نەهێشتنی لایەنگیری بۆ ڕەگەزێکی دیار و باوە بۆ ماوەییەکان و سەرجەم هەڵسوکەوتانەی لەسەر بنەمای زاڵکردنی ڕەگەزێک بەسەر ڕەگەزێکی دیکە پێک هاتووە.

ب/ دابینکردنی ڕەوشتێک کە تیایدا پەروەردەی وخێزانی بە شێوەیەکی دروست مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و دایکایەتی وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و دانبنرێت بە بەرپرسیارێتی هاوبەشی نێوان پیاوان زژنان لە پەروەردەکردنی منداڵان و گەشەکردنیان، بکرێت بە چەمکێک کە لە هەموو دۆخێکدا بەرژەوەندی منداڵان سەرووی هەموو شتێک بێت.

ج/ چەسپاندنی پاراستنی یاسایی بۆ مافەکانی ژنان بە یەکسانی لە گەڵ پیاوان و دابینکردنی پارێزگاری کاریگەر بۆ ژنان لە ڕێگەی دادگا نیشتمانیەکانی پەیوەند بەو پسپۆڕیە و هەروەها لە ڕێگەی دەزگا گشتیەکانی دیکە بۆ ڕێگرتن لە هەر کارێکی جیاکاری.

د/ ناڕازی بوون لە بەشداریکردن لە هەر کارێکی جیاکاری دژی ژنان، دەسەڵات و دەزگا گشتیەکان ئەرکی خۆیان لەو بارەیەوە جێبەجێ دەکەن بە مەرجێک کە لە گەڵ ئەو پابەندبوونەدا بگونجێت.

ه/ گرتنەبەری هەموو ڕێ و شوێنێکی گونجاو بۆ نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان لە لایەن هەرکەسێک یاخود ڕێکخراوێک یان دەزگایەک.

و/ گرتنە بەری هەموو ڕێ و شوێنێکی گونجاو تەنانەت دەرکردنی یاسا بۆ ڕێکخستنەوە یان ڕەتکردنەوە و لابردنی ئەو یاساو سیتەم و کارانەی دەبنە هۆکاری جیاکاری دژی ژنان.

ز/ لابردنی هەموو ڕێساو یاسایەکی سزادانی نیشتمانی کە دەبێتە هۆکار بۆ جیکاری دژی ژنان.

**ماددەی ٦**

دەوڵتانی لایەن هەموو رێ و شوێنێکی گونجاو دەگرنە بەر، لەو رێو شوێنانەش دەرکردنی یاسا بۆ نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی بازرگانی کردن بە ژنان و لەش فرۆش.

## بەشی دووەم

**ماددەی ٧**

دەوڵەتانی لایەن هەموو ڕێو شوێنە گونجاوەکان دەگرنە بەر بۆ نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان لە ژیانی سیاسی و گشتی وولاّتدا، بە شێوەکی تایبەت مافی یەکسانی بۆ ژنان لە گەڵ پیاواندا دابین دەکات، مافەکە بەم شێوەیەیە:

ا/ مافی دەنگدان لە وهەموو هەڵبژاردن و ریفراندۆمێکا، مافی ئەوەیان هەیە کە خۆیان کاندید بکەن بۆ هەموو ئەو دەستانەی کە هەموو ئەندامەزکانیان بە دەنگدانی گشتی هەڵدەبژێردرێت.

ب/ بەشداریکردن لە داڕشتنەوەی سیاسەتی حکومەت و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەو گرتنە دەستی کارو باری گشتی و بەڕێوەبردنی ئەرکە گشتیەکان لە سەر هەموو ئاستەکانی حکومەت ج/  بەشداریکردن لە وهەموو رێکخراو و کۆمەڵە نا حکوومیانەی کە گرنگی بە ژیانی گشتی و سیاسی وولاّت دەدەن.

**ماددەی ٨**

دەولّتانی لایەن هەموو ڕێوشوێنە گونجاوەکان دەگرنە بەر بۆ ئەوەی بە یەکسانی لە گەڵ پیاواندا بە بێ جیاوازی، ژنان هەلی ئەوەیان هەبێت نوێنەرایەتی حکومەتەکانیان بکەن لە سەر ئاستی نێو دەوولّەتی و بەشداری کردن لە کارو باری رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان.

**ماددەی ٩**

١. دەوڵەتانی لایەن مافێکی یەکسان دەبەخشن بە ژنان کە یەکسان بێت لەگەڵ مافی پیاواندا لە بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەو پاراستنی یاخود گۆڕینی بە شێوەیەکی تایبەت ئەوەش لە خۆ دەگرێت کە لە کاتی شوکردن بە بیانی یاخود گۆڕینی ڕەگەزنامەی مێردەکە لە کاتی زەواج کردندا، ڕەگەزنامەی ژنەکە بە شێوەیەکی خۆکاری بگۆڕێت و نابێت بێ ڕەگەزنامە بێت یاخود ڕەگەزنامەی ومێردەکەی بەسەردا فەرز بکرێت.

٢- دەوڵەتانی لایەن مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان دەبەخشنە ژنان لەوەی کە پەیوەستە بە ڕەگەزنامەی منداڵەکانیان.

## بەشی سێیەم

**ماددەی ١٠**

دەوڵەتانیلایەەن هەموو ڕوپۆشێکی گونجاو دەگرنە بەر بۆ نەکهێشتنی جیاکاری دژی ژنان بۆ ئەوەی مافێکی یەکسان لەگەڵ پیاواندا بۆ ژنان لە بواری خوێندن برەخسێنن، بە شێوەیەکی تایبەت لە سەر بنەمای یەکسانی پیاوان و ژنان.

ا/ هەمان بارو دۆخ بۆ ئاراستەکردنی فەرمانبەری و پیشەیی، گەیشتن بە خوێندنی باڵا و بەدەستهێنانی پلەی زانستی لە دەزگا خوێنکاریەکان لە هەموو ئاراستەکانداو لە ناوچە گوندیەکان و شارەکاندا بەشێوەیەکی یەکسان. ئەو یەکسانیەش ئەو یەکسانیەش لە قۆناغەکانی پێشتردا دەبێت دابین کرابێت بۆ چوونە خوێندنگەو لە خوێندنی گشتی و پیشەیی، هەروەها لە هەموو جۆرەکانی ڕاهێنانی پیشەیی.

ب/ دابین کردنی هەمان مەنهەجی خوێندن و هەمان تاقیکردنەوە و دەستەی فێرکاری کە هەمان توانای ئاستی هەبێت، هەروەها دابینکردنی بیناو پێداویستیەکانی خوێندنگە لە هەمان جۆر.

ج/ نەهێشتنی هەر چەمکێکی باو دەربارەی ڕۆڵی پیاو و ڕۆڵی ژن لە سەر هەموو ئاستەکانی فێرکاری و سەرجەم شێوازەکانیدا لە ڕێگەی هاندانی خوێندنی تێکەڵاو، هەروەها جۆرەکانی خوێندن کە هاوکار بێت لە بەدیهێنانی ئامانجەکاندا، دەکرێت ڕێگەی کتێبەکانی خوێندنگەو پرۆگرامەکانی خوێندنگەو ساناکردنی شێوازەکانی فێرکاری ئەنجام بدرێت.

د/ هەمان هەل بۆ سوود وەرگرتن لەو برە پارەیەی بۆ خوێندن و جۆرەکانی دیکەی فێرکاری تەرخان دەکرێت.

ە/ هەمان هەل بۆ گەیشتن بە پرۆگرامەکانی خوێندنی بەردەوام، لە نێویشیاندا پرۆگرامی خوێندنی گەورەو نەهێشتنی نەخوێندەواری، بە تایبەتیش ئەوەی کە ئامانجی بەر تەسک کردنی ئەو دیاردەیەیە لە کەمترین کاتدا واتە هەر کەلێنک کە بوخوێندن هەبێت لە نێوان ژن و پیاودا.

و/ کە کەمکردنەوەی ڕێژەی دەست بەرداربوون لە خوێندن لە نێوان خوێنکارانی کچ و ڕێکخستنی بەرنامەی تایبەت بەو بوارە بۆ کچان و ژنان کە دەست بەرداری خوێندن دەبن.

ز/ هەمان هەل بۆ بەشداری کردنی چالاک لە یارییە وەرزشیەکان و پەروەردەی جەستەیی.

ح/ گەیشتن بە زانیاری پەروەردەیی سنوردار بۆ ئەوەی یاریدەدەرو هاوکار بێت لە خوش گوزەرانی و تەندروستی خێزان، بە تایبەت ئەو زانیاریانەی پەیوەستن بە ئامۆژگاری پلانی خێزان.

**ماددەی ١١**

دەوڵەتانی لایەن هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی کە پێویست بێت لە پێناو نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان لە بواری کارکردن دەیگرتەبەر بۆ ئەوەی لە سەر بنەمای یەکسان پیاوان و ژنان هەمان مافیان هەبێت:

ا/ مافی کارکردن بەو خەسڵەتەی کە مافێکە کەس بۆی نیە مامەڵەی پێوە بکات.

ب/ هەمان مافی یەکسان لە گەڵ پیاو لە هەڵبژاردنی پیشە، بە پێیی جێبەجێ کردنی هەمان ڕێنمایەکانی هەڵبژاردنی کاروباری دامەزراندن.

ج/ مافی ئازادی لە هەڵبژاردنی کارو پیشە، مافی بەرزکردنەوە و ئاسایشی دامەزراندن لە هەموو خواست و مەرجەکانی خزمەت،مافی بەشداری کردن لە ڕاهێنان و دووبارەکردنەوەی ڕاهێنانی پیشەیی، لە نێویشیاندا خوێندنی پیشەیی و ڕاهێنانی پیشەیی پێشکەوتوو ڕاهێنانی بەردەوام.

د/ مافی یەکسان لە موچەو بەرزکردنەوەو مافی یەکسان لە مامەڵەکردندا لەوەی پەیوەندی بەکار یەکسان هەیە لە نرخدا،هەروەها یەکسانی مامەڵەدا لە پێدانی جۆری کار.

ه/ مافی زەمانەتی کۆمەڵایەتی، لە حاڵەتیخانە نشین بوون و بێکاریدا و لە کاتی نەخۆشیشدا و لە کاتی نەمانی توانای کارکردن و پیربون، هەروەها هەرجۆرێکی دیکی کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە توانای کارکردنی نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بۆی هەیە مۆڵەتی هەبێت بە موچەوە.

و/ مافی پارێزگاری تەندروستی و سەلامەتی لە شوێنی کار لەگەڵ ئەوەشدا پاراستن و پارێزگاری لەکاتی دووگیانیدا.

٢- بۆ ڕێگری کردن لە جیاکاری دژی ژنان بە هۆی شوکردن یاخود بوون بە دایک و زوەمانەت کردنی مافی لە کاردا، دەوڵەتانی لاین ئەم ڕێو شوێنە گونجاوانە دەگرنە بەر :

ا/ بۆ ڕێگریکردن لە دوورخسنەوەی لە کارکردن بە هۆی دوو گیانی یان مەۆڵەتی دایکایەتی و جیاکاری لە دوورخستنەوەی لە کارکردن لە سەر بنەمای باری خێزانی، سزا دەسەپێنرێت بە سەر سەرپێچی کاراندا.

ب/ دانانی سیستەمی مۆڵەتی دایکایەتی بە موچەوە، یاخود هەبوونی رووە کۆمەڵایەتیە هاوبەشەکانی دیکە بە بێ ئەوەی ژنی فەرمانبەر ئەو کارە لە دەست بدات یان بەرزردنەوەی کۆمەڵایەتیەکانی بۆ هەژمار نەکرێت.

ج/ هاندان و دابین کردنی ئەوەی پێویستە لە خزمەتگوزاریەکۆمەڵایەتیەکان بۆ ئەوەی دایک و باوک بتوانن بەرپرسیاریەنیە خێزانیەکان و بەرپرسیاریەتیەکانی کارەکانیان بە جێ بگەیەنن و بەشدار بن لە ژیاەنی گشتی، دەکرێت ئەمە لە ڕێگەی هاندان و دروستکردن و گەشەدان وی تۆڕێکی چاودێری منداڵان جێ بەجێبکری.

د/ دابین کردنی پاراستنێکی تایبەت بۆ ژنان لە کارکردن لە کاتی دوو گیانیدا، ئەگەر سەلمێنرا کە کارە زیانی پێ دەگەیەنێت.

٣- پێویستە ئەو یاسایانەی پەیوەستن بەم ماددەیە بە شێوەیەکی دەوری بخرێنە ڕوو لە ژێر ڕۆشنایی زانیاری و زانستی و تەکنەلۆجی و، بەم پێی پێویستیش دەبێت پاکسازی یان ڕەتکردنەوە یاخود بەرفراوان بکرێت.

**ماددەی ١٢**

١- دەوولاتانی لایەن هەموو ڕێوشوێنە گونجاوەکان دەگرنە بەر بۆ نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان لە بواری چاودێری تەندروستی لە پێناو بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری چاودێرییە تەندروستیەکان لە سەر بنەمای یەکسانی ژن و پیاو لە نێویشدا خزمەت گوزاریەکانی پەیوەست بە پلانی خێزان.

٢. لە گەڵ بوونی ڕێساکانی برگە (١) لەم ماددەیە دەوڵەتانی لایەن پابەند دەبن بە دابینکردنی خزمەتگوزاری گزونجاو کە پێویستە لە کاتی دووگیانی و منداڵ بوندا، لە کاتی پێویستیشدا هەموو خزمەت گوزاریەکی بێ بەرامبەری پێشکەش دەکرێت، هەوەها خواردنی تەواو لە کاتی دوو گیانی و شیردان بە منداڵ.

**ماددەی ١٣**

دەوڵەتانی لایەن هەموو ڕوشوێنیکی گونجاو دەگرتە بەر بۆ نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان لە بوارەکانی دیکەی ژیانی ئابوری و کۆمەلایەتی بۆ ئەوەی لە سەر بنەمای یەکسانی ژن و پیاو هەمان ئەو مافانەی هەبێت، هەروەک لەم خالانەدا دیاری کراون:

ا/ مافی شایستەکانی خێزانی

ب/ مافی بەدەست هێنانی قەرز لە بانکەکان و ڕەهنە عەقاریەکان و هەر شێوەیەکی دیکەی باوەڕپێکردنی دارایی.

ج/ مافی بەشداری کردن لە چالاکیە فێرکاریەکان و یارییە وەرزشیەکان و هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆشنبیری.

**ماددەی ١٤**

١- دەوڵەتانی لایەن هەموو ئەو گرفتە تایبەتانەی ڕوو بە ڕووی ژنانی گوند نشین دەبنەوە بە هەند وەردەگرن و ئەو ڕۆڵە گرنگەی دەیگێڕن لە پێناو مانەوەی خێزانەکانیان لە ڕووی ئابووریەوە جێی بایەخە، تەنانەت کارکردنیشیان لەو کەرتە ئابوریانەی کە پارە نابەخشن، لەو پێناوەدا هەموو ڕێوشوێنێکی گونجاو دەگرنە بەر بۆ ئەوەی ڕێساکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە لەو ناوچانەی کە پێیان دەوترێت گوند جێبەجێ بکرێت.

٢- دەوڵەتانی لایەن هەموو ڕێوشوێنێکی گونجاو دەگرنە بەر بۆ نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان لە ناوچە گوندیەکان بۆ دابین کردنی بەشداری کردنی ژنان لە گەشەکردنی گوندەکان و سوودد وەرگرتنیان لەو گەشەکردنە لە سەر بنەمای یەکسانی لە گەڵ پیاو، بە شێوەیەکی تایبەت ئەم مافانە بۆ ژن دابین دەکرێت:

ا/ بەشداری کردن لە دان و جێبەجێ کردنی پلانی گەشە لە هەموو ئاراستەکاندا.

ب/ بەدەسهێنانی ئاسانکاری لە خۆپاراستنی تەندروستی گونجاو، تەنانەت زیانیاری و ئامۆژگاری و خزمەت گوزاری وپەیوەست بە پلاندانانی خێزان.

ج/ سوود وەرگرتن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە پرۆگرامەکانی دابین کردنی کۆمەڵایەتی

د/ بەدەست هێنانی هەموو جۆرەکانی ڕاهێنان و فێرکردنی فەرمی و نا فەرمی تەنانەت ئەوەی پەیوەندی بە نەهێشتنی نەخوێندەواری لە بواری کارکردندا هەیە، هەروەها بەدەست هێنانی سودەکانی سەرجەم ئەو خزمەت گوزاریانەی بۆ کۆمەڵگە دەکرێن لە پێناو زیادکردنی توانا پیشەییەکانی.

ە/ ڕێکخستنی کۆمەڵی هاوکاری خۆیی و هاوکاری لە پێناو بەدەست هێنانی هەلی ئابوری یەکسانی لە ڕێگەی کارکردن لای کەسانی دیکەی خاوەن کار یاخود کە کاری تایبەتی خۆیان هەبێت.

و/ بەشداری کردن لە هەموو چالاکیەکانی کۆمەڵگا.

ز/ هەلی بە دەستهێنانی قەرزی کشتوکاڵی و ئاسانکاری بە بازارکردن و تەکنەلۆجیای گونجاو، یەکسانی لە مامەڵکانی پرۆژەی چاکسازی زەوی و چاسازی و کشتوکاڵی و پرۆژەکانی نیشتەجێ کردن لە گوند.

ح/ خۆش گوزەرانی گونجاو لە وەی کە پەیوەندی بە نیشتەجێ بوون و خزمەت گوزاریەکانی کارەباو ئاو گواستنەوە و پەیوەندیەکان هەیە.

## بەشی چوارەم

**ماددەی ١٥**

١- دەوڵەتانی لایەن لە بەردەم یاسادا یەکسانی دەبەخشنە ژنان لەگەڵ پیاواندا.

٢- دەوڵەتانی لایەن لە کاروباری مەدەنیدا بارێکی یاسایی دەبەخشنە ژنان کە هاوشێوەی باری یاسایی پیاوان بێت هەمان هەلی پەیڕەکردنی ئەو بارەی یاساییەی هەیە کە بۆ پیاوان دیاری کراوە، مافی ژنان یەکسانە لەگەڵ پیاواندا لە ئەنجامدانی گرێ بەست و بەڕێوەبردنی کاروباری هەر موڵک و سامانێک هەیبێت، لە هەموو ڕێوشوێنە یاساییەکانیشدا لە دادگاو ئاژانسە دادوەرییەکاندا هەمان مافی پیاوانی دەبێت.

٣-دەوڵەتانی لایەن ڕەزامەند دەبن لە سەر ئەوەی کە سەرجەم گرێ بەستەکان و هەموو شێوازەکانی بەندە تایبەتەکان کە ڕێوشوێنێکی یاساییان هەیەو ئامانجیان ڕێگری دروست کردنە لە بەردەم بارە یاساییەکانی ژنان پوچەڵ بکەنەوە و کاری پێنەکرێت.

٤- دەوڵەتانی لایەن هەمان ماف دەبەخشنە پیاوان و ژنان لەوەی کە پەیوەستە بە یاسای جموجۆڵی هاوڵاتیان و ئازادی هەڵبژاردنی شوێن و نیشتە جێبوون.

**ماددەی ١٦**

١- دەوڵەتانی لایەن هەموو ڕێو شوێنێکی گونجاو دەگرنە بەر بۆ نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان لە هەموو بوارەکانی پەیوەست بە باری خێزانی و پەیوەندی یە خێزانیەکان، بە شێوەیەکی تایبەت دابین کردنی بنەمای یەکسانی ژن و پیاو.

ا/ هەمان ماف لە گرێ بەستی باری خێزانی ( عقد الزواج).

ب/ هەمان ماف لە ئازادی هەڵبژاردنی هاوژین، بە ڕەزامەندی تەواوی خۆی نەبێت گرێ بەستی باری خێزانی ئەنجام نادرێت.

ج/ هەمان ماف و بەرپرسیارێتی لە کاتی شوکردن و هەڵوەشاندنەوەی گرێ بەست و جیابوونەوە.

د/ هەمان ماف و بەرپرسیارێتی وەک دایک، بە بێ هەند وەرگرتنی باری خێزانی بە هەمان شێوە لەو کارو بارانەی پەیوەستن بە منداڵەکانی، لە هەموو دۆخێکدا پێویستە بەرژەوەندی منداڵەکان سەروی هەموو شتێک بێت.

ه/ هەمان مافی هەبێت لە بڕیاردان بە ئازادی بە هەستکردنی بەرپرسیارێتی لە دیاری کردنی ژمارەی منداڵ و ماوەی نێوان منداڵێک و منداڵێکی تر، هەروەها بۆی هەیە داوای بەدەست هێنانی زانیاری و خۆڕۆشنبیرکردن و ئامرازەکانی هۆکار لە بەجێ گەیاندنیان بکات.

و/ هەمان ماف و بەرپرسیارێتی لەوەی پەیوەندی هەیە بە سەرپەرشتی کردنی منداڵان و لە خۆ گرتنیان، یا خود ئەوەی هاوشێوەیەتی لە رێکخراو دەزگا کۆمەڵایەتیەکان ئەگەر لە چەمکە یاساییە نیشتمانیەکاندا بوونی هەبێت، لە هەموو دۆخێکیشدا بەرژەوەندی منداڵان سەروی هەر بارێکی دیکە دەبێت.

ز/ هەمان مافی کەسێتی بۆ هەردوو هاوسەر، تەنانەت مافی دەست نیشانکردنی ناوی خێزانی پیشەو فەرمانبەرێتی.

ح/ هەمان ماف بۆ هەردوو هاوسەر لەوەی پەیوەندی هەیە بە موڵک داری و چاودێری کردن و بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن پێوەی بە بێ بەرامبەر یاخود بە بەرامبەری نرخێکی دیاری کراو.

٢- مارەکردن لە تەمەنی ومنداڵیدا هیچ بنەمایەکی یاسایی نابێت و هەموو ڕێو شوێنێکی پێویست دەگیرێتە بەر تەنانەت دەرکردنی یاسا بۆ دیاری کردنی کەمترین تەمەن بۆ هاوسەرگیری و تۆمارکردنی هاوسەرگیریەکە لە دۆسییەی فەرمیدا بکرێت بە فەرمانی زۆرە ملێ.

# بەشی پێنجەم

**ماددەی ١٧**

بە مەبەستی دیراسەکردنی ئەو پێشکەوتنەی لە جێبەجێ کردنی ئەم ڕێککەوتنامەیە بەدەست دێت لیژنەیەک بۆ نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان پێک دەهێنرێت ( دواتر ناوی لیژنەکە دیاری دەکرێت ) لە دەست پێکی جێبجێ کردنی ڕێککەوتننامەکە لە هەژدە پسپۆڕ و دوای پەسەند کردنی دەوڵەتی لایەنی ژمارە (٣٥ ) ژمارەی پسپۆڕانی لیژنەکە دەبێتە ( ٢٣) پسپۆڕی خاوەن تواناو باکراوەندی بەرز لە مەیدنی کارکردن لەو بوارەی پەیوەستە بەم ڕێکەوتنامەیە، ئەندامانی لیژنەکە لە لایەن دەوڵەتانی لایەن لە نێو هاونیشتمانیانی خۆیان هەڵیان دەبژێرن و دوای هەڵبژاردنیان بە خەسڵەتی کەسێتی خۆیان کار دەکەن.

١- لە دیاری کردنی ئەندامانی لیژنەکە دابەشکردنی جوگرافی داد پەروەرانە پەیڕەو دەکرێت بۆ نوێنەرایەتی کردنی سەرجەم شێوازە کلتوری و ڕێسا یاساییە سەرەکییەکان.

٢- ئەندامانی لیژنەکە بە شێوەی دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێرێن، دوای ئەوەی لیستێک بە ناوی کاندید کراوان لە لایەن دەوڵەتانی لایەنەوە ئامادە دەکرێت، هەر دەوڵەتێکیش تەنها یەک کاندیدی دەبێت.

٣- هەڵبژاردنی یەکەم پاش شەش مانگ لە جێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامەکەو پێش سێ مانگ بەلایەنی کەم لە ڕێکەوتی هەر هەڵبژاردنێک ئەنجام دەدرێت، ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نامەیەک ئاراستەی هەریەک لە دەوڵەتانی لایەن دەکات بۆ ئەوەی کاندیدی خۆیان لە ماوەی دوو مانگدا ئامادە بکەن، ئەمینداری گشتی لیستێک بە پێی ڕیز بەندی پیتەکان بە ناوی سەرجەم کانید کراوان ئامادە دەکات، ئەو لایەنانە دەخاتە ڕو کەکاندیدی کردون پێشکەشی دەوڵەتانی لایەن بە گشتی دەکات.

٤- هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەکە لە کۆبوونەوەی دەوڵەتانی لایەن ئەنجام دەدرێت و لە لایەن ئەمیداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای ئەو کۆبونەوەیە دەکرێت، لەو کۆبونەوەیەدا پێویستە دوو لە سەر سێی دەوڵەتانی ئەندام ئامادە بن بۆ ئەوەی ڕێژەی یاسایی هەبێت، ئەو کاندیدانەی زۆرینەی دەنگی دەوڵەتانی ئەندام بە دەست بهێنن دەبنە ئەندامانی لیژنەکە.

٥- ئەندامانی لیژنەکە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێرێن، بەڵام نۆ ئەندام لە وانەی لە هەڵبژاردنی یەکەمدا هەڵبژێردراون دوای دوو ساڵ لە هەڵبژاردنیا کۆتایی بە ئەندام بوونیان دێت و سەرۆکی لیژنە پاش هەڵبژاردنی یەکەم بە شێوەی قورعە ناوی هەر نۆ ئەندامەکە دیاری دەکات.

٦- بە پێی ئەو ڕێسایانەی لە بەندەکانی ( ٢، ٣، ٤ ) ئەم ماددەیە پاش پەسەند کردنی یاخود ئەندام بوونی ژمارە سی و پێنج هەڵبژاردنی پێنج ئەندامەکە ئەنجام دەدرێت و بەم بۆنەیەوە ماوەی ئەندامێتی دوو ئەندام لە ماوەی دوو ساڵدا کۆتایی پێ دێت و بە شێوەی قورعە ناویان لە لایەن سەرۆکی لیژنەوە دیاری دەکرێت.

٧- بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی لە ناکاودا دروست دەبن، ئەو دەوڵەتە لایەنەی کە ئەندامە پسپۆڕەکەی لە لیژنەکە نامێنێت بە هۆکارێکی لە ناکاو بۆی هەیە ئەندامێکی دیکە بۆ شوێنگرتنەوەی دابمەزرێنێت بۆ ئەوەی لە لیژنەکەدا دەست بەکار بێت، ئەمەش بە ڕەزامەندی لیژنەکە دەبێت.

٨- ئەندامانی لیژنەکە بە ڕەزامەندی کۆمەڵەی گشتی لە بودجەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێی ئەو ڕیساو مەرجانەی کۆمەڵە دیاری دەکات پاداشت دەکرێن، بە لەبەرچاو گرتنی گرنگی ئەو بەر پرسیاریەتیەیی کەوتۆتە ئەستۆی لیژنەکە.

٩- بۆ بەڕێوەبردنی کارو ئەرکەکانی لیژنەکە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان فەرمانبەری پێویستیان بۆ دابین دەکات بە پێی ئەم ڕێکەوتننامەیە.

**ماددەی ١٨**

١- دەوڵەتانی لایەن پەیمان دەدەن کە ڕاپۆرتێک پێشکەشی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن بۆ ئەوەی لە لایەن لیژنەکەوە تێڕوانینی بۆ بکرێت سەبارەت بەو ڕێ و شوێنە تەشریعی و دادوەری و کارگێڕی و هەنگاوەکانی دیکە لە پێناو جێبەجێ کردنی ڕێساکانی ئەم ڕێککەوتنامەیەگیراوەتە بەرو ڕادەی ئەو پێشکەوتنانەی لە و ڕووە وە ئەنجام دراون، ئەمەش بە پێی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

ا/ لە ماوەی یەک ساڵدا لە ڕێکەوتی جێبەجێکردنیەوە لە لایەن دەوڵەتی مەبەست.

ب/ پاشان چوار ساڵ جارێک بە لانی کەم یاخود هەر کاتێک کە لیژنەکە داوای کرد.

٢- پێویستە لە ڕاپۆرتەکەدا هۆکارو ئەستەمە کاریگەرەکان لە سەر پابەند نەبوون بە ڕاسپاردەکانی ئەم ڕێکەوتنامەیە ئاماژەی پێبکرێت.

**ماددەی ١٩**

١- لیژنەکە کار بە پەیڕەوی ناوخۆی تایبەت بە خۆی دەکات.

٢- لیژنەکە ئەندامانی نوسینگەکەی بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبژێرێت.

**ماددەی ٢٠**

١- بە پێی ماددەی (١٨) لەم ڕێککەوتننامەیە لیژنەکە بە شێوەیەکی ئاسایی ساڵانە بۆ ماوەی دوو هەفتە کۆ دەبێتەوە بە مەبەستی تاوتێکردنی ئەو ڕاپۆرتانەی پێشکەشیان دەکرێت.

٢- کۆبونەوەکانی لیژنەکە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان یاخود لە هەر شوێنێکی تری گونجاو کە لیژنەکە دیاری بکات ئەنجام دەدرێت.

**ماددەی ٢١**

١- لیژنەکە لە ڕێگەی ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕاپۆرتێکی ساڵانە سەبارەت بە کارو چالاکی وبۆ چونەکانیان و ڕاسپاردە گشتیەکان کە لە سەر بنەمای وورد بوونەوە لە ڕاپۆرت و زانیاریەکانی وولاتانی

ئەندام ئامادە دەکرێت پێشکەشی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات. هەموو ڕاو بۆچونەکان و ڕاسپاردە گشتیەکان لە ڕاپۆرتی لیژنەکەدا دەخرێنە ڕوو، هەروەها ئەگەر وولاتانی ئەندام کۆمێنتیان هەبێت لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێدەکرێت.

٢- ئەمینداری گشتی ڕاپۆرتەکانی لیژنەکە ڕەوانەی لیژنەی مەڵبەندی ژنان دەکات بە مەبەستی پێڕاگەیاندنیان.

**ماددەی ٢٢**

ئاژانسە پسپۆڕەکان مافی ئەوەیان هەیە نوێنەریان هەبێت لە کاتی وورد بینی کردنی ئەو ئەرکانەی لە چوار چێوەی چالاکێکانیاندایە بەپێی ڕێساکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە، لە بەرامبەریشدا لیژنەکە بۆی هەیە داوا لە ئاژانسە پسپۆڕەکان بکات ڕاپۆرتی خۆیان بخەنە ڕوو سەبارەت بە جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە لەو بوارانەی دەکەوێتە چوارچێوەی چالاکیەکانیان.

## بەشی شەشەم

**ماددەی ٢٣**

لەم ڕێکەوتنامەیەدا هیچ ڕێسایەک دیاری نەکراوە کە ئاسانکاری زیاتر بکات بۆ جێگیربوونی یەکسانی نێوان ژن و پیاو کە دەشێت ئاماژەی پێکرابێت بە پێی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

ا/ لە یاسا دانانەکانی وولاتێک لە وولاتانی لایەن.

ب/ لە ڕێکەوتننامە یان پەیماننامە یاخود ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی دیکە کە بەردەوامی هەبێت بۆ ئەو دەوڵەتە.

**ماددەی ٢٤**

وولاتانی ئەندام پەیمان دەدەن بە گرتنە بەری هەموو شێوازێکی پێویست لە سەر ئاستی نیشتمانی بە ئامانجی هاتنە دی کاری تەواو بۆ ئەو مافانەی دانی پێدا نراوە لەم ڕێککەوتننامەیەدا.

**ماددەی ٢٥**

١- دەرگای واژۆ کردن لەسەر ئەم ڕێککەوتننامەیە کراوەیە بۆ سەرجەم وولاتان.

٢- ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەبێت.

٣- ئەم ڕێککەوتنامەیە دەکەوێتە ژێر باری پەسەند کردن، بەڵگە نامەکانی پەسەندکردنیش لە لایەن ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەپارێزرێت.

٤- دەرگای چوونە پاڵ ئەم رێککەوتننامەیە بۆ سەرجەم وولاتانی جیهان کراوە دەبێت، ئەندام بوون بە دانانی بەڵگە نامە لای ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت.

**ماددەی ٢٦**

١- هەروولاتێک لە وولاتانی ئەندام بۆی هەیە لە هەرکاتێکدا بخوازێت داوای پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنامەکەدا بکرێت، ئەمەش بە ڕاگەیاندنی داواکاریەک کە ئاراستەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت.

٢- کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کاتی پێویستدا بڕیار دەدات سەبارەت بەو داواکاریە هەنگاوی گونجاو بگیرێتە بەر.

**ماددەی ٢٧**

١- پاش تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر پەسەند کردنی بەڵگەنامە یاخود بیستەمین ئەندام بوون لە لایەن ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کار بە ڕێککەوتنامەکە دەکرێت.

٢- سەبارەت بە هەر وولاتێک کە پەسەندی ڕێککەوتننامەکە دەکات یاخود پاش ئەوەی بەڵگەی پەسەند کردن یان لایەنگیری دەگاتە بیست دەوڵەتی لایەن، جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە پاش سێ ڕۆژ لە ڕێکەوتی گەیشتنی بەڵگەی پەسەند کردنی ئەو وولاتە دەبێت.

**ماددەی ٢٨**

١- ئەو تەحەفوزانەی لە لایەن وولاتانەوە لە کاتی پەسەند کردنی ڕێککەوتننامەکە یاخود ئەندام بوون دەخرێنە ڕوو ڕادەستی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت و ئەویش گشتاندنی بۆ دەکات بۆ هەموو وولاتان.

٢- ڕێگە نادرێت بە هیچ جۆرە سڵمینەوەیەک کە لە گەڵ بابەت و مەبەستەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا نەگونجێت.

٣- ڕێگە دەدرێت بە کێشانەوەی سڵەمینەوەکان لە هەر کاتێکدا بێت ئەمەش بە بەرزکردنەوەی ئاگاداریەکی پەیوەست بەو بابەتە بۆ ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان،لە لایەن ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەرجەم وولاتانی ئەندام ئاگادار دەکرێنەوە و لە ڕێکەوتی گەیشتنیەوە کاری پێدەکرێت.

**ماددەی ٢٩**

١- هەر ناکۆکیەک لە نێوان دوو دەوڵەت یاخود زیاتر لە وولاتانی ئەندام دەربارەی شیکردنەوە یان جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنامەیە ڕوو بدات و لە ڕێگەی دانوستاندن چارەسەر نەکرێت، ئەو ناکۆکییە ڕوو بە ڕووی یەکلایی دەکرێت، ئەمەش بە پێی داوای یەکێک لەو وولاتانە دەبێت. ئەگەر لایەنەکان نەیانتوانی لە ماوەی شەش مانگداو لە ڕێکەوتی یەک لای کردنەوەکەوە بگەنە ئەنجام بۆیان هەیە ناکۆکیەکە ئاراستەی دادگای دادی نێو دەوڵتی بکەن بە پێی سیستەمی بنەڕەتی دادگاکە.

٢- هەر دەوڵەتێک لە کاتی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە یاخود پەسەندکردنی یان بوون بە ئەندام بۆی هەیە ڕای بگەیەنێت کە پابەند نابێت بە بڕگەی ( ١ ) لەم ماددەیە، وولاتە ئەندامەکانی دیکەی ئەم ڕێککەوتننامەیە لەو حاڵەتەدا پابەندی ئەو بڕگەیە نابن لە بەرامبەر ئەو دەوڵتەی لەو بارەیەوە سڵەمینەوەی خۆی ڕاگەیاندووە.

٣- بە پێی بڕگە دووی ئەم ماددەیە هەر دەوڵەتێک سڵەمینەوەی ڕاگەیاندبێ بۆی هەیە لە هەرکاتێکدا خواستی بوو بە ئاگادار کردنەوەیەک کە ئاراستەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت پاشگەز ببێتەوە.

**ماددەی ٣٠**

ئەم ڕێککەوتننامەیە بە زمانەکانی ( ئیسپانی، ئینگلیزی، چینی، ڕوسی، عەرەبی، فەڕەنسی ) ڕادەستی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت بە مەبەستی هەڵ گرتن و جێبەجێکردن

# ڕێککەوتننامەی مافەکانی منــداڵ

## لەخۆ گیراوە و کرایەوە بۆ واژۆکردن و پشتڕاستکردنەوە  یان چوونە ناو لە لایەن کۆمەڵەی گشــتی بە بڕیاری ٤٤/ ٢٥ لە ٢٠ ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩

**چووە بواری جێبەجێ کردنەوە لە ٢ ی ئەیــلولی ١٩٩٠ بە پێ ی ماددەی ٤٩**

**دیباجە**

وولآتانی ئەندام لەم ڕێککەوتننامەیە،

لە کاتێکدا وای دەبینن کە بە پێ ی پرەنسیپەکانی ڕاگەیەندراو لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان ، داننان بە شکۆمەندی  رەسەن بۆ هەموو ئەندامانی خێزانی مرۆڤایەتی و مافە یەکسانەکانیان کە دەستکاری کردن هەڵناگرێت، بناغەی ئازادی و دادپەروەری و ئاشتیە لە جیــهان، وە لە کاتێکدا کە ئەوە لە بەرچاو دەگرن کە گەلانی نەتەوە یەکگرتوەکان سەرلەنوێ لە پەیماننامەکەدا باوەڕیان دووپات کردۆتەوە بە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ و بە شکۆمەندی تاک و چارەنوسی، بڕیاریان داوە کە پاڵ بنێن بە رقی کۆمەڵایەتی بۆ پێشەوە وە ئاستی ژیانیش لە کەشێکی ئازادی فراوانتردا بەرزتر بکەنەوە ،

لە کاتێکدا هەست بەوە دەکەن کە نەتەوە یەکگرتوەکان ئەوەی ڕاگەیاندوە لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و هەردوو پەیماننامەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ ، کە هەر مرۆڤێـک مافی خۆیەتی کە پیادەی هەموو ئەو ماف و ئازادیانە بکات کە لەو بەڵگەنامانەدا هاتوون، بەبێ هیچ جیاکاریەک لە جۆرەکانی جیاکاری بەهۆی رەگەز یان رەنگ یان سیکس یان زمان یان ئایین یان بیرو ڕای سیاسیی یان رەچەڵەکی نەتەوەیی یان کۆمەڵایەی یان سامان یان لە دایک بوون یان هەر هۆکارێکی تر، وە لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن،

لە کاتێکدا ئاماژە بەوە دەکەن کە نەتەوە یەکگرتوەکان لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندووە کە منالّی مافی چاودێری و هاریکاری تایبەتیان هەیە،

وە لە باوەڕیشیان بەوەی کە خێزان، وەک یەکەیەکی بنەڕەتی کۆمەڵگا و ژینگەی سروشتی گەشەکردن و خۆشگوزەرانی هەموو تاکەکانی خێزان و بە تایەتیش مندالانە، پێویستە پاراستن و هاریکاری پێویستیان بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی بتوانی تەواوی بەرپرسیاریەتەکانی خۆی لە ئەستۆ بگرێت لە ناو کۆمەڵگە،

لە کاتێکدا دان دەنێن بەوەی کە منداڵ،  بۆ ئەوەی کەسایەتی بە تەواوی و بەشێوەیەکی گونجاو گەشە بکات دەبێت لە ژینگەیەکی خێزانی و لە کەشێکی پڕلە ئاسودەیی و خۆشەویستی و لێکتیگەیشتن گەورەبیت ،

وە لە کاتێکدا وای دەبینن کە منداڵ ئەبی بە تەواوی ئامادە بکرێت بۆئەوەی ژیانێکی تاکی لە کۆمەڵگە و پەروەردە بکرێت بە گیانی بەها بەرزەکانی کە ڕاگەیاندراوە لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان، بەتایبەتیش گیانی ئاشتی و شکۆمەندی و لێبوردەیی و ئازادی و یەکسانی و برایەتی،

وە لە کاتێکدا ئەوە لەبەرچاو دەگرن کە پێویستی بۆ دابین کردنی چاودێریەکی تایبەت بۆ منداڵ هاتوە لە جاڕنامەی جنێڤ بۆ مافەکانی منداڵانی ساڵی ١٩٢٤ و لە جاڕنامەی مافەکانی منداڵان کە لە لایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە لە خۆگیرا لە ٢٠ تشرینی یەکەمی / نوڤیمبەری سالی ١٩٥٩ و کە دانی پیانراوە لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ( و لە پایماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان ) و بە تایبەتیش ماددەکانی ٢٣ و ٢٤ لە پەیماننامەی تایبەت بە مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان (بەتایبەتیش ماددەی ١٠) و لە رژێمە بنەڕەتیەکان و بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکانی تری ئاژانسە تایبەتمەندەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەندیدار بە بەرژەوەندی منداڵ،

وە لە کاتێکدا ئەوە لەبەرچاو دەگرن کە " منداڵ " بەهۆی نا کامل بوونی پێگەیشتوویی جەستەیی و ژیری ، پێویستی بە هەندی رێکاری پاراستن و چاودێری تایبەت هەیە، لە نێویشیان دا پاراستنی یاسایی گونجاو، پێش لە دایک بون و دوای لە دایک بوونیشی" ئەوەش هەروەک هاتوە لە جاڕنامەی مافەکانی منداڵ،

وە لە کاتێکدا ئاماژە دەکەن بۆ ئەحکامەکانی جاڕنامەی پەیوەست بە پرەنسیپە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانی پەیوەندیدار بە پاراستنی منداڵان و چاودێری کردنیان، لەگەڵ گرنگی دانی تایبەت بە دایەنگاو لە خۆگرتن لە سەر هەردوو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی، وە بۆ لایەنی کەمی بنەما نمونەییەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دادوەری منداڵان (بنەماکانی پەکین) وە بۆ جاڕنامەی پاراستنی ژنان و منداڵان لە کاتی تەنگەتاوی و کێشە چەکداریەکان،

وە لە کاتێکدا پێلێ ئەنێن بەوەی کە لە هەموو وولاتانی جیهان ، منداڵانێک هەن کە لە بارودۆخێکی زۆر قورس دەژین، وە کە ئەو منداڵانە پێویستیان بە چاودێری تایبەت هەیە،

وە لە کاتێکدا ئەوە لەبەرچاو دەگرن کە دەبێت گرنگی بدرێت بە نەریتەکانی هەموو گەلێک و بەها کەلتوریەکانیان بۆ پاراستنی منداڵ و گەشەکردنی بە شێوەیەکی گونجاو و لە بار،

وە لە کاتێکدا هەست بە گرنگی هەمئاهەنگی نێودەوڵەتی دەکەن بۆ باشتر کردنی بارودۆخی گوزەرانی منداڵان لە هەموو دەوڵەتان، بە تایبەتیش دەوڵەتە گەشە کردووەکان،

رێککەوتن لەسەر ئەمانەی خوارەوە:

## بەشی یەکەم

**ماددەی١**

بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە، منداڵ واتە هەر مرۆڤێک تەمەنی ١٨ساڵی تەواو نەکردبێت، نەگەیشتبێتە تەمەنی پێگەیشتوو، ئەمەش بەپێی ئەو یاسایەی کە بەسەریدا جێبەجێ دەبێت.

**ماددەی٢**

ا/ وولاتانی ئەندام ڕێز لەو مافانە دەگرن کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا ڕونکراوەتەوە، دەستەبەری دەکەن بۆ هەموو منداڵێک بەبێ جیاوازیکردن، بە چاوپۆشین لە ڕەگەزی منداڵەکە یان دایک و باوکی یان بەخێوکارە یاساییەکەی یان ڕەگەز یان ڕەنگیان یان زمانیان یان ئاینیان یان بۆچوونی سیاسیان یان نەتەوە یان سامانیان یان نەتوانینیان یان زێدیان، یان هەر بارودۆخێکی تر.

ب/ وولاتانی ئەندام هەموو ڕێکارێکی گونجاو دەگرنە بەر بۆ مسۆگەرکردنی پاراستنی منداڵ، لە هەر شێوازێکی جیاوازیکردن یان سزادان کە لەسەر بنچینەی پلەوپایەی دایک و باوکی یان بەخێوکارە یاساییەکانی منداڵ یان ئەندامانی خێزانەکەی یان چالاکیەکانیان یان ئەو ڕاوبۆچوونانەی کە دەریدەبڕن یان بیروباوەڕیان.

**ماددەی٣**

ا/ لەهەموو ئەو لێپێچینانەوەی پەیوەندییان بە منداڵەوە هەیە، دامودەزگاو دامەزراوە پەیوەندیدارەکان پێی هەڵدەستن، ئەگەر هاتو ئەو لایەنانە دامەزراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی تاییبەت بێت یان گشتی یان دادگاکان یان دەسەڵاتە کارگێرییەکان یان دەزگاکانی یاسادانان بێت پێویستە بەرژەوەندی باڵای منداڵ ڕەچاو بکەن.

ب/ وولاتانی ئەندام پەیماندەدەن پاراستن و چاودێری پێویست و خوشگوزەرانی بۆ منداڵ دەستەبەربکەن، بەڕەچاوکردنی ئەرک و مافی دایک و باوک و بەخێوکارو لێپرسراوی یاسایی منداڵ، بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستەش هەموو ڕێکارێکی یاسایی و کارگێڕی گونجاو دەگرنە بەر.

ج/ وولاتانی ئەندام ئەوە لە ئەستۆ دەگرن کە دەزگاکان و بەڕێوەبەرایەتیەکان و لایەنە بەرپرسیارەکان وابەستە بکەن بە پاراستن و چاودێریکردنی منداڵەوە، بەو پێوەرانەی کە دەستەڵاتە تایبەتییەکان دایانناوە بە تایبەتی لە بوارەکانی سەلامەتی و تەندروستی و ژمارەی ئەو فەرمانبەرانەو سەلاحیاتیان بۆ کارکردن هەروەها لەلایەنی تواناو سەرپەرشتیکردنیشەوە.

**ماددەی٤**

ووڵاتانی ئەندام  هەموو ڕێکارێکی یاسایی و کارگێڕی دەگرنەبەر و هەر ڕێوشوێنێکی تریش کە گونجاوبێت بۆ خستنەگەڕی ئەو مافانەی کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا دانپیادا نراوە، سەبارەت بە مافە ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان، دەوڵەتانی لایەنیش ئەم ڕێکارانە دەگرنەبەر تا ئەو پەڕی تواناییان ئەگەر پێویست بکات لە چوارچێوەی هاوکاری نێودەوڵەتیدا.

**ماددەی٥**

ووڵاتانی ئەندام  ڕێز لە ماف و بەرپرسیارێتی و ئەرکەکانی دایک و باوک دەگرن یان لەکاتی پێویستدا هی ئەندامانی خێزانە بەرفروانەکان بەرەچاوکردنی نەریتی کۆمەڵایەتی یان بەخێوکار یان هەرکەسێکی تر کەبەپێی یاسا لێپرسراوی منداڵن، بەشێوەیەک کە لەگەڵ توانا پەرەسەندووەکانی منداڵدا بگونجێت، ڕێنمایی وئامۆژگاری گونجاو بۆ منداڵەکە فەراهەم بکەن لەکاتی ممارەسەکردنی مافە دانپێدانرەوەکانیدا کە لەم ڕێککەوتننامەیدا هاتوون.

**ماددەی٦**

ا/ ووڵاتانی ئەندام  دان بەوەدا دەنێن کە هەموو منداڵێک مافێکی ڕەسەنی هەیە لەژیاندا.

ب/ ووڵاتانی ئەندام  تا ئەوپەڕی توانا مافی گەشەکردن و مانەوەی منداڵ لە ئەستۆ دەگرن.

**ماددەی٧**

ا/ دەستبەجێ منداڵ لەدوای لەدایکبوونی ناوی تۆمار دەکرێت لەگەڵ لەدایکبوونیشدا مافی بوونی ناوو ڕەگەزنامەی هەیە، بەپێی تواناش مافی ناسینی دایک و باوک و  چاودێریکردنی لەلایەن ئەوانەوە هەیە.

ب/ ووڵاتانی ئەندام  بەکرداریکردنی ئەم مافانە لە ئەستۆ دەگرن بەپێی یاسا نیشتمانییەکان و بە گوێرەی پابەندبوونیان بە قەواڵە نێودەوڵەتیەکانەوە کە پەیوەستن بەم بوارەوە، ئەمەش لە کاتێکدا  کە منداڵەکە بێ ڕەگەزنامە دادەنرێت ئەگەر ئەو مافانەی بە فەرمی بۆ نەناسێنرێت.

**ماددەی٨**

ا/ ووڵاتانی ئەندام  پەیمان دەدەن ڕێزی مافی منداڵ بگرن، بۆ پاراستنی ناو و ناسانامەو ڕەگەزنامەو پەیوەندییە خێزانەکانی، بەشێوەیەک کە یاسا ڕێگەی پێ بدات بەبێ هیچ دەستێوەردانێکی ناڕەوا.

ب/ ئەگەر هەر منداڵێک بەشێوەیەکی ناڕەوا بێبەشکرا لە بەشێک یان هەموو پێکهاتەی ناسنامەکەی، ئەوا ووڵاتانی ئەندام  هاوکاری پێویست پێشکەش دەکەن بۆ دەستەبەرکردن و سەرلەنوێ چەسپاندنەوەی ناسنامەکەی.

ماددەی٩

ا/ وولآتانی ئەندام دەستەبەری جیانەبوونەوەی منداڵ بەبێ ڕەزامەندی دایک و باوک دەکەن، جگە لەو بارودۆخانەی کە دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان بڕیار لەسەر ئەو جیابوونەوانە دەدات ئەمەش بەند دەبێت بەپیاداچونەوەی قەزاوە بەپێی ئەو یاساو لێپێچینەوانەی کە کارییان پێدەکرێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی منداڵ، ئەمەش لەو بارودۆخانەدا دەبێت کە منداڵ ڕووبەڕوی خراپ مامەڵەکردن بوبێتەوە لە لایەن دایک و باوکیەوە یان لەکاتێکدا کە دایک و باوک بەجیا بژین لەم دۆخەشدا پێویستە بڕیارێک وەربگیرێت دەربارەی شوێنی نیشتەجێبوونی منداڵەکە.

ب/ بەپێی برگەی (١)ی ئەم بەندە هەرسکالآیەک کە بەرز دەکرێتەوە، هەل بۆ هەموو لایەنە پەیوەنیدارەکان دەرەخسێنرێت بۆ بەشداریکردن لە داواکەدا و خستنەڕووی بیر و بۆچوونیان.

ج/ وولآتانی ئەندام ڕێز لە مافی ئەو منداڵانە دەگرن کە لە دایک و باوکیان دابڕاون یان لەگەڵ یەکێکیاندا دەژین بۆ پارێزگاریکردن لە پەیوەندییە کەسییەکانی لەگەڵ دایک و باوکیدا جگە لەو دۆخانەی کە دژ بە بەرژەوەندییە باڵاکانی منداڵ دەوەستێتەوە.

د/ لەو بارودۆخانەدا کە ئەم جیاکردنەوەیە ڕوودەدات بەهۆی هەر هەڵوێستێک کە دەوڵەتێک لە دەوڵەتەکانی لایەن وەریگرتبێت، بۆ نمونە دایک و باوک یان یەکێکیان یان منداڵەکە ڕووبەڕوی دەستبەسەر یان بەندکردن یان دوورخرانەوە یان ڕاگواستن یان مردن بەهۆی هەر هۆکارێکەوە بووبێتەوە، لەکاتێکدا دەوڵەت دەستبەسەری کەسەکە دەکات، ئەو دەوڵەتە لایەنە کاتێک داوای لێبکرێت زانیاری بنەڕەتی تایبەت بەشوێنی ئەندامە ونبوەکە یان ئەندامە ونبوەکانی خێزانەکە پێشکەش بە دایک و باوک یان منداڵ یان لەکاتی پێویستدا ئەندامانی تری خێزانەکە دەکات، تەنها لەدۆخێدا نەبێت ئەو زانیاریانە لە بەرژەوەندی منداڵەکە نەبێت، هەروەها وولآتانی ئەندام مسۆگەری ئەوەش دەکەن پێشکەشکردنی ئەم داوایە نەبێتە هۆی ئەوەی زیان بەکەسی پەیوەندیدار یان کەسە پەیوەندیدارەکان بگەیەنێت.

ماددەی١٠

ا/ بەپێی ئەو پابەندبوونانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی وولآتانی ئەندام ، بەپێی برگەی (١) لە ماددەی(٩)دا، وولآتانی ئەندام بەشێوەیەکی باش و خێرا، سەیری ئەو داوایانە دەکەن کە دایک و باوک یان منداڵ پێشکەشی دەکات بۆ چوونەناوەوە یان چوونەدەرەوەی دەوڵەتێکی لایەن بەمەبەستی یەکگرتنەوەی خێزان، وولآتانی ئەندام یش ئەوە لە ئەستۆدەگرن کە پێشکەشکردنی داواکاری وا دەرئەنجامی خراپی لێنەکەوێتەوە بۆ پێشکەشکەرانی داواکەو ئەندامانی خێزانەکەیان.

ب/ ئەو منداڵەی کە دایک و باوکی لە دوو دەوڵەتی جیاوازدا نیشتەجێن، مافی ئەوەی هەیە پارێزگاری لە پەیوەندییە کەسییەکانی و ڕاستەوخۆیەکانی لەگەڵ دایک و باوکیدا بکات، تەنها لە بارودۆخێکی نائاسایدا

نەبێت، بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەو بەپێی پابەندبوونی دەوڵەتی لایەن بە برگەی (١)ی ماددەی(٩)، وولآتانی ئەندام ڕێز لە مافی منداڵ و دایک و باوکی دەگرن لە چوونەناوەو دەرەوەی هەر وڵاتێک بە وڵاتەکەی خۆشیانەوە، مافی بەجێهێشتنی هەر وڵاتێکیش ملکەچی هیچ شتێک نابێت جگە لەو کۆتانەی کەیاسا دیارییان دەکات و پێویستن بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی یان سیستمی گشتی یان تەندروستی گشتی یان مافی کەسانی ترو ئازادییان یاخود ئادابی گشتی، ئەمەش هاوسەنگ گونجاو دەبێت لەگەڵ ئەو مافانەی تردا کە دانیان پیادا نراوە لەناو ئەم ڕێککەوتننامەیەدا.

ماددەی١١

ا/ وولآتانی ئەندام ڕێکاری پێویست دەگرنەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گواستنەوەی منداڵ بۆ دەرەوەو نەگەڕانەوەیان بەشێوەیەکی ناڕەوا.

ب/ بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستەش وولآتانی ئەندام هانی ڕێککەوتنی دوو لایەنەو فرەلایەنە یان چونە پاڵ ئەو ڕێککەوتننانەی کە هەن.

ماددەی١٢

ا/ وولآتانی ئەندام لەم ڕێککەوتننامەیەدا مافی ڕادەربڕین مسۆگەر دەکەن بۆ ئەو منداڵانەی کە توانای پێکهێنانی ڕای تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ دەربڕینی بە ئازادانە لە هەموو ئەو بابەتانەدا کە پەیوەندی بەخودی خۆیەوە هەیە، ڕای منداڵ بەپێی تواناو تەمەن و پێگەیشتنی بەهەندوەردەگیرێت.

ب/ بۆ ئەو مەبەستەش هەل بۆ منداڵ دەڕەخسێنرێت بەشێوەیەکی تایبەت بۆ ئەوەی گوێی لێبگیرێت لە هەر لێپێچینەوەیەکی قەزائی و کارگێڕیدا کە پەیوەندییان بە منداڵەکەوە هەبێت، چ ڕاستەوخۆبێت یان لە ڕێگەی نوێنەرەوە یان دەزگایەکی گونجاوەوە بێت، بەشێوەیەک کە لەگەڵ بنەماکانی یاسای نیشتمانیدا بگونجێت.

ماددەی١٣

ا/ منداڵ مافی ئازادی ڕا دەربڕینی دەبێت، ئەم مافەش داواکردنی هەموو جۆرە زانیاری و بیروڕا وەرگرتن و پەخشکردنی بێ هیچ سنور بۆ دانانێک دەگرێتەوە، چی بە وتن بێت یان بەنوسین و چاپکردن بێت یان بەهەر ڕێگەیەکی تر کە منداڵ خۆی هەڵیبژێرێت.

ب/ ئەشێت مومارەسەکردنی ئەم مافە پابەند بکرێت بەهەندێک کۆتەوە، بە مەرجێک بەپێی یاسا بێت و پێویستیش بێت بۆ زامنکردنی ئەمانە:

١/ ڕێزگرتن لەماف و ناوبانگی کەسانی تر.

٢/ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی یان سیستەمی گشتی یان تەندروستی گشتی یان ئادابی گشتی.

ماددەی١٤

ا/ وولآتانی ئەندام ڕێز لەمافی ئازادی بیرو ویژدان و ئاینی منداڵ دەگرن.

ب/ وولاّتانی ئەندام ڕێز لە ئەرک و مافەکانی دایک و باوک دەگرن هەروەها بەپێی حاڵەتیش لە بەخێوکاری یاسای، لە ئاراستەکردنی منداڵ بۆ مومارەسەکردنی مافەکانی بەشێوەیەک لەگەڵ توانای منداڵدا بگونجێت.

ج/ نابێت بانگەواز بۆ ئاین یان بیروباوەڕ پابەند بکرێت تەنها بەو کۆتانە نەبێت کە یاسا بڕیاریان لەسەر دەدات و پێویستن بۆ پاراستنی سەلامەتی گشتی یان سیستەم یان تەندروستی و ئادابی گشتی یان ماف و ئازادییەکانی کەسانی تر.

مادده‌ی١٥

ا/ وولاّتانی ئەندام داندەنێن بە مافی منداڵدا بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەو کۆبوونەوەی ئاشتیانەدا.

ب/ نابێت مومارەسەکردنی ئەم مافانە وابەستە بکرێن بە هەر کۆتێکەوە جگە لەو کۆتانەی کە بەپێی یاسا دەسەپێنرێن، کە لەکۆمەڵگەیەکی دیمۆکراتیدا لەپێناو پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و سەلامەتی گشتی یان ئازادی مافەکانی کەسانی تر یان سیستەم و تەندروستی گشتی یان ئادابی گشتی، هەلومەرجێکی پێویست دەیسەپێنێت.

مادده‌ی١٦

ا/ نابێت هیچ خۆ هەڵقورتانێکی نایاسایی لە ژیانی منداڵدا یان خێزانەکەی یان ماڵەکەی یان پەیوەندی و نامە گۆڕینەوەکانیدا بکرێت، ناشبێت هیچ لەکەیەکی نایاسایی لە شەرەف و ناوبانگی بدرێت.

ب/ منداڵ مافی ئەوەی هەیە یاسا بیپارێزیت لە هەر لەکە پێوەنان و ڕێپێگرتنێک.

مادده‌ی١٧

وولاّتانی ئەندام داندەنێن بەو فەرمانە گرنگانەدا کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەنجامی دەدەن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و بابەت لە هەموو سەرچاوە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکانەوە بەتایبەتی ئەوانەی دەبنە هۆی زیاتر خۆشگوزارانی منداڵ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕوحی تەندروستی و ژیرییەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستەش وولاّتانی ئەندام هەڵدەستن بەمانەی لای خوارەوە :

ا/ هاندانی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری ئەو بابەتانەی کە کەڵکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییان هەیە بۆ منداڵ بەپێی ماددەی (٢٩).

ب/ هاندانی هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و بابەت لەهەموو سەرچاوە ڕۆشنبیری و نیشتمانی و نێودەوڵەتیەکاندا.

ج/ هاندانی بەرهەمهێنانی پەڕتوکی منداڵ و بڵاوکردنەوەی.

د/ هاندانی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بۆ بایەخپێدانێکی تایبەت بۆ پێداویستیە زمانەوانیەکانی منداڵی گروپە کەمینەکان یان دانیشتوانە ڕەسەنەکان.

ﻫ/ هاندان بۆ دانانی بنەماو ڕێنمایی و ئامۆژگاری گونجاو و لەبار بۆ پاراستنی منداڵ لەو زانیاری و بابەتانەی کە زیان بە بەرژەوەندی منداڵ دەگەیەنێت بە ڕەچاوکردنی ئەحکامەکانی ماددەی( ١٣ و ١٨ ) ی ئەم ڕێککەوتننامەیە.

**ماددەی ١٨**

ا/ وولآتانی ئەندام ئەو پەڕی توانایان دەخەنەگەڕ بۆ دەستەبەرکردنی داننان بەو بنەمایەدا کە هەریەکە لە دایک و باوک لێپرسراوێتی هاوبەشیان دەکەوێتە ئەستۆ لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵدا، بەرپرسیارێتی یەکەمیش بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵ لە ئەستۆی دایک و باوکدا دەبێت یان بەرپرسە یاساییەکانی بەپێی حاڵەت، بەرژەوەندی باڵای منداڵیش وەک بابەتێکی بنچینەیی جێگەی گرنگی پێدانیان بێت.

ب/ لە پێناو دەستەبەرکردن و بەدیهێنانی ئەم مافانەی کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە، پێویستە وولآتانی ئەندام هاوکاری گونجاو پێشکەش بە دایک و باوک و لێپرسراوە یاساییەکانی منداڵ بکەن تاکو بتوانن بە ئەرکی پەروەردەکردن هەستن. بۆیە پێویستە پشتی پەرەپێدانی دامەزراوەو شوێنی خزمەتگوراییەکان و چاودێری منداڵ بگیرێت.

ج/ وولآتانی ئەندام هەموو ڕێکارێکی گونجاو دەگرنەبەر بۆ ئەو منداڵانەی کە دایک و باوکیان کار دەکەن، بۆ ئەوەی مافی سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزاری و دەزگاکانی چاودێری منداڵ بەشیوەیەکی شیاو بەخۆیان وەربگرن.

**ماددەی١٩**

ا/ وولآتانی ئەندام هەموو ڕێکارێکی یاسایی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و فێرکاری گونجاو دەگرنە بەر بۆ پاراستنی منداڵ لە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی و خراپ مامەڵەکردنێک و زیانپێگەیاندنێک لە ڕووی جەستەیی و دەرونی و پشتگوێخستن و ئیستغلالکردن و سێکسییەوە کە لەژێر چاودێری دایک و باوک یان بەخێوکاری یاسایدایە یان هەر کەسێکی تر کە چاودێریکردنی منداڵەکەی لە ئەستۆ گرتووە.

ب/ پێویستە ڕێکارەکانی پاراستن بەپێی پێویست لێپێچینەوەی کاراو کاریگەر بگرنەبەر بۆ دانانی بەرنامەی کۆمەڵایەتی بۆ دابینکردنی پاڵپشتی بۆ منداڵ بۆ ئەوانەشی کە پەیمان دەدەن چاودێری و سەرپەرشتی منداڵ بکەن، هەروەها بۆ شێوازەکانی تری پاراستن و دەستنیشاکردنی خراپماڵەکردن لەگەڵ منداڵدا باسکران، بۆ ئەوەی ئاشکرا بکرێت و هەوڵی بەدواداچوون و چاودێریکردن و چارەسەرکردنیان بدرێت و بەپێی پێویستیش دەزگای قەزا بەشداری و تەدخولی هەبێت.

**ماددەی٢٠**

ا/ ئەو منداڵانەی کە بەشێوەیەکی کاتی یان هەمیشەیی لە ژینگەی خێزانییان بێبەشن یان پاراستنی بەرژەوەندی باڵای ئەو منداڵانە وابخوازێت لەو ژینگەیەدا نەمێننەوە ئەوا مافی ئەوەیان هەیە لەلایەن دەوڵەتەوە پاراستن و هاوکارییان بۆ دەستەبەربکرێت.
ب/ووڵاتانی ئەندام بەپێی یاسا نیشتمانیەکانیان چاودێریکردنی جێگرەوە بۆ ئەو منداڵانە دەستەبەر دەکەن.
ج/ ئەشێت ئەم چاودێریکردنە کۆمەڵێک شت بگرێتەوە، دایەنگا یان ئەو کەفالەتەی لە یاسای ئیسلامدا هاتووە یان گرتنەخۆ یان لەکاتی پێویستدا مانەوەیان لە دامەزراوەکانی چاودێری منداڵاندا، لەکاتی گەڕان بەدوای چارەسەردا پێویستە بایەخدانی تەواو لەبەرچاو بگیرێت بۆ گرتنە بەری شێوازێکی گونجاو و دروست و بەردەوام لە پەروەردەکردنی منداڵ و پێشینەی ئاین و ڕەگەزو ڕۆشنبیری و زمانیدا.

**ماددەی٢١**

ئەودەوڵەتانەی دان بە سیستەمی گرتنەخۆدا دەنێن یان ڕێگە بەو سیستەمە دەدەن پێش هەموو شتێک بایەخ دەدەن بە بەرژەوەندییە باڵاکانی منداڵ و ڕەچاوی دەکەن، بۆ مسۆگەرکردنیشی هەڵدەستن بە:
ا/ دەستەبەری ئەوە دەکەن کە تەنها دەسەڵاتە تایبەتەکان بۆیان هەیە دیاری بکەن و ڕاییگەیەنن بەپێی ئەو یاسا و ڕێوشوێنانەی کە کاری پێدەکرێت لەسەر بنچینەی هەموو ئەو زانیارانەی کە پەیوەندی تەواوییان پێوەی هەیە، کە گرتنەخۆ دروستە بە لەبەرچاوگرتنی حاڵەتی منداڵەکە کە پەیوەستە بەدایک و باوکی و خزمانی و بەخێوکارە یاساییەکانەوە ئەو کەسانەشی کە بایەخ دەدەن بەم مەسەلەیە، لەکاتی خۆیدا ڕەزامەندی خۆیان نیشانداوە بۆ ئەو گرتنەخۆیە لەسەر بنچینەی زانیاری ئەو پرسە، کەوەکو پێویست ئەنجامیان داوە.
ب/ دان بەوەدا دەنێن کە گرتنەخۆ لە وڵاتێکی تردا دەتوانرێت وەک هۆکارێک بێت بۆ جێگرتنەوەی چاودێری منداڵ، ئەگەر هات و منداڵ لای خێزانی بەخێوکار یان ئەو خێزانەی منداڵەکەی گرتۆتەخۆ نەگونجا یان نەکرا چاودێری منداڵەکە لە وڵاتەکەی خۆیدا بەشێوەیەکی گونجاو دەستەبەربکرێت.
ج/ بەپێی گرتنەخۆکە لە هەر وڵاتێکدا ئەبێت مسۆگەری ئەوە بکرێت منداڵەکە سوود لەهەموو ئەو دەستەبەرکاری و پێوەرانە وەربگرێت کە هاوتای ئەوەبێت لە نیشتمانەکەی خۆیدا هەیە.
د/ هەموو ڕێکارە گونجاوەکان دەگیرێتەبەر تاکو مسۆگەری ئەوە بکرێت پرۆسەی گتنەخۆکە لە ولاتێکی تردا بە قازانجی مادیی نارِەوا نەشێکێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە بەشدارن لەو گرتنەخۆیەدا.

ه/ لەکاتی پێویستدا ئامانجەکانی ئەم بەندە بەهێز دەکرێت لە ڕێگەی ڕێکخستن یان ڕێککەوتنی دوولایەنی یان فرەلایەنییەوە، هەوڵدەدرێت لەو چوارچێوەیەدا مسۆگەری ئەوە بکەن کە گرتنەخۆ لە ڕێگەی دەسەڵات و دامودەزگا تایبەتمەندەکانەوە بێت.

مادده‌ی٢٢

ا/ وولاتانی ئەندام لەم ڕێککەوتننامەیەدا ڕێکاری گونجاو دەگرنەبەر بۆ ئەو منداڵەی هەوڵی جێگەیەکی پەنابەری دەدات یان ئەو منداڵەی دادەنرێت بە پەنابەر، بەپێی یاساو ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکان و ناوخۆییەکان، ئەگەر دایک و باوکی لەگەڵ بێت یان هیچ کەسێکی لەگەڵدا نەبێت، پاراستن و هاوکارییە مرۆییەکانی بۆ فەراهەم بکرێت بۆ ئەوەی سوودمەند بێت لەو مافانەی کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتووەو ڕونکراوەتەوە، هەروەها لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتی مرۆییەکانی تردا یان ئەوانەی پەیوەستن بە مافەکانی مرۆڤەوە ئەو دەوڵەتانەش لایەنن تیایداو ناوییان هاتووە.

ب/ بۆئەم مەبەستەش وولاتانی ئەندام ئەوەی بە گونجاوی دەزانن هاوکاری هەموو هەوڵ و کۆششێک دەکەن کە نەتەوە یەکگرتووەکان یان دەزگا حکومی و نێودەوڵەتیە تایبەتییەکان یاخود دەزگا ناحکومییەکان کە هاوکارن لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ پاراستنی ئەو منداڵەی پەنابەرەو دایک وباوک و کەسی لەگەڵ نییە هاوکاری ئەم منداڵانە دەکات بۆ گەڕان بەدوای دایک و باوکی دا یان هەرکەسێکی تری ئەندامی خێزانەکەیدا، لەکاتێکیشدا دایک و باوکی یان ئەندامانی خێزانەکەی نەدۆزرانەوە ئەوا ئەو منداڵە کە بەشێوەیەکی کاتی یان بەردەوام بێبەشبووە لە ژینگەی خێزانی هەموو مافێکی وەک لەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە و ڕوونکراوەتەوە بۆ دەستەبەردەکرێت وەک هەر منداڵێکی تر.

مادده‌ی ٢٣

ا/ وولاتانی ئەندام دان بەوەدا دەنێن، ئەو منداڵەی کەخاوەن پێداویستی تایبەتن لە ڕووی ژیری و جەستەییەوە، ژیانێکی تەواو ڕێزدارانەی بۆ فەراهەم بکرێت لە بارودۆخێکدا کە کەرامەت و ڕێزی بپارێزیت و ببێتە هۆی ئەوەی کە پشت بەخۆی ببەستێت و ئاسانکاری بۆ بکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کردەیی بەشداری لە کۆمەڵگەدا بکات.

ب/ وولاتانی ئەندام دان بەمافی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتدا دەنێن، بۆ ئەوەی سوود لە چاودێریکردنی تایبەت و هاوکاریکردن وەربگرن هەروەها ئەوانەشی لێپرسراون لێی بەپێی ئەو توانایانەی لەبەردەستدایە، ئەم هاوکاریانەش پێشکەش بەو منداڵانە دەکرێن بەپێی داواو گونجانی لەگەڵ حاڵەتی منداڵەکەو بارودۆخی دایک و باوکیدا، هەروها ئەو کەسانەشی کە چاودێری دەکەن.

ج/ بە درکپێکردنی بە پێداویستییە تایبەتییەکانی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت، ئەو هاوکاریانەی کە پێشتر باسکران بەپێی برگەی (ب) لەم بەندەدا بێبەرانبەر بەپێی ئەو توانایەی لەبەردەستدایە بۆی فەراهەم

دەکرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی دەرامەتی دارایی دایک و باوکی یان ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بە چاودێریکردنی منداڵەکە، پێویستە دەستەبەری ئامانجی ڕاهێنان و فێرکردن و خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی و خزمەتگوزاری دووبارە ڕاهێنانەوەو هەلی کارو خۆشگوزاری ئەو منداڵە خاوەن پێداویستیە تایبەتانە بکرێن، بەشێوەیەک پەروەردە بکرێن کە ئاوێتەی ناو کۆمەڵگا ببنەوەو وەک تاکێکی ئاسایی، لەگەڵ ئەمانەشدا گەشەپێدانی لایەنی ڕۆشنبیری و ڕوحیشی بگرێتەوە بە باشترین شێوە.

د/ پێویستە لەسەر وولاتانی ئەندام بەگیانێکی هاوکاری نێودەوڵەتییەوە هانی ئالوگۆڕی زانیارییە شیاوەکان بدەن، لە بوارەکانی چاودێریی تەندروستی و خۆپاراستن و چارەسەری پزیشکی و دەروونی و پیشەییدا، بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، لەوانەش بڵاوکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کەپەیوەندییان هەیە بەشیاندنەوەی کۆمەلایەتی و خزمەتگوزارییە پیشەییەکان و توانایی گەیشتن پێیان دەگرێتەوە، ئەمەش لە کاتێکدا جێبەجێ دەبێت کە وولاتانی ئەندام بتوانن تواناو شارەزاییەکانیان پەرەپێبدەن و پسپۆڕییان فراوان بکەن لەو بوارانەدا، لەم ڕووەشەوە پێداویستی ولاتانی تازە پێگەیشتو لەبەرچاو دەگیرێت.

**ماددەی٢٤**

ا/ وولاتانی ئەندام دان دەنێن بە مافی منداڵدا بەسوود وەرگرتن لە بەدەستهێنانی بەرزترین ئاستی تەندروستی، هەروەها چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان و دووبارە شیاندنەوەی تەندروستی، وولاتانی ئەندام یش ئەو پەڕی هەوڵیان دەخەنەگەڕ بۆ بێبەش نەبوونی هیچ منداڵێک لەم مافەی، بۆ بەدەستهێنانی ئەم خزمەتگوزاری و چاودێرییە تەندروستیانە.

ب/ دەوڵەتانی لایەن بەدواداچوون بە وردی بۆ ئەم مافە دەکەن و بە شێوەیەکی تایبەتیش هەموو ڕێکارێکی گونجاو دەگرنەبەر لە پێناو :

١- کەمکردنەوەی ڕێژەی مردنی منداڵی شیرەخۆرە.

٢- مسۆگەرکردنی هوکاری پزیشکی و چاودێرییە تەندروستیەکان بۆ هەموو منداڵێک و پێداگرتن لەسەرپەرەپێدانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی.

٣- قەلاچۆکردنی نەخۆشییەکان و بەدخۆراکی هەتا لە چوارچێوەی چاودێرییە تەندروستیە سەرەتایەکانیشدا، بەچەند ڕێگەیەک لەوانە جێبەجێکردنی تەکنلۆجیای ڕەخساو و زیادکردن و باشترکردنی خواردن و خۆراک و خواردنەوەی ئاو پاک، بەڕەچاوکردنی پیسبوونی ژینگەو مەترسییەکانی کە لە ئەنجامی ئەو پیسبوونەوە دروست دەبێت.

٤- مسۆگەرکردنی چاودێری گونجاو بۆ دایکان پێش لەدایکبوون و دوای لە دایکبوون.

٥- مسۆگەرکردنی بەخشینی هەموو زانیارییە بنچینەییەکان کە پەیوەندیان هەیە، بە تەندروستی منداڵ و خواردن پێدانیەوە، بۆ هەموو توێژو بەشەکانی کۆمەڵگە بەتایبەتی دایک و باوک و منداڵەکە، هەروەها

ئاگادارکردنەوەیان لەلایەنە باشەکانی شیرپێدانی سروشتی و بنەماکانی پاراستنی تەندروستی و باشڕاگرتنی ژینگە و خۆپاراستن لە ڕوداوەکان و هەروەها ڕێنمایکردنی ئەو بەشانە بە مەبەستی فێربوونیان لەو بوارانەدا و هاوکاریکردنیان بۆ ئەوەی سوود وەربگرن لەو زانیاریانە .

٦- پەرەپێدانی چاودێری تەندروستی خۆپاراستن و ئەو ڕێنماییانەی کە پێشکەش دەکرێن بە دایک و باوک، فێرکردن و گەشەپێدانی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پەیوەندییان هەیە بەڕێکخستنی خێزانەوە.

ج/ وولاتانی ئەندام هەموو ڕێکارێکی کاریگەر دەگرنەبەر بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ئەو خووە کۆن و باوانەی کە زیان بەتەندروستی منداڵان دەگەیەنن.

د/ وولاتانی ئەندام پەیمان دەدەن، بۆ هاندان و بەهێزکردنی هاوکاری نێودەوڵەتی قوناغ بەقۆناغ لە پێناو گەیشتن بەکرداریکردن و جێبەجێکردنی تەواوی ئەو مافانەی کە لەم بەندەدا دانیپێدانراوە، بەتایبەتیش پێداویستییەکانی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو ڕەچاو بکرێت.

**ماددەی٢٥**

وولاتانی ئەندام دان بە مافی ئەو منداڵەدا دەنێن، کە دەسپێردرێت بە دەسەلاتە تایبەتییەکان، بە مەبەستی چاودێری یان پاراستن یان بۆ چارەسەرکردنی تەندروستی جەستەیی و ژیری و لە پێداچوونەوەی دەوری بۆ ئەو چارەسەرانەی کە پێشکەش بە منداڵەکە دەکرێن و هەروەها بۆ ئەو بارودۆخانەی کە پەیوەندییان هەیە بە سپاردنەکەیەوە.

**ماددەی٢٦**

ا/ وولاتانی ئەندام دان دەنێن بە مافی سوود وەرگرتن لە دەستەبەری کۆمەلایەتی بۆ هەموو منداڵێک، ئەمەش دابینکردنی کۆمەلایەتی دەگرێتەوە هەموو ڕێکارێکی پێویستیش دەگیرێتە بەر بۆ بەدەستهێنانی تەواوی ئەم مافە بەپێی یاسا نیشتمانییەکەی خۆی.

ب/پێویستە هاوکاری پێشکەش بکرێت لە کاتی پێویستدا لەگەڵ ڕەچاوکردنی بارودۆخ دەرامەتی منداڵەکەو هەروەها ئەو کە سانەشی کە بەرپرسیارن لە چاودێریکردنی منداڵەکە، سەرەڕای هەر دۆخێکی تر کە پەیوەستە بەو داخوازییەوە کە منداڵەکە یان کەسانێکی تر لە بری ئەو پێشکەشی دەکەن بۆ بەدەستهێنانی هاوکارییەکان.

**ماددەی٢٧**

ا/ وولاتانی ئەندام داندەنێن بەمافی هەموو منداڵێکدا لە ئاستێکی بژێوی وادا بژی کە گونجاو بێت لەگەڵ گەشەکردنی ژیری و جەستەیی و ڕۆحی و مەعنەوی و لایەنی کۆمەلایەتیدا.

ب/ دایک و باوک یان یەکێکیان یان کەسانێکی تر کە لێپرسراون لە منداڵ، بەرپرسی بنەڕەتیان دەکەوێتە ئەستۆ، لە دابینکردنی ژیان و گوزەرانی پێویست بۆ گەشەکردنی منداڵ، ئەمەش لەسنوری ئەو تواناو دەسەلاتە داراییەی کە هەیانە.

ج/ وولاتانی ئەندام ، بەپێی بارودۆخە نیشتمانییەکەیان و لە سنوری تواناکانیاندا، رێکاری گونجاو دەگرنەبەر، لە پێناو هاوکاریکردنی دایک و باوکی منداڵ و ئەو کەسانەشی بەرپرسیارن لێیان، بۆ کارپێکردنی ئەم مافەش لە کاتی پێویستیشدا هاوکاری مادی و بەرنامەی پشتگیری پێشکەش دەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان هەیە بە خواردن و پۆشاک و نیشتەجێکردنەوە.

د/ وولاتانی ئەندام هەموو رێکارێکی گونجاو دەگرنەبەر، بۆ مسۆگەرکردنی خەرجی لەلایەن دایک و باوکەوە یان ئەو کەسەی کە بەرپرسیارە لە رووی مادییەوە لە منداڵەکە ئەگەر لە ناو دەوڵەتەکەیاندان بن یان دەرەوەی، بەتایبەتیش کاتێک ئەو کەسەی کە بەرپرسی منداڵەکەیە لەڕووی مادییەوە لەو دەوڵەتانەدا نەژی کە منداڵەکەی تیادا دەژی. وولاتانی ئەندام هانی چوونەناو رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان یان بەستنی رێککەوتننامەی لەم جۆرە دەدەن و رێوشوێنی گونجاوی تری بۆ دەگرنەبەر.

**ماددەی٢٨**

ا/ وولاتانی ئەندام داندەنێن بە مافی فێربوونی منداڵدا، بۆ کارپێکردنی تەواوی ئەم مافەش بەشێوەیەکی پلەماددەیلەسەربنچینەی هەلڕەخساندن بەشێوەیەکی تایبەت بەم کارانە هەڵدەستێت :

١- خوێندنی سەرەتایی تەوزیمی بێبەرانبەر بۆ هەموان.

٢- هانی پەرەپێدانی هەموو شێوەکانی خوێندنی ناوەندی بدرێت چی گشتی بێت یان پیشەیی و فەراهەم و دابینبکرێت بۆ هەموو منداڵێک هەروەها رێکاری گونجاو بگیرێتەبەر وەک بەخۆڕایکردنی خوێندن و پێشکەشکردنی هاوکاری مادی لەکاتی پێویستدا.

٣- خوێندنی باڵا وایلێبکرێت کە بەهەموو هۆکارو ئامرازێکی گونجاو و لە بارەوە و لەسەر بنەمای تواناکان بۆ هەموان بڕەخسێنرێت.

٤- زانیاری و بنەما رێنماییی و پەروەردەییەکان و پیشەییەکان فەراهەم بکرێت و بخرێتە بەردەستی هەموو منداڵێک.

٥- گرتنەبەری رێکاری جۆراوجۆر بۆ بەردەوام بوون لە خوێندن بەشێوەیەکی رێکوپێک و کەمکردنەوەی وازهێنان لە خوێندن.

ب/ وولاتانی ئەندام هەموو رێکارێکی گونجاو دەگرنەبەر بۆ دەستەبەرکردنی بەڕێوەبردنی سیستەم لە خوێندنگاکاندا بەشێوەیەک بگونجێت لەگەڵ رێزی مرۆیانەی منداڵدا و هاوتای ئەم رێککەوتننامەیە بێت.

ج/ وولاتانی ئەندام لەم ڕێککەوتننامەیەدا هەڵدەستن بە بەهێزکردن و هاندانی هاوکاری نێودەوڵەتی لەو کاروبارانەدا کە پەیوەندییان هەیە بە فێرکردنەوە، بە تایبەتی و بە ئامانجی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری نەزانی لە هەموو شوێنێکی جیهاندا و ئاسانکاری بۆ گەیشتن بەمەعریفەی زانستی و تەکنیکی و ئامرازەکانی فێرکردنی نوێ، بەشێوەیەکی تایبەتیش ڕەچاوی پێداویستییەکانی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتو دەکرێت.

مادده‌ی٢٩

ا/ وولاتانی ئەندام کۆکن لەسەر ئەوەی کەدەبێت فێرکردنی منداڵ ئاراستەبێت بەرەو:

١- گەشەپێدانی کەسێتی منداڵ و بەهرەو توانا ژیری و جەستەییەکانی تا ئەو پەڕی توانا.

٢- گەشەپێدانی ڕێزی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان و ئەو بنەمایانەی کە لە بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون.

٣- گەشەپێدانی ڕێزگرتنی کەسوکارو خزمانی منداڵ و ناسنامەی ڕۆشنبیری و زمانی و بەها تایبەتییەکانی، هەروەها بەهای نیشتمانی ئەو وڵاتەی منداڵەکەی تیادا دەژی و لە بنچینەدا تیایدا گەورە بووە هەروەها ئەو شارەستانیەتانەش کە جیاوازن لە شارەستانیەتی خۆی.

٤- ئامادەکردنی منداڵ بۆ ژیانێک کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا، بەگیانێکی لێکتێگەیشتن و ئاشتی و لێبوردەیی و یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا و هاوڕێیەتی لە نێوان هەموو میللەتان و کۆمەڵە ڕەگەزی و نبشتمانی و ئاینی و هەروەها ئەو کەسانەشی کە لە بنچینەدا نیشتەجێی ئەو وڵاتانەن.

٥- گەشەپێدانی ڕێزگرتن لە ژینگەی سروشتی.

ب/ لە دەقی ئەم بەندەدا یان لە ماددەی٢٨ دا وا لێکنادرێتەوە کە دەست وەردەدات لە ئازادی تاکەکان و دامەزراوەکان، لە دامەزراندنی دامەزراوەی فێرخوازی و بەڕێوەبردنی، ئەویش بە هەندوەرگرتنی ئەو بنەمایانەی کە لە برگەی (ا)ی ئەم مادەیەدا هاتووە بەو مەرجەشەوە لەو فێرکردنەی کە ئەو دەزگایانە فەراهەمی دەکەن، بەلایەنی کەمەوە هاوتا بێت لەگەڵ ئەو پێوەرانەی کە دەوڵەت دایناون .

ماددەی٣٠

لەو دەوڵەتانەی کە کەمینەی ڕەگەزی یان نەتەوەیی یان زمانی یان ئەو کەسانە هەیە، کە دانیشتووی ڕەسەنی ئەو وڵاتەن، نابێت ئەو منداڵەی کە سەر بەو کەمینانە و دانیشتوانانەن، بێبەش بکرێن لەگەڵ ئەندامەکانی تری ئەو کۆمەڵەیەدا لە مافی سوود وەرگرتن لە ڕۆشنبیرییەکەی و هەروەها نابێت ڕێگری لێبکرێت لە بەکارهێنانی زمان و دروشمەکانی و پەیڕەوکردنی ئاینەکەی خۆی.

ماددەی٣١

ا/ وولاَتانی ئەندام  داندەنێن بە مافی پشوو کاتی بەتاڵی منداڵدا، هەروەها یاریکردن و نواندنی چالاکییەکانی حەوانەوەی شیاو لەگەڵ تەمەنیدا و بەشداریکردنی ئازادانەی لە ژیانی ڕۆشنبیری و هونەریدا.

ب/ وولاَتانی ئەندام  ڕێز دەگرن لە مافی منداڵ و پشتگیری دەکەن بۆ بەشداریکردنی تەواوی لە ژیانی ڕۆشنبیری و هونەریدا، هانی فەراهەمکردنی هەلی لە بارو یەکسان دەدەن بۆ چالاکییە ڕۆشنبیری و هونەری و حەوانەوەو کاتەکانی بەتاڵی.

ماددەی٣٢

ا/ وولاَتانی ئەندام  داندەنێن بە مافی منداڵدا بۆ پاراستنی لەئیستغلالکردنی ئابوری هەرجۆرە کارکردنێک کە مەترسیداربێت و ببێتە ڕێگر لە بەردەم خوێندنیدا و زیان بە باری تەندروستی و گەشەی بگەیەنێت لە ڕووی جەستەیی و ژیری و ڕوحی و مەعەنەوی و کۆمەلاَیەتیەوە.

ب/ دەوڵەتانی لایەن ڕێکاری تەشریعی و کارگێڕی و کۆمەلاَیەتی و پەروەردەیی دەگرنەبەر بۆ مسۆگەرکردنی ئەم بەندە بۆ ئەم مەبەستەو بەڕەچاوکردنی قەواڵە و ئەحکامە نێودەوڵەتیە پەیوەندیدارەکان، وولاَتانی ئەندام ئەمانەی لای خوارەوە ئەنجام دەدەن :

١- دەستنیشانکردنی تەمەنی یان نزمترین تەمەن بۆ کارکردنی منداڵ.

٢- دانانی سیستەمێکی شیاو بۆ کاژێری کارو ڕەوشی کارکردن.

٣- سەپاندی سزاو هەرجۆرە مامەڵەیەکی تر کە گونجاو بێت بۆ دەستەبەرکردنی ئەم بەندە بەشێوەیەکی کاریگەر.

ماددەی٣٣

وولاَتانی ئەندام  هەموو ڕێکارێکی گونجاو دەگرنە بەر لەوانەش تەشریعی و کارگێڕی و کۆمەلاَیەتی و پەروەردەیی، بۆ پاراستنی منداڵ لە بەکارهێنانی ناڕەوای مادە هۆشبەرەکان یان ئەو مادانەی کاردەکاتە سەر ژیرییان، بەوپێیەی لە پەیماننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکاندا باسکراوە، بۆ ڕێگرتنیش لە بەکارهێنانی منداڵ بۆ بەرهەمهێنانی لەم جۆرە مادانە بەڕێگەیەکی ناڕەوا و بازرگانی پێوەکردنیەوە.

ماددەی٣٤

وولاَتانی ئەندام  پەیمان دەدەن منداڵ بپارێزن، لە هەموو شێوازەکانی ئیسغلالی سێکسی و ئەتکردنێکی سێکسی بۆ ئەم مەبەستانەش وولاَتانی ئەندام  بەشێوەیەکی تایبەتی هەموو ڕێکارێکی گونجاوی نیشتمانی دوولایەنی و فرە لایەنی دەگرنەبەر بۆ قەدەغەکردنی :

١- ناچارکردن یان زۆرلێکردنی منداڵ بۆ هەر چالاکیەکی ناڕەوای سێکسی.

٢- بەکارهێنان و ئیستغلالکردنی منداڵ لە بەد ڕەوشتیدا یان شتی تر لە ممارەسەکاری سێکسی ناڕەوا.

٣- بەکارهێنان و ئیستغلالکردنی منداڵ لە نمایش و بابەتە بەد ڕەوشتییەکاندا.

**ماددەی٣٥**

وولاّتانی ئەندام هەموو ڕێکارێکی لە بارو شیاوی نیشتمانی دوولایەنەو فرە لایەنە دەگرنە بەر، بۆ قەدەغەکردن و ڕێگرتن لە فڕاندنی منداڵان یان فرۆشتنیان یان بازرگانیکردن پێیانەوە، بۆ هەر مەبەستێک لەو مەبەستانە یان بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان.

**ماددەی٣٦**

وولاّتانی ئەندام منداڵ دەپارێزن، لە هەموو شێوەکانی ئیستغلالکردن، کەزیان بەلایەنێک لە لایەنەکانی خۆشگوزەرانی منداڵ بگەیەنێت.

**ماددەی٣٧**

وولاّتانی ئەندام زامنی ئەوە دەکەن کە :

١- نابێت منداڵ ڕووبەڕوی ئەشکەنجە یا هەر جۆرێکی تر لە مامەڵەی لێدان یان سزای سەخت یان نامرۆڤانە یان پیشەیی بکرێتەوە، ناشبێت سزای لە سێدارەدان یان بەندکردنی هەتا هەتایی بسەپێنرێت بەسەر ئەو کەسانەدا کە بەهۆی تاوانێکەوە کە کردویانەو تەمەنیان لە خوار ١٨ساڵەوەیە لە حاڵەتێکدا کە ناتواترێت ئازاد بکرێن.

٢- هیچ منداڵێک نابێت بە شێوەیەکی نایاسایی یان بەزۆر سەربەستی لێ زەوتبکرێت، پێوبستە گرتن و بەندکردن و ڕاگرتن و دەستبەسەرکردنی منداڵ بەپێی یاسا بێت، ناشبێت پەیڕەوی ئەمە بکرێت تەنها لە حاڵەتێکدا کە دوا بژاردەیە ئەویش بۆ کەمترین ماوە.

٣- ئەو منداڵەی سەربەستی زەوت دەکرێت پێویستە مامەڵەیەکی مرۆڤانەی لەگەڵدا بکرێت و ڕێز لە کەرامەتی بگیرێت وەک ئەو کەرامەتە ڕەسەنەی کە لە مرۆڤدایە، بەشێوەیەک ڕەچاوی پێداویستیەکانی ئەو کەسانەش بکرێت کە هاوتەمەنی ئەون، بەتایبەتی ئەو منداڵانەی کە سەربەستییان لێ زەوتکراوە و جیا دەکرێنەوە لەگەوران تەنها لە دۆخێکدا نەبێت کە بەرژەوندی باڵای منداڵەکە پێچەوانەی ئەمە بخوازێت، مافی ئەوەشی هەیە پەیوەندیکردنی بەردەوامی هەبێت لەگەڵ خێزانەکەیدا لە ڕێگەی سەردان و نامەوە، تەنها لە بارودۆخی نائاسایدا نەبێت.

٤- ئەو منداڵەی سەربەستی لێ زەوتدەکرێ، مافی ئەوەی هەیە بەخێرایی هاوکاری یاسایی و شیاو بەدەست بهێنێت، لەمەش زیاتر مافی ئەوەی هەیە لە بەردەم دادگادا یان دەسەلاّتە سەربەخۆو بێ لایەنەکانی تردا تانە لەو شەرعیەتە بدات کە سەربەستیەکەی لێ زەوتکردووە، هەروەها هەر هەڵوێست و لێپێچینەوەیەک لەم ڕووەوە پێویستە بەخێرای بکرێت.

**ماددەی٣٨**

ا/ وولاّتانی ئەندام پەیمان دەدەن ڕێز لە بنەماکانی یاسا مرۆڤییە نێودەوڵەتییەکان بگرن، کە دەربارەی کێشمەکێشی چەکداری دانراون و پەیوەندییان بەمنداڵەوە هەیە، هەروەها ڕێزلێگرتنیشی دەستەبەر بکەن.

ب/ وولاّتانی ئەندام هەموو ڕێکارێکی کرداری بەپێی توانا دەگرنە بەر بۆ، ئەوەی ئەو کەسانەی تەمەنیان نەگەیشتۆتە ١٥ساڵ ڕاستەوخۆ بەشداری لە جەنگدا نەکەن.

ج/ وولاّتانی ئەندام قەدەغەی بە سەربازکردن دەکەن بۆ هەرکەسێک کە تەمەنی نەگەیشتبێتە ١٥ساڵ لە ناو هێزە چەکدارەکانیاندا، لەکاتی بەسەربازکردنی ئەو کەسانەشدا کە تەمەنیان گەیشتۆتە ١٥ساڵ و بەلاّم نەگەیشتونەتە ١٨ساڵ، پێویستە وولاّتانی ئەندام هەوڵ بدەن ئەولەویەت بیەن بەوکەسانەی کە تەمنیان لەوانی تر زیاترە.

د/ وولاّتانی ئەندام بەپێی ئەو پابەندبوونەی هەیانە بە یاسا مرۆڤیە نێودەوڵوتیەکانەوە، بۆ پاراستنی دانیشتوانە مەدەنییەکان لەکاتی ململانێ چەکدارییەکاندا، هەموو هەوڵێک بەپێی توانایان دەخەنە گەڕ بۆ دەستەبەرکردنی چاودێری و پاراستنی ئەو مندالاّنەی کە کەوتونەتە بەر کاریگەری ململانێی چەکداری.

**ماددەی٣٩**

وولاّتانی ئەندام هەموو ڕێکارە گونجاوو لە بارەکان دەگرنە بەر، بۆ هاندانی ئامادەکردنی جەستەیی و دەروونی و سەر لەنوێ گونجاندنەوە و شیاندنەوەی کۆمەلاّیەتی بۆ ئەو منداڵەی کە دەبێتە قوربانی شێوەک لە شێوەکانی پشتگوێخستن یان ئیستغلالکردن یان خراپ ماڵەکردن یان ئەشکەنجەدان یاخود هەرشێوەیەکی تری خراپ مامەڵەکردن یان سزادانی سەخت یان نامرۆڤانە یان پیشەیی یان کێشمەکێشی سەربازی، ئەم شیاندنەوەو ئامادەکردنەوەیەش لە ژینگەیەکدا ئەنجام دەدرێت کە تەندروستی و ڕێزو کەرامەتی بەهێز بکات.

**ماددەی٤٠**

١- وولاّتانی ئەندام داندەنێن بە مافی هەر منداڵێکدا کە یاسای سزادانەکانیان شکاندووە یان تۆمەتبارن یان تۆمەتەکەیان بەسەردا سەلمێنراوە، ئەبێت بەجۆرێک مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت کە منداڵەکە زیاتر هەست بکات بە ڕێزو کەرامەتی خۆی و هەروەها ڕێزگرتنی منداڵەکە بەهێز بکات بۆ کەسانی تر لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان، تەمەنی منداڵەکە ڕەچاودەکرێت و هاندەدرێت بۆ دووبارە تێکەلاّوبوونەوەی منداڵەکەو هەستانی بەرۆڵی دروستکارانە لە کۆمەڵگەدا.

٢- بۆ جێبەجێکردنی ئەمەو لەگەڵ ڕەچاوکردنی بڕیارەکانی قەواڵە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بەمەوە، وولاّتانی ئەندام بەشێوەیەکی تایبەت ئەمانە دەگرنە ئەستۆ :

ا/ نابێت بوترێت منداڵ یاساکانی سزادانی بەزاندووە یان تۆمەتبار بکرێت بەوە یان بسەلمێنرێت بەسەریدا بەهۆی چەند کردارێکەوە یان کەمتەرخەمیەکەوە کە بەپێی یاسایی نیشتمانیی یان نێودەوڵەتی لە کاتی ئەنجامدانیدا یاسا شکێنی نییە.

ب/ هەر منداڵێک یاسای سزادان دەبەزەێنێت بەلایەنی کەمەوە دەبێت ئەمانەی لای خوارەوەی بۆ دەستەبەر بکرێت:

١- بەبێ تاوان دابنرێت تاکو تاوانەکەی بەپێی یاسا دەسەلمێنرێت.

٢- دەستبەجێ و ڕاستەوخۆ ئاگاداربکرێتەوە لەو تۆمەتانەی ئاراستەی کراون ،لەلایەن دایک و باوکیەوە یان بەخێوکارە یاساییەکەیەوە ئەگەر پێویستی کرد، هەروەها هاوکاری یاسایی یان هاوکاری شیاوی تر بۆ ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بەرگریکردن لە خۆی.

٣- هەستانی دەسەڵاتێک یان دەزگایەکی دادگایی تایبەت و سەربەخۆو بێخەوش بەڕوانین و جیاکردنەوە لە داواکەیدا بەبێ دواکەوتن لە دادگایەکی دادپەرەوەرانەدا و بەپێی یاسا بە ئامادەبوونی ڕاوێژکاری یاسایی یان هاوکاری گونجاوی تر، هەروەها بە ئامادەبوونی دایک و باوکی یان بەخێوکارە یاساییەکەی، جگە لەو دۆخانەی کەوا دانرا ئەمە لە بەرژەوەندی باڵای منداڵاکە نییە بەتایبەتی ئەگەر تەمەن یان بارودۆخی لە بەرچاوگیرا.

٤- نابێت زۆری لێبکرێت بۆ گەواهیدان یان داننان بەکەتنەکەیدا وە لێپرسینەوە یان مسۆگەرکردنی لێپرسینەوە لە گەواهیدەرە بەرهەڵستکارەکان و دڵنیابوون لە بەشداری و لێپرسینەوەی گەواهیدەرەکان لە بەرژەوەندییان بن لە سایەی بارودۆخێکی یەکساندا.

٥- ئەگەر وا دانرا پێشێلی یاسای سزادانی کردووە ئەوا دەبێت دەسەڵاتێکی تایبەتی یان دەزگایەکی دادوەری سەربەخۆو بێ خەوش و باڵای بۆ دەستەبەر بکرێت بۆ ئەوەی بەپێی یاسا پیاداچوونەوە بکات بەو بڕیارەداو هەرکارێکی تری پەیوەندیدار بەو بڕیارەوە.

٦- ئەگەر منداڵ تێنەگەیشت لەو زمانەی کە قسەی پێدەکرێت ئەوا دەبێت وەرگێڕێکی بێبەرانبەری بۆ دابینبکرێت.

٧- بە تەواوی ڕێزی ژیانی تایبەتی بۆ دەستەبەر بکرێت لە هەموو هەنگاوەکانی داوایەکدا.

٣-ووڵاتانی ئەندام هەوڵدەدەن بۆ بەهێزکردنی دانانی یاساو لێپێچینەوەو دەسەڵات و دامەزراوەی شیاو تایبەت بەو نەوجەوانانەی کە یاسای سزادان پێشێل دەکەن یان تاوانبارکراون بە ئەنجامدانی کەتنێک یان کەتنەکەیان سەلمێنراوە، بەتایبەتیش ئەمانەی لای خوارەوە ئەنجام دەدەن :

ا/ لانی کەمی تەمەن دەستنیشان بکرێت ئەوەیەش وا دابنرێت، منداڵانی لەوە بچوکتر نەگەیشتونەتە ئەو ئاستەی کە یاسای سزاکان پێشێل بکەن.

ب/ گرتنەبەری ڕێکاری ڕاست و گونجاو لە کاتی پێویستدا، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو منداڵانەدا، بەبێ پەنابردن بۆ لێپێچینەوەی دادوەری، بە مەرجێک ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و زەمانەتە یاساییەکان بە تەواوی بگیرێت.

٤- ڕێگاو شیاوازی جۆراوجۆر دەڕەخسێنرێت وەک فەرمانەکانی چاودێریکردن و ڕێنمایکردن و سەرپەرشتیکردن و ڕاوێژکردن و تاقیکرنەوە و دایەنگاو بەرنامەکانی فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەیی و جۆری تر لە جێگرەوەی چاودێریکردنی دامەزراوەیی بۆ دەستەبەرکردنی مامەڵەکردنی منداڵ کە لە بارو گونجاو بێت لەگەڵ جۆری کەتنەکەی و خۆشگوزەرانی بارودۆخیدا.

**ماددەی٤١**

لەم ڕێککەوتننامەیەدا شتێک نییە ڕێگر بێت لە بەردەم ئەو بڕیارانەدا کە خێراتر مافەکانی منداڵ دەستەبەر دەکات ئەشێت :

ا/ یاسای دەوڵەتێکی لایەن، یان

ب/ یاسایەکی نێودەوڵەتی جێبەجێکراو بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا هەبێت.

## بەشی دووەم

**ماددەی٤٢**

وولاّتانی ئەندام پەیمان دەدەن بنەماکانی ئەم ڕێککەوتننامەیەو بڕیارەکانی لە سنورێکی بەرفراواندا بڵاوبکەنەوە بە یەکسانی لە نێوان گەورەو منداڵدا بە گرتنەبەری هەموو ڕێگا لەبارو کاریگەرەکان.

**ماددەی٤٣**

١- بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەو بەرەوپێشچوونانەی وولاّتانی ئەندام بەدەستیان هێناوەو کۆیان کردۆتەوە، لە بەدەستهێنانی جێبەجێکردنی ئەو پابەندبوونانەدا کە پەیمانیان پێداوە لەم ڕێککەوتننامەیەدا، لیژنەیەکی گرنگیدەر بە مافەکانی منداڵ پێکدەهێنن و ئەم فەرمانانەش دەگرنە ئەستۆ کە لەم بەندەدا هاتووە.

٢- لیژنەکە پێکدێت لە ١٠ ئەندامی پسپۆرو شارەزا کە شوێن و ڕابردویەکی باشیان هەیەو کەسانێکی بەڕەوشتن و توانایەکی دانپێدانراویان هەیە لەو بوارەدا کە ئەم ڕێککەوتننامەی تیادا دەچەسپێت، وولاّتانی ئەندام یش ئەندامەکانی ئەم لیژنەیە لە دانیشتوانەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن ئەم ئەندامانەش بەخەسڵەتی کەسێتی خۆیان کاردەکەن ،بەڕەچاوکردنی دابەشبوونی جوگرافیایی دادپەروەرانەو سیستەمە یاساییە سەرەکییەکان .

٣- ئەندامانی لیژنەکە بە هەڵبژاردنی نهێنی دیاری دەکرێن لە لیستی ئەو کەسانەی کە وولاّتانی ئەندام ئەیانپاڵێون ،هەموو دەوڵەتێکی لایەن بۆی هەیە یەک کەس لە نێو هاولاّتیەکانیدا بۆ ئەو مەبەستە بپاڵێوێت.

٤- یەکەم هەڵبژاردن بۆ ئەندامێتی ئەم لیژنەیە بەلایەنی زۆرەوە، شەش مانگ دوای دەسپێکردنی جێبەجێکاری ئەم ڕێککەوتننامەیە ئەنجام دەدرێت، دوای ئەمەش هەردوو ساڵ جارێک ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامدەدرێتەوە، ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەلایەنی کەمەوە چوار مانگ پێش ڕۆژی هەر هەڵبژاردنێک، نامەیەک ڕەوانەی هەر دەوڵەتێکی لایەن دەکات و داوایان لێدەکات لە ماوەی دوو مانگدا پاڵێوراوی خۆیان پێشکەش بکەن، دواتر ئەمینداری گشتی لیستێکی ئەلف و بێی هەموو پاڵێوراوەکان لەگەڵ ناوی ئەو دەوڵەتە لایەنەی هەریەکەیانی پاڵاوتووە ئامادە دەکات و بە دەوڵەتە لایەنەکانی ڕادەگەیەنێت.

٥- لە کۆبوونەوەی دەوڵەتە لایەنەکاندا هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەکە ئەنجام دەدرێت، ئەمینداری گشتی لە مەڵماددەینەتەوە یەکگرتووەکان کۆیان دەکاتەوە لە کۆبوونەوەکەدا بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی وولاتانی ئەندام ئامادەبوونی یاسایی پێکدەهێنێت، ئەو کەسانەشی بۆ ئەندامبوونی لیژنەکە هەڵدەبژێرێن ئەوانەن کە زۆرترین دەنگ بەدەست دەهێنن، زۆرترین ڕەهای دەنگەکانی نوێنەرانی وولاتانی ئەندام ی ئامادەبوو پێکدەهێنێت.

٦- ئەندامانی لیژنەکە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێرێن، ئەشێت ئەندامەکانی ئەم لیژنەیە جارێکی تر هەڵبژێرێنەوە ئەگەر هاتوو دووبارە پاڵێورانەوە، جگە لەوەی ماوەی مانەوەی پێنج ئەندامە هەڵبژێراوەکان لە هەڵبژاردنی یەکەمدا دوای دوو ساڵ کۆتای دێت، ڕاستەوخۆ لە دوای هەڵبژاردنی یەکەم سەرۆکی کۆبوونەوەکە لە ڕێگەی تیروپشکەوە ناوی ئەو پێنج ئەندامە هەڵئەبژێرێت.

٧- ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی لیژنەکە مرد یان وازیهێنا یان ڕایگەیاند کە ناتوانێت کاروباری لیژنەکە ئەنجامبدات بە هۆی هەر هۆکارێکەوەبێت، ئەوا ئەو دەوڵەتە لایەنەی کە ئەم ئەندامەی پاڵاوتووە، کەسێکی تر لە هاوڵاتیانی خۆی لە جیاتی ئەو ئەندامە دادەنێت بۆ تەواوکردنی ماوەکە بە ڕەزامەندی لیژنەکە.

٨- لیژنەکە خۆی سیستەمی ناوخۆی دادەنێت.

٩- لیژنەکە بۆ ماوەی دوو ساڵ ئەندامانی نوسینگەکەی هەڵئەبژێرێت.

١٠- ئەنجامدانی کۆبوونەوە ئاساییەکانی لیژنەکە لە مەڵماددەینەتەوە یەکگرتووەکاندا دەبەسترێت یان لە هەر شوێنێکی تر کە لیژنەکە دیاری دەکات، لیژنەکە لە یەک ساڵدا جارێک کۆدەبێتەوە و ماوەی کۆبوونەوەکانی لیژنەکەش دیاری دەکرێت و چاو پێداخشانەوەشی بۆ دەکرێت ئەگەر پێویست بکات، لەکۆبوونەوەی وولاتانی ئەندام دا لەم ڕێککەوتننامەیەدا بەندە بە کۆمەڵەی گشتییەوە.

١١- ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێی پێویست کارمەندو دامودەزگا دابێندەکات هەتاکو لیژنەکە ئەرکەکانی خۆی ئەنجامبدات بەپێی ڕێککەوتننامەکە.

١٢- ئەندامانی ئەم لیژنەیە بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەڕەزامەندی کۆمەڵەی گشتی، لە دەرامەتی نەتەوە یەکگرتووەکان پاداشتیان پێ دەدرێت ئەمەش بەپێی ئەو مەرج و بڕیارانەی کە کۆمەڵەی گشتی ڕایگەیاندووە.

ماددەی٤٤

١- وولاتانی ئەندام پەیمان دەدەن، لە ڕێگەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ڕاپۆرت پێشکەش بەلیژنەکە بکەن سەبارەت بەو ڕێکارانەی گرتویانەتەبەر بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافەنەی کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا دانیپیدانراوە و ئەو بەرەوپێشچوونانەی کە بەدەستهاتوون بۆ سوودمەندبوون لەو مافانە ئەمیش :

ا/ لە ماوەی دوو ساڵدا لە سەرەتای کارپێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیەوە سەبارەت بە دەوڵەتە لایەنەکە.

ب/ لە دوای ئەمەوە هەر پێنج ساڵ جارێک.

٢- بەپێی ئەم مادەیە ڕاپۆرتە ئامادەکراوەکان، ئەو هۆکارو تەگەرانە دەخەنەڕوو کە کار دەکاتە سەر ئاستی جێبەجێکردنی ئەو پابەندبوونانەی کە پەیمانیان دەربارەی دراوە بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە لەلایەن وولاتانی ئەندام ەوە، ئەگەر ئەم جۆرە هۆکارو تەگەرانە هەبوون، پێویستە ڕاپۆرتەکان زانیاری پێویستیان تیادابێت بۆ فەراهەمکردنی تێگەیشتنی تەواو و گشتگیر لەلایەن لیژنەکەوە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە لە ولاتی مەبەستدا.

٣- وولاتانی ئەندام کە ڕاپۆرتی سەرەتایی گشتگیریان پێشکەش بە لیژنەکە کرد، پێویست ناکات دووبارە لە ڕاپۆرتەکانی داهاتودا زانیارییە بنچینەییەکان پێشکەش بکاتەوە بەپێی برگەی ( ا و ب) لەم بەندەدا.

٤- ئەشێت لیژنەکە داوای زانیاری زیاتری پەیوەندیدار بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە لە وولاتانی ئەندام بکات.

٥- لیژنەکە ڕاپۆرتی چالاکییەکانی هەر دوو ساڵ جارێک پێشکەش بە کۆمەڵەی گشتی دەکات لە ڕێگەی ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەلایەتییەوە.

٦- وولاتانی ئەندام ڕاپۆرتەکانیان لە چوارچێوەیەکی فراواندا دەخەنە بەردەست هاولاتیانیان.

ماددەی٤٥

بۆ پشتگیری جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە بەشێوەیەکی کاریگەر و هاندانی هاوکاری نێودەوڵەتی لەو مەیدانەدا کە ڕێککەوتننامەکە دەیگرێتەوە:

ا/ مافی ئەوەیان هەیە ئاژانسە تایبەتەکان و ڕێکخراوی مندالانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگاکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان ببنە نوێنەر بۆ چاو پیاخشاندنەوە بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە کە دەکەونە چوارچێوەی دەسەلاتیانەوە، لیژنەکەش بۆی هەیە بانگهێشتی ڕێکخراوی مندالانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە تایبەتەکان و دەزگا تایبەتەکانی تر بکات بەوپێیەی کە بە گونجاوی دەزانێت بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژو شارەزاییان سەبارەت بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە لەو بوارانەی کە لەسنوری دەسەلاتی هەر یەکەیاندایە، هەروەها لیژنەکە بۆی هەیە بانگهێشتی ئاژانسە تایبەتەکان و ڕێکخراوی مندالانی

نەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگاکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان بکات بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکان دەربارەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە، لەوبوارانەی ئەچێتە سنوری چالاکیەکانیانەوە.

ب/ هەر ڕاپۆرتێک کە لەلایەن وولاّتانی ئەندام ەوە داوای ڕاوێژ یان هاوکاری تەکنیکی کردبێت یان ئاماژە بکات بۆ پێویستبوونی بەو جۆرە ڕاوێژە یان هاوکارییە، لیژنەکە بەو شێوەیەی کە بەشیاوی دەزانێت ڕاپۆرتەکان بەرەوڕووی ئاژانسە تایبەتەکان و ڕێکخراوی منداڵانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگا تایبەتەکانی تر دەکاتەوە لەگەڵ پێشنیازو تێبینی لیژنەکە، سەبارەت بەو داواکاری و ئاماژانە ئەمەش لە کاتێکدا ئەگەر ئەو جۆرە تێبینی و پێشنیازانە بوونیان هەبێت.

ج/ ئەشێت لیژنەکە ڕاسپێرێت بەوەی کۆمەڵەی گشتی داوا بکات، ئەمینداری گشتی لە بری ئەو توێژینەوە ئەنجام بدات دەربارەی ئەو بابەتە دیاریکراوانەی کە پەیوەندییان بە مافەکانی منداڵەوە هەیە.

د/ ئەشێت لیژنەکە ڕاسپاردەو پێشنیازی گشتی پێشکەش بکات، بە پشتبەستن بەو زانیارانەی کە پێی گەیشتووە بە کارکردن بە ماددەی٤٤ و ٤٥ ئەم ڕێککەوتننامەیە، ئەم جۆرە پێشنیازو ڕاسپاردانەش ڕەوانەی دەوڵەتی مەبەست دەکرێت، کۆمەڵەی گشتیش لەمانە ئاگادار دەکرێتەوە، لە ڕاوبۆچونەکانی دەوڵەتی لایەنیش ئەگەر هەبوون.

## بەشی سێیەم

### ماددەی ٤٦

دەرگای واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ هەموو دەوڵەتان دەکرێتەوە.

### ماددەی ٤٧

ئەم ڕێککەوتننامەیە ملکەچ دەبێت بۆ پەسەندکردن، قەواڵەکانی پەسەندکردنیش لەلای ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەمێنێتەوە.

### ماددەی ٤٨

دەرگای چونەناوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەکراوەیی دەمێنێتەوە بۆ هەموو دەوڵەتان، قەواڵەکانی چونەناوەوەش لەلای ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دادەنرێت.

### ماددەی ٤٩

١- جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە دوای تێپەڕبوونی سیهەمین ڕۆژ بەسەر بەرواری سپاردنی قەواڵەی پەسەندکردنەکەدا یان بیستهەمین چونەناو، لای ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستپێدەکات.

٢- ئەو دەوڵەتانەی ئەم ڕێککەوتننامەیە پەسەند دەکەن یان دەچنەناوی، دوای سپاردنی قەواڵەی پەسەندکردنەکە یان بیستهەمین چونەناوەوەدا، جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەیانگرێتەوە لە ڕۆژی سیهەمیندا کە دێت بەسەر بەرواری سپاردنی قەواڵەی پەسەندکردن یان چونەناوەوەی ئەو دەوڵەتانەدا.

**ماددەی ٥٠**

١- هەموو دەوڵتێکی لایەن بۆی هەیە پێشنیازی ڕاستکرنەوە پێشکەش بکات بە ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ ئەم مەبەستەش ئەمینداری گشتی هەڵدەستێت بەڕاگەیاندنی ئەو پێشنیازانە بە هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە لایەنن و لەگەڵ ئەوەشدا ئاگادارییان دەکاتەوە ئایا پێیان باشە کۆنگرەیەک بۆ دەوڵەتانی لایەن بگیرێت بۆ چاو پێخشانەوەی ئەو پێشنیازانەو دەنگدان لەسەری، لەکاتی پشتگیریکرنیشدا بەلایەنی کەمەوە  دەنگی سێیەکی دەوڵەتانی لایەنی پێویستە، لەماوەی چوار مانگدا ئەمینداری گشتی داوا دەکات، کۆنگرەیەک ئەنجام بدرێت لە ژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکاندا، هەر ڕاستکردنەوەیەکش لەلایەن زۆرینەی دەنگی وڵاتانی لایەنەوە پەسەندکرا پێشکەش بەکۆمەڵەی گشتی دەکرێت بە مەبەستی بڕیاردان لە سەری.

٢- هەر ڕاستکردنەوەیەک بەپێی برگەی (١) ی ئەم بەندە پەسەند دەکرێت و کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر دەدات، دەوڵەتانی لایەنیش بەزۆرینەی دەنگی دوو لەسەر سێ ڕەزامەندی لەسەر دەدەن و دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٣- ئەو دەوڵەتە لایەنانەی کە ڕەزامەندبوون، پێویستە لەکاتی جێبەجێکردنەوە پێوەی پابەند بن، دەوڵەتەکانی تری لایەنیش پابەند دەبن بە بڕیارەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە هەر ڕاستکردنەوەیەکی تریش کە لە پێشتردا پەسەندیان کردووە.

**ماددەی ٥١**

١- ئەمیداری گشتی هەموو ئەو خۆپارێزیانەی بەدەست دەگات کە دەوڵەتان لەکاتی پەسەندکردندا یان چونەناوەوەدا خستویانەتە ڕوو، ئەمینداری گشتیش ئەم خۆپارێزیە گشتگیر دەکات بەسەر هەموو دەوڵەتاندا .

٢- نابێت هیچ خۆپارێزییەک بخرێتەڕوو کە پێچەوانەی ئامانج و مەبەستی ئەم ڕێککەوتننامەیە بێت.

٣- ئەشێت لە هەرکاتێکدا بێت ئەم خۆپارێزیە بکشێنرێتەوە لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەمیداری گشتیش لەلایەن خۆیەوە ڕایدەگەیەنێت بەهەموو دەوڵەتان، ئەم ئاگادار کردنەوەیەش دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە لە بەرواری بەدەستگەیشتنیەوە لەلایەن ئەمینداری گشتییەوە .

**ماددەی ٥٢**

هەموو دەوڵەتێکی لایەن ئەتوانێت لەم ڕێککەوتننامەیە بکشێتەوە ئەمەش لەڕێگەی نامەیەکی ئاگادارکرنەوە دەبێت بۆ ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، دوای تێپەڕبوونی ساڵێک لە ڕۆژی وەرگرتنی نامەی ئاگادارکرنەکەوە کشانەوەکە ئەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**ماددەی ٥٣**

ئەمینداری گشتی بۆسپاردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە کەسێک دیاری دەکات .

**ماددەی ٥٤**

دەقی ڕەسەنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە ئیسپانی و ئینگلیزی و ڕوسی و چینی و عەرەبی و فەرەنسی وەک یەک دەوەستێتەوە، لای ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەگیرێت.

بۆ سەلماندنی ئەمەش ئەم نوێنەرانەی خوارەوە کە ڕێگەیان پێدراوە بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن وڵاتەکانی خۆیانەوە بۆ واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە.

# ڕێککەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە و هەموو جۆرەکانی مامەڵە و سزای قورس یان نا مرۆیی یان ئابڕووبەرانە

## لە لایەن کۆمەڵەی گشتی لەخۆگیرا و دەرگای واژۆ کردن و پشتڕاستکردنەوە وچونەناوەوە والآ کرا

## بە پێ ی بڕیاری ژمارە ٣٩/ ٤٦ لە بەرواری ١٠ کانونی یەکەم / کانوونی یەکەمی ١٩٨٤

## بەرواری چوونەبواری کارپێکردن : ٢٦ حوزەیران ١٩٨٧ بە پێ ی ماددەی ٢٧ ( ١ )

## بەشی یەکەم

**ماددەی ١**

١. بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیماننامەیە ، مەبەسەت لە دەستەواژەی " ئەشکەنجە " هەر کارێکە یان کردارێکە کە لە ئەنجامدا ئێشێکی زۆری یان ئازارێکی زۆری لێ بکەوێتەوە، چ جەستەیی بێت یان دەروونی بێت کە بە شێوەیەکی ئەنقەست بگەیەندرێ بە کەسێک یان بە کەسی سێیەم بە مەبەستی دەستکەوتنی زانیاری یان دان پیانان یان سزادانی لەسەر کارێک کە ئەنجامی داوە یان گومان دەکرێ کە ئەنجامی دابێت خۆی یان کەسێکی سێیەم یان ترساندنی یان ناچارکردنی خۆی یان هەر کەسێکی سێیەم — یان کاتێ کە دووچاری ئەو ئێشە یان ئازارە ببێتە لەبەر هەر هۆکارێک بێت لەسەر بنەمای جیاکاری جا هەر جۆرێک بێت ، یان هان بدرێت لەسەری یان ڕەزامەند بێت لەسەری یان کارمەندێکی فەرمی بێ دەنگ بێت لەسەری یان هەر کەسێکی تر کە بەشێوەیەکی فەرمی هەڵس و کەوت بکاتَ بەڵام ئەوە ئەو ئێش و ئازارە ناگرێتەوە کە بەهۆی سزا یاساییەکان تووشی کەسەکان دەبێت یان پەیوەستە بەو سزایانەوە یان ئەنجامێکی ئاسایی سزاکانە.

٢.ئەو ماددە یە هیچ شکاندنێک نیە بۆ هیچ بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی یان یاسایەکی نیشتمانی کە بڕیار یان فەرمانی گشتگیر تر لە خۆ بگرێت یان لەوانەیە لە خۆی بگرێت.

**ماددەی ٢**

١.هەر ووڵاتێکی ئەندام ئەو ڕێکارانە یاسایی و کارگێڕی و دادوەریە کاریگەرانە دەگرێتە بەر یان هەر ڕێکارێکی تر بۆ قەدەغەکردنی ئەشکەنجە لە هەر هەرێمێک کە بکەوێتە چوارچێوەی تایبەتمەندی دادوەری دەوڵەتەکە.

٢.نابێت بەهانە بە هیچ جۆرە بارو دۆخێکی هەڵاوێژراو بگیرێت، جا ئەو بارو دۆخە باری جەنگ بێت یان هەڕەشەی جەنگ بێت یان نا سەقامگیری سیاسی ناوخۆیی یان هەر بارێک لە بارەکانی تەنگەتاوی گشتی تر بێت وەک بیانوەک بۆ ئەشکەنجەدان.

٣.نابێت بەهانە بگیرێت بەو فەرمانانەی کە دەردەچێت لە فەرمانبەری باڵاتر یان دەسەڵاتێکی گشتی وەک بیانو بۆ ئەشکەنجەدان.

**ماددەی ٣**

١.ناشێت بۆ هیچ وڵاتێکی ئەندام کە کەسێک دەربکات یان بیگێڕێتەوە یان بیداتەوە دەست دەوڵەتێکی تر، ئەگەر ئەو هۆکارە راستانەی لەبەر دەست بوو کە وای لێ بکات لەو باوەڕە بێت کە کەسەکە مەترسی ئەشکەنجەدانی لەسەر دەبێت.

٢.دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان بۆ دیاری کردنی هۆکارە بەردەستەکان رەچاوی هەموو شتە پەیوەندیدارەکان دەکەن، لە نێویشیاندا، لە باری شیاندن، بوونی شێوازی نەگۆڕ لە پێشێلکاری قورس یان زەق یان بە کۆمەڵ بۆ مافەکانی مرۆڤ لە دەوڵەتی پەیوەندیدار.

**ماددەی ٤**

١.هەردەوڵەتێکی ئەندام زامنی ئەوە دەکات کە هەموو کردارێکی ئەشکەنجەدان بە تاوان هەژمار دەکرێت بەپێ ی یاسای تاوانەکانی، وە هەمان شت جێبەجێ دەکری لەسەر هەر کەسێک کە هەوڵ بدات بۆ بەکارهێنانی ئەشکەنجە وە بە هەڵسان بە هەر کردارێکی تر کە نەرمی نواندن بێت و بەشداری بێت لە ئەشکەنجەدان.

٢.هەموو دەوڵەتێکی ئەندام ئەو تاوانانە وا لێ ئەکات کە شایانی سزادانە بە سزایەکی گونجاو کە سروشتی مەترسیداری تاوانەکە لەبەرچاو بگرێت.

**ماددەی ٥**

١.هەموو دەوڵەتێکی ئەندام ئەو رێکارە پێویستانە ئەگرێتە بەر بۆ سەپاندنی فەرمانڕەوایی دادوەری بەسەر ئەو تاوانانەی کە ئاماژەیان بۆ کراوە لە ماددەی ٤ لەم دۆخانەی خوارەوە:

ا. لە کاتی ئەنجامدانی ئەو تاوانانە لە هەر هەرێمێک کە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی دادوەری یان لە سەر پشتی کەشتی یان لە ناو فڕۆکەیەک کە تۆمار کرابن لەو دەوڵەتانە.

ب. کاتێک کە ئەنجامدەری تاوانەکە تفاق دەکری لە لایەن هاوڵاتیانی ئەو دەوڵەتە.

ج. کاتێک کە کەسی تاوان لێکراو لە هاوڵاتیانی ئەو دەوڵەتە بێت.

٢.هەموو دەوڵەتێکی ئەندام بە هەمان شێوە ئەو رێکارانەی پێویستن دەگرێتە بەر بۆ سەپاندنی فەرمانڕەوایی دادوەری لەسەر ئەو تاوانانەی لەو دۆخانەی کە کەسی تاوانباری بانگەشەکراو لە هەرێمێک بێت کە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی دادوەری خۆی وە هەڵناستی بە رادەستکردنەوەی بە پێ ی ماددە ٨ بۆ هەر دەوڵەتێک لەو دەوڵەتانەی کە لە برگە (ا. ی ئەو ماددەیە باس کراوە.

٣.ئەم رێککەتننامەیە هیچ هەڵاویژرانێک (استسناء) ناکات بۆ هیچ فەرمانڕەواییەکی تاوانکاری دادوەری کە پیادە دەکرێ بە پێ ی یاسای نێوخۆیی.

**ماددەی ٦**

١.هەر وولاتێکی لایەن دوای دراستە کردن و قەناعەت هاتنی بەو زانیاریانەی کە لەبەردەستیەتی کەوا بارو دۆخەکان پاساوە بۆ گرتنی کەسێک کە لەسەر خاکەکەیەتی و بانگەشە دەکرێت کە تاوانێکی ئەنجام دابێت وەک ئەوەی لە

مادده ٤ ئاماژەی بۆ کراوە، هەڵدەستێ بە گرتنی یان هەر ڕێکارێکی یاسایی ئەگرێتە بەر بۆ زامن کردنی ئەوەی کە لەبەر چاوە . وە گرتنەکەو ڕێکارە یاساییەکانی تر هاوچەشنی ئەو ڕێکارانە بێت کە لە یاسای ئەو وولاتە هاتوە بە مەرجێک گرتنی کەسەکە زیاتر نەبێت لەو ماوەی کە پێویستە بۆ بەرزکردنەوەی سکاڵای تاوانی یان گرتنەبەری هەر ڕێکارێکی تر بۆ رادەستکردنەوەی.

٢.ئەو وولاتە دەست بەجێ هەڵدەستی بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی پەیوەست بە روداوەکان.

٣.یارمەتی هەر کەسێک دەدرێت کە بە پێ ی برگەی ١ی ئەم ماددەیە دەستگیر کرابێ بۆ ئەوەی دەست بەجێ پەیوەندی بە نزیکترین لایەنی تایبەتمەندی ئەو وولاتە بکات کە کەسەکە هاولاتی ئەوێیە، یان بە نوێنەری ئەو وولاتەی کە تیا نیشتەجێ یە ئەگەر کەسەکە بێ رەگەزنامە بوو.

٤.کاتێک وولاتێک بە پێ ی ئەو ماددەیە هەڵبستێ بە دەستگیرکردنی کەسێک، دەست بەجێ ئاگاداری ئەو وولاتانە ئەکات کە لە بڕگەی (ا) ی مادده ٥ ئاماژەیان بۆ کراوە سەبارەت بە دەستگیرکردنی ئەو کەسەو وە بەو بارودۆخۆانەی کە پاساوبوونە بۆ دەستگیرکردنەکەی، وە ئەو وولاتەی کە هەڵساوە بە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکەی کە مەبەستیەتی بە پێ ی برگەی ٢ ی ئەو ماددەیە دەبێت دەست بەجێ ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە بەرز بکاتەوە بۆ ئەو وولاتانەی کە ئاماژەیان بۆ کراوە لەگەڵ روونکردنەوەی ئەوەی کە ئایا بە نیازە دەسەلاتی دادوەری خۆی پیادە بکات.

## ماددەی ٧

١.ئەو وولاتەی لایەنەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە کەسێک یەکێک لەو تاوانانەی ئەنجام داوە کەلە ماددەی ٤ چوارهاتوە و لە هەرێمێکە کە دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی دادوەری خۆی هەڵدەستێ بە خستنەڕووی حالەتەکە بۆ دەسەلاتە تایبەتمەندەکانی بە مەبەستی پێشکەش کردنی کەسەکە بۆ دادگایی کردن، ئەوە ئەگەر هەڵنەستا بە رادەستکردنەوەی.

٢.ئەو دەسەلاتانە بڕیاری خۆی بەهەمان ئەو شێوەیە دەر دەکات کە ئەیگرێتە بەر لە حالەتی رووداني هەر تاونێکی ئاسایی کە سروشتێکی مەترسیداری هەبێت بە پێ ی یاسای ئەو وولاتە، وە لەو حالەتانەی کە ئاماژەیان بۆ کراوە لە برگەی ٢ لە ماددەی ٥ نابێت پێوەرەکانی بەڵگەی پێویست بۆ دادوەریکردن و تۆمەتبار کردن بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان لو زەبریا کەمتر بێت لەوانەی کە جێ بەجێ دەکرێت لەو حالەتانەی کە ئاماژەیان بۆکراوە لە برگەی ١ی مادده ٥.

٣.مامەڵەی دادپەروەرانە زامن دەکرێت لە هەموو قۆناغەکانی ڕێکارە یاساییەکان بۆ هەر کەسێک کە ئەو ڕێکارانەی لە دژ ئەگیرێتە بەر سەبارەت بە هەر یەکێک لەو تاوانانەی کە ئاماژەیان بۆ کراوە لە ماددەی ٤.

## ماددەی ٨

١.ئەو تاوانانەی کە لە مادده ٤ ئاماژەیان بۆ کراوە وا هەژمار دەکرێت کە ئەنجامدەرەکانیان قابیلی رادەستکردنەوەن لە هەر پەیماننامەیەک بۆ رادەستکردنەوەی تاوانباران کە لە نێوان وولاتانی ئەندام هەبێت.

وە وولاّتانی ئەندام پەیمان دەدەن کە ئەو تاوانانە وا ریزبەند بکات کە تاوانی قابیل بە رادەستکردنەوەی ئەنجامدەرەکانن لە هەر پەیماننامەیەک کە گەڵالە بکرێت لە نێوانیان.

٢.ئەگەر وولاّتێکی ئەندام داوایەکی پێگەیشت لە وولاّتێک کە هیچ جۆرە پەیماننامەیەکی لەگەڵیا نەبێت بۆ رادەستکردنەوەی تاوانباران، وە وولاّتی یەکەم رادەست کردنەوەکەی کرد بە مەرج بۆ بوونی پەیماننامەیەک بۆ رادەستکردنەوەی تاوانباران، دەکری ئەو وولاّتە ئەو رێککەوتننامەیە وەک بنەمایەکی یاسایی هەژمار بکرێت بۆ رادەستکردنەوە سەبارەت بەو تاوانانە. وە رادەستکردنەوە مل کەچی هەمان مەرجەکانی تر دەبێت کە هاتوە لە نێو یاسای ئەو وولاّتەی کە داوای رادەستکردنەوەکەی پێشکەش کراوە.

٣.وولاّتانی ئەندام کە بوونی پەیماننامە ناکەن بە مەرج بۆ رادەستکردنەوە، دان بەوە دەنێن کە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە قابیلی رادەستکردنەوەن لە نێوانیان بە پێ ی ئەو مەرجانەی کە هاتوون لە یاسای ئەو دەوڵەتەی کە داوای رادەستکردنەوەکەی پێشکەش کراوە.

٤.بۆ مەبەستەکانی رادەستکردنەوە لە نێوان وولاّتانی ئەندام، مامەڵە لەگەڵ ئەو تاوانانە دەکرێت وەک ئەوە وابێت نەک تەنها وەک ئەوەی لە شوێنەکەی خۆی رویداوە بەڵکو وەک ئەوە وابێت کە لەسەر خاکی ئەو وولاّتانە رویداوە کە داوای ئەوە ئەکەن کە دەسەلاّتی دادوەریان پیادە بکەن بە پێ ی برگەی ١ لە مادده ٥.

## ماددەی ٩

١.لەسەر وولاّتانی لایەنە کە زۆرترین بڕ لە هاوکاری پێشکەش بکات بە وولاّتانی لایەنی تر سەبارەت بەو رێکارە تاوانیانەی کە دەگیرێتە بەر بۆ هەر تاونێک لەوانەی کە لە ماددەی ٤ ئاماژەی بۆ کراوە، لە نێویشیاندا فەراهەمکردنی ئەو بەڵگانەی کە بەردەستن و پیویستیشن بۆ رێکارەکان.

٢.وولاّتانی ئەندام پابەندیەکانی خۆیان جێ بەجێ دەکەن بە پێ ی برگەی ١ ی ئەم ماددەیە وە پێ ی هەر پەیماننامەیەک کە لەوانەیە لە نێوانیاندا هەبێت بۆ ئاڵ و گۆڕ کردنی هاوکاری دادوەری.

## ماددەی ١٠

١.هەموو وولاّتێک زامنی ئەوە دەکات کە فێربوون و راگەیاندن سەبارەت بە قەدەغەکردنی ئەشکەنجە بەشێوەیەکی رێک و پێک لە نێو پرۆگرامەکانی راهێنانی کارمەندانی جێ بەجێ کردنی یاسا دانراوە جا چی لە سیڤیل بن یان لە عەسکەری، وە کرێکارانیش لە بواری پزیشکی ، و کارمەندانی گشتی و کەسی تریش کە پەیوەندیدار بن بە دەستگیرکردنی هەر کەسێک کە دوچاری جۆرێک لە جۆرەکانی راگرتن یان گرتن یان بەندکردن یان لێکۆڵینەوەی ئەو کەسە یان مامەڵە کردن لەگەڵیا.

٢.هەموو وولاّتێکی ئەندام زامنی ئەوە دەکات کە ئەو قەدەغەکردنە لە یاساکان و رێنماییەکان دا شوێنی بۆ کراوەتەوە کە دەردەکرێت سەبارەت بە ئەرکەکان و بەرپرسیاریەتەکانی ئەو جۆرە کەسانە.

## ماددەی ١١

هەر وولاّتێکی ئەندام ئەبێ تەواوی بنەماکانی لێکۆڵینەوەو و رێنماییەکانی و شێوازەکانی و پەیڕەوەکانی و، وە هەروەها رێکخستنەکانی پەیوەست بە راگرتن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دوچاری هەر شێوازێک لە

شێوازەکانی راگرتن و گرتن و بەندکردن بونەتەوە لە هەر هەرێمێک لە ژێر دەسەلاتی دادوەری، لەژێر سیستەمێکی پیاچوونەوەی رێک و پێک بهێڵیتەوە ئەویش بە مەبەستی قەدەغەکردنی روودانی هەر حالەتێکی ئەشکەنجەدان.

**ماددەی ١٢**

هەر دەوڵەتێکی لایەن زامنی ئەوە دەکات کە دەسەلاتە تایبەتمەندەکانی هەڵساون بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی خێرا و بێلایەن هەرکاتێک هۆکاری بەجێ هەبوو کە وا نیشان بدات کە کردارێک لە کردارەکانی ئەشکەنجەدان کراوە لە هەر یەکێک لەو هەرێمانەی کە دەکەونە ژێر فەرمانڕەوایی دادوەری خۆی.

**ماددەی ١٣**

دەوڵەتی لایەن زامنی ئەوە دەکات بۆ هەر تاکێک کە بانگەشەی دووچاربوون بە ئەشکەنجە بکات لە هەر هەرێمێک لە هەرێمەکانی کە دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی دادوەری خۆی، کە مافی بەرزکردنەوەی سکالای هەبێت بۆ دەسەلاتە تایبەتمەندەکان وە کە ئەو دەسەلاتانە بڕواننە حالەتەکەی بەوپەڕی خێرایی و بێلایەنیەوە. وە دەبێت ئەو هەنگاوی پێویست بگیرێتە بەر بۆ زامن کردنی پاراستنی کەسی پێشکەشکاری سکالا و شایەتەکانلە هەموو جۆرە مامەڵەیەکی خەراپ یان ترساندن لە ئەنجامی سکالاکەی یان هەر بەڵگەیەک کە پێشکەشی ئەکات.

**ماددەی ١٤**

١.هەر دەوڵەتێکی ئەندام، لە ناو سیستەمی یاسایی خۆی زامنی دادپەروەری دەکات بۆ کەسێک کە دووچاری کردارێک لە کردارەکانی ئەشکەنجە دەبێتەوە وە ئەو مافەشی هەیە قەرەبۆیەکی یەکسان و گونجاو بکرێتەوە کە قابیلی جێبەجێ کردن بێت لە نێویشیاندا هۆکارەکانی دووبارە شیاندنەوەی بە باشترین شێوە، وە لە حالەتێک ئەگەر کەسی دەستدرێژی لێکراو بمرێت لە ئەنجامی کردارێک لە کردارەکانی ئەشکەنجەدان ئەوا کەسانی تری کە پشت بەستوو بوونە بەو مافی قەرەبۆکردنەوەیان ئەبێت ( یان کەس و کاری —خێزانەکەی ئەو مافەی دەبێت ).

٢.ئەو ماددەیە هیچ کاریگەریەک دروست ناکات لەسەر هیچ مافێکی کەسی دەستدرێژی لەسەر کراو یان هەر کەسێکی تر بۆ هەر قەرەبۆکردنەوەیەک کە لەوانەیە بە پێ ی یاسای نیشتمانی هەبێت.

**ماددەی ١٥**

هەر وولاتێکی ئەندام زامنی ئەوە دەکات کە ئەو ووتانەی دەسەلمیندرێت کە لە ئەنجامی ئەشکەنجە وەرگیراوە وەک بەڵگە بەکارناهێنرێت لە هیچێک لە رێکارەکان، تەنها مەگەر ئەو شتە دژی کەسێک بوو کە تاوانبار بێت بە ئەنجامدانی ئەشکەنجە وەک بەڵگە بۆ پێدانی ئەو ووتانە.

**ماددەی ١٦**

١.هەموو وولاتێکی ئەندام پەیمان دەدات کە قەدەغەی رووودانی هەر جۆرە کردایکی تر لە کردارەکانی مامەڵە یان سزای سەخت یان نامرۆیی یان ئابڕووبەر کە ناگاتە ئاستی ئەشکەنجەدان وەک ئەوەی لە ماددەی ١ دا دیاری کراوە بکات لە هەر هەرێمێک کە دەکەوێتە ژێر فەرمانڕەوایی دادوەری خۆی، کاتێک کارمەندێکی گشتی یان کەسێکی تر کە بە سیفەتێکی فەرمی هەڵس و کەوت بکات ئەو کردارانە ئەنجام بدات یان رژد بێت لەسەر ئەنجامدانی، یان کاتێک

ئەنجام دەدرێت بە رەزامەندی ئەو یان بێ دەنگ بوونی لەسەر ئەنجامدانی. ئەوا بە شێوەیەکی تایبەت ئەو پابەندیانەی کە هاتوون لە ماددەکانی ١٠،١١،١٢، ١٣ جێ بەجێ دەبن و ئەویش بە خستنەبەری ئاماژەدان بۆ ئەشکەنجە بە ئاماژەدان بە جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای سەخت یان نا مرۆیی یان ئابرووبەر.

٢.حوکمەکانی ئەم رێککەوتننامەیە هیچ شکانێکی تیا نیە بۆ هیچ بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی تر یان یاسای نیشتمانی کە قەدەغەی مامەڵە یان سزای سەخت یان نامرۆیی یان ئابڕووبەر بکات یان پەیوەستە بە رادەستکردنەوەی تاوانباران یان دەرکردنیان.

## بەشی دووەم

### ماددەی ١٧

١.لێژنەیەک پێک دەهێنرێت بۆ رووبەڕوبونەوەی ئەشکەنجە ( لێرە بەدواوە ئاماژەی بۆ دەکرێت بە ناوی لێژنە ) وە دواتر هەڵدەستێ بەو ئەرکانەی کە بە دەق بۆی دانراوە. وە لیژنەکە لە ١١ یانزە شارەزا پێک دێت کە لە ئاستێکی مۆراڵی بەرز بن و بەخاوەن توانا ناسراو بن لە بواری مافەکانی مرۆڤ، لەناو لیژنە بە سیفەتی کەسی خۆیان کار دەکەن. وە وولاتانی ئەندام هەڵیان دەبژێرن لەگەڵ رەچاو کردنی دابەش بوونی یەکسانی ناوچە جوگرافیەکان وە سودمەندی بەشدار بوونی هەندێ کەسی کە خاوەن ئەزموونی یاسایی بن.

٢.ئەندامانی لێژنە هەڵدەبژێردرێن لە رێگای دەنگدانی نهێنی لە سەر لیستێک کە لە لایەن وولاتانی ئەندامەوە ئەپاڵێورێن، وە بۆ هەر وولاتێکی ئەندام هەیە کە تەنها یەک کەس بپاڵێوێت لە هاولاتیانی خۆی. وە وولاتانی لایەن سوودی پالاوتنی ئەو کەسانەی کە ئەندامن لە لێژنەی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ کە پێک هاتوە بە پێ ی پەیماننامەی نێودەولەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان لەبەرچاو دەگرن کە ئامادەباشیان تیایە بۆ ئەوەی لە لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەش کار بکەن.

٣.ئەندامانی لێژنە هەڵ دەبژێردرێن لە کاتی کۆبونەوەکانی وولاتانی ئەندام کە کە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان داوای ئەکات هەر دوو ساڵ جارێک. وە لەو کۆبونەوانە کە دەبێت رێژەی یاساییان لە سێ یەکی وولاتانی ئەندام بێت وە کەسانی هەڵ بژێردراو بۆ ئەندامێتی لێژنە ئەوانە دەبن کە زۆرینەی دەنگی رەهای نوێنەرانی وولاتانی ئەندامی ئامادەبوویان وەدەست هێناوە ( کە دەنگیان داوە).

٤.هەلبژاردنی یەکەم ئەنجام دەدرێت پێش تێپەڕینی شەش مانگ لە بەرواری چوونە بواری کارپێکردنی ئەو رێککەوتننامەیە. وە ئەمینداری نەتەوە یەکگرتوەکانیش پێش وادەی هەموو هەڵبژاردنێک بو چوار مانگ، هەڵ دەستێ بە ناردنی نامەیەک بۆ وولاتانی ئەندام و داوایان لێ دەکات کە پاڵێوراوەکانیان پێشکەش بکەن لە ماوەی سێ مانگ. وە ئەمینداری گشتی هەڵدەستی ً بە ئامادەکردنی لیستێک بەناوی تەواوی پاڵێوراوەکان کە لەسەر بنەمای ئەبجەدی ریزبەند کراوە لەگەڵ دیاری کردنی ئەو وولاتانەی کە پالاوتویانە، وە ئەو لیستەش دەنێردرێت بۆ هەموو وولاتانی لایەن.

٥.ئەندامانی لێژنە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێن، وە شیاویش دەبن بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەیان لە حالەتی پالاوتنیان بۆ جارێکی تر، بەلام ماوەی ئەندامێتی پێنج لەو ئەندامانەی کە لە جاری یەکەم هەڵدەبژێردرێن لە دوای

دوو ساڵ کۆتایی دێت، وە سەرۆکی کۆبونەوەی ئاماژە بۆ کراو لە برگەی ٣ ی ئەم ماددەیە راستەوخۆ دوای هەلبژاردنی یەکەم هەڵدەستێ بە تاقی کردنەوەی ناوەکانی ئەو پێنج ئەندامە لە رێگای تیرو پشکەوە.

٦.لە حالەتی مردنی یەکێک لە ئەندامانی لێژنە یان دەست لەکار کێشانەوەی یان نەتوانێ کارەکانی پەیوەست بە لێژنەکە ئەنجام بدات لەبەر هەر هۆکارێک بێت، ئەو وولاتەی کە پالاوتویەتی هەڵدەستێ دەست نیشان کردنی شارەزایەکی تر لە هاوڵاتیانی خۆی بۆ کارکردن لە لێژنەکە بۆئەو ماوەی کە ماوە لە ئەندامێتی بە مەرجی بەدەست هێنانی رەزامەندی زۆرینەی وولاتانی ئەندام، وە رەزامەندیەکە بە تەواو هەژمار دەکرێت ئەگەر وەلامی نیوەی ژمارەی وولاتانی لایەن یان زیاتر لەسەری بە نا نەبوو لە ماوەی شەش هەفتە دوای ئاگادارکردنەوەیان سەبارەت بە پێشنیاری دەست نیشان کردنەکە لە لایەن ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە.

٧.وولاتانی ئەندام خەرجی ئەندامانی لێژنە لە خۆ دەگرن لە ماوەی جێبەجێ کردنی ئەو کارانەی کە پەیوەستن بە لێژنەکەوە.

## ماددەی ١٨

١.لێژنە ئەندامانی نوسینگەکەی هەڵدەبژێرێت بۆ ماوەی دوو ساڵ وە دەکرێ دووبارە هەڵببژێردرێنەوە.

٢.لێژنە پەیڕەوی ناوخۆی خۆی ئامادە دەکات کە دەبی کۆی ئەمانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت:

ا. رێژەی یاسایی تەواو دەبێت بە ئامادەبوونی شەش ئەندام.

ب. بڕیارەکانی لێژنە بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان لە ئەندامان دەردەکرێت.

٣.ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان هەڵدەستێ بە دابین کردنی کارمەند و ئاسانکاری پێویست بۆ راپەڕاندنی کارەکانی لێژنە بە پێ ی ئەم رێککەوتننامەیە بە شێوەیەکی کاریگەر.

٤.ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان هەڵدەستێ بە داوەتکردن بۆ بەستانی یەکەم کۆبونەوەی لێژنە. وە دوای بەستانی کۆبونەوەی یەکەم، لێژنە لەو کاتانە کۆدەبێتەوە کە لە پەیڕەوی ناوخۆی هاتوە .

٥.وولاتانی ئەندام بەرپرس دەبن لە هەر خەرجیەکی پەیوەست بە بەستانی کۆبونەوەکانی وولاتانی ئەندام و لێژنە لە نێویشیاندا گێڕانەوەی هەر خەرجیەک بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان وەک خەرجی کارمەندان و ئەو کارئاسانیانەی کە نەتەوە یەکگرتوەکان گرتویەتە ئەستۆی خۆی بە پێ ی برگە ٣ لەم ماددەیە.

## ماددەی ١٩

١.وولاتانی ئەندام لە رێگای ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە راپۆرت پێشکەشی لێژنە دەکەن سەبارەت بە رێکارانەی کە گرتوینیەتە بەر بۆ جێبەجێ کردنی پەیمانەکانی بەپێ ی ئەم رێککەوتننامەیە، ئەویش لە ماوەی یەک ساڵ لە دوای بەرواری کارپێکردن بەم رێککەوتننامەیە بۆ دەوڵەتی لایەنی پەیوەندیدار. لە دوای ئەوە وولاتان راپۆرتی تەواوکاری ئەنێرن هەر چوار ساڵ جارێک سەبارەت بەو رێکارانەی کە گرتووینیەتە بەر، و هەر راپۆرتێکی تر کە لێژنە لەوانەیە داوای بکات.

٢.ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان هەڵدەستی بە ناردنی راپۆرتەکان بۆ هەموو وولاتانی ئەندام.

٣.لیژنە دەڕوانێتە هەموو راپۆرتەکان، وە بۆی هەیە هەر تێبینیەکی گشتی کە بە گونجاوی بزانێت بخاتە ڕوو وە بینێرێت بۆ وولاتی ئەندامی پەیوەندی دار. وە بۆ وولاتی ئەندامی پەیوەندیدار هەیە کە وەڵامی لێژنە بداتەوە بەو تێبینیانەی کە هەیەتی.

٤.لێژنە بۆی هەیە بڕیار بدات بەو شێوەی کە دەیبینێ، کە لە راپۆرتی ساڵانەی خۆی کە ئامادەی دەکات بە پێ ی مادده ٢٤ هەر تێبنیەک بخاتە ناو راپۆرتەکەوە کە لێژنەکە خستویتە روو بە پێ ی بڕگەی ٣ لەم ماددەیە، شان بەشانی ئەو تێبینیانەی کە هاتوون لە لایەن وولاتانی ئەندامی پەیوەندیدارەوە سەبارەت بە تێبینیەکان وە لێژنە بۆی هەیە کە وێنەیەک لە راپۆرتی پێشکەشکراو بەپێ ی بڕگەی ١ لەم ماددەیە هاوپێچ بکات، ئەگەر وولاتی ئەندامی ئەندامی پەیوەندیدار داوا بکات.

## ماددەی ٢٠

١.ئەگەر لێژنە زانیاری باوەڕپێکراوی بۆ هات کە وا پێدەچوو کە کە بەڵگەی بنەما بەهێزی تیایە ئاماژە دەکات بۆ پیادەکردنی ئەشکەنجەدان بە شێوەیەکی سیستیماکی لەسەر خاکی وولاتێکی ئەندام. ئەوسا لێژنە داوا لە وولاتی لایەنی پەیوەندیدار دەکات کە هاوکاری بکات لە تێڕوانین لەو زانیاریانە، وە بۆ ئەم مەبەستەش تێبینیەکانی خۆی سەبارەت بەو زانیاریانە پێش کەش بکات.

٢.وە لێژنە دوای لەبەرچاو گرتنی هەر تێبینیەک کە لەلایەن وولاتی لایەنەوە پێشکەش دەکرێت یان هەر زانیاریەکی تری پەیوەندیداری فەراهەم کراو لای، ئەگەر بڕیاری دا کە پاساو هەیە، ئەوا بۆی هەیە کە ئەندامێک یان زیاتری دەست نیشان بکات لە ئەندامەکانی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی نهێنی و پێشکەش کرنی راپۆرتێک سەبارەت بەم پرسە بۆ لێژنە بەشێوەیەکی بە پەلە.

٣. وە لە حالەتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بە پێ ی بڕگەی ٢ لەو ماددەیە ، ئەوا لێژنە داوای هاوکاری وولاتانی تری لایەنی پەیوەندیدار دەکات. وە لەوانەیە لێکۆڵینەوەکە ئەوەشی تیا بێت کە رێککەوتن لەگەڵ وولاتی لایەن هەڵبستێ بەسەرداني خاکی وولاتی پەیوەندیدار.

٤.وە دوای پشکنینی ئەو ئەنجامانەی کە ئەندامەکە یان ئەندامەکانی لێژنە پێ ی ئەگەن بە پێ ی بڕگەی ٢ ی ئەم ماددەیە، لێژنە ئەبێت ئەو ئەنجامانە بۆ وولاتی لایەنی پەیوەندیدار بنێرێت لەگەڵ هەر تێبینیەک یان پێشنیارێک کە لەوانەیە گونجاو بێت لەبەر رۆشنایی بارودۆخەکە.

٥.هەموو ئەو رێکارانەی لێژنە کە ئاماژەیان پێکراوە لە بڕگەکانی ١ تا ٤ لەو ماددەیە بە نهێنی دەبێت، وە لە هەموو قۆناغەکانی رێکارەکان داوای هاوکاری لە وولاتی لایەن دەکرێت. وە بۆ لێژنە هەیە دوای تەواو کردنی ئەو رێکارانەی کە پەیوەستن بە هەر لێکۆڵینەوەیەک کە دەکرێت بە پێ ی بڕگەی ٢، بڕیار بدات دوای راوێژ کردن لەگەڵ وولاتی لەیەنی پەیوەندیدار کە راگەیاندن نامەیەکی کورت بە ئەنجامەکانی رێکارەکان تێ هەڵ بکێشێتە راپۆرتی ساڵانەی خۆی بە پێ ی ماددەی ٢٤.

**ماددەی ٢١**

١.بۆ هەر وولآتێکی لایەن لەم ڕێککەوتننامەیە هەیە کە هەر کاتێک بە پێ ی ئەو ماددەیە ئەوە ڕابگەیەنێت کە دان دەنێت بە تایبەتمەندی لێژنە بۆ وەرگرتنی ئەو پەیامانەی کە دەڵێن وولآتێکی لایەن بانگەشەی ئەوە دەکات کە وولآتێکی لایەنی تر پابەندیەکانی خۆی جێبەجێ ناکات بە پێ ی ئەو ڕێککەوتننامەیە و بڕوانێ لەو پەیامانە. وە دەکرێت ئەو پەیامانە وەربگرێت و تێیان بڕوانێ بە پێ ی ئەو ڕێکارانەی کە روونکراوەتەوە لەو ماددەیە، تەنها ئەگەر پەیامەکان نێردرابوون لە لایەن وولآتێکی لایەن کە خۆی ئەوەی ڕاگەیاندبێت کە دان بە تایبەتمەندی لێژنەکە دەنێت سەبارەت بە خۆیشی، وە ناکرێت لێژنە بە پێ ی ئەو ماددەیە، مامەڵە لەگەڵ هیچ پەیامێک بکات ئەگەر هاتوو پەیوەندیدار بوو بە وولآتێکی لایەن کە هەڵنەستابوو بە دەرکردنی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە، وە مامەڵەش لەگەڵ پەیامە هاتووەکان دەکرێت بە پێ ی ئەم مادەیە بە گوێرەی ئەم ڕێکارانەی خوارەوە:

ا. بۆ هەر وولآتێکی لایەن هەیە ئەگەر بینی کە وولآتێکی تری لایەن هەڵناستێ بە جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە، سەرنجی ئەو وولآتە بە نامەیەکی نووسراو ڕابکێشێ ، وە لەسەر وولآتی لایەن کە نامەکە وەردەگرێ لە ماوەی سێ مانگ لە بەرواری وەرگرتنی نامەکەوە روونکردنەوە و لێکدانەوەیەکی نووسراو بنێرێت بۆ وولآتی لایەن کە نامەکەی بۆ ناردووە ، کە ئەو نامەیەش دەبێت هەتا بکرێت و شیاو بێت ئاماژەی تیا بێت بۆ ئەو ڕێکارانە و هۆکارە دادپەروەریە ناوخۆییانەی کە گیراونەتە بەر یان چاوەڕوان دەکرێت کە بگیرێنە بەر یان فەراهەم کراوە بۆ ئەو پرسە.

ب. لە حالەتێک ئەگەر کێشە یەک لا نەکرایەوە بە شێوەیەک کە لای هەردوو وولآتی لایەنی پەیوەندیدار پەسەند کراو بێت لە ماوەی شەش مانگ لە بەرواری گەیشتنی نامەی یەکەم بۆ وولآتی وەرگر، ئەوا بۆ هەردوو وولآت هەیە کە پرسەکە بنێرن بۆ لێژنە لە ڕێگای ئاگادارکردنەوەیەک ئاراستەی لێژنەو وولآتەکەی تر ئەکرێت.

ج. لێژنە مامەڵە لەگەڵ هیچ پرسێک لەو پرسانە ناکات کە بۆی دەنێردرێت بە پێ ی ئەو ماددەیە تا دڵنیا نەبێتەوە لەوەی کە پەنا بۆ هەموو هۆکارە کانی دادپەروەری نێوخۆیی فەراهەم بردراوە بۆ ئەو پرسە و کۆتاییان هاتوە بە پێ ی پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی کە دانی پیا نراوە بە شێوەیەکی گشتی، ئەم بنەمایە پیادە ناکرێت لە حالەتی جێ بەجێ کردنی هۆکارەکانی دادپەروەری بە شێوەیەکی نا بەجێ یان لە حالەتی ئەگەری ئەوەی کە ئەو کەسەی پێشێلکاریەکەی بەرامبەر کراوە دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت بە شێوەیەکی کاریگەر بە پێ ی ئەو ڕێککەوتننامەیە.

د. لێژنە کۆبونەوەی داخراو دەبەستی کاتێک هەڵدەستی بە تێڕوانین لەو پەیامانەی کە پێشکەش کراون بە پێ ی ئەم ماددەیە.

ە. لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی حوکمەکانی بڕگەی لاوەکی ( ج )، لێژنە هەوڵە نیازپاکەکانی خۆی فەراهەم دەکات بۆ وولآتانی ئەندام بە ئامانجی گەیشتن بە چارەسەرێکی دۆستانە بۆ پرسەکە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەو پابەندیانەی کە هاتوون لە ناو ئەم ڕێککەوتننامەیە. وە بۆ وەدەست هێنانی ئەم ئامانجە ، بۆ لێژنە هەیە کە کاتێک پێویست بکات لێژنەیەکی تایبەتمەند بۆ سازان پێک بهێنێت.

و. بۆ لێژنە هەیە کە داوا لە وولآتانی ئەندام بکات کە ئاماژەیان بۆ کراوە لە برِگەی لاوەکی (ب. کە هەر زانیاریەکی پێ بدات کە پەیوەندیدار بێت بە هەر پرسێک کە نێردرابێت بۆی بە پێ ی ئەو ماددەیە.

ز. بۆ وولآتانی ئەندام کە ئاماژەیان بۆ کراوە لە برِگەی لاوەکی ( ب. هەیە کە نوێنەریان هەبێت لە کاتی تێڕوانینی لێژنە لە پرسەکە وە تێبینی زارەکی یان نوسراو پێشکەش بکات یان هەردووکیان.

ح. لێژنە لە ماوەی ١٢ مانگدا لە بەرواری وەرگرتنی ئاگادارکردنەوەکە ی کەلە برِگەی لاوەکی ( ب. دا هاتوە، راپۆرتێک پێشکەش دەکات:

١- لە حالەتی گەیشتن بە چارەسەر لە چوارچێوەی برِگەی لاوەکی (ە )، لێژنە راپۆرتەکەی پوخت دەکاتەوە لەسەر بە کورتی روونکردنەوەی ئەو رووداوانە و ئەو چارەسەرەی کە پێ ی گەیشتوون.

٢- لە حالەتێکدا ئەگەر نەگەیشتنە چارەسەرێک بە گوێرەی چوارچێوەی حوکمەکانی هاتوو لە برِگەی لاوەکی ( ج )، لێژنە راپۆرتەکەی پوخت دەکاتەوە لەسەر بە کورتی روونکردنەوەی رووداوەکان و بەشێوەیەک کە یاداشتنامە نوسراوەکان وکۆنوسێک بە تێبینیە زارەکیەکان کە لە لایەن وولآتی لایەنی پەیوەندیدارەوە ئامادە کراوە هاوپێچ بکات.

٣- لەبارەی هەموو پرسەکان راپۆرتەکە ئەنێردرێت بۆ وولآتانی ئەندام.

٢.حوکمەکانی ئەو ماددەیە دەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە ئەگەر پێنج وولآتی لایەن لەم رێککەوتننامەیە راگەیاندننامەیان دەرکرد بە پێ ی برِگەی ( ١ ) ی ئەم ماددەیە وە وولآتانی لایەن راگەیاندننامەکانیان ئەسپێرن بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کە ئەویش لە لای خۆیەوە هەڵدەستێ بە ناردنی وێنەیەک لە راگەیاندننامەکان بۆ وولآتانی لایەنی تر. وە دەکرێ هەر راگەیاندنێک لە هەر کاتێک بکێشرێتەوە بە ئاگادارکردنەوەیەک کە ئاراستەی ئەمینداری گشتی ئەکرێت، وە ئەم کێشانەوەیەش هیچ کاریگەری نابێت لەسەر تێڕوانین لە هەر پرسێک کە لە رێگای پەیامێکەوە پێشتر نێردراوە بەپێ ی ئەو ماددەیە، وە ناکرێت هیچ پەیامێکی تر لە هەر وولآتێکی لایەن وەربگیرێت بەپێ ی ئەو ماددەیە دوای ئەمینداری گشتی ئاگادارنامەی راکێشانەوەی راگەیاندنەکە وەردەگرێت تەنها مەگەر وولآتی لایەنی پەیوەندیدار راگەیاندنێکی نوێ ی دەرکردبێت.

## ماددەی ٢٢

١.دەشێت بۆ هەر لایەنێکی ئەم رێککەوتننامەیە لە هەر کاتێک ئەوە رابگەیەنێت کە دان دەنێ بە پێ ی ئەو ماددەیە بە تایبەتمەندی لێژنە لە وەرگرتن و تێڕوانینی ئەو پەیامانەی کە هاتوون لە تاکەکان یان لە جیاتی تاکەکان کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی یاسایی خۆیەوە وە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە قوربانی پێشێلکارین کە لە لایەن وولآتێکی لایەن ئەنجام دراوە بۆ حوکمەکانی ئەو رێککەوتننامەیە و ناشێت بۆ لێژنە کە هیچ پەیامێک وەربگرێت کە پەیوەندیدار بێت بە وولآتێکی لایەن لەم رێککەوتننامەیە کە ئەو راگەیاندنەشی دەرنەکردبێت.

٢.لێژنە ئەوپەیامە پەسەند ناکات کە بە پێ ی ئەم ماددەیە پێشکەش دەکرێت ئەگەر واژۆیەکەی نەناسراو بو یان ئەگەر بینی کە خراپ بەکارهێنانی مافی پێشکەش کردنی پەیامی تیایە یان ناگونجێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەو رێککەوتننامەیە.

٣.لەگەڵ رەچاو کردنی برگەی ٢، لێژنە سەرنجی وولاتی لایەن لەم رێککەوتننامەیە رادەکێشێ کە پێشتر راگەیاندنی دەرکردوە بە پێ ی برگەی ١ وە بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە پێشێلکاری هەر یەکێک لە حوکمەکانی ئەم رێککەوتننامەیە دەکات، سەرنجی رادەکێشی بۆ هەر پەیامێک کە خرابێتە پێش لێژنە بە پێ ی ئەم ماددەیە. وە ئەو وولاتەی کە سەرنج راکێشانەکە وەردەگرێت کە ئاماژەی بۆکراوە لە ماوەی شەش مانگدا لێکدانەوە و روونکردنەوەی نووسراو پێشکەش دەکات بۆ روونکردنەوەی پرسەکە وە هۆکارەکانی دادپەروەری کە گیراونەتە بەر لەو وولاتە، ئەگەر بوونیان هەبێت.

٤.لێژنە دەڕوانێتە ئەو پەیامانەی کە وەری دەگرێت بە پێ ی ئەو ماددەیە لەبەر رۆشنایی هەمووئەو زانیاریانەی کە بۆی فەراهەمکراوە لە لایەن پێشکەش کاری پەیامەکە یان ئەوەی لە جیاتی ئەو وە لە لایەن وولاتی لایەنی پەیوەندیدار.

٥.لێژنە ناڕوانێتە هیچ پەیامێک کە لە لایەن تاکێکەوە پێشکەش دەکری بە پێ ی ئەو ماددەیە ئەگەر ساغ نەبێتەوە لە:

ا. کە پرسەکە خۆی هیچ لێکۆڵینەوەی تیا نەکراوە، وە لێکۆڵینەوەشی تیا ناکرێت بە پێ ی هیچ رێکارێک لە رێکارەکانی لیکۆڵینەوە یان پێکهێنانەوەی نێودەوڵەتی.

ب. کە تاکەکە هەموو هۆکارەکانی دادپەروەری ناوخۆیی فەراهەم تەواو کردوە، ئەم بنەمایە پیادە ناکرێت لە حالەتی جێ بەجێ کردنی هۆکارەکانی دادپەروەری بە شێوەیەکی نا بەجێ یان لە حالەتی ئەگەری ئەوەی کە ئەو کەسەی پێشێلکاریەکەی بەرامبەر کراوە دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت بە شێوەیەکی کاریگەر بە پێ ی ئەو رێککەوتننامەیە.

٦.لێژنە کۆبونەوەی داخراو دەبەستی کاتێک هەڵدەستی ّ بە تێڕوانین لەو پەیامانەی کە پێشکەش کراون بۆی بە پێ ی ئەم ماددەیە.

٧.لێژنە بۆچوونەکانی خۆی دەنێرێ بۆ وولاتی لایەنی پەیوەندیدار وە بۆ پێشکەشکاری پەیامەکە.

٨.حوکمەکانی ئەو ماددەیە دەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە ئەگەر پێنج وولاتی لایەن لەم رێککەوتننامەیە راگەیاندننامەیان دەرکرد بە پێ ی برگەی ( ١ ) ی ئەم ماددەیە وە وولاتانی لایەن راگەیاندننامەکانیان ئەسپێرن بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کە ئەویش لە لای خۆیەوە هەڵدەستێ بە ناردنی وێنەیەک لە راگەیاندننامەکان بۆ وولاتانی لایەنی تر. وە دەکرێ هەر راگەیاندنێک لە هەر کاتێک بکێشرێتەوە بە ئاگادارکردنەوەیەک کە ئاڕاستەی ئەمینداری گشتی ئەکرێت، وە ئەم کێشانەوەیەش هیچ کاریگەری نابێت لەسەر تێڕوانین لە هەر پرسێک کە لە رێگای پەیامێکەوە پێشتر نێردراوە بەپێ ی ئەو ماددەیە، وە ناکرێت هیچ پەیامێکی تر لە هەر وولاتێکی لایەن وەربگیرێت بەپێ ی ئەو ماددەیە دوای ئەمینداری گشتی ئاگادارنامەی راکێشانەوەی راگەیاندنەکە وەردەگرێت تەنها مەگەر وولاتی لایەنی پەیوەندیدار راگەیاندنێکی نوێ ی دەرکردبێت.

### ماددەی ٢٣

بۆ ئەندامانی لێژنە یان ئەندامانی لێژنەی تایبەتمەند بەم کارە هەیە وە ئەوانەش کە دەستنیشان دەکرێن بە پێ ی برگەی ١ ( ه ) لە ماددەی ٢١ کە هەموو ئاسانکاریەک و ئیمتیاز و پارێزبەندیەکیان هەبێت کە نێردەی شارەزایانی ئەرکی تایبەت بە نەتەوە یەکگرتوەکان هەیانە وەک ئەوەی کە هاتوە لە لقەکانی پەیوەندیدار لە رێککەوتننامەی ئیمتیازاتی نەتەوە یەکگرتوەکان و پارێزبەندیەکانی.

### ماددەی ٢٤

لێژنە راپۆرتێکی سالآنە سەبارەت بە چالاکیەکانی کە پێ ی هەڵساوە بە پێ ی ئەم رێککەوتننامەیە پێشکەش بە وولآتانی ئەندام و کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکات.

## بەشی سێیەم

### ماددەی ٢٥

١.دەرگای واژۆ کردن لەسەر ئەم رێککەوتننامەیە دەکرێتەوە بۆ هەموو وولآتان.

٢.ئەم رێککەوتننامەیە دەچێتە ژێر باری رێکاری پشتڕاستکردنەوە، وە بەڵگەنامەی پشتڕاستکردنەوەش دەسپێردرێت بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان.

### ماددەی ٢٦

دەرگای چوونە ناو ئەو رێککەوتننامەیە والآ دەکرێت بۆ هەموو وولآتان. وە چوونەناوەکەش کارپێکراو دەبێت کاتی سپاردنی بەڵگەنامەی چوونەناو رێککەوتننامەکە بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان.

### ماددەی ٢٧

١. ئەم رێککەوتننامەیە دەچێتە بواری کارپێکردنەوە لە رۆژی ٣٠ یەم لە دوای بەرواری سپاردنی بیستەم بەڵگەنامەی پشتڕاستکردنەوە یان چوونەناوەوە بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان.

٢.ئەو رێککەوتننامەیە دەچێتە بواری کارپێکردنەوە بۆ هەر وولآتێک کە پشتڕاستی دەکاتەوە یان ئەچێتە ناویەوە دوای سپاردنی بەڵگەنامەی پشتڕاستکردنەوەی یان چونەناوەوەی بیستەم لە رۆژی سییەم لە دوای بەرواری سپاردنی بەڵگەنامەی پشتڕاستکردنەوەکە یان چونەناوەوەی تایبەت بە دەوڵەتەکە.

### ماددەی ٢٨

١.هەر وولآتێک دەتوانێ لە کاتی واژۆ کردن یان پشتڕاستکردنەوەی ئەم رێککەوتننامەیە یان چونە ناو رێککەوتننامەکەوە، ئەوە رابگەیەنێت کە دان بە تایبەتمەندی ئەو لێژنەیە دەنێت کە لە مادده ٢٠ دا هاتووە.

٢.بۆ هەر وولآتێکی ئەندام هەیە کە پێشتر خۆبەدوورگرتنیان داناوە بە پێی برگە ١ی ئەو ماددەیە، بە ناردنی ئاگادارکردنەوەیەک بۆ ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان خۆبەدوورگرتنەکەیان بکێشتەوە ، هەر کاتێک کە بیەوێت.

**ماددەی ٢٩**

١.دەشێت بۆ هەر لایەنێکی ئەم رێککەوتننامەیە کە پێشنیاری هەموار کردن بکات و پێشکەشی بکات بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، وە لە لایەن خۆیەوە ئەمینداری گشتی بە پشت بەستن بە بابەتەکە، وولاَتانی لایەن لە رێککەوتننامەکە سەبارەت بە پێشنیاری هەموار کردنەکە ئاگادار دەکاتەوە لە گەڵ داواکردنی ئەوەی کە ئەگەر وولاَتان بەستنی کۆنفراسێکیان پێ باشە بۆ وولاَتانی ئەندام بۆ روانین لە پێشنیارەکان و دەنگدان لە سەریان ئەوا دەبێ ئەمینداری گشتی لێ ئاگادار بکەنەوە، ئەگەر لایەنی کەم سێ یەکی وولاَتانی ئەندام پشتیوانیان کرد لە بەستنی کۆنفرانسەکە کرد بە لایەنی کەم لە ماوەی چوار مانگدا لە بەرواری ئاگادار کردنەوەکە، ئەوسا ئەمینداری گشتی داوای بەستانی دەکات لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان. وە هەر پێشنیارێک کە لە لایەن زۆرینەی وولاَتانی ئەندامی ئامادەبوو لە کۆنفرانسەکە دەنگی پێدرابێت و متمانەی پێدرابێت، لە لایەن ئەمینداری گشتیەوە پێشکەش دەکرێ بۆ هەموو وولاَتانی ئەندام بۆ پەسەند کردنی.

٢.کارپێکردن بە هەر هەموارێک کە متمانەی پێ دەدرێت بە پێ ی برگە ١ لەم ماددەیە دەچێە بواری جێبەجێ کردنەوە کاتێک سێ یەکی وولاَتانی ئەندام لەم رێککەوتننامەیە رەزامەندی خۆیان بە پەسەندکرنی هەموارکردنەکە بەگوێرەی رێکارە دەستوریەکانی خۆیان رادەگەیەنن بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان.

٣.وولاَتانی ئەندام کە هەموارکردنەکانیان پەسەند کردوە، پابەند دەبن پێیانەوە لە ساتی چونەبواری جێبەجێ کردنەوە، وە وولاَتانی ئەندامی تر پابەند دەمێنن بە حوکمەکانی ئەم رێککەوتننامەیە و بە هەر هەموارکردنێکیش کە پەسەندی بکەن.

**ماددەی ٣٠**

١.هەر کێشەیەک لە نێوان دوو وولاَت یان زیاتر روودات سەبارەت بە لێکدانەوەی ئەم رێککەوتننامەیە و جێبەجێ کردنی وە نەکرێت کە چارەسەر بکرێت لە رێگای وتووێژەوە، ئەوا دەخرێتە ڕوو بۆ دادوەری کردن لەسەر داوای یەکێک لەم وولاَتانە، ئەگەر لایەنەکان نەیانتوانی لە ماوەی شەش مانگدا لە بەرواری پێشکەش کردنی داوای دادوەری کردن کە رەزامەند بن لەسەر رێکخستنی دادوەری کردن، دەکرێ بۆ هەر یەکێک لە لایەنەکان کە کێشەکە بنێرێت بۆ دادگای دادی نێو دەوڵەتی لە رێگای پێشکەش کردنی داوایەک بە پێ ی پەیرەوی بنەڕەتی ئەو دادگایە.

٢.بۆ هەر وولاَتێک هەیە کە لە ساتی واژۆ کردنی ئەم رێککەوتننامەیە یان پشتڕاستکردنەوەی یان چوونە ناویەوە ئەوە رابگەیەنێت کە خۆی پابەند دەکات بە برگەی ١ ی ئەو ماددەیە. وولاَتانی تری لایەن پابەند نابن بە برگەی ١ی ئەم ماددەیە ئەگەر ئەم وولاَتە پارێزی ( تحفوز) ی راگەیاندبیت .

٣.بۆ هەر وولاَتێک هەیە کە پێشتر تەحەفوزی دانابیت بە پێ ی برگەی ٢ دووی ئەم ماددەیە، تەحەفوزەکەی بکێشێتەوە هەر کاتێک بیەوێت بە ناردنی ئاگادار کردنەوەیەکی نوسراو بۆ ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان.

## مادده ٣١

١.بۆ هەر وولاتێکی لایەن هەیە کە پەیوەندی خۆی بەو ڕێککەوتننامەیە کۆتایی پی ِ بهێنێ لە ڕێگای ناردنی ئاگادارکردنەوەیەکی نوسراو بۆ ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان. وە ئەو کۆتایی پێهێنانە دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە دوای تێپەڕینی ساڵێک لە بەرواری وەرگرتنی ئاگادار کردنەوەکە لە لایەن ئەمینداری گشتی.

٢.ئەم کۆتایی پێهێنانە نابێتە هۆی لێخۆش بوون لەو پابەندیانەی کە دەکەوێتە سەر دەوڵەتی لایەن بە پێ ی ئەم ڕێککەوتننامەیە سەبارەت بە هەر کارێک یان پشتگوێ خستنێک کە پێش ئەم بەرواره رووبدات کە کۆتایی پێهێنانەکە دەچێتە بواری کارپێکردنەوە، وە ئەو کۆتایی پێهێنانەش بەهێ شیوەیەک کار ناکاتە سەر بەردەوامی تیروانین لە هەر پرسێک کە لێژنە بەردەوام بووە لە تەماشا کردنی پێش ئەو بەروارەی کە کۆتایی پێهێنانەکە دەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە.

٣.لە دوای ئەو بەروارەی کە کۆتایی هێنانی پەیوەندی وولاتی لایەن بە ڕێککەوتننامەکە دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، لێژنە تێڕوانین ناکات لە هیچ پرسێکی نوی کە پەیوەست بێت بەو وولاتەوە.

## ماددەی ٣٢

ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان هەموو ئەندامانی نەتەوە یەکگرتوەکان و هەموو ئەو وولاتانەش کە واژۆی ئەم ڕێککەوتننامەیان کردوە یان چوونەتە ناویەوە ئاگادار دەکاتەوە سەبارەت بەمانەی خوارەوە:

ا. ئەو واژۆ و پشتڕاستکردنەوانە و چونەناوەوانەی کە ئەنجام دەدرێن بە پێ ی ماددەکانی ٢٥ و ٢٦.

ب. بەرواری چوونە بواری کارپێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە پێ ی ماددەی ٢٧، هەروەها بەرواری چونە بواری کارپێکردنی هەر هەموار کردنێک کە لەسەری ئەنجام بدرێت بە پێی ماددەی ٢٩.

ج. بارەکانی کۆتایی هێنان بە پێ ی ماددەی ٣١.

## ماددەی ٣٣

١.ئەم ڕێککەوتننامەیە کە دەقە متمانە پێکراوەکانی بە زمانەکانی ئیسپانی و ئینگلیزی و روسی و سینی و عەرەبی و فەرەنسی نوسراوەتەوە بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان دەسپێردرێت.

٢.ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کۆپی باوەڕپێکراوی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەنێرێ بۆ هەموو وولاتان.

# پرۆتۆکۆلی ئیختیاری تایبەت بە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە و جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر.

**لە ١٨ ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢ لە خولی پەنجاو حەفتەمینی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیاری A/RES/١٩٩/٥٧ لە خۆگیراوە**

**لە ٢٢ ی حوزەیرانی ٢٠٠٦ چۆتە بواری جێبەجێکردن**

## دیباجە

پێویستە لەسەر وولاّتانی ئەندام لەم ڕێکەوتننامەیەدا،

دووبارە تاکید لەمە بکەنەوە کە ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر بابەتی قەدەغەکراون وە پێشیلکاریی گەورەو زەق لە مافەکانی مرۆڤ پێکدێنن،

باوەڕیان بەمە بێت کە پێویستە ڕێوشوێنی زیاتر بگرنەبەر بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی ڕێکەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر ( کە لە خوارەوە بە ڕێکەوتننامەکە ئاماژەی پێکراوە) ،هەروەها بە پێویستی برەودان بە پاراستنی ئەم کەسانەی کە لە ئازادی بێبەش دەکرێن لە ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر،

وە ئاماژەش بەوەی کە هەردوو ماددەی ٢ و ١٦ لە ڕێکەوتننامەکە هەموو وولاّتانی ئەندام پابەند دەکات بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی کارا بۆ قەدەغەکردنی هەر کارێکی ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر لەم هەرێمانەی کە دەکەونە ژێر دەسەلاّتەکانیانەوە،

وە دان بەمەشدا بنێن کە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆی وولاّت بۆ جێبەجێکردنی ئەم دوو ماددەیە، هەروەها برەودان بە پاراستنی کەسانی بێبەشکراو لە ئازادییەکان و ڕێزگرتنی تەواوی مافەکانیان بەرپرسیارێتیەکی هاوبەشە لەنێوان هەموو لایەک وە دەستەکانی جێبەجێ کردنی نێودەوڵەتیش تەواوکەر و بەهێزکەری ڕێوشوێنە نیشتیمانییەکانە،

وە ئاماژەش بەمە بکەن کە قەدەغەکردنی ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر پێویست بە هۆشیارکردنەوەو کۆمەڵێک ڕێوشوێنی جۆراوجۆری یاسایی و کارگێڕی و دادوەری هی تر دەکات،

هەروەها ئاماژە بەمەش بکات کە کۆنفراسی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ زۆر بەتوندی ڕایگەیاندووە کە هەوڵەکانی نەهێشتنی ئەشکەنجە پێویستە پێش هەموو شتێک جەختی لەسەر پێش پێگرتن

کردۆتەوە، وە داوای لەخۆگرتنی پرۆتۆکۆلی ئیختیاری کردووە بۆ ڕێکەوتننامەکە، بە مەبەستی دامەزراندنی سیستەمێکی بەرگری بۆ سەردانە ئاساییەکان بۆ شوێنەکانی ڕاگرتن،

وە باوەڕیشیان بەمە بێت کە پاراستنی کەسانی لە ئازادی بێبەشکراو لەدژی ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر دەتوانرێت بە شێوازی نا دادوەری پتەوتر بکرێت ئەوانەی کە ئیفەتی پێش پێگرتنیان هەیە کە لەسەر بنەمای سەردانی سەنتەراکانی ڕاگرتنەوە دامەزراون،

هەموو وولاتان لەسەر ئەمانەی خوارەوە ڕێککەوتن:

## بەشی یەکەم: پرەنسپە گشتییەکان

**ماددەی ١**

مەبەست لەم پرۆتۆکۆلە بریتییە لە دامەزراندنی سیستمێکی ئاسایی بۆ سەردانی هەموو دەستە سەربەخۆیە نیشتیمانی و نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەم شوێنانەی کە خەڵک لە ئازادی بێبەش کراون بەمەبەستی قەدەغەکردنی ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر.

**ماددەی ٢**

١.دامەزراندنی لێژنەیەکی لاوەکی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر ( کە لە خوارەوە بە لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە ئاماژەی پێکراوە) وە ئەم لێژنە لاوەکییە هەڵدەستی بە ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکانەی کە لەم پرۆتۆکۆلەدا هاتوون.

٢.پێویستە لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە کارەکانی خۆی لەچوارچێوەی پەیمانی ( میساق) نەتەوە یەکگرتووەکاندا جێبەجێ بکات وە پابەند بێت بە ئامانج و پرەنسیپەکانی، هەروەها پابەندیش بێت بەم پێوەرانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان دایناون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە ئازادییەکان بێبەش دەکرێن.

٣.پێویستە لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بە شێوەیەکی یەکسان ڕێنمایی بکرێت لەسەر پرینسیپەکانی پاراستنی نهێنی و دەستپاکی و باش هەڵنەبژاردن و گشتگیر و بابەتیانە.

٤.پێویستە لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە و وولاتانی ئەندام هاوئاهەنگ بن لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆتۆکۆلەدا.

**ماددەی ٣**

پێویستە هەر وڵاتێکی ئەندام دەستەیەک یان زیاتر بۆ سەردان کردن لەسەر ئاستی نێوخۆ دابمەزرێنێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر ( کە لە خوارەوە بە میکانیزمی بەرەنگاربوونەوەی نیشتیمانی ئاماژەی پێدەکرێت) .

**ماددەی ٤**

١.بەگوێرەی ئەم پرۆتۆکۆلە پێویستە لەسەر هەر وڵاتێکی ئەندام بە دانانی ئەم میکانیزمانەی کە لە مادەکانی ٢ و ٣ دا ئاماژەیان پێکراوە بۆ سەردانی هەر شوێنێکی ژێر دەسەڵاتەکانیان کە خەڵکی تێدا ڕاگیراوە یان لە ئازادی بێبەش کراوە، جا بە دەرکردنی فەرمانی دەسەڵاتە گشتییەکان بێت یان بە جۆشدان یان ڕەزامەندی ئەوان بێت ( کە لە خوارەوە بە شوێنەکانی ڕاگرتن ئاماژەی پێکراوە). پێویستە ئەم سەردانانەش بەپێی پێویست بە مەبەستی برەودان بە پاراستنی ئەم کەسانە بێت لەدژی ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر.

٢.بۆ مەبەستی ئەم ڕێکەوتننامەیە، بێبەشکردن لە ئازادییەکان بەمانای هەر جۆرێک لە ڕاگرتن یان بەندکردن دێت یان دانانی کەسێک لە شوێنێکی ڕاگرتنی گشتی یان تایبەت بێت کە ڕێگەی پێنەدرێت بە ئازادی ئەم شوێنە جێبهێڵێت وە بە فەرمانی دەسەڵاتی دادوەری یان کارگێڕی یان هەر دەسەڵاتێکی تر بێت.

## بەشی دووەم: لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە

**ماددەی ٥**

١,لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە لە دە ئەندام پێک دێت. وە دووای هاتنە پاڵی ئەندامی ژمارە پەنجا لەم پرۆتۆکۆلە ژمارەی ئەندامانی لێژنەی لاوەکی بەرز دەبێتەوە بۆ ٢٥ ئەندام.

٢.پێویستە ئەندامانی لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە لە نێو خەڵکانی ڕەوشت بەرز و پسپۆڕ و خاوەن ئەزموون لە بواری دادوەریدا هەڵبژێردرێن، بەتایبەتیش پسپۆڕی لە یاسای تاوان و بەرێوەبردنی بەندینخانە یان پۆلیس، یان لە هەر بوارێکی تری پەیوەست بن بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە ئازادیدا بێبەشکراون.

٣.پێویستە لەپێکهێنانی لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدا ڕەچاوی دابەشکردنی جوگرافی دادپەروەرانە بکرێت بۆئەوەی هەموو جۆرە جیاکانی شارستانییەت و سیستمە یاساییەکانی وڵاتانی ئەندام بەشداربن.

٤.هەروەها لەم پیکهاتەیەشدا پێویستە ڕەچاوی هاوسەنگی لە هەردوو ڕەگەزدا بکرێت لە نوێنەرایەتیدا لەسەر بنەمای یەکسانی و جیاکاری نەکردن.

٥.نابێت دوو هاونیشتیمانی وولاتێک پێکەوە ببن بە ئەندام لە لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە.

٦.پێویستە ئەندامانی لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بە توانای کەسیی خۆیان کاربکەن، هەروەها دەبێت سەربەخۆ و بێلایەن و دەستپاک بن هەروەها ئامادەش بن کە بە کارایی خزمەتی لێژنە لاوەکییەکە بکەن.

**ماددەی ٦**

١.هەر وولاتێکی ئەندام بەپێی برگەی (٢) ی ئەم ماددەیە بۆی هەیە دوو کەس کاندید بکات کە ئەو مەرجانەی لە ماددەی ٥ ی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتوون بیانگرێتەوە، وە لە میانی ئەم کاندیدکردنەشدا زانیاری تەواو لەسەر توانستی پالێوراوان پێشکەش بکات.

٢.

(ا) پێویستە پالێوراوان ڕەگەزنامەی وولاتی ئەندامی ئەم پرۆتۆکۆلەیان هەبێت.

(ب) بەلانی کەم یەکێک لە پالێوراوەکان دەبێت ڕەگەزنامەی ئەم وولاتەیان هەبێت کە کاندیدیان دەکات

(ج) نابێت لە دوو کەس زیاتر لە هاولاتیانی وولاتی ئەندام کاندید بکرێن.

(د) پێش ئەوەی وولاتێکی ئەندام یەکێک لە هاولاتیانی وولاتێکی تری ئەندام کاندید بکات پێویستە بەنوسراو ڕەزامەندی ئەم وولاتە بەدەست بێنێت.

٣.بەلانی کە پێنج مانگ بەر لە کۆبوونەوەی وولاتانی ئەندام کە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام دەدرێت، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نامەیەک ئاراستەی هەموو وولاتانی ئەندام دەکات بۆ بانگهێشتکردن بۆ پێشکەشکردنی کاندیدەکانیان لەماوەی سێ مانگدا، هەروەها سکرتێری گشتی لیستێک بە گوێرەی ئەلفەبێ ئامادە دەکات بە ناوی کاندیدەکان، لەگەڵ ڕاگەیەنراوی ئەم وولاتە ئەندامانەی کە کاندیدیان کردوون.

**ماددەی ٧**

١.هەڵبژاردنی ئەندامانی لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

(ا) دەبێت ڕەچاوی هەموو ئەو مەرج و داواکارییانە بکرێت کە لە ماددەی (٥) ی ئەم پرۆتۆکۆلەدا هاتوون،

(ب) پێویستە هەڵبژاردنە سەرەتاییەکان لە ماوەیەکدا بکرێت کە لە شەش مانگ تێنەپەڕێت لە دەستپێکی جێبەجێکردنی ئەم پرۆتۆکۆڵە،

(ج) پێویستە وولاتانی ئەندام ئەندامانی لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بە شێوەی دەنگدانی نهێنی هەڵبژێرن،

(د) پێویستە هەڵبژاردنی ئەندامانی لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە هەموو دووساڵ جارێک لە کۆبوونەوەکانی وولاتانی ئەندامدا ئەنجام بدرێت، لەم کۆبوونەوانەشدا کە دوو لەسەر سێی وولاتانی ئەندام

ئامادەی دەبن و نیسابی یاسایی پێکدێنن، پێویستە کەسی کاندیدکراو بۆ ئەندامێتی لە لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە ئەم کەسانە بن کە زۆرترین دەنگ بەدەست دێنن وە زۆرینەی ڕەهای دەنگی نوێنەرانی وڵاتانی ئەندامی ئامادەبوو یان دەنگدەر بەدەست دێنن.

٢.ئەگەر هاتوو لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا دوو کەس لە هاوڵاتیانی وڵاتێک هەڵبژێردران بۆ کارکردن وەک ئەندامی لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە، لەم حاڵەتەدا ئەو کاندیدە دەبێتە ئەندام کە زۆرترین دەنگی بەدەست هێناوە وە ئەگەر هاتوو هەردوو هاوڵاتیەکە ژمارەی دەنگی یەکسان بەدەست بێنن ئەم ڕێکارانەی خوارەوە پێویستە بگیرێتە بەر:

(ا) ئەگەر هاتوو وڵاتی ئەندام تەنها یەک کاندیدی هەبوو لەنێو هاوڵاتیانی خۆیدا ئەوا ئەم کاندیدە دەبێت بە ئەندام لە لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە.

(ب) ئەگەر هاتوو وڵاتی ئەندام دوو لە هاوڵاتیانی کاندید کردبێت، پێویستە دەنگدانێکی جوداو نهێنی ئەنجام بدرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی کامەیان دەبێت بە ئەندام لە لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە.

(ج) ئەگەر هاتوو وڵاتی ئەندام هیچ یەک لەم دوو کاندیدەی نەپاڵێوێت کە هاوڵاتی خۆی بن، پێویستە دەنگدانێکی جوداو نهێنی ئەنجام بدرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی کامەیان دەبێت بە ئەندام لە لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە

**ماددەی ٨**

ئەگەر هاتوو یەکێک لە ئەندامانی لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بمرێت یان دەست لەکار بکێشێتەوە یان بەهەر هۆکارێک نەتوانێت بەردەوام بێت لە کارەکانی، وڵاتی ئەندام بۆی هەیە کەسێکی تری گونجاو ببپاڵێوێت کە هەمان توانستی هەبێت و لەگەڵ مەرجەکانی ماددەی (٥) دا بگونجێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پێویستی هاوسەنگی لە هەموو بوارەکانی توانستیدا بە مەبەستی کارکردن تا کۆبوونەوەی داهاتووی وڵاتانی ئەندام، بە وەرگرتنی ڕەزامەندی هەموو وڵاتانی ئەندام. وە پێویستە ئەم ڕەزامەندیەش بدرێت تەنها لەحاڵەتێک ئەگەر هاتوو تا نیوەی یان زیاتر لەنیوەی وڵاتانی ئەندام لە ماوەی شەش حەفتەدا بە نەرێ وەڵامیان دایەوە دووای ئەوەی لەلایەن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەم دامەزراندنەیان پێ ڕادەگەیەنرێت.

**ماددەی ٩**

هەر ئەندامێک لە لیژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێت ، وە بۆیان هەیە بۆ جارێکر تریش هەڵبژێردرێنەوە. بەڵام ئەندامێتی نیوەی ئەندامانی هەڵبژێردراو لە هەڵبژاردنی یەکەمدا دووای دوو ساڵ تەواو دەبێت، وە ڕاستەوخۆ لەدووای هەڵبژاردنی یەکەمدا سەرۆکی کۆبوونەوەکەی وولآتانی ئەندام کە لە برگەی (١) (د) ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی پێکراوە ناوی ئەم پێنج ئەندامە بە تیروپشک هەڵدەبژێرێت.

**ماددەی ١٠**

١.لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە ئەندامانی نوسینگەکەی بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبژێرێت وە دەکرێ دووبارەش هەڵبژێردرێنەوە.

٢.لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە پەیڕەوەی ناوخۆی دادەڕێژێت کە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

(ا) نیێابی یاسایی بریتی بێت لە نیوەی ژمارەی ئەندامەکانی لەگەڵ ئەندمێکی زیاد،

(ب) بڕیارەکانی لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو دەبێت،

(ج) دانیشتنەکانی لیژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بە نهێنی دەبێت

٣. پێویستە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگهێشت بۆ کۆبوونەوەی سەرەتایی لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بکات، دووای کۆبوونەوەی سەرەتاییش پێویستە لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە لەم کاتانەدا کۆبونەوەکانی ئەنجام بدات کە لەگەڵ پەڕەوی ناوخۆیدا بگونجێت، هەروەها هەریەک لە لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە و لێژنەی دژی ئەشکەنجەدان پێویستە بەهاوکات ساڵی جارێک خولی خۆیان ببەستن.

## بەشی سێیەم: دەسەڵاتی لیژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە

### ماددەی ١١

١.لیژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە هەڵدەستێت بەمانەی خوارەوە:

(ا) سەردانی ئەم شوێنانەی کە لە ماددەی (٤) دا ئاماژەیان پێکراوە، هەروەها پێشنیارەکانی پێشکەش بە وولاتانی ئەندام دەکات بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی کە لە ئازادی بێبەش کراون لە ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر،

(ب) وە ئەوەی پەیوەستیش بێت لە پێش پێگرتنی نیشتیمانی پێویستە ئەمانەی خوارەە ئەنجام بدات:

یەکەم: پێشکەشکردنی ڕاوێژ و هاوکاری بۆ وولاتانی ئەندام بەپێی پێویست بۆ دامەزراندنی ئەم میکانیزمانە.

دووەم: پاراستنی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و نهێنی لەکاتی پێویستدا بە میکانیزمە نیشتیمانییەکانی پێش پێگرتن لەگەڵ پێشکەشکردنی ڕاهێنان و هاروکاری تەکنیکی و برەودان بەتواناکانی.

سێیەم: پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و هاوکاری بۆ میکانیزمە نیشتیمانییەکان لە هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکان بە مەبەستی برەودان بە پاراستنی ئەو کەسانەی کە لە ئازادی بێبەش کراون لە ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر.

چوارەم: پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و ڕاسپاردە بۆ وولاتانی ئەندام بەمەبەستی برەودان بە تواناکانیان و دەسەڵاتی میکانیزمە نیشتیمانییەکانی پێش پێگرتن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر.

(ج) هاوکاری، بەمەبەستی قەدەغەکردنی ئەشکەنجە بەشێوەیەکی گشتی، لەگەڵ دەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و میکانیزمەکانی پەیوەست و هەروەها دەزگا یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمی و نیشتیمانییەکانی کارا لەپێناو برەودان بە پاراستنی هەموو کەسێک لە ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر.

### ماددەی ١٢

بە مەبەستی بەتواناکردنی لیژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە لە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتەکانی بەشێوەیەکی تۆکمە پێویستە وولاتانی ئەندام بەڵێنی ئەمانەی خوارەوە بدەن:

(ا) پێشوازی کردن لە لیژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە لە هەموو ناوچەکانی وە ئاسانکاری بۆ گەیشتنیان بۆ سەنتەرەکانی ڕاگرتن هەروەک لە ماددەی چواری ئەم پرۆتۆکۆلەدا ئاماژەی پێکراوە.

(ب) پێدانی هەموو زانیارییەکی پەیوەست بە لیژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە کە لەوانەیە داوایان بکات بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی پێداویستی و پێوەرەکانی کە پێویستە بگیرێنە بەر بۆ برەودان بە

پاراستنی هەموو کەسێک لە ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر.

(ج) هاندانی ئاسانکاری لە پەیوەندییەکانی نێوان لیژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەو میکانیزمە نیشتیمانییەکانی پێش پێگرتن.

(د) ڕاڤەکردنی ڕاسپاردەکانی لیژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە و دایەلۆگ کردن لەگەڵیدا دەربارەی پێوەرەکانی جێبەجێکردن.

**ماددەی١٣**

١.لیژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە، بە تیروپشک بەرنامەیەک دادەڕێژێت بۆ ڕێکخستنی سەردانەکانی بۆ وڵاتانی ئەندام بە مەبەستی پەیڕەوکردنی دەسەڵاتەکانی هەروەک لە ماددەی (١١) دا ئاماژەی پێکراوە.

٢.لیژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە، دوای ڕاوێژکردن، وڵاتی ئەندام ئاگادار دەکاتەوە لە بەرنامەی سەردانەکە بۆ ئەوەی کات بدات بە وڵاتەکە بەبێ دوواکەوتن ڕێوشوێنی پڕاکتیکی بگرێتە بەر بۆ ئەنجامدانی سەردانەکە.

٣.بەلانی کەم دوو لە ئەندامانی لیژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە هەڵدەستن بە سەردانەکان، وە لەکاتی پێویستیشدا چەند پسپۆڕێکی بە ئەزموون و شارەزا لەم بوارانەی کە ئەم پرۆتۆکۆلە دەیانگرێتەوە لەگەڵیان دەبن، وە ئەم کەسە پسپۆڕانەش لە لیستێکدا هەڵدەبژێردرێن کە لەلایەن وڵاتانی ئەندام و کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردنی تاوان لەسەر بنەمای ڕاسپاردە پێشکەشکراوەکان دانراون. هەروەها وڵاتانی ئەندام بە مەبەستی ئامادەکردنی لیستەکە پێشنیاری ژمارەیەک لە پسپۆڕان دەکەن کە لە پێنج کەس زیاتر نەبن، وە وڵاتی ئەندامی پەیوەستیش بۆی هەیە پسپۆڕێکی دیاریکراو ڕەتبکاتەوە لە سەردانەکەدا کە لیژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە لەلای خۆیەوە پێشنیاری پسپۆڕێکی تر دەکات.

٤.ئەگەر لیژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بەگونجاوی زانی ئەوە لەدووای هەر سەردانێکی ئاساییدا سەردانی ماوە کورت بکرێت بە مەبەستی بەدواداچوون.

**ماددەی ١٤**

١.بەمەبەستی بەتواناکردنی لیژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بۆ پەیڕەوکردنی دەسەڵاتەکانی پێویستە وڵاتانی ئەندام لەم پرۆتۆکۆلەدا ئەمانەی خوارەوەیان بۆ دەستەبەر بکەن:

(ا) گەیشتن بە هەموو زانیارییەک بەبێ ئاستەنگ ئەوانەی کە پەیوەستن بە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ئازادییەکان بێبەشکراون لە سەنتەرەکانی ڕاگرتن هەروەک لە ماددەی (٤) دا ئاماژەی پێکراوە لەگەڵ ژمارەو شوێنی ئەم شوێنانە.

(ب) گەیشتنی بێ بەربەست بە هەموو ئەم زانیاریانەی کە پەیوەستن بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کەسانەو بارودۆخی ڕاگرتنیان.

(ج) گەیشتنی بێ بەربەست بە، بەپێی بڕگەی (٢) لە خوارەوە بە هەموو شوێن و دەزگاو سەنتەرەکانی ڕاگرتن.

(د) ڕەخساندنی هەل بۆ چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ ئەم کەسانەی کە لە ئازادی بێبەش کراون بەبێ ئامادەبوونی شایەتحاڵەڵ، جا چی بە تەنها بێت یان بە ئامادەبوونی وەرگێڕ بێت ئەگەر پێویست بکات، ئەمە جگە لە هەر کەسێکی تر کە لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە باوەڕی وابێت کە زانیاری پەیوەستی لابێت لەسەر بابەتەکە .

(ە) ئازادی لە هەڵبژاردنی شوێن و کەسەکانی کە دەیانەوێت چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام بدەن.

٢.ناڕازیبوون لە سەردانی شوێنێکی دیاریکراوی ڕاگرتن ناکرێت بکرێتە پاساو تەنها بەهۆکاری گونجاو نەبێت و پەیوەندی بە بەرگری نیشتیمانی و سەقامگیری و ڕووداوی سروشتی و ناسەقامگیری مەترسیدارەوە هەبێت لەم شوێنەی کە بۆ سەردانکردن دەستنیشان کراوە کە بۆ ماوەیەکی کاتی پێویست بکات ئەم جۆرە سەردانە دووابخرێت، هەروەها ناکرێت وڵاتی ئەندام حاڵەتی ڕاگەیاندنی تەنگەتاوی بکات بە پاساوێک بۆ ڕێگەگرتن لە سەردانەکە.

**ماددەی ١٥**

هیچ دەسەڵاتێک یان بەرپرسێک بۆی نییە فەرمان دەربکات یان هەوڵبدات یان ڕێگە بدات بە هەر سزادانێک لەدژی هەر کەسێک یان ڕێکخراوێک بە هۆکاری ئەوەی کە زانیاری داوە بە لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە یان ئەندامەکانی کە ئەگەر زانیارییەکان ڕاست بن یان هەڵە، وە نابێت ئەم کەس و ڕێکخراوانە بەهیچ شێوەیەک زەرەریان پێ بگەیەنرێت.

**ماددەی ١٦**

١.لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە ڕاسپاردەو تێبینییەکانی بە شێوەیەکی نهێنی بە وڵاتی ئەندام و هەر میکانیزمێکی ڕێگەگرتن ڕادەگەیەنێت، ئەگەر هاتوو پەیوەندی بە بابەتەکانەوە هەبێت.

٢.پێویستە لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە ڕاپۆرتی خۆی لەگەڵ کۆمێنتەکانی وڵاتی ئەندامدا بڵاوبکاتەوە لەسەر داواکاری ئەم وڵاتە. ئەگەر هاتوو وڵاتی ئەندام بەشێکی ڕاپۆرتەکەی

بڵاوبکاتەوە، لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە دەتوانێت بەشێکی ڕاپۆرتەکە یان هەمووی بڵاو بکاتەوە، بەڵام زانیارییە کەسییەکان بەبێ ڕەزامەندی کەسەکە ناکرێت بڵاوبکرێنەوە.

٣.لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە هەڵدەستی بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی بۆ لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە.

٤.ئەگەر وولاتی ئەندام ڕەتی کردەوە کە هاوکاری لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بکات بە گوێرەی هەردوو ماددەی ١٢ و ١٤، یان هەنگاوی نەنا بۆ چاکترکردنی باودۆخەکە لەژێر ڕۆشنایی ڕاسپاردەکانی لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە، لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بۆی هەیە لەسەر داواکاری لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە کە بە زۆرینەی ئەندامەکانی بڕیار بدات وە دووای ئەوەی کە دەرفەت دەدرێت بە وولاتی ئەندام بۆ دەربڕینی ڕاکانی، بۆی هەیە کە بەیاننامەیەک دەربکات دەربارەی بابەتەکە یان ڕاپۆرتەکەی لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بڵاوبکاتەوە.

## بەشی چوارەم: میکانیزمی پێش پێگرتنی نیشتیمانی

### ماددەی ١٧

پێویستە هەر وولاتێکی ئەندام پارێزگاری یان دامەزراندن بکات لەماوەیەک کە لە ساڵێک زیاتر نەبێت لە دووای جێبەجێکردنی یان پەسەندکرنی یان چوونەپاڵ ئەم پرۆتۆکۆلە بۆ میکانیزمێک یان زیاتری پێش پێگرتنی نیشتیمانیی سەربەخۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە لەسەر ئاستی ناوخۆدا. میکانیزمەکانی دامەزراو لەلایەن یەکە نامەرکەزییەکانەوە دەکرێ بۆ مەبەستی ئەم پرۆتۆکۆلە دەستنیشان بکرێت وەک میکانیزمی پێش پێگرتنی نیشتیمانی ئەگەر هاتوو چالاکییەکانی لەگەڵ ئەحکامەکاندا یەکبگرێتەوە.

### ماددەی ١٨

١.پێویستە وولاتانی ئەندام زامنی بە سەربەخۆبوونی میکانیزمەکانی پێش پێگرتنی نیشتیمانی و کارمەندەکانی بکەن.

٢.پێویستە وولاتانی ئەندام پێوەری پێویست بگرنە بەر بۆ دەستەبەرکردنی تواناو هۆشیاری پرۆفیشناڵ بۆ پسپۆڕەکانی میکانیزمی پێش پێگرتنی نیشتیمانی. هەروەها پێویستە ئەم وولاتانە هەوڵی ئەوە بدەن کە هاوسەنگی لە نێوان هەردوو ڕەگەزو نوێنەرایەتی گروپە ئیتنی و کەمایەتیەکانیش لە نێو وولاتدا بکەن.

٣.پێویستە وولاتانی ئەندام بەڵێن بدەن بۆ بەردەستکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ ئەوەی میکانیزمەکانی پێش پێگرتنی نیشتیمانی ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن.

٤.لەکاتی دامەزراندنی میکانیزمەکانی پێش پێگرتنی نیشتیمانیدا، پێویستە وولآتانی ئەندام ڕەچاوی پرینسیپەکانی پەیوەست بکەن بۆ سەنتەری دەزگا نیشتیمانییەکان بەمەبەستی پاراستن و برەودان بە مافەکانی مرۆڤ.

**ماددەی ١٩**

پێویستە میکانیزمەکانی پێش پێگرتنی نیشتیمانی بەلانی کەم ئەم دەسەڵاتانەیان پێبدرێت:

(ا) بەشێوەیەکی سیستماتیکی هەڵسان بە دیراسەکردنی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی لە ئازادی بێبەشکراو لە سەنتەرەکانی ڕاگرتندا هەروەک لە ماددەی (٤) دا پێناسەی بۆکراوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پاراستنیان لە ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر.

(ب) پێشکەشکردنی ڕاسپاردەکان بۆ دەسەڵاتە پەیوەندارەکان بە مەبەستی چاککردنی بارودۆخ و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە ئازادی بێبەش کراون و قەدەغەکردنی ئەشکەنجەو جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای توند یان نامرۆیی یان ڕیسواکەر، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پێوەرە پەیوەستەکانی کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانراون.

(ج) پێشکەشکردنی ڕاسپاردەو تێبینییەکانی پەیوەست بە یاسا کارپێکراوەکان یان پرۆژە یاساکان.

**ماددەی ٢٠**

بەمەبەستی بەتواناکردنی میکانیزمەکانی پێش پێگرتنی نیشتیمانی بۆ پەیڕەوکردنی دەسەڵاتەکانیان، پێویستە لەسەر وولآتانی ئەندام بەڵێن بدەن کە ئەمانەی خوارەوەیان بۆ دەستەبەر بکەن:

(ا) دەستکەوتنی هەموو زانیارییەکانی پەیوەست بە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ئازادی بێبەشکراون لە سەنتەرەکانی ڕاگرتندا، هەروەک لە ماددەی (٤) دا ئاماژەی پێکراوە لەگەڵ ژمارەو شوێنەکانی ئەم سەنتەرانە.

(ب) گەیشتنی بێ بەربەست بە هەموو ئەم زانیاریانەی کە پەیوەستن بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کەسانەو بارودۆخی ڕاگرتنیان.

(ج) گەیشتن بە هەموو شوێن و دەزگاو سەنتەرەکانی ڕاگرتن.

(د) ڕەخساندنی هەل بۆ چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ ئەم کەسانەی کە لە ئازادی بێبەش کراون بەبێ ئامادەبوونی شایەتحاڵ، جا چی بە تەنها بێت یان بە ئامادەبوونی وەرگێڕ بێت ئەگەر پێویست بکات، ئەمە جگە لە هەر کەسێکی تر کە لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە باوەڕی وابێت کە زانیاری پەیوەستی لابێت لەسەر بابەتەکە.

(ه) ئازادی لە هەڵبژاردنی شوێن و کەسەکانی کە دەیانەوێت چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام بدەن.

(و) مافی پەیوەندیکردن بە لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە و پێدانی زانیاریەکان بۆی و کۆبونەوە لەگەڵی

**ماددەی ٢١**

١.هیچ دەسەڵاتێک یان بەرپرسێک بۆی نییە فەرمان دەربکات یان هەوڵبدات یان ڕێگە بدات بە هەر سزادانێک لەدژی هەر کەسێک یان ڕێکخراوێک بە هۆکاری ئەوەی کە زانیاری داوە بە لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە یان ئەندامەکانی کە ئەگەر زانیارییەکان ڕاست بن یان هەڵە، وە نابێت ئەم کەس و ڕێکخراوانە بەهیچ شێویەک زەرەریان پێ بگەیەنرێت.

٢.پێویستە زانیارییە نهێنییەکانی کە لەلایەن میکانیزمەکانی پێش پێگرتنی نیشتیمانیدا کۆدەکرێنەوە ڕێزی لێبگیرێت، وە نابێت ئەم زانیارییە بە هیچ شێوەیەک بەبێ ڕەزامەندی کەسەکە بڵاوبکرێنەوە.

**ماددەی ٢٢**

پێویستە دەسەڵاتە پەیوەندارەکان لە وڵاتی ئەندام تێڕوانین بۆ ڕاسپاردەکانی میکانیزمەکانی پێش پێگرتنی نیشتیمانی بکەن وە بکەونە گفتوگۆش لەگەڵیان بۆ باشترین ڕێوشوێنی جێبەجێکردن.

**ماددەی ٢٣**

پێویستە وڵاتانی ئەندام لەم پرۆتۆکۆلەدا بەڵێن بدەن کە ڕاپۆرتەکانی ساڵانەی میکانیزمەکانی پێش پێگرتنی نیشتیمانی بڵاوبکەنەوە.

## بەشی پێنجەم: ڕاگەیاندن

**ماددەی ٢٤**

١.لەکاتی پەسەندکردندا، وولاتانی ئەندام بۆیان هەیە ڕایبگەیەنن کە جێبەجێکردنی پابەندییەکانیان دوادەخەن، جا بەگوێرەی بەشی سێیەم یان پێنجەم بێت لەم پرۆتۆکۆلەدا.

٢.پێویستە دوواخستنەکە زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ. ئەمەش دوای ئەوەی کە وولاتی ئەندام ڕاوێژ لەگەڵ لێژنەی لاوەکی دەکات و زانیاری تەواویش پێشکەش دەکات. لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەش بۆی هەیە ئەم دواخستنە بۆ ماوەی دوو ساڵی تر درێژ بکاتەوە.

## بەشی شەشەم: ئەحکامە داراییەکان

**ماددەی ٢٥**

١.نەتەوە یەکگرتوەکان تێچووی دارایی لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە دەگرێتە ئەستۆ لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆتۆکۆلەدا.

٢.پێویستە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کارمەندو شوێنی پێویست بۆ لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە دابین بکات بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە ئەرکەکانیان بەپێی ئەم پرۆتۆکۆلە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی ٢٦**

١.ێندوقێکی تایبەت دادەمەزرێت بەگوێرەی ڕێکارە کارپێکراوەکانی کۆمەڵەی گشتی، وە بە گوێرەی سیستم و ڕێسا داراییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکات، ئەمەش بە مەبەستی هاوکاری لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی کە لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە پێشکەشیان دەکات بۆ وولاتی ئەندام لەدوای سەردانەکانیدا، ئەمە جگە لە بەرنامەکانی فێرکردن بۆ میکانیزمەکانی پێش پێگرتنی نیشتیمانی.

٢.دەکرێ ئەم ێندوقە لەڕێگای بەخشینەوە هاوکاری بکرێت کە لەلایەن وولاتانی ئەندام و ڕێکخراوە حکومییە نێودەوڵەتی و ناحکومییەکان و لایەنەکانی تری گشتی و تایبەتدا پێشکەش دەکرێت.

## بەشی حەفتەم: ئەحکامە کۆتاییەکان

١.دەرگای واژۆکردن کراوە دەبێت بۆ ئەم پرۆتۆکۆلە بۆ هەموو ئەم وولاتانەی کە ڕێکەوتننامەکەیان واژۆ کردووە.

٢.ئەم پرۆتۆکۆلە قابیلە بۆ پەسەندکردن لەلایەن هەر وولاتێک کە ڕێکەوتننامەکەی پەسەند کدووە یان چۆتە پاڵی، وە وەدیعەی پەسەندکردنەکەش ڕادەستی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت.

٣.دەرگای چوونەپاڵ کراوە دەبێت بۆ ئەم پرۆتۆکۆلە بۆ هەموو ئەم وولاتانەی کە ڕێکەوتننامەکەیان پەسەند کدووە یان چوونەتە پاڵی.

٤.چوونەپاڵیش بە ڕادەستکردنی سپاردنەکە ( وەدیعە) بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت.

٥.پێویستە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ئاگاداری هەموو ئەو وولاتانە بکاتەوە کە واژۆیان لەسەر ئەم پرۆتۆکۆلە کردووە یان چوونەتە پاڵی بە ڕادەستکردنی وەدیعەی پەسەندکردن و چوونەپاڵ.

**ماددەی ٢٨**

١.ئەم پرۆتۆکۆلە دەچێتە بواری جێبەجێکردن  لە ڕۆژی سییەم لە ڕادەستکردنی وەدیعەی پەسەندکردن و چوونەپاڵ بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان.

٢.تایبەت بەم وولاتەی کە ئەم پرۆتۆکۆلە پەسەند دەکات یان دەچێتە پاڵی دووای ڕادەستکردنی وەدیعەی بیستەمی پەسەندکردن و چوونەپاڵ بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەم پرۆتۆکۆلە لە ڕۆژی سییەم لە بەرواری ڕادەستکردنی وەدیعەی پەسەندکرنی یان چوونەپاڵدا دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**ماددەی ٢٩**

ئەحکامەکانی ئەم پرۆتۆکۆلە بەسەر وولاتە فیدرالییەکاندا بەهەموو بەشەکانی بەبێ هەڵاوێرد جێبەجێ دەبێت.

**ماددەی ٣٠**

نابێت هیچ خۆبەدوورگرتنێک بۆ ئەم ڕێکەوتننامەیە بکرێت.

**ماددەی ٣١**

نابێت ئەحکامەکانی ئەم پرۆتۆکۆلە کاریگەری هەبێت لەسەر پابەندییەکانی وولاتانی ئەندام بە هەر ڕێکەوتننامەیەکی هەرێمی بۆ دارشتنی سیستمێکی سەردانکردنی سەنتەرەکانی ڕاگرتن. وا باشە کە لێژنەی لاوەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەو دەستەکانی دامەزراو بەگوێرەی ئەم ڕێکەوتننامە هەرێمیانە ڕاوێژو هاوکاری لەگەڵ یەکتر بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بە شێویوکی کارا برەو بە ئامانجەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە بدەن.

**ماددەی ٣٢**

نابێت ئەحکامەکانی ئەم پرۆتۆکۆلە کاریگەریان هەبێت لەسەر پابەندییەکانی وڵاتانی ئەندام بۆ چوار ڕێکەوتننامەکەی جنێڤی ١٢ ی ئابی ١٩٤٩ و دوو پرۆتۆکۆلە زیادکراوەکەی لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٩٧، هەروەها نابێت کاریگەریشی هەبێت لەسەر پێدانی مۆڵەت لەلایەن وڵاتانی ئەندامەوە بۆ کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور بۆ سەردانی سەنتەرەکانی ڕاگرتن لە حاڵەتەکانی کە یاسایی مرۆیی نێودەوڵەتی نەیگرێتەوە.

**ماددەی ٣٣**

١. هەر وڵاتێکی ئەندام لەهەر کاتێکدا بۆی هەیە کە ڕاگەیاندنی کشانەوە لەم پرۆتۆکۆلە بکات بەپێی نوسراوێک کە بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانی دەنێرێت، کە ئەویش دواتر لەلایەن خۆیەوە هەموو وڵاتانی تری ئەندام لەم پرۆتۆکۆلەو ڕێکەوتننامەکەدا لێ ئاگادار دەکاتەوە، ئەم جۆرە کشانەوانەش کاریان پێدەکرێت تا ماوەی ساڵێک لەدوای وەرگرتنی ئاگادارکردنەوەکە لەلایەن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە.

٢.نابێت ئەم جۆرە کشانەوەیەش کاریگەری هەبێت لەسەر پابەندییەکانی وڵاتانی ئەندام بەم پرۆتۆکۆلەوە بەتایبەتیش بۆ هەر کارێک یان کێشەیەک کە لەپێش ئەوەی کشانەوەکە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە ڕویدابێت، یانیش بۆ هەر کارێکی کە لیژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە بڕیاری لەسەر دابێت، هەروەها نابێت ئەم کشانەوەیە بەهیچ شێوەیەک کار بکاتە سەر هەر کێشەیەک کە لیژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە دەستی کردووە بە تیڕوانین تێیدا پێش ئەو بەروارەی کە کشانەوەکە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٣.لەدووای بەرواری دەرچوونی کشانەوەکە لەلایەن وڵاتی ئەندامەوە، لیژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە تێڕوانین بۆ هیچ کەیسێکی تازە ناکات کە پەیوەست بێت بەم وڵاتە.

**ماددەی ٣٤**

١.هەر وڵاتیکی ئەندام لە هەر کاتیکدا بێت بۆی هەیە داواکارییەک پێشکەش بکات بۆ هەموارکردنەوەی ئەم پرۆتۆکۆلە  کە دەینێرێت بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. وە سکرتێری گشتیش هەڵدەستی بە ناردنی هەر هەموارکردنەوەیەکی پێشنیارکراو بۆ وڵاتانی ئەندام وە داوایان لێدەکات کە پێی ڕابگەیەنن ئەگەر ئارەزووی ئەوەیان هەیە کە کونفراسێک بۆ وڵاتانی ئەندام ڕێکبخرێت  بە مەبەستی پێداچوونەوە بە پێشنیارەکان وە ئایا  دەنگدانی بۆ بکرێت یان نا. وە لە حاڵەتێک ئەگەر بەلانی کەم یەک لەسەر سێی وڵاتانی ئەندام ئەم ئارەزوەیان هەبوو، لە ماوەی چوار مانگ لەم ڕاگەیاندنەدا، ئەم کونفراسە ڕێکدەخرێت، ئینجا سکرتێری گشتی لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان بانکهێشت بۆ کۆنفراسەکە دەکات.

هەمووارکردنەکانیش لەلایەن سکرتێری گشتیەوە کە بەزۆرینەی دەنگی وولاتانی ئەندامی ئامادەبوو دەردەچێت پێشکەش بە هەموو وولاتانی ئەندامی دەکات بۆ ڕەزامەندی.

٢.هەر هەموارکردنەوەیەکیش بەپێی برگەی (١) دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن لە دووای ڕەزامەندی لەلایەن دوو لەسەر سێی وولاتانی ئەندامەوە بەپێی ڕێکارەکانی دەستوری خۆیانەوە.

٣.هەرکاتێکیش هەموارکردنەوەکان کەوتنە بواری جێبەجێکردن ئەوا ئەم وولاتە ئەندامانەی کە ڕازی بوونە لەسەری دەبێت پابەند بن پێیەوە، هەروەها وولاتەکانی تری ئەندامیش پێویستە پابەند بن بە ئەحکامەکانی ئەم پرۆتۆکۆلە، لەگەڵ هەموارکردنەکانی کە پێشوتر لەسەری ڕەزامەند بوونە

**ماددەی ٣٥**

پێویستە هەموو ئەندامانی لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە و میکانیزمەکانی پێش پێگرتنی نیشتیمانی پارێزبەندی و ئیمتیازاتی پێویستیان پێبدرێت بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان بەشێوەیەکی بێلایەن، هەروەها پێویستە لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە ئەم پارێزبەندی و ئیمتیازاتانەیان پێبدرێت کە لە بەندی ٢٢ ی ڕێکەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە ئیمتیازات و پارێزبەندیدا هاتووە لە بەرواری ١٣ ی شوباتی ١٩٤٦، وە بەپێی ئەحکامەکانی بەندی ٢٣ لە ڕێکەوتننامەی ناوبراودا.

**ماددەی ٣٦**

پێویستە لەسەر هەموو ئەندامانی لێژنەی لاوەکی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە کاتێک کە سەردانی وولاتێکی ئەندام دەکەن سەرپێچی نەکەن لە مەبەست و ئەحکامەکانی ئەم پرۆتۆکۆلە و هەروەها لە پارێزبەندی و ئیمتیازاتەکان کە لێی سوودمەندن.

ا. ڕێزگرتن لە یاساو سیستمەکانی ئەم وولاتەی کە سەردانی دەکەن،

ب. هیچ کارێک یان چالاکییەک ئەنجام نەدەن کە دژوار بێت لەگەڵ ئەرکە نێودەوڵەتییەکانیان،

**ماددەی ٣٧**

١.ئەم پرۆتۆکۆلە کە بەزمانەکانی ئیسپانی و ئینگلیزی و ڕوسی و چینی و عەرەبی و فەڕەنسی بەردەستە، پێویستە ڕادەستی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بکرێت.

٢.پێویستە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆپیەکی پەسەندکراوی ئەم پرۆتۆکۆلە بۆ هەموو وولاتان بنێرێت

# ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە پاراستنی مافی کرێکارانی کۆچبەر و ئەندامانی خێزانەکانیان

## بەبڕیاری ژمارە ٤٥- ١٥٨ ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرواری ١٨ ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٠ لەخۆگیراوە

دیباجە

پێویستە لەسەر وولآتانی ئەندام لەم ڕێکەوتننامەیەدا:

ڕەچاوکردنی هەموو بنەما بنەڕەتیەکانی کە لە ڕێکەوتننامە بنەڕەتیەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤدا هاتوون، بەتایبەتیش جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان و پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان و ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ بنبڕکردنی هەموو جۆرێک لە ڕەگەزپەرستی و جیاکاری ، هەروەها ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بنبڕکردنی هەموو جۆرێک لە جیاکاری لەدژی ئافرەتان و ڕێکەوتننامەی تایبەت بە مافەکانی منداڵ.

ڕەچاوکردنی هەموو پرینسیپ و ستانداردەکانی کە لە ڕیکەوتننامەکانی تایبەت بە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتیەوە هاتووە، بەتایبەتیش ڕێکەوتننامەی پەیوەست بە کۆچکردن بەمەبەستی کارکردن ( ژمارە ٩٧) و ڕێکەوتننامەی تایبەت بە کۆچکردن لە بارودۆخی دژواردا لەگەڵ برەودان بە یەکسانی لە هەلی کار و مامەڵە کردن لەگەڵ کریکارانی کۆچبەردا ( ژمارە ١٤٣)، هەروەها پێشنیارەکانی تایبەت بە کۆچکردن بەمەبەستی کارکردن ( ژمارە ٨٦) و پێشنیاری تایبەت بە کرێکارانی کۆچبەری (ژمارە ١٥١) ، لەگەڵ ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ سوخرەو کاری زۆرەملیَ ( ژمارە ٣٩) و ڕێکەوتننامەی تایبەت بە نەهێشتنی کاری زۆرەملیَ ( ژمارە ١٠٥). و تاکید کردنەوە لە گرنگی پرینسیپەکانی کە لە ڕێکەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری لە بواری پەروەردەدا هاتووە، کە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتوەکانی تایبەت بە پەروەردەو زانست و کەلتورەوە دەرچووە.

ڕەچاوکردنی ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەو هەموو جۆرێک لە مامەڵەو سزای توندو نامرۆیی و سوکایەتی پێکردن و جاڕنامەی دەرچوو لە کۆنگرەی چوارەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگەگرتن لە تاوان و مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانباراندا و ڕێسای هەڵسوکەوتی فەرمانبەرانی جێبەجێکردنی یاسا، لەگەڵ ڕێکەوتننامەکانی کۆیلایەتی.

لەیاد نەکەن کە یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، هەروەک لە دەستورەکەیدا ئاماژەی پێکراوە، بریتییە لە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی کرێکاران کاتێک لە وولآتێکی تردا کاردەکەن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پسپۆڕی و ئەزموونی ئەم ڕێکخراوە بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانیان،

هەستکردن بە گرنگیی ئەو کارانەی کە کراوە بۆ کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان لە زۆربەی ئۆرگانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەتایبەتیش لە لێژنەی مافەکانی مرۆڤ و لێژنەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی

خۆراک و کشتوکاڵی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکانی تایبەت بە پەروەردە و زانست و کەلتور ( یونیسکۆ)، لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوەکانی تری نێودەوڵەتی.

هەروەها هەستکردن بەو پێشوەچوونەی کە هەندێ ووڵات ئەنجامیان داوە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێوان دوو وڵاتدا لەپێناو پاراستنی مافەکانی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان، جگە لە گرنگی و سوودی ڕێکەوتننامە دوولایەنەو و هەمە لایەنەکان لەم بوارەدا،

هەستکردن بە گرنگی دیاردەی کۆچکردن کە ملیۆنەها مرۆڤ دەگرێتەوە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری ووڵاتانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی،

هۆشیارئاگادارین لە کاریگەریەکانی هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی کرێکاران بۆ سەر ووڵاتان و خەڵک و ئارەزووی ئەوەیان هەبێت کە یاساو ڕێسا دابمەزرێنن کە لەوانەیە هاوکار بێت بۆ هاوسەنگی لە هەڵوێستی ووڵاتان لەمیانی ڕەزامەندی لەسەر پرپنسیپە بنەڕەتیەکانی پەیوەست بە هەڵسوکەوت لەگەڵ کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان.

بە ڕەچاوکردنی ئەو شکستبارییەی کە زۆربەی کات کرێکارانی کۆچبەر و ئەندامانی خێزانەکانیان خۆیانی تێدا دەبیننەوە بەهۆکاری دوریان لە ووڵاتی خۆیان و ئەو ئاستەنگانەی کە دووچاری دەبنەوە لە دەرئەنجامی ئامادە بوونیان لەم ووڵاتەی کە کاری تێدا دەکەن،

وە باوەڕیان بەوە بێت کە مافەکانی کرێکارانی کۆچبەر و ئەندامانی خێزانەکانیان لە هەموو شوێنێکدا بە شێوەیەکی چاک دانی پێدا نەنراوە، بۆیە پێویستیان بە چوارچێوەیەکی پاراستنی نێودەوڵەتی گونجاو هەیە،

هەروەها ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستیەی کە زۆربەی کاتەکان کۆچکردن دەبێتە هۆکاری گرفتی مەترسیدار بۆ سەر کرێکارە کۆچبەرەکان و ئەندامانی خێزانەکانیان، بە تایبەتیش بەهۆی لێکترازانی خێزان.

وە ئەوەش لەیاد نەکەن کە گرفتە مرۆڤایەتیەکانی کە لەئەنجامی کۆچکردنەوە دێنە کایەوە، زۆر جدی تر دەبن کاتێک کۆچی نایاسایی هەبێت و دەبێت باوەڕیان بەوە بێت کە هانی ڕێکاری گونجاو بدەن بۆ بنبڕکردن وقەدەغەکردنی هەموو جموجۆڵێکی نهێنی و بازرگانیکردن بە کرێکارانی کۆچبەر، لە هەمان کاتیشدا تاکید لە پاراستنی مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ بکەنەوە،

وە بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەو کرێکارانەی کە دۆکۆمێنتی پێویستیان پێ نییە یانیش نا یاساین زۆربەی کات مەرجەکانی ڕەوشی کارکردنیان بە بەراورد لەگەڵ کرێکارانی دیکەدا باش نابێت و هەندێک لە خاوەن کارەکان ئەم شتانە دەقۆزنەوە بۆ کێبرکێی قازانجی زیاتری نایاسایی،

وە بەرەچاوکردنی ئەوەی کە هانا بردن بۆ بەکارهێنانی کرێکارانی کۆچبەری نایاسایی سست دەبێتەوە ئەگەر مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤی کرێکارانی کۆچبەر بە شێوەیەکی بەرفراوان بناسرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، پێدانی هەندێک مافی زیاتر بە کرێکارانی کۆچبەری یاسایی و ئەندامانی خێزانەکانیان زیاتر هانی کرێکارەکان و خاوەن کارەکان دەدات کە پابەند بن بە یاساو ڕێساکانی کارپێکراو لەلاین ووڵاتانی پەیوەستەوە،

بۆیە پێویستە باوەڕیان بە پێویستی دەستەبەرکردنی چوارچێوەیەکی پاراستنی نێودەوڵەتی هەبێت بۆ مافەکانی هەموو کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان، لەگەڵ دووبارە تاکید کردنەوە لەسەر ڕێسا بنەڕەتیەکان لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامەیەکی گشتگیر کە بتوانرێ لەسەر ئاستی جیهاندا جێبەجێ بکرێت،

بۆیە لەسەر ئەمانەی خوارەوە ڕێکەوتن،

## بەشی یەکەم : مەودا و پێناسەکان

### ماددەی ١

١.ئەم ڕێکەوتننامەیە بەردەست دەبێت بۆ جێبەجێکردن، تەنها ئەگەر دوواتر شتێکی بەپێچەوانەی ئەمە نەبێت ، بەسەر هەموو کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان بەبێ هیچ جۆرە جیاکارییەک لەسەر بنەمای ڕەگەز و نەژاد و ڕەنگی پێست و زمان و ئاین و بیروباوەڕ یان بیروڕای سیاسی و هی تر، یان نەتەوەیی و ئیتنی یان ڕەسەنی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزنامە و تەمەن یان باری ئابووری یان موڵکوماڵ یان باری هاوسەرگیری و شوێنی لەدایکبوون و هەر بارێکی تر بێت.

٢.ئەم ڕێکەوتننامەیە لەکاتی پرۆسەی کۆچکردنی تەواوی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیاندا جێبەجێ دەکرێت، کە بریتییە لە خۆئامادەکردن بۆ کۆچکردن و دەرچوون و پەڕینەوە و ماوەی نیشینگەکەی بە تەواوی و کارکردنی بەرامبەر کرێی کار لە وڵاتی بەکاربەر، هەروەها گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆی.

### ماددەی ٢

بۆ مەبەستی ئەم ڕێکەوتننامەیە،

١.زاراوەی " کرێکاری کۆچبەر" بەم کەسانە دەوترێت کە بەشداری دەکەن لە چالاکییەک بەرامبەر بە کرێی کار لە وڵاتێکی تردا کە تێیدا هاوڵاتی نەبن.

٢.أ. زاراوەی "کرێکاری سەر سنوور" بەم کرێکارانە دەووترێ کە لەوڵاتێکی دراوسێدا نیشتەجێن و بەمەبەستی کارکردن هەموو ڕۆژێک یان لەحەفتەی جارێک دەگەڕێنەوە.

ب. زاراوەی " کرێکاری وەرزی" بەم کرێکارانە دەووترێ کە سروشتی کارەکانیان تەنها وەرزییە و بۆ ماوەیەکی دیاری کراوە لە ساڵدا.

ج. زاراوەی " دەریاوان" کە بریتییە لە چینی ماسی گرەکان، بەم کرێکارە کۆچبەرانە دەووترێ کە لەسەر کەشتییەک کاردەکەن کە لە وڵاتێکدا تۆمار کراوە ئەوان هاوڵاتی نین تێیدا.

د. زاراوەی " کرێکار لە دەزگایەکی دەریاوانی" بەم کرێکارانە دەووترێ کە لە دەزگایەکی دەریاوانیدا کار دەکەن سەر بە وڵاتی خۆیان نەبێت.

ه. زاراوەی "کرێکاری گەڕۆک" بەم کرێکارە کۆچبەرانە دەووترێ کە لە وڵاتێکدا نیشتەجێیەو پێویست دەکات گەشت بکات بۆ وڵاتانی تر بۆ ماوەیەکی کورت بەگوێرەی سروشتی کارەکەی.

و. زاراوەی " کرێکاری پەیوەست بە پرۆژەیەک" بەو کرێکارانە دەووترێ کە بۆ پرۆژەیەکی دیاریکراو و ماوەیەکی دیاریکراو لە وولاتێکەوە کە لەلایەن خاوەن کارەکەیەوە بۆی دیاردەکرێ.

ز. زاراوەی " کرێکاری بەکارهێنانی تایبەت" دەگەرێتەوە بۆ ئەو کرێکارە کۆچبەرانەی کە:

(١) ئەوانەی کە لەلایەن خاوەن کارەکانیانەوە دەنێردرێن بۆ وولاتێک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە کارێک یان ئەرکێکی تایبەتی تێدا ئەنجام دەدەن.

(٢) ئەوانەی کە بەشداری دەکەن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە کارێک دا کە پێویستی بە پرۆفیشنالی و بازرگانی و تەکنیکی یان کارامەیی زۆر هەیە.

(٣) ئەوەی کە لەسەر داوای خاوەن کارەکەی دەچێت بۆ وولاتی بەکاربەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە سروشتی کارەکەی ماوە کورتە و پێویستە لەسەری وولاتی بەکاربەر جێبهێڵێت لەگەڵ تەواو بوونی مۆڵەتی نیشینگەی یان زووتر ئەگەر هاتوو هیچ کارێک یان ئەرکێکی تری لەم جۆرەی پێنەسپێردرێت.

(ح) زاراوەی " خاوەنکاری سەربەخۆ" هەموو ئەو کرێکارە کۆچبەرانە دەگرێتەوە کە کارێک ئەنجامدەدەن لە بەرامبەردا بەگوێرەی بۆندێک کرێ وەردەگرن کە بژێوی ژیانیان بۆ دابین دەکات، زۆربەی کات یان بەتەنیا یانیش لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانیان کاردەکەن یان لەگەڵ کرێکارێکی کۆچبەری تر، لەلایەن یاسا کارپێکراوەکانی وولاتی بەکاربەریشدا دانی پێدادەنرێت یان لە رێکەوتننامە دوولایەن و هەمەلایەنەکاندا بەوەی کە کرێکارێکی خاوەن کاری سەربەخۆیە.

## ماددەی ٣

نابێت ئەم رێکەوتننامە جێبەجێ بکرێت لەسەر:

ا. ئەو کەسانەی کە کاریان پێدەدرێت و لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە دەنێردرێن، یانیش ئەوانەی کە لەلایەن وولاتانی خۆیانەوە بەکاری فەرمی دەنێردرێن بۆ دەرەوە، کە قەبوڵکردن و مانەوەیان بە پێی یاسای نێودەوڵەتی گشتی یان رێکەوتننامەکان یان رێکەوتننامە نێودەوڵەتییە سنووردارەکان رێکخراوە.

ب. ئەو کەسانەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە دەنێردرێن یان کاریان پێدەدرێت لەدەرەوەی سنوورەکانی خۆیدا و ئەوانەی کە بەشدار دەبن لە بەرنامەکانی گەشەپێدان و هەماهەنگی تر کە قەبوڵکردن و ڕەوشیان لەرێی رێکەوتننامەیەکەوە لەگەڵ وولاتی بەکاربەر رێکدەخرێت، بەپێی رێکەوتننامەکە ئەمانە بە کرێکاری کۆچبەر هەژمار ناکرێن.

ج. ئەو کەسانەی کە لە وولاتێکی غەیری ولاتی خۆیان نیشتەجێن وەکو بەرهەمهێنەر.

د. پەناهەندەو ئەوانەی کە ڕەگەزنامەیان نییە، ئەمەش تەنها لەحاڵەتێک دەبێت کە لە یاسا نێشتیمانییەکانی وولاتی ئەندامدا نەهاتبێت یان رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی کە پەیوەستە پێیانەوە.

ه. قوتابی و ئەوانەی بۆ مەشق و ڕاهێنان دەچن.

و. دەریاوان و ئەوانەی کە لە دەزگاکانی دەریاوانی کاردەکەن و ئەوکەسانەی کە رێگەیان پێنەدراوە لە وولاتێکدا نیشتەجێ بن و کاربکەن.

**ماددەی ٤**

بۆ مەبەستی ئەم ڕێکەوتننامەیە زاراوەی" ئەندامانی خێزانەکانیان" ئەو کەسانە دەگرێتەوە دەگەڕێتەوە کە هاوسەری کرێکارە کۆچبەرەکانن یانیش لەڕێی هاوسەرگیریەوە پەیوەندیان لەگەڵیاندا هەیە، بەپێی یاسا کارپێکراوەکان، هەروەها منداڵەکانیان یان ئەوانەی کە بەخێویان دەکەن و ئەو کەسانەی کە بەپێی یاسا بەیەکێک لە ئەندامانی خێزانیان هەژمار دەکرێن، بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکان و ڕێکەوتننامە دوولایەن و هەمەلایەنەکان لە نێوان وڵاتانی پەیوەستدا.

**ماددەی ٥**

بۆ مەبەستی ئەم ڕێکەوتننامەیە، پێویستە کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان:

ا. بارودۆخی یاسایی و دۆکومێنتیان هەبێت کاتێک کە مۆڵەتیان پێدەدرێت بچنە وڵاتێک و نیشتەجێ بن تێیدا بە مەبەستی کارکردن بەرامبەر وەرگرتنی کرێی کار لە وڵاتی بەکاربەر بەگوێرەی ڕێاساکانی وڵاتەکە یان ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی کە وڵاتی ئاماژە پێکراو ئەندامە تێیاندا.

ب. بە نایاسایی و بێ دۆکۆمێنت هەژمار دەکرێن ئەگەر هاتوو ئەو مەرجانەیان تێدا بەدی نەکرێت کە لە بڕگەی ا. ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

**ماددەی ٦**

بۆ مەبەستی ئەم ڕێکەوتننامەیە:

ا. زاراوەی " وڵاتی ڕەسەن" یان وڵاتی " ائێل" بەمانای ئەوە دێت ئەم وڵاتەی کە کەسەکە ڕەگەزنامەی هەڵدەگرێت.

ب. زاراوەی "وڵاتی بەکاربەر" بەمانای ئەو وڵاتە دێت کە کرێکارەکە گەشتی بۆ دەکات بەمەبەستی کارکردن بەرامبەر بە کرێی کار، بەگوێرەی حاڵەتەکە.

ج. زاراوەی "وڵاتی پەڕینەوە" ترانزێت بەمانای ئەو وڵاتە دێت کە کرێکارەکە پێیدا تێدەپەڕێت لە گەشتەکەیدا بۆ وڵاتی بەکاربەر یانێش بە پێچەوانەوە لە وڵاتی بەکاربەرەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی.

## بەشی دووەم: جیاکاری نەکردن لە مافەکان

**ماددەی ٧**

وڵاتانی ئەندام بەپێی ڕێکەوتننامەکانی مافەکانی مرۆڤ، بەڵێن بدەن کە ڕێز لە مافەکانی کرێکارانی کۆچبەر و ئەندامانی خێزانەکانیان بگرن کە لەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە لە چوارچێوەی سنووری وڵاتەکانیان یان ئەم ناوچانەی کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی دادوەریان لە هەموو جۆرە جیاکارییەک لەسەر بنەمای ڕەگەز و نەژاد و ڕەنگی پێست و زمان و ئاین و ئاینزا و بیروڕای سیاسی یان ناسیاسی یان ڕەسەنی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و تەمەن و باری ئابووری و موڵکوماڵ و باری هاوسەرگیری و شوێنی لەدایک بوون یان هەر بارێکی تر بێت.

## بەشی سێیەم: مافی مرۆڤی هەموو کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان

### بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە ٤٥ ١٥٨ لە بەرواری ١٨ کانوونی یەکەمی ١٩٩٠ لەخۆگیراوە

**ماددەی ٨**

١.کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان ئازادن لە دەرچوون لە هەر وولاتێک، لە نێویشیاندا وولاتی ڕەسەنی خۆیان و نابێت ئەم مافە بەهیچ شێوەیەک کۆتوبەند بکرێت تەنها بە یاسا نەبێت و ئەوەی کە پێویست بکات بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و سەقامگیری و تەندروستی گشتی یان ئادابی گشتی یان ماف و ئازادیەکانی کەسانی تر و دەبێت هاوسەنگیش بێت لەگەڵ مافەکانی تری کە لەم بەشەی ڕێکەوتننامەکەدا ناسێنراون.

٢.کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان مافیان هەیە لە هەر کات و ساتێکدا بگەڕێنەوەوولاتی ڕەسەنی خۆیان و لەوێ بمێننەوە.

**ماددەی ٩**

پێویستە مافی ژیانی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان بە یاسا پارێزراوبێت .

**ماددەی ١٠**

نابێت هیچ کرێکارێکی کۆچبەر یان ئەندامانی خێزانەکەی دووچاری ئەشکەنجەو مامەڵەی توندو نامرۆیی و سوکایەتی پێکردن وسزادان ببێتەوە.

**ماددەی ١١**

١.نابێت هیچ کرێکارێکی کۆچبەر یان ئەندامانی خێزانەکەی دووچاری کۆیلەیی و بەکۆیلەکردن ببێتەوە.

٢.نابێت هیچ کرێکارێکی کۆچبەر یان ئەندامانی خێزانەکەی کاری زۆرەملیَی پێبکرێت.

٣.سەبارەت بەو وڵاتانەی کە لەوانەیە کاری قورس وەکو سزای تاوانباران بەکاربهێنرێت، برگەی ٢ لەم ماددەیە نابێ بەکاربهێنرێت بۆ قەدەغەکردنی کاری قورس لەکاتی جێبەجێکردنی سزای کاری قورس کە لەلایەن دادگای ئەو وڵاتەوە دەردەچێت.

٤.بۆ مەبەستی ئەم ماددەیە زاراوەی " کارپێکردنی بە زۆرەملێ" ئەمانەی خوارەوە ناگرێتەوە:

أ. هەر کارێک یان خزمەتگوزارییەک کە لە برگەی (٣) ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێنەکراوە، کە زۆربەی کات ئەم کەسانە دەگرێتەوە کە بە پێی فەرمانێکی یاسایی کە لە دادگا دەرچووبێت گیراون یان کەسێک لە ماوەی ئازاد کردنی بەمەرجدا بێت.

ب. هەر خزمەتگوزاریەکی پێویست لەکاتی تەنگەتاوی و کارەساتەکاندا کە هەرەشە دەخەنە سەر ژیان و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا.

ج. هەر کارێک یان خزمەتگوزارییەک کە بەشێک لە پابەندییە مەدەنیە ئاساییەکان پێکدەهێنێت ، کە سەپێنراوە بەسەر هاولاتیانی وولاتی پەیوەست.

**ماددەی ١٢**

١.کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان مافی ئازادی هزرو ویژدان و ئاینیان هەیە، ئەم مافەش ئازادی لە هەڵبژاردنی ئاین و ئاینزاکان دەگرێتەوە، هەروەها ئازادی لە ئاینەکەی یان ئاینزاکەی بە ئارەزووی خۆی لەگەڵ مافی ئاشکراکردنی ئاینەکەی جا چی بە تاکەکەسی بێت یان بەکۆمەڵ لەبەردەم هەموو خەڵکدا و خواپەرستی و پەیڕەوکردن و پراکتیزەکرن و فێرکردن ئەنجام بدات.

٢.نابێت کرێکارانی کۆچبەر و ئەندامانی خێزانەکانیان فشارێکی ئەوتۆیان بخرێتە سەر کە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە ئازادیان لە هەڵبژاردنی ئاینێک یان ئاینزایەک کە بەئارەزووی خۆیان بێت.

٣.ئازادی مرۆڤ لە ئاشکراکردنی ئاینەکەی یان ئاینزاکەیدا تەنها دەتوانرێ بەپێی یاسا سنوردار بکرێت ئەویش بە مەبەستی ئاسایش و سەقامگیری یان تەندروستی گشتی یان ئادابی گشتی یان مافی کەسانی ترو ئازادییە بنەڕەتیەکانیان.

٤.وولاتانی ئەندام لەم ڕێکەوتننامەیەدا بەڵێن دەدەن کە ڕێز لە ئازادی باوان یان بەخێوکەری یاسایی ئەگەر هەبێت بگرن، ئەوانەی کە بەلانی کەم یەکێکیان کرێکاری کۆچبەر بێت، بۆ زامنکردنی پەروەردەی ئاینی و ئەخلاقی بۆ منداڵەکانیان بەگوێرەی ئەم ئاینەی کە پابەندن پێوەی.

**ماددەی ١٣**

١.کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان مافی هەڵگرتنی هەر بیروڕایەکیان هەیە بەبێ دەست تێوەردان.

٢.کرێکارانی کۆچبەر و ئەندامانی خێزانەکانیان مافی ئازادی ڕا دەربڕینیان هەیە، کە ئەم مافەش بریتییە لە وەرگرتن و ناردن و گەڕان بەدوای هەموو زانیارییەک بەبێ گوێ دانە سنوورەکان، جا بە زارەکی یان نوسراو یانیش چاپکراو بێت، یان بە چوارچێوەیەکی هونەری بێت یان بەهەر شێوازێکی تر بێت کە خۆیان هەڵیدەبژێرن.

٣.پەیڕەوکردنی مافەکانی کە لە برگەی ٢ ی ئەم ماددەیەدا هاتوون بریتین لە ئەرک و بەرپرسیارێتی تایبەت، بۆیە دەکرێت کە سنووردار بکرێن، بەمەرجێک بەپێی یاساو پێویست بێت بۆ:

ا. بۆ ڕێزگرتن لە ماف و ناوبانگی کەسانی تر.

ب. بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و سەقامگیری یان تەندروستی گشتی یان ئادابی گشتی وولاتانی پەیوەست.

(ت)بە مەبەستی قەدەغەکردنی هەر پروپاگەندەیەک بۆ شەڕ.

(پ)بە مەبەستی قەدەغەکردنی هەر بانگەوازێک بۆ ڕقوکینەی نەتەوەیی یان ڕەگەزپەرستی یان ئاینی کە هاندەر بێت بۆ جیاکاری و شەڕ و ئاژاوەو توندوتیژی.

## ماددەی ١٤

نابێت بەهیچ شێوەیەک بە زۆرەملێ و نایاسایی دەستوەربدرێتە نێو تایبەتمەندی و خێزان و پۆستە و پەیوەندیەکانی کرێکارانی کۆچبەر و ئەندامانی خێزانەکانیان، یانیش دەستدرێژیی نایاسایی بکرێتە سەر شکۆمەندیاننو مافی هەموو کرێکارانی کۆچبەر و ئەندامانی خێزانەکانیانە کە بە یاسا سوودمەند بن لە پاراستن لەم جۆرە دەستێوەردان و دەستدرێژیانە.

## ماددەی ١٥

نابێت هیچ یەک لە کرێکارانی کۆچبەر و ئەندامانی خێزانەکانیان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە موڵکوماڵەکانیان بێبەش بکرێن، جا ئەم موڵکوماڵە کەسی بێت یان بە هاوبەش لەگەڵ کەسانی تر و ئەگەر موڵکوماڵی کرێکارێکی کۆچبەر یان ئەندامێکی خێزانەکەی بە شێوەیکی تەواو یان بەش بەش دەستی بەسەردا بگیرێت ئەوا کەسەکە مافی ئەوەی هەیە کە قەرەبویەکی دادپەروەرانەو گونجاو بکرێتەوە.

## ماددەی ١٦

١.هەموو کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان مافی ئازادی و سەلامەتی کەسیێتیان هەیە.

٢.مافی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیانە کە لەلایەن حکومەتەوە بە کارایی بپارێزرێن لەدژی هەر توندوتیژی و پێکانی جەستەیی و هەڕەشەو ترساندنێک، کە لەلایەن کارمەندانی ئاساییەوە بێت یان کەسان و گروپ و دەزگای تایبەتەوە بێت.

٣.هەر لێکۆڵینەوەیەک لە لایەن کارمەندانی جێبەجێکردنی یاسادا بۆ ناسنامەی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان ئەنجام بدرێت پێویستە بەگوێرەی ئەم ڕێکارانە بێت کە بە یاسا دەستنیشانکراون.

٤.نابێت کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان بەشێوەی تاکەکەسی یان بەکۆمەڵ بە زۆرەملی دەسگیر بکرێن یان ڕابگیرێن و نابێت لە ئازادیان بێبەش بکرێن تەنها بەم هۆکارانە نەبێت کە بە یاسا دەستنیشان کراون.

٥.پێویستە ئەو کرێکارە کۆچبەرانەو ئەندامانی خێزانەکانیان کە دەسگیر دەکرێن دەستبەجی هۆکاری دەستگیرکردنەکەیان بە زمانێک بۆ ڕوونبکرێتەوە کە تێیبگەن، هەروەها هەموو تۆمەتەکانیشیان بە زمانێک بۆ ڕوون بکرێتەوە کە تێیدەگەن.

٦. لەکاتی دەستگیرکردندا بە هەر تۆمەتێک بێت پێویستە کرێکارانی کۆچبەر یان ئەندامانی خێزانەکانیان دەستبەجێ بنێردرێن بۆ بەردەمی دادوەر یان هەر بەرپرسێکی تر کە ڕێگەی پێدراوە پراکتیزەی دەسەڵاتی دادوەری بکات، هەروەها دەبێت لە ماوەیەکی گونجاودا دادگایی بکرێن یان ئازاد بکرێن. و نابێت وەک بنەمایەکی گشتی بەو جۆرە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت کە تا ڕۆژی دادگاییکردن دەبێت لە سەنتەری ڕاگرتن بمێننەوە بۆیە دەکرێ بە کەفالەت ئازاد بکرێن تا ئەو ڕۆژەی کە لە دادگا ئامادە دەبن، لە هەریەک لە قۆناغەکانی پرۆسەی دادگاییدا و بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکە لەکاتی پێویستدا.

٧.لە کاتی دەسگیرکردنی کرێکارێکی کۆچبەر یان یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی، یان ڕاگرتنی بە مەبەستی پێشکەشکردنی بۆ دادگا یان ڕاگرتنی بەهەر هۆکارێک بێت پێویستە:

ا. پێویستە لەسەر دەسەلاتەکان ئاگاداری کونسوڵخانەو دیپلۆماسی ئەو وولاتە بکەنەوە کە کرێکارەکە لێیەوە هاتووە بەبێ دوواکەوتن وەلەسەر داواکاری کەسەکە خۆی لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی گرتنەکە.

ب. کەسی پەیوەست مافی ئەوەی هەیە کە پەیوەندی بە دەسەلاتەکانی ئاماژەپێکراو بکات و ناردنی هەر نامەیەک بۆ ئەم دەسەلاتانە بەبێ دوواکەوتن دەبێت، هەروەها مافی ئەوەشی هەیە کە نامەی بۆ بێت لەلایەن ئەو دەسەلاتانەی ئاماژەی پێکراوە بەبێ دوواکەوتن.

ج. و پێویستە کەسەکە لەم مافانەی ئاگادار بکرێتەوە لەگەڵ مافەکانی تری دەستەبەرکراو لە ڕێکەوتننامە پەیوەستەکاندا، ئەگەر هەبن و لە بواری جێبەجێکردندا بن لەنێوان وولاتانی پێوەنداردا، بەمەبەستی پەیوەندی کردن و کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی دەسەلاتەکانی ئاماژە پێکراو بۆ ئامادەکاری بۆ نوێنەرایەتی کردنی یاسایی بۆ کەسەکە.

٨.ئەو کرێکارە کۆچەبەرانەی یان ئەندامانی خێزانەکانیان کە لە ئازادی بێبەش دەکرێن بەهۆکاری گرتن بێت یان بەندکردن مافی ئەوەیان هەیە کە سکالا لەدادگا تۆمار بکەن بۆ ئەوەی دادگاکە بەبێ دوواکەوتن لە بەیاسابوونی گرتنەکەیان بکۆڵێتەوە و فەرمانی ئازادکردنیشیان بدرێت لەکاتێک کە بۆیان دەردەکەوێت کە گرتنەکە نایاساییە و پێویستە لەکاتی ئامادەبوونیان لەم پرۆسەیەدا ئەگەر پێویست بکات وەرگێڕێکیشیان بۆ دابین بکرێت بەبێ ئەوەی تێچوون لەسەر خۆیان بێت، ئەمەش لەکاتێکدا دەبێت ئەگەر زمان نەزانن و تێشی نەگەن.

٩.پێویستە ئەو کریکارە کۆچبەرانەو ئەندامانی خێزانەکانیان کە دەبنە قوربانی گرتنی نایاسایی مافی قەرەبووکردنەوەیان هەبێت.

## ماددەی ١٧

١.پێویستە هەموو کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان کاتێک کە دەستگیر دەکرێن و لە ئازادی بێبەش دەکرێن مامەڵەی مرۆییان لەگەڵدا بکرێت و ڕێز لە شکۆمەندی مرۆیی و ناسنامەی کەلتوریان بگیرێت.

٢.پێویستە کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان کاتێک تۆمەتبار دەکرێن جودا بکرێنەوە لە تاوانبارەکانی تر تەنها لە بارودۆخە ناوازەکاندا نەبێت، هەروەها پێویستە مامەڵەیەکی تایبەتیان لەگەڵدا بکرێت کە لەگەڵ دۆخەکەیان بگونجێت. و لە حاڵەتی دەستگیرکردنی نەوجەوانانیشدا ئەوا پێویستە لە گەورەکان جودا بکرێنەوەو بەزووترین کاتیش بنێردرێن بۆ دادگا بۆ یەکلایی کردنەوەی کەیسەکە.

٣.هەر کرێکارێکی کۆچبەر یان ئەندامانی خێزانەکەی کاتێک لەم وولاتەدا دەستگیر دەکرێن کە پێیدا دەپەڕنەوە یان لە وولاتی بەکاربەر بەهۆی سەرپێچی کردنی لە مادەکانی پەیوەست بە کۆچکردن، پێویستە بەپێی توانا لە تاوانبارەکان و ڕاگیراوەکان ئەوانەی چاوەڕێی دادگاییکردن دەکەن بەپێی پێویست جودا بکرێنەوە.

٤.پێویستە مەبەست لە مامەڵەکردن لەگەڵ کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانیان کاتێک کە بە بڕیارێکی یاسایی لە دادگاوە بەند دەکرێن، ڕیفۆرم ودووبارە شیاندنەوە بێت، هەروەها پێویستە نەوجەوانە بەندکراوەکان لە گەورەکان جودا بکرێنەوە و مامەڵەیەکی وایان لەگەڵدا بکرێت کە بگونجێت لەگەڵ تەمەن و دۆخی یاساییان.

٥.لەکاتی ڕاگرتن و بەندکردندا، پێویستە کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانیان وەکو هاوڵاتیانی وولآتەکە سوودمەند بن لە مافی سەردان کردنیان لەلایەن کەسوکارەکانیانەوە.

٦.هەرکاتێک کە کرێکارێکی کۆچبەر دەستگیر دەکرێت و لەئازادی بێبەش دەکرێت، پێویستە دەسەڵاتەکانی وولآتی پەیوەست گرنگی بەو گرفتانە بدەن کە دووچاری ئەندامانی خێزانەکەی دەبێتەوە بەتایبەتیش هاوسەرەکەی و منداڵە ناکامەکان.

٧.لەکاتی گرتن یان بەندکردندا بە گوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی وولآتی بەکاربەر یان وولآتی ترانزێت، پێویستە کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان سوودمەند بن لەهەمان ئەم مافانەی هاوڵاتیانی ئەم وولآتە، ئەوانەی کە لە هەمان دۆخی ئەوان دان.

٨.ئەگەر هەر کرێکارێکی کۆچبەر یان یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی ڕابگیرێت بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە هەر سەرپێچیەک لە یاساکانی پەیوەست بە کۆچکردن ئەوا هیچ تێچوونێکی دارایی ناکەوێتە سەر.

## ماددەی ١٨

١.کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانیان مافی یەکسانیان هەیە لەگەڵ هاوڵاتیانی وولآتی پەیوەست لەبەردەم دادگاو دەزگاکانی دادوەریدا لە یەکلاکردنەوەی هەر تۆمەتێکی تاوان لە دژیاندا یان لە دەستنیشانکردنی ماف و بەرپرسیارێتیان لە داواو کێشەکانی دادوەریدا، هەروەها مافی دادگایکردنێکی دادپەروەرانەو بە ئاشکرایان هەیە لەبەردەم دادگایەکی تایبەتمەندو سەربەخۆو بێلایەندا کە بەیاسا دامەزرابێت.

٢.هەموو کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانیان کاتێک کە بە تاوانێک تۆمەتبار دەکرێن ئەو مافەیان هەیە کە بەبێتاوان هەژمار بکرێن تا ئەو کاتەی کە بەپێی یاسا دەسەلمێنرێ کە تاوانبارن.

٣.لەکاتی یەکلایی کردنەوەی هەر تۆمەتێک لە دژیاندا، پێویستە کرێکارانی کۆچبەر و ئەندامانی خێزانیان کەمترینی ئەم زەماناتانەی خوارەوەیان بۆ دابین بکرێت:

ا. دەستبەجێ و بە ووردی و بەو زمانەی کە تێی دەگەن سروشت وهۆکارەکانی تۆمەتەکانی کە ئاراستەیان کراوە پێیان ڕابگەیەنرێ.

ب. کاتی تەواویان پێبدرێت و ئاسانکاریان بۆ بکرێت بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و پەیوەندی کردن بەو پارێزەرەی کە خۆیان هەڵیدەبژێرن.

ج. بەبێ دوواکەوتنی بێ پاساو دادگایی بکرێن.

د. بە ئامادەبوونی خۆیان و بەرگری لەخۆکردن یان لەڕێگەی پارێزەرێکدا کە خۆیان هەڵیدەبژێرن دادگایی بکرێن و پێویستە ئەم مافەیان پێرابگەیەنرێ ئەگەر هاتوو هاوکاری یاساییان نەبوو و دابینکردنی هاوکاری یاسایی بۆیان ئەگەر پێویست بکات بەبێ ئەوەی پارە بدەن لەهەر حالەتێکی لەم جۆرە ئەگەر هاتوو نەیانتوانی خۆیان تێچووی ئەم پرۆسەیە بدەن.

ە. پێویستە لێکۆڵینەوەو وەرگرتنی ووتەی شایەتحاڵەکان لەدژیان بە هەمان مەرجی وەرگرتنی ووتەی شایەتحاڵەکان بێت بۆ بەرژەوەندیان.

و. دابینکردنی وەرگێڕێک بە خۆڕایی ئەگەر هاتوو لەم زمانە نەگەیشتن کە لە دادگادا قسەی پێدەکرێت.
ز. نابێت بەزۆری گەواهی لەسەر خودی خۆیان بدەن یانیش دان بە تاوانەکەیاندا بنێن.
٤.لە حاڵەتی نەوجەوانانیشدا، پێویستە پرۆسەکە بەشێوەیەک بێت کە ڕەچاوی تەمەن و بەباشترزانینی دووبارە شیاندنەوەیان بکرێت.
٥.کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانیان، ئەوانەی کە تۆمەتبار دەکرێن یان حوکم دەدرێن بەپێ یاسا مافی ئەوەیان هەیە کە لە دادگایەکی باڵاتردا پێداچوونەوە بۆ دۆخەکەیان بکرێت.
٦.کاتێک کە کرێکارێکی کۆچبەر یان یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی تۆمەتبار دەکرێت و حوکمی کۆتایی لەسەر کردارێکی تاواندا بۆ دەردەچێت و دواتر تانە لە حوکمەکەی دەدات یان لێبوردنی بۆ دەردەکرێت لەسەر بنەمای زانیاری تازە کە دەیسەلمێنێ یاساکان بە دادپەروەری لە کەیسەکەدا جێبەجێ نەکراون ، پێویستە بەپێی یاسا کەسەکە قەرەبوو بکرێتەوە، تەنها ئەگەر سەلمێنرا کە ئاشکرا نەبوونی ڕاستییە نەزانراوەکان لەکاتی گونجاودا بەشێوەیەکی تەواو یان بەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەسەکە.
٧.نابێت هیچ کرێارێکی کۆچبەر یان ئەندامانی خێزانەکەی دووبارە لەسەر تاوانێک دادگایی بکرێت و سزا بدرێتەوە کە پێشتر لەسەر هەمان تاواندا سزادراوە یانیش بێتاوان دەرچووە بەگوێرەی یاساو ڕێکارەکانی تاوان لە وڵاتی پەیوەندارد.

## ماددەی ١٩

١.نابێت هیچ کرێکارێکی کۆچبەر یان ئەندامانی خێزانەکە ی بە تاوانبار هەژمار بکرێن لەسەر هەر کارێکی تاوان کە لە کاتی ئەنجامدانیدا بە تاوان هەژمار نەکراوە بەپێی یاسا نیشتیمانی و نێودەوڵەتیەکان، هەروەها نابێت سزای تاوانەکە توندتر بێت لەوەی کە لەکاتی ئەنجامدانیدا پەیڕەو کراوە و ئەگەر هاتوو دوای ئەنجامدانی تاوانەکە هەر تێکستێک لە یاسادا دەرچوبێت بەمەبەستی سزایەکی سووکتر، ئەوا پێویستە سوود لەم تێکستە وەربگیرێت.
٢.پێویستە دۆخی مرۆیی پەیوەست بە کرێکارانی کۆچبەر ڕەچاو بکرێت ، بەتایبەتیش ئەو مافانەی کە پەیوەستن بە نیشینگەو کارکردن لەکاتی سەپاندنی سزای تاوانێک کە لەلایەن کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانیان ئەنجام دراوە.

## ماددەی ٢٠

١.نابێت هیچ کرێکارێکی کۆچبەر یان ئەندامانی خێزانەکەی بەند بکرێت بە هۆکاری پابەند نەبوونی بە بەندەکانی بۆندی کارەکەی.
٢.نابێت هیچ کرێکارێکی کۆچبەر یان یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی بێبەش بکرێت لە مافی پێدانی نیشینگە یان ڕێپێدانی کارکردن یانیش دەرکردن بە هۆکاری پابەندنەبوونی بە بۆندی کارکردنەکەی، تەنها لە حالەتی ئەگەر هاتوو ئەم پابەندبوونە مەرجێک بێت لە مەرجەکانی پێدانی ڕێپێدانەکە.

## ماددەی ٢١

بەپێی یاسا هیچ کەس بۆی نییە، تەنها فەرمانبەرە فەرمییەکان و ئەو کەسانەی کە بە پێی یاسا دەسەڵات پێدراون دەست بەسەر دۆکۆمێنتی و ناسنامەی کرێکارانی کۆچبەردا بگرێت یان هەوڵ بدات کە ئەم دۆکۆمێنتانە لەناو ببات یان هەر دۆکۆمێنتێکی تری کە ڕێگە بە کرێکارەکە دەدات بێتە ئەم وولاتەو لێی نیشتەجێ بێت، یان مۆڵەتی کارکردن بێت و نابێت بەهیچ شێوەیەک دەست بەسەر ئەم جۆرە دۆکۆمێناتە دابگیرێت بەبێ ئەوەی هیچ پسولەیەک بە کەسەکە بدرێت و لەهیچ بارودۆخێکیشدا نابێت پاسەپۆرت یان هەر دۆکۆمێنتێکی تری گەشتکردنی کرێکارانی کۆچبەر یان ئەندامانی خێزانەکانیان لەناو ببرێت.

## ماددەی ٢٢

١.نابێت کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانیان ببن بە ئامانجی دەرکردنی بەکۆمەڵ و هەر حاڵەتێکی دەرکردنیش پێویستە بە تەنیا لێکۆڵینەوەی تێدا ئەنجام بدرێت.

٢.نابێت کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانیان لە سەر خاکی وولاتانی ئەندامدا دەربکرێن، تەنها بە بڕیارێک نەبێت کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندارەکانەوە دەربچێت و بە گوێرەی یاساش بێت.

٣.پێویستە ئەم بڕیارەش بە زمانێک پێیان ڕابگەیەنرێت کە تێیبگەن و لەسەر داواکاری خۆیان کە مەرجێکی ئیلزامی نییە، ئەم هۆکارانەیان پێبووترێت کە بڕیارەکە پشتی پێبەستووە، جگە لە دۆخە ناوازەکانی ئاسایشی نەتەوەیی نەبێت و پێویستە ئەم کەسانە پێش دەرچوون یان بەلانی کەم لەکاتی دەرچوونی بڕیارەکەدا ئەم مافەیان پێ ڕابگەیەنرێ.

٤.کەسی پەیوەست مافی ئەوەی هەیە کە هۆکار و پاساو پێشکەش بکات بەمەبەستی دەرنەکردنی هەروەها داوا بکات کە دەسەڵاتێکی پەیوەندار پێداچوونەوە بۆ کەیسەکەی بکات، جگە لە حاڵەتی ئەوەی کە بڕیارەکە لەلایەن دەسەڵاتێکی دادوەریەوە دەرچوبێت و ئەگەر هاتوو بابەتەکەش پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە نەبێت. هەروەها تاوەکو پێداچوونەوەکە تەواو دەبێت کەسی پەیوەست مافی ئەوەی هەیە کە داوای ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارەکە بکات.

٥.ئەگەر هاتوو دوواتر ئەو بڕیاری دەرکردنەکەی کە کەوتبووە بواری جێبەجێکردن هەڵوەشێنرایەوە، ئەوا کەسی پەیوەست مافی ئەوەی هەیە کە بەپێی یاسا داوای قەرەبوو بکات، هەروەها نابێت ئەو بڕیارەی کە پێشتر دەرچوبوو بەکاربهێنرێت بۆ ڕێگرتن لە کەسەکە گەر دووبارە بیەوێت بێتەوە ناو وولاتی پەیوەست.

٦.لەحاڵەتی دەرکردندا، پێویستە کەسی دەرکراو پیش ڕۆیشتنی دەرفەتێکی گونجاوی پێبدرێت بۆ یەکلاییکردنەوەی کارەکانی خۆی، وەکو کرێی کارو هەر ئەرک و بەرپرسیارێتیەکی تری کە بە هەڵپەسیردراوی مابێتەوە.

٧.بەبێ لادان لە بڕیاری دەرکردنەکە، هەر کرێکارێکی کۆچبەر یان ئەندامانی خێزانەکەی کە ئەم بڕیارەی بەسەردا سەپێنراوە دەتوانێت بچێتە ناو وولاتێکی تری جیاواز لە وولاتی خۆی.

٨.نابێت لەحاڵەتی دەرکردنی کرێکارێکی کۆچبەر یان ئەندامێکی خێزانەکەی، تێچووی دەرکردنەکەی بکەوێتە ئەستۆی خۆی و دەکرێ داوا لە کەسی پەیوەست بکرێت کە تێچووی گەشتەکەی بدات.

٩.نابێت دەرکردن لە وڵاتی بەکاربەر ببێتە سەرپێچی لە هەر مافێکی کرێکاری کۆچبەر یان ئەندامانی خێزانەکەی لەم وڵاتەدا، بەتایبەتیش مافی وەرگرتنی کرێی کارو شایستەی دارایی تر کە مافی خۆیبێت.

**ماددەی ٢٣**

پێویستە کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانیان مافی ئەوەیان هەبێت کە پەنا ببەن بۆ پاراستن و یارمەتی لە دەسەڵاتەکانی دیبلۆماسی و کونسوڵگەری وڵاتانیی خۆیان یان ئەو وڵاتەی کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی وڵاتەکەیان دەکات هەرکاتێک کە پێشێلکارییەک هەبێت لەم مافانەی کە لەم ڕێکەوتننامەیەدا دەستنیشان کراون. بەتایبەتیش لە حاڵەتی دەرکردندا کە پێویستە کەسی پەیوەست لەم مافەیدا بەبێ دوواکەوتن ئاگادار بکرێتەوە و پێویستیشە لەسەر ئەو وڵاتەی کە کەسەکە دەردەکات ئاسانکاری بۆ پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە مافە بکات.

**ماددەی ٢٤**

هەر کرێکارێکی کۆچبەر یان ئەندامانی خێزانەکەی مافی ئەوەی هەیە کە لەهەر شوێنێک بێت دان بە کەسایەتیی بنرێت لە بەردەم یاسادا.

**ماددەی ٢٥**

١.پێویستە کرێکارانی کۆچبەر مامەڵەیەکی ئەوتۆیان لەگەڵدا بکرێت کە کەمتر نەبێت لەوەی کە بەسەر هاوڵاتیانی وڵاتی بەکار بەردا جێبەجێ دەکرێ لەوەی کە پەیوەستە بە کرێی کارو ئەمانەی خوارەوە:

ا. مەرجەکانی تری کارکردنی وەکو، کرێی کارکردنی زیادە، ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردن و پشووی هەفتانە و پشوو بە پێدانی کرێی کار و دڵنیایی و تەندروستی و کۆتایی هێنان بە بۆندی کارکردن و مەرجەکانی تری کارکردن کە بەگوێرەی یاساو پەیڕەوکرنی نیشتیمانی ئەم مەرجانە دەیانگرێتەوە.

ب. مەرجەکانی تری بەکارخستنی وەکو، کەمترین تەمەنی کارکردن و ئەو سنووردارکرنەی کە بۆ کارکردن دانراوە لەگەڵ بابەتی تر،کە بەگوێرەی یاساو پراکتیزە نیشتیمانیەکان بە مەرجێک لە مەرجەکانی بەکارخستن هەژمار دەکرێن.

٢.لە بایەخ کەمکردنەوەی بۆندە تایبەتەکانی کار بە نایاسایی هەژمار دەکرێت، لە سەر بنەمای یەکسانی لە مامەڵەکردندا هەروەک لە برگەی یەکی ئەم ماددەیەدا نیشان کراوە.

٣.پێویستە وڵاتانی ئەندام ڕێوشوێنی گونجاو بگرنەبەر بۆ دەستەبەر کردنی پێبەشنەکردنی کرێکارانی کۆچبەر لە هەر مافێک بەهۆی هەر سەرپێچییەک بێت لە نیشتەجێبوون و بەکارخستنیان. بەتایبەتیش، نابێت خاوەن کارەکان لە هیچ پابەندییەکی یاسایی و کۆنتراکتیدا بەدەر بن، هەروەها نابێت پابەندییەکانیان سنووردار بکرێن بەهۆی ئەم جۆرە سەرپێچیانە.

### ماددەی ٢٦

١.پێویستە وولآتانی ئەندام دان بە مافی کرێکارانی کۆچبەر دابنێن لەمانەی خوارەوە:

ا. بەشداری لە کۆبونەوەکانی سەندیکای کرێکاران و هەر کۆمەڵەیەکی تر کە بەپێی یاسا دامەزرابێت، بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و کۆمەلآیەتی و کەلتوری و بەرژەوەندیەکانی تریان، بە پابەندی تەواو بە ڕێساکانی ڕێکخراوەکەوە.

ب. بە ئازادی بوون بە ئەندام لە هەر سەندیکایەکی کرێکاران یان کۆمەڵەکانی کە پێشتر ناویان هاتووە، بە پابەندی تەواو بە ڕێساکانی ڕێکخراوەکەوە.

ج. داواکردنی هاوکاری و یارمەتی لە هەر یەک لە سەندیکاکانی کرێکاران یان کۆمەڵەکانی کە پێشتر ناویان هاتووە.

٢.نابێت هیچ بەربەستێک بخرێتە بەردەم پڕاکتیزەکردنی ئەم مافانە جگە لە بەربەستە یاساییەکان نەبێت کە زۆر پێویستن لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و سەقامگیری یان پاراستنی ماف و ئازادی کەسانی تر.

### ماددەی ٢٧

١.ئەوەی پەیوەست بێت بە دەستەبەری کۆمەلآیەتی، پێویستە کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانیان لە وولآتی بەکاربەردا هەمان مامەڵەی هاونیشتیمانیانیان لەگەڵدا بکرێت، بەگوێرەی پابەندبوونیان بە مەرجەکانی کە لە یاساکاندا هاتووە لەم وولآتەدا لەگەڵ ڕێکەوتننامە دوولایەنەو هەمەلایەنەکانی کارپێکراو لەم وولآتەدا. هەروەها دەسەلآتە پەیوەندارەکان لە وولآتی ڕەسەن و وولآتی بەکاربەر، بۆیان هەیە لە هەرکاتێک بێت ئامادەکاری پێویست بکەن بۆ دەستنیشانکردنی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم ڕێسایە.

٢.لە حاڵەتەکانی کە ڕێگە نادرێت بە کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانیان سوودمەند بن لە یەکێک لە شایستە داراییەکانیان، پێویستە لەسەر وولآتی پەیوەست ئەو برە پارەیە بداتەوە بە کەسانی پەیوەست کە پێی بەشدار بوونە بەپێی شایستەییان لەسەر بنەمای ئەو مامەڵەیەی کە لەگەڵ هاونیشتیمانیانی خۆی دەکات ئەوانەی لە هەمان بارودۆخدان.

### ماددەی ٢٨

پێویستە کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانیان مافی ئەوەیان هەبێت کە هاوکاری تەندروستی خێرا وەربگرن بەمەبەستی پارێزگاری لە ژیانیان یان لە هەر زیانێکی نەخوازراو کە کاریگەری لەسەر تەندروستیان هەبێت و چارەسەریشی مەحاڵ بێت، ئەمەش دەبێ بەیەکسانی لەگەڵ هاونیشتیمانیان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. و نابێت ئەم کەسانە بە هەر هۆکارێک بێت لەم جۆرە هاوکارییە تەندروستیانە بێبەش بکرێن جا هۆکارەکان بابەتی نیشەنگەیی بێت یان بەکارخستن.

**ماددەی ٢٩**

هەر منداڵێکی کرێکاری کۆچبەر مافی ئەوەی هەیە لە کاتی تۆمارکردنی لەدایکبوونیدا ناوێکی پێبدرێت، هەروەها مافی پێدانی ڕەگەزنامەشی هەیە.

**ماددەی ٣٠**

پێویستە هەر منداڵێکی کرێکاری کۆچبەر مافی پەروەردەی هەبێت لەسەر بنەمای یەکسانی لەگەڵ هاونیشتیمانیانی وڵاتەکە، و نابێت بەربەست و سنووردانان بکرێت بۆ چوون بۆ دەزگا حکومیەکانی پەروەردەو فێرکردن لە قۆناغەکانی پێش قوتابخانە یان قوتابخانە بە هۆکاری دۆخی نایاساییان، وەکو نیشینگەیی و یان بەکارخستنی یەکێک لە باوان، یان دۆخی نایاسایی منداڵەکە لە وڵاتی بەکاربەر.

**ماددەی ٣١**

١.پێویستە وڵاتانی ئەندام ڕێز لە ناسنامەی کەلتووری کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان بگرن و ڕێگریان لێنەکەن لە برەودان بە پەیوەندی کەلتووری لەگەڵ وڵاتی ڕەسەنی خۆیان.

٢.دەکری وڵاتی ئەندام ڕێوشوێنی گونجاو بگرێتەبەر بۆ هاوکاری و هاندانی هەمو هەوڵەکان لەم بارەوە.

**ماددەی ٣٢**

لەکاتی تەواو بوونی مۆڵەتی نیشینگەیان لە وڵاتی بەکاربەر، کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان مافی ئەوەیان هەیە کە ئەو پارەوپول و پاشەکەوتەی کە کۆیانکردۆتەوە بیگوازنەوە و بەگوێرەی یاساکانی ئەم وڵاتەش مافی ئەوەیان هەیە کە شتومەک و موڵکی کەسیان لەگەڵ خۆیاندا ببەن.

**ماددەی ٣٣**

١.کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانیان مافی ئەوەیان هەیە کە لە وڵاتی ڕەسەن یان وڵاتی بەکاربەر یان وڵاتی پەڕینەوە ( ترانزێت) ئەمانەی خوارەوەیان پێڕابگەیەنن:

ا. هەموو مافەکانیان کە لەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە.

ب. مەرجەکانی هاتنە ژوورەوەیان و ماف و پابەندییەکانیان بەپێی یاساو پراکتیزە لە وڵاتی پەیوەست، هەروەها بابەتەکانی تری پابەندبون بە ڕێکارە کارگێڕییەکان یان بابەتە فەرمییەکان لەم وڵاتەدا.

٢.پێویستە وڵاتی ئەندام هەموو ڕێوشوێنێکی گونجاو بگرێتە بەر بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم زانیاریانە یان زامنکردنی ئەوەی کە لەلایەن خاوەن کارەکانەوە یان سەندیکاکانی کرێکاران یان دەستەو دەزگاکانی تر پێشکەش دەکرێت، هەروەها ئەگەر پێویستیش بکات لەگەڵ وڵاتانی تری پەیوەست هاوکاری بکات.

٣.ئەم زانیاریانە بە تەواوی و لەکاتی پێویست بەخۆڕایی پێشکەش بە کرێکارانی کۆچبەر دەکرێت و بەو زمانەی کە ئەوان تێیدەگەن.

**ماددەی ٣٤**

پێویستە هیچ شتێک لەم بەشەی ڕێکەوتننامەکەدا کاریگەری نەبێت لەسەر سووککردنی ئەرکەکانی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان لە پابەندییەکانیان بە یاساو ڕێساکانی هەر وولاتێکی ترانزێت بێت یان بەکاربەر یان پابەندبوون بە ڕێزگرتن لە ناسنامەی کەلتووری ئەم وولاتانە.

**ماددەی ٣٥**

نابێت هیچ شتێک لەم ڕێکەوتننامەیەدا بەجۆرێک شیبکرێتەوە کە بریتی بێت لە ڕێکخستنی دۆخی ئەو کرێکارە کۆچبەرانەو ئەندامانی خێزانەکانیان کە دۆکۆمێنتی پێویستیان نییەو لە دۆخێکی یاساییدا نین یان هەر مافێکی تری پەیوەند بەم جۆرە یەکلاکردنەوەی باودۆخەکانیان، هەروەها نابێت ببێتە سەرپێچیش لەم پێوەرانەی کە دەبنە زامنکردنی بارودۆی گونجاو بۆ کۆچکردنی نێودەوڵەتی بەم شێوەیەی کە لە بەشی شەشەمی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە.

## بەشی چوارەم: مافەکانی تری کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان ئەوانەی کە دۆکۆمێنتی پێویستیان هەیە یان لە دۆخێکی یاسایی دان

### ماددەی ٣٦

کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان ئەوانەی کە دۆکۆمێنتی پێویستیان هەیە یان لە دۆخێکی یاسایی دان سوودمەند دەبن لە مافەکانی کە لەم بەشەی رێکەوتننامەکەدا هاتووە لەگەڵ سوودمەندبوون لە مافەکانی کە لەبەشی سێیەمدا هاتووە.

### ماددەی ٣٧

مافی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیانە کە پێش دەرچوونیان لە وڵاتی خۆیان یان بەلانی کەم لەکاتی هاتنیان بۆ وڵاتی بەکاربەر، وڵاتەکەی خۆیان یان وڵاتی بەکاربەر هەموو مەرجەکانی هاتنیان بۆ ڕوون بکەنەوە، بەتایبەتیش ئەو مەرجانەی کە پەیوەستن بە نیشەنگەو ئەو چالاکیانەی کە ئەنجامی دەدەن بەرامبەر بە کرێی کار، جگە لەم داواکاریانەی کە پێویستە لە وڵاتی بەکاربەر بەجێی بهێنن، لەگەڵ ئەم دەسەڵاتانەی کە پێویستە خۆیانی پێبناسێنن لەکاتی هەر گۆڕانکارییەک کە لەم مەرجانەدا بێتە ئەنجامدان.

### ماددەی ٣٨

١.پێویستە وڵاتانی بەکاربەر هەموو هەوڵێک بدەن بۆ پێدانی مۆڵەت بە کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان بۆ نەهاتنە سەر کار بۆ ماوەیەکی کاتی بەبێ ئەوەی ئەم مۆڵەتە کاریگەری هەبێت لەسەر مانەویان یان کارەکانیان بەگوێرەی حاڵەتەکە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش پێویستە وڵاتی بەکاربەر هەموو پێداویستییە تایبەتەکان و پابەندییەکانی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان دەستەبەر بکات، بەتایبەتیش لە وڵاتەکانی خۆیاندا.

٢.کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان مافی ئەوەیان هەیە کە زانیاری تەواویان پێبدرێت دەربارەی مەرجەکانی پێدانی مۆڵەت لە حاڵەتەکانی نەهاتنە سەر کار بۆ ماوەیەکی کاتی.

### ماددەی ٣٩

١.کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان مافی تەاویان هەیە لە گەشتکردن لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تری وڵاتی بەکاربەرو ئازادی لە هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بوونیان.

٢.نابێت ئەو مافانەی لە بڕگەی یەکی ئەم ماددەیەدا هاتوون بەهیچ شێوەیەک سنووردابکرێن تەنها بەیاسا نەبێت و پێویستیش بێت بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و سەقامگیری و تەندروستی گشتی یان ئادابی گشتی یان ماف و ئازادییەکانی کەسانی تر و هاوسەنگیش بێت لەگەڵ مافەکانی تر کە لەم ڕێکەوتننامەیەدا ناسێنراون.

**ماددەی ٤٠**

١.کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان مافی ئەوەیان هەیە کە سەندیکاو کۆمەڵە پێک بێنن لە وڵاتی بەکاربەر بۆ پاراستن و برەودان بە بەرژەوەندیە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و بەرژەوەندیەکانی تریان.

٢.نابێت هیچ بەربەستێک بخرێتە بەردەم پراکتیزەکردنی ئەم مافە تەنها بەربەستە یاساییەکان نەبێت کە پێویستن لە کۆمەڵگا دیموکراسییەکاندا بۆ مەبەستی ئاسایشی نەتەوەیی و سەقامگیری یان ماف و ئازادییەکانی کەسانی تر.

**ماددەی ٤١**

١.کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان مافی بەشداریان هەیە لە کاروباری گشتی وڵاتانی ڕەسەنی خۆیان هەروەها مافی بەشداربون لە هەڵبژاردن و دەنگدان کاتێک کە لە وڵاتی خۆیان ئەنجام دەدرێت.

٢.پێویستە وڵاتی پەیوەست بە پێی پێویست و بەگوێرەی تەشریعاتەکانی وڵات، ئاسانکاری بۆ پراکتیزەکردنی ئەم مافانە بکات.

**ماددەی ٤٢**

١.پێویستە وڵاتانی ئەندام ڕەچاوی دنانی ڕێکاری پێویست یان دامەزراندنی دەزگای ئەوتۆ بکەن کە لە ڕێگەیانەوە بتوانرێت پێداویستی و پابەندی و ئاواتەکانی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان دەستەبەر بکرێت جا چی لە وڵاتی خۆیان بێت یان وڵاتی بەکاربەر و ئاگاداری ئەوەش بن کە بەپێی پێویست کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان بە ئازادی نوێنەرەکانی خۆیان بۆ ئەم دەزگایانە هەڵبژێرن.

٢.پێویستە وڵاتانی بەکاربەر بەگوێرەی یاسا نیشتیمانییەکانیان ئاسانکاری بکەن لە ڕاوێژپێکردن یان بەشداری پێکردنی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان لە بڕیارەکانی پەیوەست بە ژیان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا نێوخۆییەکان.

٣.کرێکارانی کۆچبەر بۆیان هەیە کە سوودمەند بن لە مافە سیاسییەکان لە وڵاتی بەکاربەر ئەگەر هاتوو وڵاتەکە ئەو مافەی پێ بەخشیبوون لە بەڕێوەبردنی سەروەری خۆیدا.

**ماددەی ٤٣**

١.کرێکارانی کۆچبەر بەیەکسانی لەگەڵ هاونیشتیمانیان سودمەند دەبن لەمانەی خوارەوە:

ا. توانای گەیشتن بە دەزگاو خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەو فێرکردن، لەگەڵ داواکارییەکانی وەرگرتن و ڕێنماییەکانی تری ئەم دەزگاو خزمەتگوزاریانە.

ب. توانای گەیشتن بە خزمەتگوزاریی ڕێنمایی و دامەزراندنی پیشەگەری.

ج. توانای گەیشتن بە ڕاهێنانی پیشەیی و دەزگاو سەنتەرەکانی دووبارە ڕاهێنانەوەی پیشەگەران.

د. توانای دەستکەوتنی شوێنی نیشتەجێبوون، لە نێویشیاندا پرۆژەکانی نیشتەجێکردنی کۆمەڵگا و لە بارەی کرێیشەوە نابێت بچەوسێنرێنەوە.

ه. توانای وەرگرتنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و تەندروستی، بەمەرجێک پابەندبن بە بەرنامەی ئەم خزمەتگوزاریانەدا.

و. توانی گەیشتن بە دەزگاو هەرەوەزییەکانی کە بەخۆیان خۆ بەڕێوەدەبەن، بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری بکاتە سەر دۆخەکەیان وەک کۆچبەرێک، لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاساو ڕێساکانی دەستەکانی پەیوەست.

ی. تووانای گەیشتن بە ژیانی کەلتوری و بەشداری تێیدا.

٢.پێویستە وولاتانی ئەندام زەمینە خۆش بکەن بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی لە مامەڵەکردن بۆ ئەوەی کرێکارانی کۆچبەر بتوانن سوودمەند بن لەم مافانەی کە لە بڕگەی ١ ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی پێکراوە کاتێک مەرجەکانی نیشتەجێبونیان لەلایەن وولاتی بەکاربەرەوە مۆڵەتی پێدراوەو لەگەڵ داواکارییە پێویستەکانیشدا دەگونجێت.

٣.پێویستە وولاتی بەکاربەر ڕێگر نەبێت کاتێک خاوەنکار شوێنی نیشتەجێبوون یان مەڵبەندی کەلتوری و کۆمەڵایەتیان بۆ دروست دەکات. لەگەڵ ڕەچاوکردنی ماددەی ٧٠ لەم ڕێکەوتننامەیەدا، وولاتی بەکاربەر بۆی هەیە دامەزراندنی ئەم جۆرە سەنتەرانە بخاتە ژێر مەرجەکانی کارپێکراو بەشێوەیەکی گشتی لەم وولاتەدا.

**ماددەی ٤٤**

١.پێویستە وولاتانی ئەندام ئەوە بزانن کە خێزان بریتییە لە یەکەیەکی بنەڕەتی سروشتی کۆمەڵگا و بێویستە لەلایەن حکومەت و کۆمەڵگاوە پارێزراو بێت، هەروەها پێویستە ڕێوشوێنی تۆکمە بگیرێتە بەر بۆ دەستەبەرکردنی پاراستن و یەکبوونی خێزانی کرێکارە کۆچبەرەکان.

٢.پێویستە وولاتانی ئەندام ڕێوشوێنی گونجاو بگرنەبەر بۆ ئاسانکاری و دووبارە یەکگرتنەوەی کرێکارانی کۆچبەر لەگەڵ هاوسەرەکانیان یان ئەو کەسانەی کە پەیوەندییەکی یاساییان لەگەڵیاندا هەیە وەکو هاوسەرگیری بێت، هەروەها لەگەڵ منداڵە ناکامەکان.

٣.پێویستە وولاتانی بەکاربەر، لەسەر بنەمای مرۆیی و بەچاوێکی بە سۆزەوە مامەڵەی یەکسان لەگەڵ ئەندامانی تری خێزانەکانی کرێکارانی کۆچبەر بکەن، هەروەک لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

**ماددەی ٤٥**

١.پێویستە کرێکارانی کۆچبەرو ئەدامەکانی خێزانەکانیان، لە وولاتی بەکاربەردا سوودمەندبن لە مامەڵەی یەکسان لەگەڵ هاونیشتیمانیانی ئەم وولاتە لەم خاڵانەی خوارەوەدا:

ا. توانای گەیشتن بە دەزگاو خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و فێرکردن، لەگەڵ داواکارییەکانی وەرگرتن ڕێنماییەکانی تری ئەم دەزگاو خزمەتگوزاریانە.

ب. توانای گەیشتن بە ڕاهێنانی پیشەیی و دەزگاو سەنتەرەکانی دووبارە ڕاهێنانەوەی پیشەگەران.

ج. تووانای وەرگرتنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و تەندروستی، بەمەرجێک پابەندبن بە بەرنامەی ئەم خزمەتگوزاریانەدا.

د. توانای گەیشتن بە ژیانی کەلتوری و بەشداری تێیدا.

٢.پێویستە وولاتی بەکاربەر سیاسەتێک بگرێتە بەر و ئەگەر بگونجێت لەگەڵ وولاتانی ڕەسەن بۆ ئاسانکاری لە تێخستنی منداڵانی کرێکارانی کۆچبەر لە سیستمی خوێندنی ناوخۆیی، بەتایبەتیش لە فێرکردنی زمانی ناوخۆ.

٣.پێویستە وولاَتانی بەکاربەر ئاسانکاری بکەن لە فێربوونی زمان و کەلتوری ڕەسەن بۆ منداڵانی کرێکارانی کۆچبەر، لەم بارەوەش، ئەگەر بگونجێت دەکرێت هەماهەنگی لەگەڵ وولاَتی ڕەسەنی خۆیان بکەن.

٤.لەکاتی پێویستدا، پێویستە وولاَتانی بەکاربەر بەرنامەی فێربوونی تایبەت بەزمانی رەسەن دەستەبەر بکەن بە هەماهەنگی لەگەڵ وولاَتی ڕەسەندا.

## ماددەی ٤٦

بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی وولاَتی پەیوەست و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییە پەیوەستەکان و پابەندییەکانی وولاَتی ڕەسەن لە بەشداریکردنی لە یەکێتییە گومرگیەکاندا، کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان مافی بەخشینیان هەیە لە رسوماتی هاوردەو دەرکردەی شتومەکی کەسی و ناوماڵ، هەروەها ئەو کەلوپەلانەی کە لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنن بۆ بەکارهێنان لەم کارەی کە کرێی لە بەرامبەردا وەردەگرن و لەلایەن وولاَتی بەکاربەرەوە ڕێگەیان پێدراوە، ئەمەش لەکاتێکدا دەبێت کە:

ا. لەکاتی جێهێشتنی وولاَتی ڕەسەنی خۆیان یان ئەو وولاَتەی کە لێی نیشتەجێیە.

ب. لەسەرەتای گەیشتنیان بۆ وولاَتی بەکاربەر

ج. لەکاتی جێهێشتنی وولاَتی بەکاربەر بەیەکجاری.

د. لەکاتی گەڕانەوەی یەکجارەکی بۆ وولاَتی ڕەسەنی خۆیان یان ئەو وولاَتەی کە تێیدا نیشتەجێن.

## ماددەی ٤٧

١.کرێکارانی کۆچبەر مافی گواستنەوەی پارەی کرێ و پاشەکەوتەکانیان هەیە، بە تایبەتیش پارەی پێویست بۆ هاوکاری خێزانەکانیان، لە وولاَتی بەکاربەرەوە بۆ وولاَتی ڕەسەنی خۆیان یان هەر وولاَتێکی تر و گواستەنەوەی ئەم پارانەش بەپێی ڕێکارە یاساییە کارپێکراوەکانی وولاَت دەبێت و بەپێی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی کارپێکراو.

٢.پێویستە وولاَتانی پەیوەست ئاسانکاری بکەن لە گواتنەوەی ئەم پارانە.

## ماددەی ٤٨

١.بەبێ زیانگەیاندن بە ڕێکەوتنە جێبەجێکراوەکانی وەرگرتنی باجی دوو لایەنە، کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان لە بابەتی داهات پاشەکەوت دەبێت:

ا. نابێت باجێک یان رسوماتێکی ئەوتۆیان لێوەربگردرێت کە زیاتر بێت لەوەی کە لە هاونیشتیمانیان وەردەگیرێت.

ب. مافی بەخشینیان هەیە لەم باجانەی کە لەسەر هاونیشتیمانیان جێبەجێ دەکرێت لە هەمان بارودۆخی یەکساندا، بەتایبەتیش دەرماڵە باجییەکانی ئەو کەسانەی کە لەلایەن کرێکارەکانەوە بەخێو دەکرێن.

ج. پێویستە وولاَتانی ئەندام ڕێوشوێنی چاک بگرنە بەر بۆ دوورکەوتنەوە لە باج وەرگرتنی دوو لایەنە لەسەر داهات و پاشەکەوتی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان.

### ماددەی ٤٩

١.کاتێک کە داواکارییەکان بەپێی یاسا نیشتیمانییەکان داوای دوو ڕێگەپێدانی جیاواز بکات بۆ نیشتەجێبوون و کارکردن، ئەوا پێویستە وولاتی بەکاربەر ئەو مۆڵەتەی کە دەیدات بە کرێکارێکی کۆچبەر بۆ نیشتەجێبوون کەمتر نەبێت لە مۆڵەتی کارەکەی کە بەرامبەر کرێیەک ئەنجامی دەدات.

٢.ئەم کرێکارە کۆچبەرانەی کە لە وولاتی بەکاربەردا ڕێگەیان پێدەدرێت کە بە ئازادی کارێک هەڵبژێرن بەرامبەر بە کرێی کار بە دۆخی نایاسایی هەژمار ناکرێن و نابێت مۆڵەتی کاریشیان لێبسەنرێتەوە تەنها لەبەر ئەوەی کارەکەیان تەواو دەبێت پێش تەواوبوونی مۆڵەتی کارکردن و ڕێگەپێدانی تر.

٣.بە مەبەستی پێدانی کاتی تەواو بۆ ئەو کرێکارە کۆچبەرانەی کە لە برگەی ٢ ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێکراوە بۆ دۆزینەوەی کارێکی تر کە بیکەن بەرامبەر بە کرێیەک، نابێت مۆڵەتی نیشینگەیان لێ بسەنرێتەوە تا ئەم ماوەیە تەواو دەکەن کە هەموو شایستەکانی بێکاری وەردەگرن.

### ماددەی ٥٠

١.لە حاڵەتی مردنی هەر کرێکارێکی کۆچبەر یان جیابوونەوەی هاوسەرگیری، پێویستە وولاتی بەکاربەر بە سۆزەوە بڕوانێتە پێدانی مۆڵەتی مانەوە بۆ خێزانی ئەم کرێکارە لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی خێزانەکە، هەروەها پێویستە وولاتی بەکاربەر ڕەچاوی ماوەی مانەوەی خێزانەکە بکات لەم وولاتەدا.

٢.پێویستە کاتی تەواو بدرێت بەم ئەندامانەی خێزان کە ئەم مۆڵەتەیان پێنادرێت پێش ڕۆیشتنیان بۆ ئەوەی بتوانن کارەکانیان لە وولاتی بەکاربەردا یەکلا بکەنەوە.

٣.نابێت برگەکانی ١ و ٢ ی ئەم ماددەیە بەجۆرێک شیبکرێتەوە کە زیان بە مافی نیشتەجێبوون و کارکردن بدات کە دەدرێت بەم ئەندامانەی خێزان بەگوێرەی یاساکانی وولاتی بەکاربەر یان ڕێکەوتننامە دوو لایەنەو و هەمەلایەنەی کارپێکراو لە وولاتی ناوبراودا.

### ماددەی ٥١

ئەو کرێکارە کۆچبەرانەی کە ڕێگەیان پێنادرێت بە ئازادی ئەم کارە هەڵبژێرن کە دەیانەوێ بەرامبەر بە کرێی کار ئەنجامی بدەن بە نایاسایی هەژمار ناکرێن و ناشبێت ڕێپێدانی مانەوەیان لێبسێنرێتەوە تەنها بەهۆی تەواوبوونی مۆڵەتی کار لەم کارەی کە بەرامبەر کرێیەک ئەنجامی دەدەن، تەنها لە حاڵەتێک نەبێت ئەگەر هاتوو مۆڵەتی نیشتەجێبوونیان پەیوەست بێت بە کارێکی دیاریکراو کە بەهۆیەوە توانیویانە بێنە ژوورەوە. پێویستە ئەم جۆرە کرێکارە کۆچبەرانە مافی ئەوەیان هەبێت کە بەدوای کارێکی تردا بگەڕێن و بەشداری بکەن لە پرۆژەکانی گشتیدا و دوبارە ڕاهێنانیان پێبکرێت لەم ماوەیەی کە لە مۆڵەتی کارکردنەکەیاندا ماوەتەوە، ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەو مەرجانەی کە لە مۆڵەتی کارکردنەکەیاندا هاتووە.

**ماددەی ٥٢**

١.کرێکارانی کۆچبەر لە وڵاتی بەکاربەردا بە ئازادی مافی هەڵبژاردنی ئەم کارەیان هەیە کە بەرامبەر کرێی کار ئەنجامی دەدەن کە دەکەوێتە سەر ئەم بەربەست و مەرجانەی خوارەوە:

٢.بۆ هەر کرێکارێکی کۆچبەر پێویستە لەسەر وڵاتی بەکاربەر کە:

ا. سنووردارکردنی گەیشتن بە چەند شەقلێکی بەکارخستن و ئەرک و خزمەتگوزاری یان چالاکییەک لەم حاڵەتانەی کە پێویست بێت بۆ بەرژەوەندی ئەم وڵاتەوە لە یاسا نیشتیمانیەکانیشیەوە هاتبێت.

ب. سنووردار کردنی ئازادی لە هەڵبژاردنی کارێک بەرامبەر بە کرێی کار بە پێی ڕێ کارەکان پەیوەستن بە داننان بە وەرگرتنی لێهاتوویی لە کاردا لە دەرەوەی ناوچەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لەسەر وڵاتانی ئەندام هەوڵ بدەن کە دان بەم لێهاتووییە بنێن.

٣.بۆ ئەم کرێکارە کۆچبەرانەی کە ڕێپێدانی کارکردنیان بۆ کاتێکی دیاری کراوە، وڵاتی بەکاربەر بۆی هەیە کە:

ا. مافی ئەوەیان پێبدات کە ئازاد بن لە هەڵبژاردنی ئەم چالاکیەی کە بەرامبەر کرێیەک ئەنجامی دەدەن لەسەر بنەماکانی ئەم مەرجەی کەوا کرێکارەکە بەشێوەیەکی یاسایی لەسەر خاکی ئەم وڵاتە نیشتەجێ بووە بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکی بەرامبەر بە کرێی کار بۆ ماوەیەک کە لە یاسا نیشتیمانییەکاندا دیاری کراوە کە لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت.

ب. سنووردارکردنی گەیشتنی کرێکاری کۆچبەر بۆ چالاکییەک کە بەرامبەر کرێی کار ئەنجامی دەدات، وەک کارپێکردنی پێدانی پێشینەی کار بۆ هاوڵاتیانی خۆی یان ئەو کەسانەی کە نوێنەرایەتی وڵات دەکەن بەگوێرەی یاساو ڕێکەوتننامە دوولایەنەو هەمەلایەنەکان. ئەم جۆرە سنووردار کرنەش پێویستە لەسەر ئەم کرێکارانە جێبەجێ نەکرێت کە بەشێوەیەکی یاسایی لەسەر خاکی ئەم وڵاتە نیشتەجێن بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاکی بەرامبەر کرێی کار بۆ ماوەیەک کە لە یاسا نیشتیمانییەکانیدا دەستنیشانکراوە کە لە پێنج ساڵ تێنەپەڕێت.

٤.وڵاتانی بەکاربەر مەرجەکانی کارکردن بۆ ئەم کرێکارانە دەستنیشان دەکەن کە بەشێوەیەکی یاسایی لەسەر خاکی ئەوان نیشتەجێن، بە ڕەچاوکردنی تەواوی ئەم کاتەی کە بە فیعلی ئەم کرێکارانە بە شێویەکی یاسایی لە وڵاتی بەکاربەردا ماوەنەتەوە.

**ماددەی ٥٣**

١.ئەندامانی خێزانی کرێکارانی کۆچبەر ئەوانەی کە خۆیان مۆڵەتی نیشتەجێبوون و هاتنە ژوورەوەی کات دیاری نەکراویان هەیە یان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی مۆڵەتەکەیان تازە دەبێتەوە بۆیان هەیە بە ئازادی کارێک هەڵبژێرن بەرامبەر بە کرێی کار، بە هەمان ئەو مەرجانەی کە لەسەر کرێکارانی کۆچبەر جێبەجێدەکرێت بەپێی مادی ٥٢ لەم ڕێکەوتننامەیەدا.

٢.پەیوەست بە ئەندامانی خێزانی ئەو کرێکارە کۆچبەرانەی کە ڕێپێدراو نین لە ئازادی هەڵبژاردنی ئەم کارەی کە بەرامبەر کرێی کار ئەنجامی دەدەن، پێویستە وڵاتی بەکاربەر ڕەچاوی لەباربوونی پێدانی پێشینەیان پێبدات بۆ

وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن بەرامبەر کرێی کار وەک ئەوەی کە بیدات بەم کرێکارانەی کە داوای مۆڵەتی هاتن دەکەن بۆ وولاتی بەکاربەر و بەڕەچاوکردنی ڕێکەوتننامە کارپێکراوەکانی دوولایەنەو هەمە لایەنە.

**ماددەی ٥٤**

١.بەبێ دەستبردن بۆ مەرجەکانی مۆڵەتی نیشتەجێبوون و کارکردنیان و ئەو مافانەی کە لە مادەکانی ٢٧ و ٢٥ ی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە، مافی کرێکارانی کۆچبەرە کە بەیەکسانی لەگەڵ هاونیشتیمانیانی وولاتەکە لەم بوارانەی خوارەوەدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت :

ا. پاراستن لەژدی دەرکردن لە کار.

ب. شایستەی بێکاری.

ج. سوودمەندبوون لەم پرۆژانەی کە بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی بێکارین.

د. توانای وەرگرتنی کارێکی تر لەکاتی لەدەستدانی کار یان ئەم چالاکییەی کە بەرامبەر کرێ ئەنجامی دەدەن، بەگوێرەی ئەحکامەکانی ماددەی ٥٣ لەم ڕێکەوتننامەیەدا.

٢.ئەگەر هاتوو هەر کرێکارێکی کۆچبەر بانگێشەی ئەوەی کرد کە مەرجەکانی بۆندەکەی لەلایەن خاوەن کارەوە پێشێلکراوە مافی ئەوەی هەیە کە کەیسەکەی بۆ دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی وولاتی بەکاربەر بەرز بکاتەوە، بەگوێرەی ئەم مەرجانەی کە لە برگەی ١ ی ماددەی ١٨ لەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە.

**ماددەی ٥٥**

ئەو کرێکارە کۆچبەرانەی کە مۆڵەتیان پێدراوە بۆ ئەنجامدانی کارێک بەرامبەر بە کرێیەک بە پێی مەرجەکانی مۆڵەتەکە، مافی خۆیانە کە بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت بە بەراورد لەگەڵ هاوڵاتیانی وولاتی بەکاربەر لە ئەنجامدانی هەمان کاردا.

**ماددەی ٥٦**

١.نابێت کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانیان ئەوانەی کە لەم بەشەی ئەم رێکەوتننامەیەدا ئاماژەیان پێکراوە لە وولاتی بەکاربەر دەربکرێن تەنها بەو هۆکارانە نەبێت کە لە یاسای نیشتیمانی ئەم وولاتەدا دەستنیشان کراون و لە بەشی سێیەمی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا دەستەبەر کراون.

٢.نابێت پەنا ببرێتە بەر دەرکردن بۆ بێبەشکردنی کرێکاری کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکەی لەم مافانەی کە لە ڕێگەپێدانی نیشتەجێبوون یان مۆڵەتی کارەکە سەرچاوەی کردووە.

٣.لەکاتی دەرکردنی کرێکارێکی کۆچبەر یان ئەندامانی خێزانەکەی، پێویستە لایەنی مرۆیی ڕەچاو بکرێت لەگەل درێژی ئەم ماوەیەی کە کرێکارەکە لەم وولاتەدا ماوەتەوە.

## بەشی پێنجەم: ئەو ئەحکامانەی کە بەسەر چینێکی تایبەت لە کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانیاندا جێبەجێ دەکرێت

### ماددەی ٥٧

پێویستە چینێکی تایبەت لە کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان ئەوانەی کە لەم بەشەی ڕێکەوتننامەکەدا دەستنیشان کراون و دۆکۆمێنتی پێویستیان هەیەو لە دۆخێکی یاسایی دان سوودمەند بن لەم مافانەی کە لەبەشی سێیەمدا هاتوون، هەروەها ئەو مافانەی کە لەبەشی چوارەمیشدا هاتوون بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە لە خوارەوەدا هەمووار کراون.

### ماددەی ٥٨

١.هەموو کرێکارانی کۆچبەر ئەوانەی کە لە برگەی ٣ ا. لە ماددەی (٢) ی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا پێناسەکراون، مافی ئەوەیان هەیە کە سوودمەند بن لەم مافانەی کە لە بەشی چوارەمی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتوون و ئەوانەی کە جێبەجێ دەبن بەسەریاندا بەهۆی مانەوەو کارکردنیان لەسەر خاکی وڵاتی بەکاربەر، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەوان بەشێوەیکی هەمیشەیی لە وڵاتی ناوبراودا نیشتەجێ نین.

٢.پێویستە وڵاتانی ئەندام ڕەچاوی باشترین بکەن بۆ پێدانی مافی هەڵبژاردنی ئازادانە بۆ کرێکارانی سەر سنوور لەم کارەی کە بەرامبەر بە کرێی کار ئەنجامی دەدەن لە دوای ماوەیەکی دیاریکراودا و نابێت پێدانی ئەم مافە کاریگەری هەبێت لەسەر دۆخەکەیان وەک کرێکاری سەر سنوور.

### ماددەی ٥٩

١.کرێکارانی وەرزی هەروەک لە برگەی ٢ ب. لە ماددەی (٢) ی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا پێناسە کراون، مافی ئەوەیان هەیە کە سودمەند بن لەم مافانەی کە لە بەشی چوارەمدا هاتووە کە دەکرێت بەسەریاندا جێبەجێ بکرێت بەهۆی مانەوە و کارکردنیان لە وڵاتی بەکاربەر، هەروەها لەگەڵ دۆخەکەی ئەواندا وەک کرێکاری وەرزی دەگونجێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەوان لەم وڵاتەدا تەنها بەشێک لە ساڵدا دەمێننەوە.

٢.پێویستە وڵاتی بەکاربەر، بە ڕەچاوکردنی برگەی ١ لەم ماددەیەدا، ڕێگە بەم کرێکارە وەرزیانە بدات کە لەسەر خاکی ئەم وڵاتەدا بۆ ماوەیەکی درێژ کاریان کردووە کە کارێکی تر بکەن بەرامبەر بە کرێی کار، لەگەڵ پێدانی پێشینە بۆ ئەوان بەبەراورد لەگەڵ ئەم کرێکارانەی کە دەیانەوێت بێن بۆ ئەم وڵاتە، بەپێی ڕێکەوتننامە دوولایەنە و هەمەلایەنەکان.

### ماددەی ٦٠

کرێکارانی گەڕۆک، هەروەک لە برگەی ٣ (ه) ماددەی (٣) ی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا پێناسەیان بۆ کراوە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانیان، مافی ئەوەیان هەیە کە سوودمەندبن لەم مافانەی کە لە بەشی چوارەمی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە و دەکرێت پێیان بدرێت بەهۆی مانەوەو کارکردنیان لەسەر خاکی وڵاتی بەکاربەر، کە بگونجێت لەگەڵ دۆخەکەیان وەک کرێکاری گەڕۆک لەم وڵاتەدا.

## ماددەی ٦١

١.کرێکارانی پەیوەست بە پڕۆژەیەک، هەروەک لە برگەی ٣ و. ماددەی (٣) ی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا پێناسەیان بۆ کراوە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانیان، مافی ئەوەیان هەیە کە سوودمەندبن لەم مافانەی کە لە بەشی چوارەمی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە، بێجگە لە ئەحکامەکانی هەردوو برگەی ١ ب. و ج. لە ماددەی ٤٣ دا و برگەی (١) د. لە ماددەی ٤٣ لەبەر ئەوەی کە پەیوەستە بە پرۆژەکانی نیشتەجێبوونی کۆمەڵایەتی، هەروەها برگەی (١) ب. لە ماددەی ٤٥ و مادەکانی ٥٣ و ٥٥.

٢.ئەگەر هاتوو هەر کرێکارێکی پەیوەست بە پرۆژەیەک بانگێشەی ئەوەی کرد کە مەرجەکانی بۆندی کارکردنەکەی لەلایەن خاوەن کارەکەیەوە پێشێلکراوە، مافی خۆیەتی کە کەیسەکەی بۆ لایەنی تایبەتمەند بەرز بکاتەوە لەم وولاتەی کە دەسەڵاتی بەسەر خاوەن کارەکەدا هەیە، ئەمەش هەمووی بە پێی ئەم مەرجانە دەبێت کەلە برگەی ١ ی مادە ٨١ ی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە.

٣.بەپێی ڕێکەوتننامە دوولایەنەو هەمەلایەنەکانی جێبەجێکراو لەنێوان وولاتانی ئەندامدا، پێویستە ئەم وولاتانە هەوڵ بدەن کە کرێکارانی پەیوەست بە پرۆژەکان بە چاکی پارێزراو بن لە ڕێگای سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە کاتی بەشداربوونیان لە پرۆژەکاندا جا لەلایەن وولاتانی خۆیان بێت یان ئەو وولاتەی کە لێی نیشتەجی دەبن. هەروەها پێویستە وولاتانی ئەندام ڕێوشوێنی گونجاو بگرنە بەر بە مەبەستی خۆ بەدوورگرتن لە بێبەشکردن لە مافەکان یان دووبارە بوونەوەی پارەدان لەم بابەتەوە.

٤.بەبێ دەستوەردان لە ئەحکامەکانی ماددەی ٤٧ لەم ڕێکەوتننامەیەو ڕێکەوتننامە دوولایەنەو هەمەلایەنەکانی پەیوەست، پێویستە وولاتانی ئەندام ڕێگە بدەن کە پارەی کرێی کرێکارانی پەیوەست بە پرۆژەکان لە وولاتی خۆیان یان لەم وولاتەی کە لێی نیشتەجێن پێیان بدرێت.

## ماددەی ٦٢

١.کرێکارانی بەکارهێنانی تایبەت، ئەوانەی کە لە برگەی ٣ ( ن) لە ماددەی (٣) ی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا پێناسەیان بۆ کراوە، مافی ئەوەیان هەیە کە سوودمەندبن لەم مافانەی کە لە بەشی چوارەمی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە، جگە لە ئەحکامەکانی برگەی ١ ( ب) و ج. لە ماددەی ٤٣ هەروەها برگەی ١ ( د ) لەماددەی ٤٣ کە پەیوەستە بە پرۆژەکانی نیشتەجێبوونی کۆمەڵایەتی و ماددەی ٥٣ و برگەی ١ د. لە ماددەی ٥٤ دا.

٢.ئەندامانی خێزانی کرێکارانی بەکارهێنانی تایبەت مافی ئەوەیان هەیە کە سوودمەندبن لە مافەکانی پەیوەست بە ئەندامانی خێزانی کرێکارانی کۆچبەر کە لە بەشی چووارەمی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە، جگە لە ئەحکامەکانی ماددەی ٥٣.

## ماددەی ٦٣

١.کرێکارانی خاوەنکاری سەربەخۆ، هەروەک لە برگەی ٣ (ح) لە ماددەی ٣ لەم ڕێکەوتننامەیەدا پێناسەیان بۆ کراوە، مافی ئەوەیان هەیە کە سوودمەندبن لەم مافانەی کە لە بەشی چوارەمی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە جگە لەم مافانەی کە بە شێویەیەکی تایبەت بەسەر ئەو کرێکارانەدا جێبەجێ دەکرێت کە بۆندی کارکردنیان هەیە.

٢.بەبێ لادان لە مادەکانی ٥٣ و ٧٩ لەم ڕێکەوتننامەیەدا کۆتایی هێنان بە چالاکییە ئابووریەکان لەلایەن ئەو کرێکارانەی کە خاوەنکاری سەربەخۆن مانای ئەوە نییە کە مۆڵەتی کارکردن و مانەوە لەخۆیان و ئەندامانی خێزانەکانیان بسەندرێتەوە، تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت ئەگەر هاتوو مۆڵەتی نیشەجێبوونەکە بۆ کارێکی دیاریکراو پێیان درابوو و بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگەیان پێدرابوو کە بێنە ناو ئەم وڵاتەوە.

## بەشی شەشەم:

## برەودان بە بارودۆخی ڕەواو ئارام و مرۆیی و یاسایی پەیوەست بە کۆچکردنی نێودەوڵەتی کرێکاران و ئەندامانی خێزانەکانیان

### ماددەی ٦٤

١.پێویستە وولاتانی ئەندام لە نێوخۆیاندا ڕاوێژکاری و هەماهەگی بە پێی پێویست بکەن، بەبێ لادان لە ماددەی ٧٩ ی ئەم ڕێکەوتننامەیە، بە مەبەستی برەودان بە بارودۆخی ڕەواو ئارام و مرۆیی و یاسایی پەیوەست بە کۆچکردنی نێودەوڵەتی کرێکاران و ئەندامانی خێزانەکانیان

٢.پێویستە لەم بارەیەوەش نەک تەنها ڕەچاوی پێداویستیەکانی دەستی کار بکەن، بەڵکو پێداویستییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتورییەکانی کرێکارانی کۆچبەر و ئەندامانی خێزانەکانیان، ئەمە جگە لە کاریگەرییەکانی ئەم کۆچکردنە لەسەر کۆمەڵگا تایبەتەکان.

### ماددەی ٦٥

١.پێویستە وولاتانی ئەندام پەرە بە خزمەتگوزاری گونجاو بدەن لە چارەسەرکردنی بابەتەکانی پەیوەست بە کۆچکردنی نێودەوڵەتی کرێکارانی کۆچبەر و ئەندامانی خێزانەکانیان، کە بریتییە لەم بابەتانەی خوارەوە:

ا. دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی پەیوەست بە کۆچکردنی نێودەوڵەتی.

ب. گۆڕینەوەی زانیاری و هەماهەنگی و ڕاوێژکردن لەگەڵ دەسەڵاتە تیبەتمەندەکان لە وولاتانی تری ئەندام کە پەیوەستن بەم کۆچکردنە.

ج. دەستەبەرکردنی زانیاری گونجاو بەتایبەتیش بۆ خاوەنکارو کرێکار و ڕێکخراوەکانیان دەربارەی یاساو ڕێساو سیاسەتەکانی تایبەت بە کۆچکردن و بەکارخستن، هەروەها دەربارەی ئەو ڕێکەوتننامانەی کە لەگەڵ وولاتانی تری پەیوەست بە بەکۆچکردن و بابەتەکانی تردا کراوە.

د. دەستەبەرکردنی زانیاری گونجاو بۆ کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان دەربارەی ڕێکەپێدانی پێویست و ڕێکارە فەرمیەکان و پێداویستیەکانی پەیوەست بە هات و چوون و گەشتکردن و نیشینگەو ئەو کارانەی کە بەرامبەر بە کرێی کار ئەنجامی دەدەن و گەشتکردن و گەڕانەوە، هەروەها زانیاری تری تایبەت بە دۆخی کارکردن و گوزەران لە وولاتی بەکاربەر و بەیاساو سیستەمە گومرگیەکان و دراوو باج و یاساو ڕیسای تری پەیوەست.

٢.پێویستە وولاتی ئەندام بەپێی پێویست ئاسانکاری بکات بۆ ، دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی کونسوڵخانەو هی تری پێویست بۆ دابینکردنی پێداویستییە کۆمەلایەتی و کەلتورییەکان لەگەڵ پێداویستییەکانی تری کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان.

## ماددەی ٦٦

١.بەپێی ئەحکامەکانی برگەی (٣) لەم ماددەیەدا، مافی دامەزراندن و بەکارخستی کرێکاران لە وولاتانی تردا لەسەر ئەستۆی ئەم لایەنانەی خوارەوە دەبێت:

ا. فەرمانگەو دەستە گشتیەکانی تایبەت بەم وولاتەی ئەم کارانەی تێدا ئەنجام دەدرێت.

ب. فەرمانگەو دەستە گشتیەکانی تایبەت بە وولاتی بەکاربەر، لەسەر بنەمای رێکەوتنی دوو وولاتی پەیوەست.

ج. دەستەیەک کە لە ئەنجامی رێکەوتنێکی دوولایەنە یان هەمە لایەنە دامەزرابێت.

٢.بەپێی هەر رێپێدانێک کە لەلایەن دەسەلاتەکانی وولاتانی ئەندامەوە پەسەند کرابێت و سەرپەرشتی بکرێت، کە بەگوێرەی یاساو پراکتیزەی وولاتی پەیوەست دەستنیشان کرابێت، دەکرێت ئاژانسەکان و خاوەنکارەکان یان ئەو کەسانەی کە نوێنەرەیاتییان دەکەن رێگەیان پێبدرێت کە ئەک جۆرە کارانە ئەنجام بدەن.

## ماددەی ٦٧

١.پێویستە وولاتانی ئەندام بەپێی پێویست هەماهەنگی بکەن لە کاتی گەڕانەوەی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان بۆ وولاتی خۆیان، کاتێک کە بڕیار دەدەن بگەڕێنەوە یان مۆڵەتی کارکردن و نیشینگەیان تەواو دەبێت یانیش بەشێوەیەکی نایاسایی لە وولاتی بەکاربەردا نیشتەجێن.

٢.ئەوەی کە پەیوەست بێت بە کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان کە لە دۆخێکی یاسایی دان، پێویستە وولاتانی ئەندام بەپێی پێویست هەماهەنگی بکەن و بەو مەرجانەی کە وولاتەکان لەسەری رێک دەکەون بەمەبەستی دەستەبەرکردنی دۆخی ئابوری گونجاو بۆ دووبارە نیشتەجێ کردنەوەو ئاسانکاری دووبارە شیاندنەوەیان لە بوارەکانی کۆمەلایەتی و کەلتوری بەردەوام لە وولاتەکانی خۆیاندا.

## ماددەی ٦٨

١.پێویستە وولاتانی ئەندام، لەنێویشیاندا وولاتانی پەڕینەوە ( ترانزێت) هەماهەنگی بکەن بۆ قەدەغەکردنی کارەکانی گواستنەوەو بەکارهێنانی نایاسایی و نهێنی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان ئەوانەی کە لە دۆخێکی نایاسایی دان. و گرتنەبەری ئەم رێوشوێنانە بۆ گەیشتن بەم ئەنجامانە لە چوارچێوەی دەسەلاتەکانی هەر وولاتێکدا بریتییە لەمانەی خوارەوە:

ا. گرتنەبەری رێوشوێنی گونجاو بۆ قەدەغەکردنی بلاوکردنەوەی زانیاری بەلارێدابەری تایبەت بە کۆچ و کۆچکردن.

ب. گرتنەبەری رێوشوێن بۆ ئاشکراکردنی گواستنەوەی نایاسایی و نهێنی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان و زاڵبوون بەسەر ئەم دیاردەیەدا و سەپاندنی سزای کاریگەر بەسەر ئەو کەس و گروپ و لایەنانەی کە ئەم جۆرە گواستنەوانە رێکدەخەن یان بەڕێوەی دەبەن یانیش یارمەتیدەر دەبن لە رێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەم زۆرە بزاڤانە.

ج. گرتنەبەری ڕێوشوێنی کارا بۆ سزادانی ئەو کەس و گروپ و لایەنانەی کە توندوتیژی و هەڕەشەو تۆقاندن بەکاردێنن لەدژی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان ئەوانەی کە لە دۆخێکی نایاسایی دان.

٢.پێویستە هەموو وڵاتانی ئەندام ڕێوشوێنی کاراو تۆکمە بگرنەبەر بۆ نەهێشتنی بەکارخستنی کرێکاری نایاسایی لەسەر خاکی خۆیاندا و ئەگەر پێویستیش بکات ئەوا سزای خاوەنکارەکان بدەن کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن. و نابێت مافەکانی کرێکارانی کۆچبەر لەلایەن خاوەن کارەکانیاندا بەهۆی ئەم ڕێ و شوێنانەوە وەلا بنرێت.

## ماددەی ٦٩

١.پێویستە لەسەر وڵاتانی ئەندام، کاتێک کە کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان بەشێوەیەکی نایاسایی لە چوارچێوەی سنووری وڵاتیاندا دەژین، ڕێوشوێنی گونجاو بگرنەبەر بۆ دەستەبەرکردنی کۆتایی هێنان بەم دۆخە.

٢.هەرچەندە وڵاتانی ئەندامی پەیوەست بڕواننە توانای ڕێگەچارە بۆ دۆخی ئەم جۆرە کەسانە بە گوێرەی یاسا نیشتیمانییەکانی کارپێکراوو ڕێکەوتننامە دوولایەنەو هەمە لایەنەکان، پێویستە ڕەچاوی بارودۆخی هاتنیان و ماوەی مانەوەیان بکرێت لە وڵاتی بەکاربەر، هەروەها گرتنەبەری ڕێوشوێنی تری پەیوەست، بەتایبەتیش ئەوانەی کە پەیوەستن بە دۆخی خێزانەکانیان.

## ماددەی ٧٠

پێویستە وڵاتانی ئەندام ڕێوشوێنی ئەوتۆ بگرنە بەر کە هیچی کەمتر نەبێت لەوەی کە بەسەر هاوڵاتیانی خۆیاندا جێبەجێ دەکرێن بۆ دەستەبەرکردنی دۆخی کارو گوزەرانی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان ئەوانەی کە دۆخێکی یاساییان هەیە کە هاوسەنگبێت لەگەڵ پێوەرەکانی توانای جەستەیی و سەلامەتی و تەندروستی و پرینسیپەکانی شکۆی مرۆڤایەتی.

## ماددەی ٧١

١.پێویستە وڵاتانی ئەندام، بەپێی پێویست، ئاسانکاری بکەن لە هێنانەوەی تەرمی ئەو کرێکارە کۆچبەرانەو ئەندامانی خێزانەکانیان کە دەمرن بۆ وڵاتانی خۆیان.

٢.ئەوەی پەیوەستە بە قەرەبووکردنەوە لە حالەتی مردنی کرێکارانی کۆچبەر یان ئەندامانی خێزانەکانیان، پێویستە وڵاتانی ئەندام بەپێی پێویست هاوکاری پێشکەش بە کەسانی پەیوەست بکەن بۆ چارەسەری خێرای بابەتەکە و پێویستە چارەسەری ئەم بابەتانە بە گوێرەی یاسا نیشتیمانییەکانی کارپێکراو بێت و بەپێی ئەحکامەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە یان ڕێکەوتننامە دوولایەنەو هەمە لایەنەکان بێت.

# بەشی حەفتەم: جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە

## ماددەی ٧٢

.١

ا. بە مەبەستی پێداچوونەوەی جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە، پێویستە لێژنەیەکی تایبەت بۆ پاراستنی مافەکانی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان پێکبهێنرێت (کە دوواتر بە " لێژنە" ناوی دەبرێت)

ب. پێویستە لێژنەکە لە دەستپێکی جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا لە دە پسپۆر پێکبێت و دوای جێیەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە لەلایەن وولاتی چل و یەکەم ئەوا ژمارەی پسپۆرەکان دەبێتە چواردە پسپۆر لە کەسانی خاوەن ڕەوشتی بەرز و بێلایەن و لێهاتوو لەم بوارانەی کە ڕێکەوتننامەکە دەیانگرێتەوە.

.٢

ا. پێویستە ئەندامانی لێژنەکە بەشێوەی هەڵبژاردنی نهێنی بە لیستێکی ناوی کەسەکان لەلایەن وولاتانی ئەندامەوە هەڵبژێردرێن، بە ڕەچاوکردنی دادپەروەرانەی دابەشکردنی جوگرافی، بەتایبەتیش بۆ هەریەک لە وولاتانی ڕەسەن (ائلی) و وولاتانی بەکاربەر لەگەڵ نوێنەرایەتی کردنی پرینسیپە یاساییە سەرەکییەکان. هەر وولاتێکی ئەندامیش بۆی هەیە کەسێک لەنێو هاونیشتیمانیانی خۆیدا کاندید بکات.

ب. پێویستە ئەندامەکان هەڵبژێردرێن و بەتوای کەسی خۆشیان کار بکەن.

٣.یەکەم هەڵبژاردن پێویستە لەماوەیەک دا بکرێت کە زیاتر نەبێت لە شەش مانگ لە بەرواری جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا و هەڵبژاردنەکانی دواتر هەموو دوو ساڵ جارێک دەبێت. و چوار مانگ بەر لە هەر هەڵبژاردنێک پێویستە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نامە ئاڕاستەی هەموو وولاتانی ئەندام بکات کە داوایان لێبکات بۆ پێشکەشکردنی ناوی کاندیدەکانیان لەماوەی دوو مانگدا. هەروەها سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەستی بە ئامادەکردنی لیستێک بە پێی ئەلفوبێ بۆ ناوی هەموو کاندیدەکان لەگەڵ ڕاگەیاندنی ناوی ئەم وولاتانەی کە ئەم کەسانەیان کاندید کردووە. ئەم لیستەش مانگێک پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە پێشکەش بە وولاتانی ئەندام دەکرێت لەگەڵ ژیاننامەی کەسیی کاندید کراوەکان.

٤.پێویستە هەڵبژاردنی ئەندامانی لێژنەکە لە کۆبونەوەیەکدا لەلایەن وولاتانی ئەندامەوە بکرێت کە لە بارەگای سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بانگهێشتی سکرتێری گشتی ئەنجام دەدرێت. و پێویستە ئەم کۆبوونەوەیەش ژمارەی یاسایی تەواو بێت بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی وولاتانی ئەندام. و ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆ لێژنەکە لەم کاندیدانە پێکدێت کە زۆرترین دەنگ بەدەست دێنن و زۆرینەی دەنگەکانی وولاتانی ئەندامی بەشداربوو بەدەست دێنن.

٥.ا. ئەندامانی لێژنەکە بۆ ماوەی چوار ساڵ خزمەت دەکەن. بەڵام ئەندامێتی پێنج لە ئەندامانی هەڵبژێردراو لە هەڵبژاردنی یەکەمدا دوای دوو ساڵ تەواو دەبێت و ڕاستەوخۆ لەدوای هەڵبژاردنی یەکەمدا سەرۆکی کۆبوونەوەکەی وولاتانی ئەندام ناوی ئەم پێنج ئەندامە بە تیروپشک هەڵدەبژێرێت.

ب. هەڵبژاردنی چوار ئەندامە زیادەکەی تریش پێویستە بەپێی ئەحکامەکانی برگەکانی ٢ و ٣ و ٤ ی ئەم ماددەیە بێت لە دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە لە وولاتی ئەندامی ژمارە چلویەکەمیندا. ماوەی دوو لەم ئەندامە زیادکراوانەی کە هەڵبژێردراون لەدوای دوو ساڵ تەواو دەبێت، کە لەلایەن سەرۆکی کۆبوونەوەی وولاتانی ئەندامدا ناوەکان بە تیروپشک هەڵدەبژێردرێن.

(ت)مافێکی یاساییە کە ئەندامانی لێژنەکە بۆ جاری دووەم هەڵبژێردرێنەوە ئەگەر هاتوو کاندید کرابوون.

٦.ئەگەر هاتوو یەکێک لە ئەندامانی لێژنەکە بمرێت یان دەست لەکار بکێشێتەوە یان ڕایبگەیەنێت کە بەهەر هۆکارێک بێت ناتوانێت بەردەوام بێت لە ئەرکەکانی خۆی لە لێژنەکەدا، پێویستە وولاتی ئەندام پسۆرێکی تر لە هاولاتیانی خۆی لەجێگای ئەو دەستنیشان بکات بۆ ئەو ماوەیەی کە ماوەتەوە لە ئەندامێتی و دەبێت دەستنیشانکردنی کەسە تازەکە بە ڕەزامەندی لێژنەکە بێت.

٧.پێویستە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کارمەند و ئاسانکاری پێشکەش بە لێژنەکە بکات بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی کارا.

٨.ئەندامانی لێژنەکە مووچەکانیان لە سەرچاوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەردەگرن بە گوێرەی ئەو مەرجانەی کە کۆمەڵەی گشتی بڕیاری لەسەر دەدات.

٩.ئەندامانی لێژنەکە مافی ئەوەیان هەیە کە سوودمەند بن لە ئاسانکارییەکان و ئیمتیازات و پارێزبەندییەکانی بڕیار لەسەر دراو بۆ پسپۆڕەکانی نێردەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان وەک ئەوەی لە بەشەکانی ڕێکەوتننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی پەیوەست بە ئیمتیازات و پارێزبەندیدا هاتووە.

## ماددەی ٧٣

١.وولاتانی ئەندام پێویستە ڕاپۆرتێک پێشکەش بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن بۆ تێڕوانینی لێژنەکە دەربارەی ڕێوشوینە یاسایی و دادوەری و کارگێڕییەکان و ڕێوشوێنی تر کە بۆ جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە پەیڕەو دەکرێن کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

ا. لە ماوەی یەک ساڵ لە دوای دەستپێکی جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە لە وولاتی ئەندامدا،

ب. دوواتر هەر پێنج ساڵ جارێک و هەرکاتێک کە لێژنەکە داوای بکات،

٢.پێویستە ئەم ڕاپۆرتانەی کە بەپێی ئەم ماددەیە ئامادە دەکرێن فاکتەرو ئاستەنگەکان ئەگەر هەبن دەستنیشان بکەن کە کاردەکەنە سەر جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە و بریتی بێت لە زانیاری دەربارەی ئەو هۆکارانەی وا دەکات کە ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەر ڕوو لە وولاتی ئەندام بکەن.

٣.پێویستە لێژنەکە لە ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکەدا بڕیار لەسەر هەر ڕێنماییەکی تر بدات بۆ جێبەجێکردن.

٤.پێویستە وولاتانی ئەندام ڕاپۆرتەکانیان بۆ ڕای گشتی بڵاو بکەنەوە لەنێو وولاتدا.

## ماددەی ٧٤

١.لێژنەکە هەموو ڕاپۆرتەکانی پێشکەشکراو لەلایەن وولاتانی ئەندامەوە دیراسە دەکات، و کۆمێنتە پێویستەکانیش بۆ وولاتی پەیوەست دەنێرێت. وولاتەکەش بۆی هەیە کە تێبینییەکانی پێشکەش بە لێژنەکە بکات دەربارەی

کۆمێنتەکانی لێژنەکە بەگوێرەی ئەم ماددەیە. و لێژنەکەش لە کاتی تێڕوانینی بۆ ڕاپۆرتەکان بۆی هەیە داوای زانیاری تەواوکەر لە وولاتی ئەندام بکات.

٢.پێش کردنەوەی خولی ئاسایی و لەکاتی گونجاودا، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆپییەکی ڕاپۆرتەکانی وولاتانی پەیوەست بۆ بەڕێوبەری گشتی نوسینگەی کاری نێودەولەتی دەنێرێت لەگەڵ زانیارییە پەیوەستەکانی تێڕوانینی ئەم ڕاپۆرتانە، بۆ ئەوەی نوسینگە بتوانێت بە شارەزایی هاوکاری پێشکەش بە لێژنەکە بکات دەربارەی ئەم بابەتانەی کە ئەم ڕێکەوتننامەیە چارەسەری دەکات و دەکەوێتە بواری شارەزایی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵتی. لێژنەکەش لەکاتی لێکۆڵینەوەکانیدا تێڕوانین بۆ هەر کۆمێنتێک یان ماددەیەک دەکات کە نوسینگە پێشکەشی دەکات.

٣.هەروەها سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ لێژنەکە بۆی هەیە کە کۆپییەکی بەشەکانی ئەم ڕاپۆرتانە بۆ ئاژانسە تایبەتمەندەکان و ڕێکخراوە حکومییە نێودەوڵەتییەکان کە لەوانەیە بکەوێتە چوارچێوەی تایبەتمەندیان.

٤.هەروەها لێژنەکە بۆی هەیە کە داوا لە ئاژانسە تایبەتمەندەکان و ئاژانسەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە حکومییە نێودەوڵەتییەکان و دەستەکانی تری پەیوەست بکات کەوا زانیاری نوسراو پێشکەش بکەن دەربارەی ئەو بابەتانەی کە ئەم ڕێکەوتننامەیە باسیان لێوە دەکات و دەکەوێتە چوارچێوەی چالاکییەکانییەوە، بۆ ئەوەی لێژنەکە تێڕوانینی بۆ بکات.

٥.پێویستە لێژنەکە داوا لە نوسینگەی کاری نێودەوڵەتی بکات کە نوێنەرەکانی دەستنیشان بکات بۆ بەشداری، بە سیفەتی ڕاویژکار لە کۆبونەوەکانی لێژنەکەدا.

٦.لێژنەکە بۆی هەیە کە داوا لە نوێنەرانی ئاژانسەکانی تایبەتمەند و ئاژانسەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە حکومییە نێودەوڵەتییەکان بکات کە لە دانیشتنەکانیدا ئامادە بن و ڕای خۆشیان لەسەر ئەم بابەتانە دەربڕن کە دەکەوێتە بواری تایبەتمەندی ئەوان.

٧.پێویستە لێژنەکە ڕاپۆرتێکی سالانە پێشکەش بە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات دەربارەی جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە کە بریتی بێت لە تێڕوانین و پێشنیارەکانی ئەم لێژنەیە و بەشێوەیەکی تایبەتیش پشت ببەستێت بە دیراسەکردنی ڕاپۆرتەکانی پێشکەشکراو لەلایەن وولاتانی ئەندامەوە لەگەڵ ئەو تێبینیانەی کە پێشکەش دەکرێن.

٨.پێویستە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاپۆرتەکانی لێژنەکە بنێرێت بۆ هەریەک لە وولاتانی ئەندام لەم ڕێکەوتننامەیە و ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەلایەتی و ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و بەڕێوبەری گشتی نوسینگەی کاری نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی پەیوەندار.

**ماددەی ٧٥**

١.پێویستە لێژنەکە پەیڕەوی ناوخۆی لەخۆبگرێت.

٢.لێژنەکە ئەندامانی نوسینگەی بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبژێرێت.

٣.لێژنەکە ساڵانە یەک جار کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجام دەدات.

٤.لێژنەکە کۆبوونەوەکانی لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام دەدات.

**ماددەی ٧٦**

١.هەر وولاتێکی ئەندام لەم رێکەوتننامەیەدا بۆی هەی لەهەرکاتێک بێت بەپێی ئەم ماددەیە دان بە لێهاتویی لێژنەکەدا بنێت لە وەرگرتن و دیراسەکردنی ئەم سکالآنامانەی کە وولاتێک بانگێشەی ئەوە بکات کە وولاتێکی تری ئەندام پابەند نەبووە بەم رێکەوتننامەیە. و نابێت تێروانین بۆ سکالآنامەکانی پێشکەشکراو لەلایەن وولاتێکی ئەندامەوە بکرێت بەپێی ئەم ماددەیە، تەنها ئەگەر هاتوو ئەم وولاتە ڕاگەیاندراوێک بکات بۆ داننان بە لێهاتوویی لێژنەکە. نابێت لێژنەکەش هیچ سکالآنامەیەک وەربگرێت ئەگە هاتوو پەیوەست بوو بە وولاتێکی ئەندام کە ئەم جۆرە ڕاگەیاندراوەی نەکردووە. هەموو سکالآنامەکانی کە وەردەگیرێن بەپێی ئەم ماددەیە بەگوێرەی ئەم رێکارانەی خوارەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت:

ا. هەگەر هاتوو وولاتێک ئەندام لەم رێکەوتننامەیەدا تێبینی ئەوەی کرد کە وولاتێکی تر پابەند نییە بە رێکەوتننامەکە، لەم حاڵەتەدا بۆی هەیە کە بە نامەیەک سەرنجی وولاتی ئەندام ڕابکێشێت، هەروەها وولاتی ئەندام بۆی هەیە کە لێژنەکەش لەم بابەتە ئاگادار بکاتەوە. دوواتر پێویستە ئەم وولاتەی کە نوسراوەکەی پێدەگات لەماوەی سێ مانگدا بە نووسراو ڕوونکردنەوە یان ڕاگەیەنراوێک بنێرێت بۆ ئەم وولاتەی کە نوسراوەکەی ناردووە، بەمەرجێک بەپێی توانا ئەم ڕێوشوێنە یاساییە ناوخۆییانە بگرێتەوە بۆ چارەسەری بابەتەکان یان ئەوانەی کە بەنیازن بیانگرنە بەر.

ب. ئەگەر هاتوو لە ماوەی شەش مانگ لەدوای وەرگرتنی نوسراوی یەکەم نەگەیشتن بە چارەسەرێکی ئەوتۆ کە هەردوو وولاتی ئەندام پێی ڕازی بن، ئەوا هەریەک لە دوو وولاتەکە بۆیان هەیە کە بابەتەکە بۆ لێژنەکە بنێرن لەڕێگای ئاگادارکردنەوەیەک بۆ لێژنەکەو هەروەها بۆ وولاتەکەی تر.

ج. نابێت لێژنەکە لە هیچ بابەتێک بکۆڵێتەوە، تەنها دوای ئەوەی تاکید دەکاتەوە لەوەی کە هەموو رێوشوێنێکی ناوخۆ گیراوەتە بەر بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتەکە بەپێی پرینسیپە ناسراوەکانی یاسای نێودەوڵەتی. بەڵام لێژنەکە ئەم رێسایە ناگرێتە بەر کاتێک بۆی دەردەکەوێت کە جێبەجێکردنی رێکارەکانی چارەسەری یاسایی لەڕادە بەدەر ماوەیەکی زۆری پێچووە.

د. بەپێی ئەحکامەکانی برگەی فەرعیی ج. لەم برگەیەدا، پێویستە لێژنەکە هەوڵی چاکەکاری پێشکەش بە هەردوو وولاتی پەیوەست بکات بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی دۆستانە بۆ کێشەکە لەسەر بنەمای رێزگرتن لەم پابەندیانەی کە لەم رێکەوتننامەیەدا هاتوون.

ه. پێویستە لێژنەکە بەپێی ئەم ماددەیە لە دانیشتنە داخراوەکاندا پێداچوونەوە بۆ سکالآنامەکان بکات.

و. لێژنەکە بۆی هەیە لە بابەتەکانی کە بۆی نێردراون بەپێی برگەی فەرعیی ب. لەم برگەیەدا، داوا لە هەردوو وولاتی پەیوەست بکات ئەوانەی کە لە برگەی ب. ئاماژەیان پێکراوە، کە هەر زانیاریەکی تری پەیوەستی بۆ بنێرن.

ز. هەردوو وولاَتی پەیوەستی ئاماژە پێکراو لە برگەی فەرعی ب. لەم برگەیەدا مافی ئەوەیان هەیە کە نوێنەرایەتیان هەبێت کاتێک لێژنەکە پێداچوونەوە بۆ کێشەکە دەکات و زانیارییەکانیش بە زارەکی/ یان بە نوسراو پێشکەش بکەن.

ح. لێژنەکەش لە ماوەی دوازدە مانگ لە بەرواری وەرگرتنی ڕاگەیاندنەکەی بەپێی برگەی فەرعیی ب. لەم برگەیەدا ڕاپۆرتێک بەم شێوەیەی خوارەوە پێشکەش دەکات:

١)لە حاڵەتی گەیشتن بە چارەسەرێک بەپێی ئەحکامەکانی برگەی فەرعیی د. لەم برگەیەدا، پێویستە لێژنەکە ڕاپۆرتەکەی کورت بکاتەوە بۆ ڕاگەیانراوێک دەربارەی ڕاستیەکان و چارەسەرەکانی کە پێی گەیشتوون.

٢)لە حاڵەتی نەگەیشتن بە هیچ چارەسەرێک بە گوێرەی ئەحکامەکانی برگەی فەرعیی د. لەم برگەیەدا، ئەوا پێویستە لێژنەکە لە ڕاپۆرتی خۆیدا هەموو ڕاستیەکانی پەیوەست بەم کێشەیەی کە لەئارادایە لەنێوان هەردوو وولاَتدا دەربخات. و هەموو ڕاگەیەنراوو نوسراوو زانیاری زارەکی کە لەلایەن هەردوو وولاَتدا پێشکەش کراوە لەگەڵ ڕاپۆرتەکەدا هاوپێچ بکرێت، هەروەها لێژنەکە بۆی هەیە تەنها ئەو ڕایانەی کە پەیوەستن بە کێشەکەی نێوانیان بۆ هەردوو وولاَتی پەیوەندار بنێرێت.

لە هەموو بابەتەکانیشدا، پێویستە ڕاپۆرتەکە بۆ هەردوو وولاَتی پەیوەست بنێردرێت.

٢.پێویستە ئەحکامەکانی ئەم ماددەیە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە دوای ئەوەی دە وولاَتی لایەن لە ڕێکەوتننامەکە بەپێی برگەی (١) ی ئەم ماددەیە ڕاگەیەنراو دەردەکەن. هەروەها وولاَتانی ئەندام ئەم ڕاگەیەنراوانە ڕادەستی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن کە ئەویش لەلای خۆیەوە کۆپیەک دەنێرێت بۆ وولاَتەکانی تری ئەندام. و دەشکرێ لە هەر کاتێک ئەم ڕاگەیەنراوانە بکشێنرێنەوە بە نوسراوێک کە ئاراستەی سکرتێری گشتی دەکرێت. هەروەها پێویستە ئەم کشاندنەوەیە کاریگەری نەبێت لەسەر هەر کێشەیەک کە بەگوێرەی ئەم ماددەیە نێردراوە و لەژێر تێڕوانین دایە و نابێت هیچ سکاڵانامەیەکی تر وەربگیرێت بە گوێرەی ئەم ماددەیە دوای ئەوەی سکرتێری گشتی ڕاگەیاندنی کشانەوەکە وەردەگرێت، تەنها لە حاڵەتی ئەوەی کە وولاَتی ئەندامی پەیوەست ڕاگەیەنراوێکی تازە دەربکات.

## ماددەی ٧٧

١.هەر وولاَتێکی ئەندام لەم ڕێکەوتننامەیەدا، لە هەر ئان و کاتێکدا بێت و بەگوێرەی ئەم ماددەیە بۆی هەیە ڕاگەیاندراو بکات کە دان بە لێهاتوویی لێژنەکەدا بنێت لە وەرگرتن و تێڕوانین لە نامە پێشکەش کراوەکان لەلایەن تاکەکەسەکان یان ئەوانەی لەجیاتی کەسەکان دەینێرن کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی وولاَتدا دەژین و بانگێشەی ئەوە دەکەن کە مافە تاکە کەسیەکانیان، واتە ئەو مافانەی کە بەگوێرەی ئەحکامەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە داڕێژراوە لەلایەن وولاَتی ئەندامەوە پێشێلکراوە. هەروەها لێژنەکە هیچ نامەیەک وەرناگرێت کە تایبەت بێت بەم وولاَتە ئەندامەی کە ئەم ڕاگەیاندراوەی نەکردووە.

٢.هەر سکاڵا نامەیەک کە بەپێی ئەم ماددەیە پێشکەش دەکرێت پێویستە قەبوڵ نەکرێت ئەگەر بێتو ڕوون نەبێت یان ئەگەر بینرا کە سەرپێچییە لە مافی پێشکەشکردنی ئەم جۆرە سکاڵانامانە یانیش لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا ناگونجێت.

٣.لیژنەکە تێڕوانین بۆ هیچ سکاڵانامەیەک ناکات کە بەگوێرەی ئەم ماددەیە لەلایەن تاکە کەسەکانەوە پێشکەش دەکرێت ئەگەر تاکید لەمانەی خوارەوەی نەکات:

ا. ئەگەر هاتوو هەمان بابەت لێکۆلینەوەی بۆ نەکرابێت یان بۆی ناکرێت بەپێی هەر ڕێکارێکی تری لێکۆڵینەوە یان نێوەندگیری نێودەوڵەتی.

ب. کاتێک کە تاکەکەسەکان هەموو هەوڵێکی چارەسەری ناوخۆ دەدەن و نابێت ئەمە ببێتە ڕێسایەک کاتێک بە بۆچوونی لیژنەکە چارەسەری کێشەکان کاتێکی لەڕادە بەدەری تێبچێت یانیش نەتوانرێت چارەسەرێکی دادپەروەرانە پێشکەش بە کەسەکە بکرێت.

٤.بەپێی ئەحکامەکانی برگەی ٣ لەم ماددەیەدا، پێویستە لیژنەکە سەرنجی ووڵاتی ئەندام لەم ڕێکەوتننامەیەدا ڕابکێشێت بۆ هەر سکاڵانامەیەکی پێشکەشکراو بەگوێرەی ئەم ماددەیە، بەتایبەتی ئەم ووڵاتانەی کە بەپێی برگەی یەکی ئەم ماددەیە ڕاگەیەنراویان کردووە و بانگێشەی ئەوەیان لەسەرە کە پێشێلکاری دەکەن لە ئەحکامەکانی ڕێکەوتننامەکە. لەماوەی شەش مانگیشدا پێویستە ئەم ووڵاتە هەموو شیکردنەوەو زانیارییەکان بە نوسراو پێشکەش بە لیژنەکە بکات بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە، هەروەها ئەگەر هەبێت هەر ڕێکارێک کە گیراوەتەبەر بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆ کێشەکە.

٥.پێویستە لیژنەکە تێڕوانین بکات بۆ سکاڵانامەکانی پێشکەشکراو بەگوێرەی ئەم ماددەیە لەژێر ڕۆشنایی هەموو زانیارییەکانی بەردەست لەسەر کەسەکە یانیش ئەو کەسەی نوێنەرایەتی دەکات لەگەڵ ووڵاتی ئەندامی پەیوەست.

٦.پێویستە لیژنەکە لە کۆبوونەوەی داخراودا تێڕوانین بۆ ئەم سکاڵانامانە بکات کە بەپێی ئەم ماددەیە پێشکەش کراون.

٧.پێویستە لیژنەکە بۆچوونەکانی بۆ هەریەک لە ووڵاتی ئەندامی پەیوەست و کەسەکە بنێرێت.

٨.پێویستە ئەحکامەکانی ئەم ماددەیە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە ئەگەر هاتوو دە لە ووڵاتانی ئەندام لەم ڕێکەوتننامەیە ڕاگەیەندراویان ئەنجامدا بەپێی برگەی (١)ی ئەم ماددەیە، هەروەها پێویستە ووڵاتانی ئەندام ڕاگەیانراوەکانیان ڕادەستی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن کە ئەویش لەلایەن خۆیەوە کۆپییەک بنێرێت بۆ ووڵاتانی تری ئەندام. هەروەها دەکرێت لەهەر کاتێکدا ئەم ڕاگەیەنراوە بکشێنرێتەوە ئەویش بە ناردنی ئاگادارییەک بۆ سکرتێری گشتی. و نابێت ئەم کشانەوەیە کاریگەری هەبێت لەسەر تێڕوانین بۆ هەر کەیسێک کە بە پێی ئەم ماددەیە نێردرابێت، هەروەها نابێت هیچ سکاڵانامەیەک لە هیچ کەسێک یان نوێنەری کەسێک وەربگیرێت لە دوای ئەوەی کە سکرتێری گشتی ئاگادار دەکرێتەوە لە بابەتی کێشانەوەی ڕاگەیەنراوەکە، تەنها لە حاڵەتێک نەبێت ئەویش ئەگەر ووڵاتی ئەندام ڕاگەیەنراوێکی تازەی دەرکردبێت.

**ماددەی ٧٨**

پێویستە هەموو ئەحکامەکانی ماددەی ٧٦ ی ئەم ڕێکەوتننامەیە جێبەجێ بکرێت بەبێ لادان لە ڕێکارەکانی یەکلاکردنەوەی کێشەکان و سکاڵاکان لەم بوارەی کە ئەم ڕێکەوتننامەیە دەیانگرێتەوە کە لە ڕێکەوتننامەکانی دامەزراندندا هاتوون، یانیش لە ڕێکەوتننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسەکانی تری پەیوەست لەخۆگیراوە، هەروەها نابێت ڕێگری بکرێت لە وولاتانی ئەندام بۆ پەنابردنە بەر چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەگوێرەی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی کارپێکراو لە نێوانیاندا.

## بەشی هەشتەم: ئەحکامە گشتییەکان

**ماددەی ٧٩**

نابێت هیچ شتێک لەم ڕێکەوتننامەیەدا کار بکاتە سەر مافی وولاتی ئەندام لە دەستنیشانکردنی پێوەری ڕێکخراو بۆ هاتنی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان. و ئەوەی کە پەیوەستیش بێت بە دۆخی یاساییان و مامەڵەکرنی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان ئەوە پێویستە وولاتانی ئەندام پابەند بن بەم سنوورانەی کە لەم ڕێکەوتننامەیەدا دەستنیشان کراون.

**ماددەی ٨٠**

نابێت هیچ شتێک لەم ڕێکەوتننامەیەدا وا شیبکرێتەوە کە سەرپێچی بێت لە ئەحکامەکانی پەیمانی (میساق) نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەحکام و دەستورەکانی ئاژانسە پەیوەستەکانی کە ئەرکەکانی زۆربەی دەستەو ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەریەک بە جیا دەستنیشان دەکات، ئەوانەی کە پەیوەندیان بەم ڕێکەوتننامەوە هەیە.

**ماددەی ٨١**

١.نابێت هیچ شتێک لەم ڕێکەوتننامەیەدا کار بکاتە سەر ماف و ئازادییە پەسەند کراوەکانی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان بەگوێرەی :

ا. یاسا یان پەیڕەوکردنی وولاتی ئەندام، یان

ب. هەر ڕێکەوتننامەیەکی دوولایەنە یان هەمەلایەنە کە لەلایەن وولاتی ئەندامی پەیوەستەوە کارپێکراو بێت،

٢.نابێت هیچ شتێک لەم ڕێکەوتننامەیەدا بەجۆرێک شیبکرێتەوە کە ڕێگە بە هەر وولاتێک یان گروپێک یان کەسێک بدات کە بەشداری لە هەر چالاکییەک بکات یان کارێکی وا بکات کە سەرپێچی بێت لە یەکێک لە مافەکان یان ئازادییەکانی داڕێژراو بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە.

**ماددەی ٨٢**

نابێت بەهیچ شێویەک دەست هەڵبگیرێت لە مافەکانی کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان کە لەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتوون. و ڕێگەش نادرێت بەهیچ شێوەیک فشار بخرێتە سەر کرێکارانی کۆچبەرو ئەندامانی خێزانەکانیان بۆ وازهێنان و دەستهەڵگرتن لەم مافانەی کە ئاماژەیان پێکراوە. هەروەها نابێت، ئەو مافانەی کە لەم

ڕێکەوتننامەیدا هاتوون بەپێی بۆندەکانی کار کەم بکرێنەوە. و پێویستە لەسەر وولاتانی ئەندام ڕێوشوێنی گونجاو بگرنە بەر بۆ دەستەبەرکردنی ڕێزگرتن لەم پرینسیپانە.

**ماددەی ٨٣**

پێویستە هەر وولاتێکی ئەندام لە ڕێکەوتننامەیەدا ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێ بکات:

أ. دابینکردنی چارەسەری کاریگەر بۆ هەر کەسێک کە ماف و ئازادییەکانی پێشێل دەکرێت، هەتا ئەگەر ئەنجامدەری پێشێلکارییەکە کەسێکی فەرمیش بێت.

ب. هەر کەسێک کە داوای ئەم جۆرە چارەسەرە بکات، پێویستە دەسەڵاتە دادوەری و کارگێڕی و یاساییەکان یان هەر دەسەڵاتێکی تری تایبەتمەند کە بەیاسا بڕیاری لەسەر دراوە، دەستەبەری دووبارە پێداچوونەوە بە سکاڵاکانیان بکات و چارەسەری گونجاویان لەڕێگای دادگاوە بۆ بدۆزرێتەوە.

ج. دەستەبەرکردنی ئەوەی کە دەسەڵاتە پەیوەندارەکان هەر کاتێک بۆیان بگونجێت ڕێگەچارە بدۆزنەوە.

**ماددەی ٨٤**

پێویستە هەموو وولاتانی ئەندام بەڵێن بدەن بە لەخۆگرتنی ڕێوشوێنی یاسایی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە.

## بەشی نۆیەم: ئەحکامە کۆتاییەکان

**ماددەی ٨٥**

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ( ودیعە) بۆ ئەم ڕێکەوتننامەیە دەستنیشان کراوە.

**ماددەی ٨٦**

١.دەرگای واژۆ لەسەرکردن بۆ ئەم ڕێکەوتننامەیە کراوە دەبێت بۆ هەموو وولاتان و بەردەستیش دەبێت بۆ پەسەندکردن.

٢.دەرگای چوونەپاڵ بۆ ئەم ڕێکەوتننامەیە بۆ هەموو وولاتێک کراوە دەبێت.

٣.هەموو دۆکۆمێنتەکانی پەسەندکردن و چوونەپاڵ ڕادەستی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت.

**ماددەی ٨٧**

١.ئەم ڕێکەوتننامەیە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن لە ڕۆژی یەکەمی تەواوبوونی سێ مانگەکە لە ڕادەستکردنی دۆکۆمێنتی بیستەم لە دۆکۆمێنتەکانی پەسەندکردن و چوونەپاڵ.

٢.ئەم ڕێکەوتننامەیە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن بۆ ئەو وولاتانەی کە دێنەپاڵی یان پەسەندی دەکەن لە ڕۆژی یەکەمی تەواوبوونی سێ مانگەکە لە ڕادەستکردنی وولاتەکە بۆ دۆکۆمێنتی بیستەم لە دۆکۆمێنتەکانی پەسەندکردن و چوونەپاڵ.

**ماددەی ٨٨**

هیچ وولاتێکی ئەندام بۆی نییە دوای ئەوەی کە دەچێتە پاڵی بەشێک لەم ڕێکەوتننامەیە وەلانێت لەکاتی جێبەجێکردندا، یان سەرپێچی لە ماددەی (٣) دا بکات، یان چینێکی تایبەت لە کرێکارانی کۆچبەر هەڵاوێرد بکات.

**ماددەی ٨٩**

١.هەر وولاتێکی ئەندام مافی کشانەوەی هەیە لەم ڕێکەوتامەیەدا دوای ماوەیەک کە لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت لە بەرواری چوونە بوواری جێبەجێکردنەوە بۆ ئەم وولاتە، ئەمەش لەڕێگەی نوسراوێکی پێڕاگەیاندن دەبێت بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢.ئەم کشانەوەیەش لە ڕۆژی یەکەم دوای دوازدە مانگ لە وەرگرتنی سکرتێری گشتی بۆ ڕاگەیەنراوەکە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٣.ئەم کشانەوەیەش نابێتە هۆی لێبوردنی ئەم وولاتە لەم پابەندییانەی کە هەیەتی لەهەمبەر ڕێکەوتننامەکەدا بەمانای ئەوەی کە هەر کردارێک ئەنجامدرابێت یان نەدرابێت بەر لەوەی بەرواری بڕیاری کشانەوەکە بکەوێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

٤.دوای ئەوەی بڕیاری کشانەوەی وولاتی ئەندام دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن، لێژنەکە تێروانین بۆ هیچ بابەتێک ناکات کە پەیوەندی بەم وولاتەوە هەبێت.

**ماددەی ٩٠**

١.دوای پێنج ساڵ لە دەستپێکی جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە، هەر وولاتیکی ئەندام لە هەر کاتیکدا بێت بۆی هەیە داواکارییەک پێشکەش بکات بۆ پێداچوونەوەی ڕێکەوتننامەکە لەڕێگەی نوسراوێکەوە کە دەینێرێت بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. و سکرتێری گشتیش هەڵدەستی بە ناردنی هەر هەموارکردنەوەیەکی پێشنیارکراو بۆ وولاتانی ئەندام و داوایان لێدەکات کە پێی ڕابگەیەنن ئەگەر ئارەزووی ئەوەیان هەیە کە کونفراسێک بۆ وولاتانی ئەندام ڕێکبخرێت بە مەبەستی پێداچوونەوە بە پێشنیارەکان و ئایا دەنگدانی بۆ بکرێت یان نا. و لە حاڵەتێک ئەگەر بەلانی کەم یەک لەسەر سێی وولاتانی ئەندام ئەم ئارەزوەیان هەبوو، لە ماوەی چوار مانگ لەم ڕاگەیاندنەدا، ئەم کونفراسە ڕێکدەخرێت، ئینجا سکرتێری گشتی لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان بانکهێشت بۆ کۆنفراسەکە دەکات. هەر هەمووارکردنێکیش بەزۆرینەی دەنگی وولاتانی ئەندامی ئامادەبوو پێشکەش بە کۆمەڵەی گشتی دەکرێت بۆ ڕەزامەندی.

٢.هەموارکردنوەکانیش دەکەونە بواری جێبەجێکردن لە دوای ڕەزامەندی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان و لەلایەن دوو لەسەر سێی وولاتانی ئەندامیشەوە بەپێی ڕێکارەکانی دەستوری خۆیانەوە پەسەند بکرێت.

٣.هەرکاتێکیش هەموارکردنەوەکان کەوتنە بواری جێبەجێکردن ئەوا ئەم وولاتە ئەندامانەی کە ڕازی بوونە لەسەری دەبێت پابەند بن پێیەوە، هەروەها وولاتەکانی تری ئەندامیش پێویستە پابەند بن بە ئەحکامەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە، لەگەڵ هەموارکردنەکانی کە پێشوتر لەسەری ڕەزامەند بوونە

## ماددەی ٩١

١.پێویستە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان تەحەفوزاتەکان لەکاتی واژووکردن یان پەسەندکردن یان چوونەپاڵدا وەربگرێت کە لەلایەن وولاتانی ئەندامەوە دەکرێن و گشتگیریشی بکات بۆ هەموو وولاتان.

٢.هیچ تەحەفوزیک وەرناگیرێت ئەگەر هاتوو لەگەڵ ئامانج و مەبەستەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا نەگونجێت.

٣.دەتوانرێت لەهەر کاتێک تەحەفوزەکان بکشێنرێنەوە، ئەویش بە ناردنی ئاگادارکرنەوەیەک بۆ سکرتێری گشتی کە ئەویش لەلایەن خۆیەوە بۆ هەموو وولاتانی تری دەنێرێت و ئەم ئاگادار کردنەوەیش لە بەرواری ناردنیەوە کاری پێدەکرێت.

## ماددەی ٩٢

١.هەر کێشەیک لە نێوان دوو یان زیاتر لە دوو وولاتی ئەندامدا دەربارەی شیکردنەوەی یان جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە کە بە وتووێژ چارەسەر نەبێت، پێویستە لەسەر داوای یەکێک لە وولاتەکان پێشکەش بکرێت بۆ نێوەندگیری کردن. ئەگەر هاتوو لەماوەی شەش مانگ لە بەرواری پێشکەشکردنەکە بۆ نێوەندگیری کردن لایەنەکان نەگەنە هیچ رێکەوتنێک لە ڕێکخستنی ئەم نێوەندگیرییە، هەر یەکێک لە لایەنەکان بۆی هەیە بە داواکارییەک کێشەکە بباتە دادگای دادی نێودەوڵەتی بەپێی سیستمی بنەڕەتی ئەم دادگایە.

٢.هەر وولاتێکی ئەندام مافی خۆیەتی لەکاتی واژوکردن یان پەسەندکرنی ئەم رێکەوتنامەیەدا خۆی پابەند نەکات بە برگەی (١) ی ئەم ماددەیە. هەروەها هەر وولاتێکی تری ئەندامیش پابەند نابێت بەم برگەیە ئەگەر هاتوو ڕاگەیەنراوی لەم جۆرە دەربکات.

٣.هەر وولاتێک کە راگەیەنراوێک بەگوێرەی برگەی (٣) ی ئەم ماددەیە دەربکات مافی ئەوەی هەیە کە ڕاگەیەنراوەکەی بکێشێتەوە، ئەویش بە ئاگادارکردنەوەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

## ماددەی ٩٣

١.ئەم ڕێکەوتننامەیە کە بەزمانەکانی ئیسپانی و ئینگلیزی و ڕوسی و چینی و عەرەبی و فەڕەنسی بەردەستە، پێویستە ڕادەستی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بکرێت.

٢.پێویستە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆپیەکی پەسەندکراوی ئەم ڕێکەوتننامەیە بۆ هەموو وولاتان بنێرێت.

بۆ سەلماندنی ئەمەش، ئەم نوێنەرانە لەخوارەوە واژوویان کردووە، ئەوانەی کە لەلایەن وولاتانی خۆیانەوە دەسەڵاتی ڕەهایان پێدراوە کە واژو لەسەر ئەم ڕێکەوتننامەیە بکەن.

# ڕێککەوتننامەی مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

## لە ١٣ کانونی یەکەمی / کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦ لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە خۆگیراوە بە پێ ی بڕیاری/A/RES٦١/١٠٦

## لە بەروارای ٣ ی مایسی ٢٠٠٨ چووە بواری جێبەجی کردن بە پێی ماددەی ٤٥ی ڕێککەوتننامەکە.

**دیباجە**

وولاتانی ئەندام لەم ڕێککەوتننامەیە،

لە کاتێکدا ئاماژە دەکەن بەو پرەنسیپانەی کە بە دەق هاتوون لە ناو پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان وە دان دەنێن بەوەی کە یەکسانی مافەکان و بەها رەسەنەکان و نەتوانینی دەستکاری کردنیان، بۆ هەموو ئەندامانی خێزانی مرۆڤایەتی ، بناغەی ئازادی و دادپەروەری و ئاشتیە لە جیــهان،

وە لە کاتێکدا دان دەنێن بەوەی کە نەتەوە یەکگرتوەکان لە ناو جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندوە و ڕازی بوە بەوەی کە بۆ هەموو کەسێک بەبێ هیچ جیاکاریەک لە هەر جۆرێک بێت، مافی ئەوەی هەیە سوود لەهەموو ئەو ماف و ئازادیانە وەرگرێ کە بە دەق لەناو ئەو بەڵگەنامانەدا هاتوون،

وە لە کاتێکدا جارێکی تر جەخت دەکاتەوە لەسەر سروشتی جیهانی هەموو مافەکان و ئازادیە بنەڕەتیەکان و نەتوانینی بەش بەش کردنیان و پەیوەستیان بەیەکەوە وە پێویستی فەراهەم کردنی سوود وەرگرتنی هەموو کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەو مافانە بە شێوەیەکی تەواو و بەبێ جیاکاری،

وە لە کاتێکدا ئاماژە بە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان و پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی هەموو جۆرە شێوازێکی جیاکاری ڕەگەزپەرستی، و ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە شێوازێکی جیاکاری لە دژی ژنان و ڕێککەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە و جۆرەکانی تری مامەڵە یان سزای سەخت یان نامرۆیی یان ریسواکەر و ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی پاراستنی مافەکانی هەموو کرێکارانی کۆچبەر و تاکەکانی خێزانەکانیان،

وە لە کاتێکدا پەی بەوە دەبەن کە پەککەوتەیی بوە بە چەمکێک هێشتا لە ژێر پەرەسەندندایە وە پەککەوتەیی ڕوودەدات بەهۆی کارلێکی نێوان خەڵکانێکی تووش بوو بە پەککەوتوییەک ، وە ئاستەنگەکان لە هەڵوێستەکان و ژینگەی دەوروپشت کە دەبێتە ڕێگر لە بەشداری کردنیان بە شێوەیەکی کارا و چالاک لە کۆمەڵگەی خۆیان بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ خەڵکانی تر،

وە لە کاتێکدا دان دەنێن بە گرنگی پرەنسیپەکان ، پرەنسیپەکانی ڕێنمایی پەیوەست بە نەخشەکاریەکانی هاتوو لە پرۆگرامی کاری جیهانی پەیوەست بە پەککەوتەکان و بنەما یەکگرتووەکانی پەیوەست بە وەدەستهێنانی دەرفەتی یەکسان بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە پاڵپشتی کردن و داڕشتن و هەڵسەنگاندنی نەخشە و پلان و پرۆگرام و ڕێکارەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ زیاتر کردنی دەرفەتی یەکسان بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی،

وە لە کاتێکدا جەخت دەکەنەوە لە گرنگی تێکەڵ کردنی پرسەکانی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی وەک بەشێکی دانەپچڕاو لە ستراتیژەکانی پەرەپێدانی بەردەوام،

وە لە کاتێکدا دان دەنێن بەوەی کە جیاکاری لە دژی هەر کەسێک لەسەر بنەمای پەککەوتەیی بکرێت ئەوەپێشێلکاریە بۆ شکۆمەندی و بەهای ڕەسەنی تاکەکە،

وە لە کاتێکدا دان بەوە دەنێن کە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی زۆر جۆرن،

وە لەو کاتەشدا کە دان دەنێن بە پێویستی بۆ پاڵپشتی کردن و پاراستنی مافەکانی هەموو کەسانی خاوەن پەککەوتەیی، لە نێویشیاندا ئەوانەی پێویستیان بە پاڵپشتی چڕی زیاتر هەیە،

لە کاتێکدا نیگەرانن لەوەی کە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی ، سەرەڕای بوونی زۆرێک لەو بەڵگەنامەو پەیماننامە، هێشتا لە هەموو شوێنێکی جیهان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لەمەڕ بەشداریکردنیان وەک ئەندام لە نێو کۆمەڵگە بە یەکسانی لەگەڵ خەڵکانی تر و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ کە بۆیان زامن کراوە .

وە لە کاتێکدا دان دەنێن بە گرنگی هەمئاهەنگی نێودەوڵەتی لە باشتر کردنی بارودۆخی ژیانی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە هەموو دەوڵەتان ، و بەتایبەتیش وولاتانی تازە پێگەیشتوو.

وە لە کاتێکدا دان دەنێن بە هاوبەشی بەهەندی ئێستا و شیانی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە وەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵگەکانیان و جۆرایەتی بە شێوەیەکی گشتی، وە کە هاندانی سوودوەرگرتنیان بە شێوەیەکی تەواو لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان و بەشداری تەواویان ئەبێتە هۆی زیاتر بوونی هەستکردنیان بە ئینتیما و هێنانەدی پێشکەوتنی گەورە لە پەرەپێدانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و ئابوری کۆمەڵگە و نەهێشتنی هەژاری،

وە لە کاتێکدا دان دەنێن بە گرنگی سوودوەرگرتنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە سەربەخۆییان و پشت بەستنیان بەخۆیان وە لە نێویشیاندا ئازادی دیاریکردنی بژاردەکانیان لە لایەن خۆیانەوە،

وە لە کاتێکدا وای دەبینن کە پێویستە دەرفەت بە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بدرێت بۆ بەشداری کردنی کارا و چالاک لە پرۆسەکانی وەرگرتنی بڕیار لە بارەی نەخشە و پرۆگرامەکان کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە،

وە لە کاتێکدا نیگەرانن لەهەمبەر ئەو بارودۆخە سەختانەی کە رووبەڕووی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی دەبێتەوە و دووچاری شێوازی جۆراوجۆر و توند لە جیاکاری دەبنەوە لە سەر بنەمای رەگ و ریشە یان رەنگ یان سێکس یان زمان یان ئاین یان رای سیاسی یان رایەکی تر یان رەچەڵەکی نیشتمانی یان رەگ یان کۆمەڵایەتی یان مولکیە یان لە دایک بوون یان تەمەن یان هەر شتێکی تر،

وە لە کاتێکدا دان دەنێن بەوەی کە ژنان و کچانی خاوەن پەککەوتەیی زۆر جاران رووبەڕووی مەترسی زیاتر دەبنەوە لە توندو تیژی یان زیان یان دەستدرێژی و پشتگوێ خستن یان مامەڵەی نەشیاو و خراپ مامەڵەکردن و کارپێکردن، چ لە ئاستی نێو خێزان یان لە دەرەوەی،

وە لەکاتێکدا دان دەنێن بەوەی کە پێویستە منالانی خاوەن پەککەوتەیی بەتەواوی سوود لە هەموو مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ منالانی تر وەربگرن، وە لە کاتێکدا ئاماژە دەکەن بۆ ئەو پابەندیانەی کە وولاتانی ئەندام لە رێککەوتننامەکە داویانە بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە،

وە لە کاتێکدا جەخت لە پێویستی تێکەڵ کردنی تێڕوانینی جێندەری لە هەموو ئەو هەوڵانەی کە دەدرێت بە ئامانجی هاندانی سوود وەرگرتنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بە تەواوی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان،

وە لە کاتێدا زەقبۆتەوە کە زۆربەی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە بارودۆخێکی هەژاریدا دەژین وە لە کاتێکدا لەو بارەیەوە دان دەنێن بە پێویستی زۆر بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری نیگەتیڤی هەژاری لە سەر کەسانی خاوەن پەککەوتەیی،

وە لە کاتێکدا ئەوە لەبەرچاو دەگرن کە رەخساندنی کەشێک پڕ لە ئاشتی و ئاسایش لە سەر بنەمای رێزگرتنی تەواو لە مەبەستەکان و پرەنسیپەکانی کە لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان هاتوە و رێزگرتن لە بەڵگەنامەکانی مافەکانی مرۆڤ کە هەن هەموویان پرسێکن کە ناتوانری پشتگوێ بخرێن بۆ فەراهەمکردنی پاراستنی تەواو بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی، نەخاسمە لە بارودۆخی کێشە چەکداریەکان و داگیرکردنی دەرەکی،

وە لە کاتێکدا کە دان دەنێن بەوەی کە توانینی گەیشتن بە ژینگەیەکی ماددی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتوری و خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان و فێربوون و راگەیاندن و پەیوەندیەکان گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ توانست بەخشین بە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بۆ سوودوەرگرتنی تەواو بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان،

وە لە کاتێکدا تێ دەگەن کەوا ئەو تاکەی کە ئەرکی لە ئەستۆیە بەرامبەر تاکەکانی تر و ئەوکۆمەڵگەی کە ئینتیمای بۆی هەیە، ئەو بەرپرسیاریەتەشیان لە ئەستۆیە کە هەوڵ بدەن لە پێناو پاڵپشتی کردنی ئەو مافانەی کە رەنگیان داوەتەوە لە یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ و کاراشیان بکەت،

وە وەک باوەڕبوون بەوەی کە خێزان یەکەی سروشتیی و بنەڕەتی کۆمەڵگەیە و شایستەی پاراستنە لە لایەن کۆمەڵگەو دەوڵەتەوە، وە ئەبی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی و ئەندامانی خێزانەکانیان پاراستنی و هاوکاری پێویستیان دەست کەوێت بۆ ئەوەی خێزانەکان بتوانن بەشدار بن لە سوودوەرگرتنی تەواو بەشێوەیەکی یەکسان بە مافەکانی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی،

وە وەک باوەڕبوون بەوەی کە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی گشتگیر و تەواو بۆ پاراستن و پاڵپشتی کردنی مافەکانی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی و شکۆمەندیان هاوکاریەکی گرنگ و ناوەڕۆکی پێشکەش دەکات بۆ هەستکردن بە بێ بەشکردنی قووڵی کۆمەڵایەتی بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی، و پاڵپشتی بەشداری کردنیان دەکات لە بوارەکانی مەدەنی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری لەسەر بنەمای دەرفەتی یەکسان، چ لە وولاتانی تازەپێگەیشتوو بێت یان لە وولاتانی پێشکەوتوو،

ڕێککەوتن لەسەر ئەمانەی خوارەوە:

### ماددەی ١ – مەبەست

مەبەست لەم ڕێککەوتننامەیە پاڵپشتی کردن و پاراستن و زامن کردنی سوود وەرگرتنی کەسانی خاوەن پەککەوتەییە بە تەواوی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ خەڵکانی تر، وە پاڵپشتی ڕێزگرتنی شکۆمەندی رەسەنیانیە.

وە دەستەواژەی " کەسانی خاوەن پەککەوتەیی " هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە ناتەواوی درێژخایەنی جەستەیی یان بیر یان هۆش یان هەستیان هەیە ، و لەوانەیە ڕێگریان لێ بکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاستەنگە جیاوازەکان بۆ بەشداری کردنی تەواو و کارا لە کۆمەڵگە بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ خەلکانی تر.

### ماددەی ٢ پێناسەکان

بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە :

" پەیوەندیکردن" زمانەکان و خستنەڕووی دەقەکان و شێوازی برایل و پەیوەندی کردن لە ڕێگای دەست لێدان و پیتە گەورەکانی چاپکردن و هۆکارە ئاسانە جیاوازەکانی تری بەکارهێنان ، ئەمە جگە لە شێوازەکان و هۆکارەکان و شێوەکانی تری پەیوەندی کردنی پاڵپشت و جێگرەوە، نوسراو و بیستن، وە بە زمانێکی ئاسانکراو وە خوێندنەوە لە ڕێگای مرۆڤەوە، لە نێویشیاندا تکنولۆژیای زانیاری و پەیوەندی کردن کە بەکارهێنانیان ئاسان بێت،

" زمان "

زمانی قسەکردن و زمانی ئاماژەکردن و جۆرەکانی تری زمانی کە قسەکردن نەبێت لە خۆدەگرێت،

" جیاکاری لەسەر بنەمای پەککەوتەیی " واتە هەر جیاکاریەک یان دوورخستنەوەیەک یان قەتیسکردنێک لەسەر بنەمای پەککەوتەیی مەبەست لێ ی یان ئاسەوارەکەی لاواز کردن یان هەرەسهێنان بێت بە داننانی تەواو بە هەموو مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان و سوود لێ وەرگرتن لێیان یان پیادەکردنیان، بەشێوەیەکی یەکسان لە بە خەڵکانی تر، لە بوارەکانی سیاسی و ئابوری یان کۆمەڵایەتی و یان کەلتوری یان مەدەنی یان هەر بوارێکی تر. وە هەموو جۆرە شێوازێکی جیاکاری دەگرێتەوە لە نێویشیاندا بێبەش کردن لە جێ و رێ و ئاسانکاری گونجاو ،

" جێ و رێ و ئاسانکاری گونجاو " مەبەست لێیان ئەو هەموار کردن و ریکخستنە پێویستیانە گونجاوانەن کە ئەرکێکی نەشیاو و نا پێویست ناسەپێنێ کە لە هەندێ بارودۆخدا پێویست دەبێ ، بۆ ئەوەی زەمانەتی ئەوە بکات کە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی جێژوەردەگرن لە هەموو مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان و پیادەکردنیان لە سەر بنەمای یەکسانی لەگەڵ کەسانی تر،

" نەخشەی گشتی " واتە نەخشەی بەروبومەکان و ژینگەو پرۆگرامەکان و خزمەت گوزاریەکان بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بەکاری بهێنێت تا بۆیان بکرێت، بەبێ ئەوەی پێویستی بە گونجاندن یان نەخشەی تایبەتمەند هەبێت. وە " نەخشەی گشتی " ئامێرە تایبەتەکانی هەندی چینی تایبەت لە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بەدوور ناخاتەوە هەر کاتێک پێویستی هەبوو بۆیان.

### ماددەی ٣ — پرەنسیپە گشتیەکان

ئەوانەی خوارەوە پرەنسیپەکانی ئەم رێککەوتننامەیەن:

رێزگرتن لە شکۆمەندی رەسەنی مرۆڤەکان و سەربەخۆیی کەسایەتیان لە نێویشیاندا ئازادی دیاری کردنی بژاردەکانیان بەخۆیان وە سەربەخۆیشیان.

جیاکاری نەکردن.

دەستەبەرکردنی بەشداری و بەشداری پێکردنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بەشێوەیەکی تەواو و کاری لە کۆمەڵگە.

رێزگرتن لە جیاوازیەکان و قەبول کردنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی وەک بەشێک لە هەمەچەشنی مرۆڤایەتی و سروشتی مرۆڤایەتی.

هاوتایی دەرفەتەکان .

توانینی گەیشتن.

یەکسانی لە نێوان پیاوان و ژنان.

رێزگرتن لە توانا گەشەکردوەکانی منداڵانی خاوەن پەککەوتەیی و رێزگرتن لە مافیان بۆ پاراستنی ناسنامەیان.

## ماددەی ٤- پابەندیە گشتیەکان

وولاتانی ئەندام پەیمان دەدەن بە دەستەبەرکردن و پاڵپشتنی کردن و کارا کردنی هەموو مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان بەشێوەیەکی تەواو بۆ هەموو کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بەبێ هیچ جۆرە جیاکاریەک لەسەر بنەمای پەککەوتەیی بێت. وە بۆ وەدیهێنانی ئەم مەبەستە وولاتانی ئەندام پەیمان دەدەن کە:

گرتنەبەری هەموو رێکارێکی گونجاو، یاسایی یان کارگێڕی یان هەر رێکارێکی تر بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مافانەی کە لەم پەیماننامەیەدا دانی پیانراوە.

گرتنە بەری هەموو رێکارێکی پێویست لە نێویشیاندا یاسایی ، بۆ هەموارکردن یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی یان نەریتانەی یان پیادەکراوانەی کە جیاکاری دەکەن لە دژی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی،

لەبەرچاوگرتن و پاراستن و پاڵپشتی کردنی مافەکانی مرۆڤ بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە هەمو نەخشەکاریەکان و پرۆگرامەکان.

نەکردنی هیچ کارێک یان پیادەکردنی هیچ کارێک کە دژ بێت لە گەڵ ئەم رێککەوتننامەیە و دەستەبەری ئەوە بکات کە هەڵس و کەوتەکانی دەسەلاتەکان و دامەزراوە گشتیەکان گونجاو بن لەگەڵیا.

گرتنەبەری هەموو رێکارێکی گونجاو بۆ نەهێشتنی جیاکاری لەسەر بنەمای پەککەوتەیی لەلایەن هەر کەسێک یان رێکخراوێک یان دامەزراوەیەکی تایبەت بێت.

ئەنجام دانی یان پاڵپشتی کردنی توێژینەوەکان و پەرەپێدانی کەرەستەکان و خزمەتگوزاریەکان و ئامێرەکان و ئەو رێ و جێیانەی کە بۆ وەک نەخشەی گشتی دیزاین کراون ، هەروەک دیاری کراوە لە ماددەی ٢ی ئەم رێککەوتننامەیە، کە وا دەخوازێ پێویستی بە کەمترین گونجاندن یان کەمترین تێچون هەبێ بۆ ئەوەی پێداویستیە تایبەتەکانی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بهێنێتە دی وە هاندانی فەراهەمکردنیان و بەکارهێنانیان، وە پاڵپشتی کردنی نەخشەی گشتی لەکاتی دانانی پێوەرەکان و پرەنسیپە رێکاریەکان.

ئەنجامدان یان پاڵپشتی کردن لە توێژینەوەکان و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای نوێ و پاڵپشتی فەراهەم کردن و بەکارهێنانیان، لە نێویشیاندا تەکنەلۆژیای زانیاریەکان و پەیوەندیەکان، و هۆکارەکانی تر و ئامیرە یارمەتی دەرەکانی گواستنەوە و گەڕان، و تەکنەلۆژیای دیاری کراوی گونجاو بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی ، لەگەڵ دانی پێشەکیەتی بۆ تەکنەلۆژیای فەراهەمکراو بە نرخی گونجاو،

فەراهەمکردنی زانیاری ئاسان وەدەستهاتوو بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لەبارەی هۆکارەکان و ئامێرەکانی یارمەتیدەر بۆ گواستنەوە و گەڕان، و تەکنەلۆژیانی دیاری کراو ، لە نێویشیاندا تەکنەلۆژیای نوی ئەمە جگە لە جۆرەکانی یارمەتی تر و خزمەتگوزاریەکان و شوێنەکانی پاڵپشتی کردن.

هاندانی راهێنان کردن بە کەسە تایبەتمەندەکان و کارمەندەکانی کە کار لە گەڵ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی دەکەن لە بواری ئەو مافانەی کە لەم رێککەوتننامەیەدا دانی پیانراوە بۆ باشتر فەراهەمکردنی هاوکاری و خزمەتگوزاریەکان کە ئەم مافانە دەستەبەری دەکەن.

سەبارەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان ، هەموو وولاتێک لە وولاتانی ئەندام پەیمان دەدەن کە هەموو رێکارێکی پێویست بگرنە بەر بەوپەڕی ئەو توانایانەی کە لەبەردەستیانە وە هەر کاتێک پێویست بێت ، لە چوارچێوەی هاریکاری نێودەوڵەتی ، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی پلە بە پلەیی کارا کردنی ئەم مافانە بەتەواوی بەدیبهێنرێت ، بەبێ کەمکردنەوە لەو پابەندیانەی هاتوون لەو رێککەوتننامەیە کە پێویستە یەکسەر جێبەجێ بکرێن ، بەپێ ی یاسای نێودەوڵەتی.

وولاتانی ئەندام راوێژێکی تێرو تەسەل لەگەڵ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی دەکەن لە نێویشیاندا منداڵانی خاوەن پەککەوتەیی لە رێگای ئەو رێکخراوانەی کە نوێنەرایەتیان دەکەن لەبارەی دانان و جێبەجێ کردنی ئەو یاساو نەخشانەی کە ئامانج لێیان جێبەجێ کردنی ئەم رێککەوتننامەیەیە، وە لە پرۆسەکانی دروست کردنی بڕیاری تر لەبارەی ئەو پرسانەی کە پەیوەستن بە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی وە بەشێوەیەکی کارا بەشداریان پێ بکرێت تیایا.

هیچ شتێک لەم رێککەوتننامەیەدا نیە کە لێکدانی تیا بێت لەگەڵ هەر حوکمێک کە لەوانەیە هاتبَت لە یاسای وولاتی ئەندام یان لە یاسای نێودەوڵەتی کارپێکراو لەو دەوڵەتە، کە بە شێوەیەکی باشتر مافەکانی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی کارا بکەن. وە ناکرێت هیچ کۆت و بەندیەک یان کەمکردنەوەیەک بسەپێنرێت لەسەر هیچ مافێک لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکانی دان پێنراو لەلایەن دەوڵەتی ئەندام لەم رێککەوتننامەیە، وەک کارکردنێک بە یاسایەک یان ریککەوتننامەیەک یان گەڵاڵە نامەیەک یان نەریتێک وەک بیانویەک کە ئەو رێککەوتننامەیە داننانێت بەو ماف و ئازادیانە یان لە چوارچێوەیەکی تەسک دانیان پیا ئەنێت.

جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم رێککەوتننامەیە درێژ دەبێتەوە بۆ هەموو بەشەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بەبێ هیچ کۆت و بەندێک یان هەڵاوێردێک.

## ماددەی ٥ — یەکسانی و جیاکاری نەکردن

وولاتانی ئەندام ددان دەنێن بەوەی کە هەموو کەسەکان یەکسانن بەرامبەر یاسا و بەو پێیەش مافیان هەیە بە شێوەیەکی یەکسان لە پاراستن و سوود کە یاسا دابینیان دەکات.

وولاتی ئەندام قەدەغەی هەموو جۆرە جیاکاریەک دەکات کە لەسەر بنەمای پەککەوتەیی بێت و پاراستی یەکسان و کارا لە جیاکاری کردن دەستەبەر دەکات بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لەسەر هەر بنەمایەک بێت.

وولاّتی ئەندام وەک هەوڵ بۆ پاڵپشتی کردنی یەکسانی و نەهێشتنی جیاکاری هەموو ڕێکارێکی پێویست دەگرنە بەر بۆ دەستەبەر کردن و فەراهەمکردنی جێ ی و ڕێ و ئاسانکاری گونجاو بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی .

ئەو ڕێکارە دیاری کراوە پێویستانەی بۆ پەلە کردن لە وەدەستهێنانی یەکسانی تەواو لە نێوان کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بە جیاکاری لێک نادرێتەوە بەپێ ی حوکمەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە.

## ماددەی ٦ — بۆ ژنــانی خاوەن پەککەوتەیی

وولاّتی ئەندام دان بەوە دەنێن کە ژنان و کچانی خاوەن پەککەوتەیی دووچاری چەندین شێوازی جیاکاری دەبنەوە، وە ئەو دەوڵەتانە ئەو ڕێکارانەش دەگرنە بەر بۆ دەستەبەر کردنی سوود وەرگرتنی تەواویان وە بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ خەڵکانی تر هەموو مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان.

وولاّتانی ئەندام هەموو ئەو ڕێکارە گونجاوانە دەگرنە بەر بۆ دەستەبەر کردنی گەشەکردنی تەواو و پێشوەچوون و بەتواناکردنی ژنان، بە ئامانجی دەستەبەرکردنی پیادەکردنیان بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا روون کراونەتەوە.

## ماددەی ٧ — منداڵانی خاوەن پەککەوتەیی

وولاّتانی ئەندام هەموو ئەو ڕێکارە پێویستانە دەگرنە بەر بۆ دەستەبەرکردنی سوود وەرگتنی تەواوی منداڵانی خاوەن پەککەوتەیی  بە هەموو مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان، بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ منداڵانی تر.

بەهەند وەرگرتنی باشترین بەرژەوەندی منداڵ، لە هەموو ڕێکارەانی پەیوەندیدار بە منداڵانی خاوەن پەککەوتەیی ، لە بەرچاوگرتنێکی بنەڕەتی دەبێت.

وولاّتانی ئەندام دەستەبەری سوود وەرگرتنی منداڵانی خاوەن پەککەوتەیی دەکەن بە مافی ئازادی ڕادەربڕینیان لە هەموو ئەو پرسانەی کە پەیوەندیدارە پێیانەوە لە گەڵ دانی گرنگی پێویست بۆ ئەو ڕایەکانیان بە پێ ی تەمەنیان و ئاستی پێگەیشتووییان، ئەویش لە سەر بنەمایەکی یەکسانی لەگەڵ منداڵانی تر و فەراهەم کردنی هاوکاری بۆیان بۆ پیادەکردنی ئەو مافە، بە شێوەیەک کە بگونجێ لەگەڵ جۆری پەککەوتەیی و تەمەنیان.

## ماددەی ٨ — بەرزکردنەوەی هۆشیاری

وولاّتانی ئەندام پەیمان دەدەن بە لە خۆگرتنی ڕێکاری ڕاستەوخۆ وکارا و گونجاو لە پێناو:

ا) هەڵگیرسانی هۆشیاری لە ناو تەواوی کۆمەڵگە سەبارەت بە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی ، لە نێویشیاندا خێزان، و پاڵپشتی کردنی ڕێزگرتن لە مافەکانی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی و شکۆمەندیان،

ب) نەهێشتنی شێوە باوە کۆنەکان و جۆرەکانی لایەنگیری کردن و پیادەکردنی کردەوە زیان بەخشەکان کە پەیوەستن بە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی، لە نێویشیاندا ئەوەی لەسەر بنەمای سێکس و تەمەن دەکرێت لە هەموو بوارەکانی ژیان.

ج) پاڵپشتی کردنی هۆشیاری بە تواناکان و بەشداربوونی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی.

٢. ئەو ڕێکارانەش کە بۆ ئەم مەبەستانە پێویستن ئەوانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

ا) دەست کردن بە کەمپینی چالاکی بۆ هۆشیارکردنەوەی گشتی و بەدواچوون کردنیش بە ئامانجی:

پاڵپشتی کردنی قەبوول کردنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی.

بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی پۆزەتیڤانە لە بارەی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی ، هۆشیاری قوڵتری کۆمەڵگە بۆیان.

هاندانی داننان بە تواناکان و و مهاراتی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی ، وە بەشداریەکانیان لە شوێنی کارکردن و بازاڕی کار.

ب) پاڵپشتی کردنی لە خۆگرتنی هەڵوێستێک کە ڕێزگرتنی پێوەدیاربێت بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە هەموو ئاستەکانی سیستەمی فێربوون، لە نێویشیاندا هەموو منداڵان هەر لە سەرەتای تەمەنیانەوە.

ت) هاندانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بۆ پەخش کردنی وێنەیەکی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بە شێوەیەک کە بگونجێ لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە،

پ ) هاندانی ڕێکخستنی پرۆگرامی ڕاهێنان بە هۆشیاری بە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی و مافەکانیان.

## ماددەی ٩ – توانای گەیشتن

بۆ ئەوەی وا لە کەسانی خاون پەککەوتەیی بکرێت کە بە سەربەخۆیی بژین و بەشداری تەواوی هەموو لایەنەکانی ژیـان بکەن،ووڵاتانی ئەندام ئەو ڕێکارانە دەگرنە بەر کە دەستەبەری توانای گەیشتنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی دەکات بە شێوەیەکی یەکسان لە گەڵ کەسانی تر بۆ ژینگەی دەوروبەر و هۆکارەکانی گواستنەوەو و زانیاریەکان و پەیوەندیەکان، لە نێویشیاندا تەکنەلۆژیا و سیستەمەکانی زانیاریەکان و پەیوەندی کردن، شوێنەکان و خزمەتگوزاریەکانی تری فەراهەمکراو بۆ خەڵکی گشتی ، لە ناوچە شارستانیەکان و لادی نشینەکان بە شێوەیەکی یەکسان وە ئەو ڕێکارانەش دەبێ کۆسپ وتەگەرەکان لە هەمبەر گەیشتنیان دیاری بکات و لاشیان ببات وە ئەمانەش دەگرێتەوە:

باڵەخانەکان و ڕێگاوبانەکان و هۆکارەکانی گواستنەوە و شوێنەکانی تر لە نێو ماڵەکان و دەرەوەی ماڵەکان لە نێویشیاندا قوتابخانەکان و شوێنە پزیشکیەکان و شوێنەکانی کارکردن.

زانیاریەکان و پەیوەندیەکان و خزمەتگوزاریەکانی تر، لە نێویشیاندا خزمەتگوزاریە ئەلیکترونیەکان و خزمەتگوزاری فریاگوزاری.

وولاتانی ئەندام ئەو رێکارانە دەگرنە بەر کە ئامانج لێیان:

دانانی لایەنی نزمی پێوەرەکان و بنەما توجیهیەکانە بۆ ئامادەکاری کردن بۆ گەیشتن بە شوێنەکان و خزمەتگوزاریەکای فەراهەمکراو بە خەڵکانی گشتی وە بڵاو کردنەوەی ئەو پێوەر و پرەنسیپانە و چاودێری کردنی جێبەجێ کردنیان.

دەستە بەر کردنی ئەوەی کە دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتیش کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن بۆ خەڵکانی گشتی، گەیشتنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بەو خزمەت گوزاریانە لە بەرچاو بگرن.

فەراهەم کردنی راهێنان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بەو پرسانەی کە پەیوەندیدارە بە توانای گەیشتن کە رووبەڕووی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی دەبنەوە.

فەراهەمکردنی وریاکەرەوە بە شێوازی برایل و بە شێوەیەک کە ئاسان بخوێندرێنەوە و تێیبگەن لەسەر باڵەخانە گشتیەکان و شوێنەکانی تر کە فەراهەمە بۆ خەڵکی گشــتی.

فەراهەم کردنی شێوازی جۆراوجۆر لە یارمەتی مرۆڤایەتی و هۆکارەکان لە نێویشیاندا رابەر و خوێنەر و تایبەتمەندی زمانی هێما بۆ ئاسانکاری کردن بۆ توانینی گەیشتن بە باڵەخانەکان و شوێنەکانی تری کە فەراهەمکراون بۆ خەڵکی گشتی.

هاندانی شێوازەکانی یارمەتی و پاڵپشتی تر بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بۆ دەستەبەر کردنی گەیشتنیان بە زانیاریەکان.

هاندانی توانای گەیشتنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بە تەکنەلۆژیا و سیستەمەکانی زانیاریەکان و پەیوەندی کردنی نوێ لە نێویشیاندا تۆڕی ئەنتەرنێت.

هاندانی ئەو نەخشەو پەرەپێدان و بەرهەمهێنان و دابەش کردنی جۆرەکانی تەکنەلۆژیا و سیستەمەکانی زانیاریەکان و پەیوەندیەکان بە جۆرێک کە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بتوانبگەن پێیان لە قۆناغە سەرتایەکانەوە بۆ ئەوەی ئەو تەکنەلۆژیاو سیستەمانە لەبەر دەستیان بێت بە کەمترین تێچوو.

### ماددەی ١٠ — مافی ژیــــان

وولاتانی ئەندام پێ دادەگرن جارێکی تر لەسەر ئەوەی کە هەموو مرۆڤێک مافی رەسەنی ژیانی هەیە و هەموو رێکارێکی پێویست دەگرنە بەر بۆ دەستەبەر کردنی سوود وەرگرتنی هەموو کەسەکانی خاوەن پەککەوتەیی بە شێوەیەکی پراکتیکی بەو مافە بە یەکسانی لەگەڵ خەڵکانی تر.

### ماددەی١١ — دۆخەکانی مەترسی و تەنگەتاوی مرۆیی

وولاتانی ئەندام پەیمان دەدەن کە بە پێ ی بەرپرسیاریەتەکان کە هاتوە لە یاسای نێودەوڵەتی ، لە نێویشیاندا یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ ، بە گرتنە بەری هەموو رێکارێک کە لە توانایان دا بێت بۆ

دەستەبەر کردنی پاراستن و سەلامەتی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی کە هەن لە هەندی بارودۆخ کە مەترسیدار بێت وەک دۆخەکانی کێشەی چەکداری و تەنگەتاوی مرۆیی و کارەساتە سروشتیەکان.

**ماددەی ١٢ – دانانان بە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ خەڵکانی تر بەرامبەر یاسا**

وولاتانی ئەندام جەخت دەکەنەوە لە نوێ وە لەسەر مافی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بە دانانان پێیان لە هەموو شوێنێک وەک کەس لە بەرامبەر یاسا.

وولاتانی ئەندام ددان دەنێن بە سوود وەرگرتنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بە لێهاتوویی یاساییان بە شێوەیەکی یەکسان لە گەڵ خەڵکانی تر لە هەموو بوارێکی ژیــان .

وولاتانی ئەندام رێکاری پێویست دەگرنە بەر بۆ فەراهەم کردنی توانای کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بە وەدەستهێنانی ئەو پاڵپشتیەی کە لەوانەیە پێویستیان بێت لە کاتی پیادەکردنی لێهاتوویی یاساییان.

وولاتانی ئەندام دەستەبەری هەموو ئەو رێکارانە دەکات کە پەیوەستن بە پیادەکردنی لێهاتوویی یاسایی وە ئەو دەستەبەرە گونجاو و کارایەنش بۆ قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئەو رێکارانە بە پێ ی یاسای نێو دەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ . وە ئەو زەماناتانەش دەستەبەری ئەوە دەکەن کە لەو رێکارانەی پەیوەندیدارە بە پیادەکردنی لێهاتوویی یاسایی رێز لە مافەکانی کەسی پەیوەندیدار و خواست و باشترین بەرژەوەندیشی بگرێت ، وە ئەبێ بەدەر بێت لە هەموو جۆرە بەریەککەوتنێکی بەرژەوەندیەکان و کاریگەریەک کە هیچ بیانویەک نەبێت بۆی ، و گونجاو و هاوتا بێت لەگەل بارودۆخی کەسەکە، وە لە کەمترین ماوە پیادە بکرێت ، وە بەردەوام پیاچونەوەی بۆ بکرێت بە شێوەیەکی رێکخراو لە لایەن دەسەڵاتێکی تایبەتمەند و سەربەخۆو بێلایەن یان دەستەیەکی دادوەری . وە ئەو زەماناتانەش دەبێت گونجاو بن لەگەڵ بڕی ئەو کاریگەریەی کە رێکارەکان هەیانە لە سەر مافەکانی کەس و بەرژەوەندیەکانی.

وەک مەرجێک بۆ حوکمەکانی ئەو رێککەوتنامەیە ، وولاتانی ئەندام هەموو رێکارێکی پێویست و گونجاو و کارا دەگرنە بەر بۆ زەمانەت کردنی مافی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بە شێوەیەکی یەکسان لە خاوەندارێتی و میراتگری مولکەکان و بەرێوەبردنی کاروباری داراییان و وە توانینی وەرگرتنی قەرزی بانکی و رهون بە یەکسانی وەک خەڵکانی تر وە هەروەها شێوەکانی تری ئیئتمان مالی ، وە زەمانەتی بێبەش نەبوونی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی دەکەن بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە مولک و مالیان.

**ماددەی ١٣ – توانای پەنابردن بۆ دادوەری**

وولاتانی ئەندام دەستەبەری هۆکاری کارا دەکەن بۆکەسانی خاوەن پەککەوتەیی بۆ ئەوەی پەنا ببەن بۆ دادوەری بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ خەڵکانی تر، لە نێویشیاندا لە رێگای ئاسانکاری کردن لەو رێکارانەی کە گونجاو بن لەگەڵ تەمەنیان ، بەمەبەستی چالاکتر کردنی رۆڵی کارایان لە بەشداری راستەوخۆ و

ناڕاستەوخۆ، وەک گەواهیدەریش، لە هەموو ڕێکارە یاساییەکان وەک قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و قۆناغە سەرەتاییەکانی تر.

بۆ دەستەبەر کردنی توانی پەنابردنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بۆ دادوەری بە شێوەیەکی کردەیی ، دەوڵەتی ئەندام ڕاهێنانی گونجاو بە کارمەندانی بواری جێبەجی کردنی دادپەروەری دەکات لە نێویشیاندا پۆلیس و کارمەندانی چاکسازیەکان.

## ماددەی ١٤ – ئازادی و ئاسایشی کەسی

دەوڵەتی ئەندام بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ خەڵکانی تر ئەمانەی خوارەوە دەستەبەر دەکات:

سوودوەرگرتن لە مافی ئازادی کەسی و ئاسایشی کەسی، بێبەش نەکردنیان لە ئازادیان بە شێوەیەکی نایاسایی یان بەشێوەیکی هەڕەمەکی وە کە هەر بێبەش بوونێک لە ئازادی گونجاو بێت لەگەڵ یاسا، وە بوونی پەککەوتەیی نابێت بە هیچ شێوەیەک بیانوو بێت بۆ بێبەش کردن لە ئازادی.

وولاتانی ئەندام دەستەبەری ئەوە دەکەن کە لە حالەتی زەوت کردنی ئازادی لە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە ئەنجامی هەر ڕێکارێک بێت ، ئەوە بە شێوەیەکی یەکسان لەگەل ً کەسانی تر بە پێ ی یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ زەماناتیان هەبێت وە بە پێ ی ئامانجەکان و پرەنسیپەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت لە نێویشیاندا دابین کردنی جێ و ڕێ ئاسانکاری گونجاو بۆیان.

## ماددەی١٥– دووچار نەبوونەوەی ئەشکەنجە یان مامەڵە یان سزای سەخت یان نامرۆیی یان ریسواکەر

هیچ کەسێک نابێت دووچاری ئەشکەنجە یان مامەڵە یان سزای سەخت یان نامرۆیی یان ریسواکەر ببێتەوە. بەتایبەتیش نابێت هیچ کەسێک دووچاری هیچ ڕێکارێکی تاقی کردنەوەی پزیشکی یان زانستی بکرێتەوە لەسەری بەبێ ڕەزامەندی خۆی بە تەواوی ئازادی خۆی.

وولاتانی ئەندام هەموو ڕێکارێکی یاسایی و کارگێری و دادوەری و هەر ڕێکارێکی تری کارای دەگرنە بەر بۆ قەدەغەکردنی مل کەچ کردنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی ، بۆ ئەشکەنجەو مامەڵە و یان سزای سەخت یان نامرۆیی یان ریسواکەر بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ خەڵکانی تر .

## ماددەی ١٦ – توش نەبوون بە کارپێکردن یان توندوتیژی یان دەستدرێژی

وولاتانی ئەندام هەموو ڕێکارێکی یاسایی و کارگێری و کۆمەلایەتی و فێرکاری و ڕێکاری تری گونجاو بۆ پاراستنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی دەگرنە بەر، لە ناو خێزانەکانیان و لە دەرەوەی خێزان بە شێوەیەکی یەکسان، لە هەموو جۆرێکی کارپێکردن یان توندو تیژی یان دەستدرێژی کردن لە نێویشیاندا ئەو لایەنانەی کە لەسەر بنەمای سیکس ئەکرێ،

وڵاتانی ئەندام هەموو ڕێکارێکی گونجاو دەگرنە بەر بۆ قەدەغەکردنی هەموو جۆرەکانی کارپێکردن یان توندوتیژی یان دەستدرێژی کردنە سەر بە دەستەبەر کردنی هەندی شت وەک دابین کردنی شێوازی گونجاو لە یارمەتی و پالپشتی بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی و خێزانەکانیان و ئەوانەش کە چاودێری پێشکەش دەکەن بۆیان بە لە بەرچاوگرتنی رەگەزی کەسەکانی خاوەن پەککەوتەیی و تەمەنیان، لە نێویشیاندا لە رێگای دابین کردنی زانیاریەکان و هۆشیارکردنەوەیان لە بارەی چۆنیەتی خۆپاراستن لە کردەوەکانی کارپێکردن یان توندوتیژی یان دەستدریژی کردنە سەر و ناسینیان و خەبەردان لێیان. وە دەوڵەتی ئەندام لە کاتی فەراهەم کردنی خزمەتگوزاری پاراستن تەمەن و رەگەز و جۆری پەککەوتەیی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لەبەرچاو دەگرێت و دەستەبەری دەکات.

وڵاتانی ئەندام دەستەبەری ئەوە دەکات کە دەستەلاتی سەربەخۆ هەڵدەستی بە چاودێری کردنی هەموو شوێنەکان و پرۆگرامەکانی کە ئامادەکراون بۆ خزمەت کردنی کەسانی خاوەت پەککەوتەیی چاودێریەکی کارا بۆ ئەوەی رێگربێت لە رووداني هەر شێوەیەک لە شێوەکانی کارپێکردن یان توندوتیژی یان دەستدرێژی کردنە سەر.

وڵاتانی ئەندام هەموو رێکارێکی پێویست دەگرنەبەر بۆ هاندانی گێڕانەوەی تەندروستی جەستەیی و هزری و دەروونی بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی و دووبارە شیاندنەوەیان و دووبارە تێکەڵ کردنەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگە لە کاتێک دا کە تووشی جۆرێک لە جۆرەکانی کارپێکردن یان توندوتیژی یان دەستدرێژی کردنە سەر دەبنەوە لە نێویشیاندا فەراهەم کردنی خزمەتگوزاری پاراستن بۆیان.

دووبارە گێڕانەوەی تەندروستی و دووبارە تێکەڵ کردنەوەشیان لە ژینگەیەکدا وەدی دێت کە پاڵپشتی تەندروستی تاک و خۆشگوزەرانی و رێزگرتنی بۆ کەسەکەو شکۆمەندی و سەربەخۆیی کەسی تیا بێت و رەچاوی پێداویستیە تایبەتەکانی جۆری رەگەز و تەمەن بکات.

وڵاتانی ئەندام یاسای و نەخشەکاری کارا دادەڕێژن لە نێویشیاندا یاسا و نەخشەکاری کە چەقەکەی ژنان و مندالان بن، بۆ دەستەبەرکردنی زانینی حالەتەکانی کارپێکردن و توندوتیژی و دەستدرێژی کردنە سەر کە تووشی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی دەبنەوە و لێکۆڵینەوەش لێیان وە لە کاتی پێویستیش دا بردنیان بۆ ژێر پرۆسەی دادگەری.

## ماددەی ١٧ — پاراستنی ئاسوودەیی کەسی

هەموو کەسێکی خاوەن پەککەوتەیی مافی ئەوەی هەیە کە رێز لە ئاسوودەیی کەسی و هزری بگیرێت بە یەکسانی لەگەڵ کەسانی تر.

## ماددەی ١٨ – مافی هات وچۆکردن  و ڕەگەزنامە

ووڵاتانی ئەندام دان دەنین بە مافی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بە سوودوەرگرتن لە ئازادی هاتو چۆکردن ، ئازادی هەڵبژاردنی شوێنی مانەوەیان و وەرگرتنی ڕەگەزنامە، بە یەکسانی لەگەڵ کەسانی تر، لە نێویشیاندا سوود وەرگرتنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لەوانەی خوارەوە:

مافی وەرگرتنی ڕەگەزنامە و گۆڕینی و بێبەش نەبوونی لە ڕەگەزنامەی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی یان لە سەر بنەمای پەککەوتەیی.

بێبەش نەکردنیان لەسەر بنەمای پەککەوتەیی لە توانای خاوەنداری  و بەکارهێنانی بەڵگەنامەی ڕەگەزنامەیان یان بەڵگەنامەی تری ایبات ناسنامە یان پەنا بردن بۆ پرۆسەی تری گونجاو وەک ڕێکارەکانی کۆچ کردن کە لە وانەیە حالەتەکە وا پێویست بکات بۆ ئاسان کردنی پیادەکردنی مافی ئازادی هاتوچۆکردن.

مافی بەجێهێشتنی هەر ولآتێک لە نێویشیاندا ووڵاتی خۆیان.

بێبەش نەکردنیان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی یان لەسەر بنەمای پەککەوتەیی لە مافی چوونە ناو ووڵاتی خۆیان.

منداڵانی خاوەن پەککەوتەیی ڕاستەوخۆ تۆمار دەکرێن دوای لە دایک بوونیان وە لەو ساتەوە مافی ئەوەیان دەبێ کە ناویان هەبێ و مافی وەدەستهێنانی ڕەگەزنامە و مافی ناسینی باوانیان و مانەوەیان لە ژێر چاودێریان بەپێ ی توانا.

## ماددەی ١٩ – ژیانی سەربەخۆ و ئاوێتە بوون لەگەڵ کۆمەڵگە.

ووڵاتانی ئەندام لەم ڕێککەوتننامەیە دان دەنێن بە مافی هەموو کەسانی خاوەن پەککەوتەیی، بە یەکسانی لەگەڵ کەسانی تر، بە ژیانیان لە کۆمەڵگە، بە بوونی بژاردە ی هاوتا بە بژاردەی خەڵکانی تر، وە ڕێکاری کارا و گونجاو دەگرنە بەر بۆ ئاسانکردنی سوودوەرگرتنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بە تەواوی مافیان و تێکەڵ بونیان و بەشداریکردنی تەواویان لە کۆمەڵگە. وە ئەوەش ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی کە شوێنی مانەوەو حەوانەوەی خۆیان هەڵببژێرن و ئەوکەسانەش کە لەگەڵیان دەژین بە شێوەیەکی یەکسان بە کەسانی تر وە ناچار نەکردنیان بۆ ژیان لە چوارچێوەیەکی دیاری کراوی تایبەت.

توانای گەیشتنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بە دەستەیەک لەو خزمەتگوزاریانەی کە یارمەتی دەرن لە ناو ماڵ و لە شوێنی مانەوە و شوێنەکانی تری خزمەتگوزاری کۆمەڵگەیی، لە نێویشیاندا یارمەتی کەسی پێویست بۆ ئاسان کردنی ژیانیان و تێکەڵ بوونیان بە کۆمەڵگە ، پاراستنیشیان لە گۆشەگیری یان دابڕان لە کۆمەڵگە.

کەسانی خاوەن پەککەوتەیی سوود ببینن لە خزمەتگوزاری و شوێنە گشتیەکان فەراهەم کراو بۆ خەڵکی گشتی بەشێوەیەکی یەکسان بە خەلکانی تر، دڵنیابوون لەوەی کە ئەو خزمەتگوزاریانە بە کەڵک ئەوانیش دێن.

## ماددەی ٢٠ – هاتو چۆی کەسی

وولاتانی ئەندام رێکاری کارا دەگرنەبەر بۆ دەستەبەرکردنی ئەوەی کە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی ئازادی هاتوچۆکردنیان بۆ فەراهەم کراوە تا لەتوانادا بێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە نێویشیاندا ئەمانە:

ئاسانکردنی ئازادی هاتوچۆی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بەو شێوەیەو لەو کاتەی کە خۆیان هەڵیان دەبژێرن وە بە تێچونێک کە لە توانایان دابێت.

ئاسانکاری کردن بۆ ئەوەی کە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی کوالیتی باشیان لەو ئامێر و هۆکارانە وەدەست بکەوێت کە یارمەتیدەرن بۆ هاتوچۆکردن و تەکەنەلۆژیای دیار کراو و شێوازەکانی تری یارمەتی مرۆڤایەتی و هۆکارەکان، لە نێویشیاندا بۆیان فەراهەم بکرێت لە لایەنی تێچوەوە.

فەراهەم کردنی راهێنان بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی و تایبەتمەندانی ترکە کاردەکەن لە گەڵیان لەسەر کارامەیی هاتوچۆکردن.

هاندانی کەرتی تایبەتی کە هۆکارەکانی گواستنەوەو ئامێرەکانی یارمەتی دەر بۆگواستنەوە بەرهەم دێنن و هەروەها تەکنەلۆژیا و ئامیرێی دیاریکراو، بۆ ئەوەی رەچاوی هەموو لایەنێکی پەیوەندیدار بە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بکەن .

## ماددەی ٢١ – ئازادی رادەربڕین و گەیشتن بە زانیاریەکان

وولاتانی ئەندام هەموو رێکارێکی گونجاو دەگرنە بەر بۆ دەستەبەر کردنی پیادەکردنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی مافیان لە ئازادی رادەربڕین و بیرو ڕا ، لە نێویشیاندا مافی داواکردنی زانیاری و بیروکەو وەرگرتنی و گوزارشت کردنیشی بەیەکسانی لەگەڵ کەسانی تر، وە لە رێگای هەموو هۆکارێکی پەیوەندیکردن کە خۆیان هەڵیان دەبژێرن بەو شێوەیەی کە پێناسە کراوە لە ماددەی ٢ لەم رێککەوتننامەیە لە نێویشیاندا ئەمانەی خوارەوە:

کەسانی خاوەن پەککەوتەیی ئەو زانیاریانەیان پێبدرێت کە ئاراستەکراوە بۆ خەڵکی گشتی سەبارەت بە بەکارهێنانی شێوازەکانی تەکنەلۆژیای کە ئاسان دەست دەکەوێت گونجاوە بۆ جۆرەکانی پەککەوتەیی لە کاتی گونجاو و بەبێ ئەوەی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی تیچووی زیاتریان بکەوێتە ئەستۆ.

پەسەند کردن و ئاسانکاری کردن بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی کە لە کاروبارە فەرمیەکانیان زمانەی هێما بەکاربهێنن و رێگای برایل و رێگاکانی تری جێگرەوە و هەموو هۆکارێک و شێوازەکانی پەیوەندی کردنی تر کە بە ئاسان لەبەر دەست بن کە خۆیان هەڵیان دەبژێرن.

هاندانی کەرتی تایبەت کە خزمەتگوزاری پێشکەشی خەڵکی گشتی دەکات لە نێویشیاندا لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە، کە زانیاریەکان و خزمەتگوزاریەکان پێشکەش بە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بکەن بە شێوەیەکی ئاسان لەبەر دەست بێت و بەکارهێنانیشی ئاسان بێت.

هاندانی هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری ، لە نێویشیاندا پێدەرانی زانیاریەکان لە ڕێگەی تۆڕی ئەنتەرنێتەوە ، کە خزمەت گوزاریەکانیان فەراهەم بێت بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی.

داننان بە زمانەکانی هێما یان ئاماژە و هاندانی بەکارهێنینان.

## ماددەی ٢٢ — ڕێزگرتن لە تایبەتمەندی

نابێت هیچ کەسێک لە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و نایاسایی دووچاری دەست خستنە ناو تایبەتمەندیەکانی یان کاروباری خێزانەکەی یان ماڵەکەی یان نامەو هاتوەکانی یان هەر جۆرێکی تر لە هۆکارەکانی پەیوەندی کردن کە بەکاری دەهێنێت نە بۆ هێرشکردنی ناڕەواش بۆ سەر شەرەف و ئابڕوی. هەموو کەسانی خاوەن پەککەوتەیی مافی خۆیانە کە یاسا بیان پارێزێ لە هەر دەست تێوەردانێک یان هێرشێکی لەو جۆرە .

دەوڵەتی ئەندام هەڵدەستێ بە پاراستنی تایبەتمەندی زانیاریەکانی پەیوەست بە کاروباری کەسی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی و تەندروستیان و دووبارە شیاندنەوەیان بە یەکسانی لەگەڵ خەلکانی تر.

### ماددەی ٢٣ – ڕێزگرتن لە ماڵ و خێزان

ووڵاتانی ئەندام ڕێکاری کاراو گونجاو دەگرنە بەر بۆ نەهێشتنی جیاکاری لە دژی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە هەموو پرسەکانی پەیوەست بە هاوسەرگیری و خێزان و باوانی و پەیوەندیەکان ، وە بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ کەسانی تر، ئەویش بۆ دەستەبەرکردنی ئەمانەی خوارەوە:

مافی هەموو کەسێکی خاوەن پەککەوتەیی کە لە تەمەنی هاوسەرگیرین لە هاوسەرگیری کردن و پێکەوەنانی خێزان بە ڕەزامەندی ئەوانەی کە هاوسەرگیریەکە دەکەن ڕەزامەندیەکی تەواو بەبی هیچ جۆرە ناچارکردنێک.

داننان بە مافەکانی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بە وەرگرتنی بڕیاری سەربەست و بەرپرسانە سەبارەت بە ژمارەی ئەو منداڵانەی کە دەیانەوی بەرهەمی بێنن وە ماوەی نێوان لە دایک بوونیان وە دەست گەیشتنیان بە زانیاریەکان و وە هۆشیارکردنەوە لە بوارەکانی تەندروستی مناڵبوون و ڕێکخستنی خێزان بە شێوەیەک گونجاو بێت لەگەڵ تەمەنیان وە فەراهەم کردنی هۆکارە پێویستیەکان بۆیان بۆ پیادەکردنی ئەم مافانە.

مافی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە نێویشیاندا منداڵان ، لە پاراستنی پیتایەتیان بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ خەڵکانی تر.

ووڵاتانی ئەندام دەستەبەری مافەکان و بەرپرسیاریەتی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی دەکەن سەبارەت بە سەرپەرشتی منداڵەکان یان کەفالەت کردنیان یان لە خۆگرتنیان و یان هەر نەریتێکی تری هاوشێوە، لە هەر شوێنێک ئەو چەمکانە لە یاسا نیشتمانیەکان هاتبێ وە لە هەموو حالەتەکاندا بەرژەوەندی باڵای منداڵ یەکلاکەرەوە دەبێت . وە ووڵاتانی ئەندام یارمەتی گونجاو پێشکەش بە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی دەکەن بۆ ئەوی بتوانن بە بەرپرسیاریەتیەکانیان هەڵبستن لە پەروەردە بەخێوکردنی منداڵەکان.

ووڵاتانی ئەندام دەستەبەری مافی یەکسان پەیوەست بە ژیانی خێزانی بۆ منداڵانی خاوەن پەککەوتەیی دەکەن. وە لە پێناو کارا کردنی ئەو مافە و قەدەغەکردنی شاردنەوەی منداڵانی خاوەن پەککەوتەیی و جێهێشتنیان یان فەرامۆشکردنیان یان جیاکردنەوەیان ، ووڵاتانی ئەندام پەیمان دەدەن کە لە قۆناغی سەرەتای ژیان زانیاری و خزمەتگوزاری و یارمەتی گشتگیر فەراهەم بکات بۆ منداڵانی خاوەن پەککەوتەیی و خێزانەکانیان.

ووڵاتانی ئەندام دەستەبەری جیانەکردنەوەی هیچ منداڵێک دەکەن لە باوانی بە زۆرە ملی، تەنها مەگەر دەستەڵاتیچکی تایبەتمەند بەمەرجی پەیوەستی دادوەری و بە پێ ی یاسا و ڕێکارە نیشتمانیەکانی کارپێکراو بکرێت، وە کە ئەو جیاکردنەوەیەش پێویست بێت بۆ بەرژەوەندی باڵای منداڵەکە. وە نابێت لە هیچ حالەتێکدا مندال لە باوانی جیابکرێتەوە لەسەر بنەمای پەککەوتەیی منداڵ یان یەک لە باوانیان یان هەردووکیان.

وولآتانی ئەندام پەیمان دەدەن کە لە حالەتی ئەوەی کە خێزانی راستەوخۆی منداڵی خاوەن پەککەوتەیی توانای بەخێوکردنی نەبێت هەموو هەوڵێک بخاتە گەر بۆ فەراهەمکردنی چاودێری جێگرەوە بۆی لە ناو خێزانە گەورەکەی ، وە ئەگەر ئەوەش نەکرا ئەوا لە ناو کۆمەڵگەی نێوخۆیی وە لە کەشێکی خێزانی .

**ماددەی ٢٤ — فێربوون**

وولآتانی ئەندام دان دەنێن بە مافی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە فێربوون. وە لە پێناو کارا کردنی ئەو مافە بەبێ جیاکاری و لەسەر بنەمای دەرفەتی هاوتا ، وولآتانی ئەندام سیستەمێکی فێربوونی زانکۆیی گشتگیر لە سەر هەموو ئاستەکان دەستەبەر دەکات بۆ فێربوون بە درێژایی ژیان بە ئاراستەی ئەمانەی خوارەوە:

پەرەپێدانی تەواوی توانا مرۆییەکانی شاراوە و هەست کردن بە شکۆمەندی و خۆ بەهەند زانین ، و پاڵپشتی کردنی رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان و جۆراوجۆری مرۆڤایەتی،

پەرەپێدانی کەسایەتی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی و لێهاتوویەکانیان و ، ئەمە جگە لە توانا هزری و جەستەییەکانیان بۆ گەیشت بەو توانایانە بە بەرزترین ئاست.

بەهێزکردنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە بەشداریکردنی کارا لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد.

وولآتانی ئەندام بۆ کاراکردنی ئەم مافە رژدن لەسەر دەستەبەرکردنی ئەوانەی خوارەوە:

أ. دوور نەخستنەوەی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە سیستەمی فییّربوونی گشتی لەسەر بنەمای پەککەوتەیی ، وە دوورنەخستنەوەی منداڵانی خاوەن پەککەوتەیی لە فێربوونی سەرەتایی یان دواناوەندی بە خۆڕایی و بە زۆری لە سەر بنەمای پەککەوتەیی.

بەهێزکردنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە گەیشتن بە فێربوونی خۆڕایی سەرەتایی و دواناوەندی باش و گشتگیر بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ کەسانی تر لەو کۆمەڵگانەی کە تیایا دەژین.

رەچاوکردنی پێداویستیە کەسیەکان بە شێوەیەکی پەسەندکراو.

کەسانی خاوەن پەککەوتەیی پاڵپشتی پێویستیان دەست بکەوێت لە چوارچێوەی سیستەمی فێربوونی گشتی بۆ ئەوەی ئاسانکاریان بۆ بکرێت بۆ دەستکەوتنی فێربوونێکی کارا.

دابین کردنی رێکاری پاڵپشتی کارا بۆ تاکەکان فە ژینگەیەک کە رێگە بدات بە وەدەستهێنانی باشترین بڕ لە گەشەکردنی ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی و بگونجی لەگەڵ ئامانجی تێکەڵبوونی تەواو.

دەوڵەتان کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بەهێزدەکەن بۆفێربوونی کارامەییەکانی ژیان لە بوارەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی بۆ ئاسانکردنی بەشداری کارایان لە فێربوون بە شێوەیەکی یەکسان لەگەل خەڵکانی تر بەو سیفەتەی ئەندامی کۆمەڵگەن.وە بۆ وەدەستهێنانی ئەم ئامانجە ، وولآتانی ئەندام رێکاری گونجاو دەگرنە بەر کە ئەمانە لەخۆبگرێت:

ئاسانکاری کردن بۆ فێربوون بە ڕێگای برایل و جۆرەکانی نوسینی جێگرەوە، وە ڕێگاکان وهۆکارەکان و شێوازەکانی پەیوەندی کردنی پاڵپشت و جێگرەوە، و تواناکانی ئاراستە کردن و هاتو چۆ و ئاسانکاری پاڵپشتی و ئاڕاستەکردن لە ڕێگای هاوتاوە.

ئاسانکاری کردن بۆ فێربوونی زمانی هێما یان ئاماژە و هاندانی ناسنامەی زمانەوانی توێژی لاڵەکان.

دەستەبەر کردنی دابین کردنی فێربوون بۆ نابینایان و لاڵ و لاڵی نابیناو بەتایبەتیش منداڵانی ئەو چەشنە، بە گونجاوترێن زمان و رێگەکان و هۆکارەکانی پەیوەندی کردن لە گەڵ کەسانی دیاریکراو، و لە ژینگەیەک کە دەرفەت بدات بە دەستهێنانی باشترین بڕ لە گەشەکردنی ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی.

وە بۆ زامن کردنی کارا کردنی ئەو مافە، وڵاتانی ئەندام ئەو رێکارە گونجاوانە دەگرنە بەر بۆ دیاری کردنی مامۆستایان ، لە نێویشیاندا مامۆستایانی خاوەن پەککەوتەیی کە بە تەواوی زمانی هێما یان ریگای برایل بزانن وە بۆ راهێنانی کەسە تایبەتمەندەکان و ئەو فەرمانبەرانەی لەوی کاردەکەن لەسەر هەموو ئاستەکان .

ئەو راهێنانانە دەبێت هۆشیارکردنەوە بگرێتەوە بە پەککەوتەیی و بەکارهێنانی رێگاو هۆکار و شێوازەکانی پەیوەندی کردنی پاڵپشتی کەر و جێگرەوەو گونجاو ، تەکنیکەکانی تر و هۆکارەکانی فێربوونی یارمەتی دەر بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی .

وڵاتانی ئەندام زەمانەتی ئەوە دەکەن کە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی توانای گەیشتنیان هەیە بە فێربوونی باڵا و راهێنانی پیشەیی و فێربوونی گەوران و فێربوون بە درێژایی ژیان بەبێ جیاکاری و بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ کەسانی تر. وە بۆ وەدیهێنانی ئەم مەبەستە، وڵاتانی ئەندام دەستەبەری فەراهەمکردنی جێ و رێ ی ئاسانکاری گونجاو دەکەن بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی .

**ماددەی ٢٥ — تەندروستی**

وڵاتانی ئەندام دان دەنێن بەوەی کە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی مافیان هەیە کە سوود لە بەرزترین ئاستی تەندروستی بەبێ جیاکاری لەسەر بنەمای پەککەوتەیی ببینن. وە وڵاتانی ئەندام هەموو رێکارێکی پێویست دەگرنە بەر بۆ دەستەبەر کردنی گەیشتی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بەو خزمەتگوزاریە تەندروستیانەی کە رەچاوی جیاوازیەکان لە نێوان هەردوو رەگەزەکەدا دەکەن ، لە نێویشیاندا خزمەتگوزاری دووبارە شیاندنەوە ی تەندروستی . وە دەوڵەتی ئەندام بەتایبەتی کار دەکات بۆ :

دابین کردنی چاودێری و بەرنامەی تەندروستی بەخۆڕایی یان تێچوو گونجاو بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی کە هاوتا بێت لە بڕ و جۆر و کوالیتیەکی لەگەڵ ئەوانەی کە بۆ خەڵکانی تر فەراهەم کراون. لە نێویشیاندا خزمەتگوزاری تەندروستی سێکسی و مناڵبوون و پرۆگرامەکانی تەندروستی گشتی دانیشتوان.

دابین کردنی خزمەتگوزاری تەندروست کەسانی خاوەن پەککەوتەیی کە پێویستیانە بە تایبەتیش بەهۆی پەککەوتەییان ، کە ئەوەش ئاشکرا کردنی پێش وەخت و نەشتەرگەری کردن لە کاتی پێویست و

خزمەتگوزاری تر کە ئامانج لێ ی کەمکردنەوەی پەککەوتەیی یە بۆ نزمترین ئاست وە قەدەغەکردنی رووداني زیاتری بە شێوەیەک کە ئەمە منداڵان و بە تەمەنەکانیش بگرێتەوە.

دابین کردنی ئەو خزمەتگوزاریانە لە نزیکترین شوێن لە کومەڵگە نێوخۆییەکان ، لە نێویشیاندا ناوچە لادی نشینەکان.

داوا کردن لەو کەسانەی کە پیشەی تەندروستیان هەیە کە چاودێری پێشکەش بکەن بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بەهەمان ئەندازەی جۆری ئەو چاودێریەی کە پێشکەش دەکەن بۆ خەڵکانی تر، لە نێویشیاندا پێشکەش کردنی ئەو چاودێریە لەسەر بنەمای رەزامەندی ئازادانە و روون، لە رێگای هەستان بە کۆمەڵێک شت لەوانەش بەرز کردنەوەی هۆشیاری بەمافەکانی مرۆڤ کە بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی دەستەبەر کراوە و شکۆمەندیان و سەربەخۆییان و پێداویستیەکانیان لە رێگای ئەنجام دانی راهێنان بۆیان وە بلاوکردنەوەی پێوەری مۆراڵی پەیوەست بە چاودێری تەندروستی لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت.

قەدەغەکردنی جیاکاری لە دژی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە دابین کردنی بیمەی تەندروستی ، و دڵنیایی لە سەر ژیان لە هەر کاتێک یاسا رێگا بدات بە مەرجێک بە شێوەیەکی دادپەروەر و پەسەند دابین بکرێت.

قەدەغەکردنی بێبەش بوون لە سەر بنەمای جیاکاری لە چاودێری تەندروستی و خزمەتگوزاری تەندروستی یان خۆراک و شلەمەنیەکان بە هۆی پەککەوتەییەوە.

## ماددەی ٢٦ شیاندن و دووبارە شیاندنەوە

١. وولاتانی ئەندام رێکاری کاراو گونجاو دەگرنەبەر لە نێویشیاندا لە رێگای پاڵپشتی هاوەڵان، بۆ ئەوەی وا لەکەسانی خاوەن پەککەوتەیی بکەن کە بتوانن بگەن بە بەرزترین پلەی سەربەخۆیی و پارێزگاریکردنیش لێ ی، و ساغ بوونەوەی توانا جەستەیی و هزری و کۆمەلایەتی و پیشەییەکانیان بە شێوەیەکی تەواو، و دەستەبەرکردنی بەشداری پێکردنیان و بەشداری کردنیان بە شێوەیەکی تەواو لە هەمو بوارەکانی ژیـان وە بۆ وەدیهێنانی ئەم مەبەستە وولاتانی ئەندام هەڵدەستن بە دابین کردنی خزمەتگوزاری و پرۆگرامی گشتگیر بۆ شیاندن و دووبارە شیاندنەوە و پاڵپشتی کردنیان و فراوانکردنی پانتاییان ، و بەتایبەتیش لە بوارەکانی تەندروستی و کارو فێرکردن و خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی بە شێوەیەک وا لەو خزمەتگوزاری و پرۆگرامانە بکات کە :

لە نزیکترین قۆناغ دەستپێ بکەن بە پێ ی توانا، وە لەسەر بناغەی هەڵسەنگاندنێکی تایبەتمەندی هەمە لایەنە دەکرێت بۆ پێداویستیەکانی هەر تاکێک و و خاڵە بەهێزەکانی هەر یەکەو بەجیا.

پاڵپشتی بەشداری پێکردنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بکەن و بەشەداری کردنیشیان لە کۆمەڵگەی نێوخۆیی و لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگە، وە فەراهەم بکرێت بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە سەر

بنەمانی خۆبەخشی وتا بکرێت لە نزیکترین شوێن لە کۆمەڵگە نێوخۆییەکان ، لە نێویشیاندا ناوچە لادێ نشینەکان.

دەوڵەتی ئەندام هانی دانانی پرۆگرامی راهێنانی سەرەتایی و بەردەوام بۆ تایبەتمەندان وئەو فەرمانبەرانەی کە کار دەکەن لە بواری پێشکەش کردنی شیاندن و دووبارە شیاندنەوە دەدات.

دەوڵەتی ئەندام هانی فەراهەم کردن و زانین و بەکارهێنانی ئامێر و تەکنیکە دیاریکراوەکان دەدات، کە دیزاین کراون بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بەپێ ی پەیوەستیان بۆ شیاندن و دووبارە شیاندنەوە.

**ماددەی ٢٧ — کار و کرێکاری**

وولاتانی ئەندام دان دەنێن بە مافی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە کارکردن،بە یەکسانی لەگەڵ خەڵکانی تر، وە ئەو مافەش ئەوە دەگرێتەوە کە دەرفەتیان بۆ برەخسێندرێ بۆ ئەوەی قووتی خۆیان دابین بکەن لە کارێک کە هەڵی دەبژێرن یان پەسەندی دەکەن لە بازاڕی کارکردن و ژینگەیەکی کاکردنی کراوە بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی دابین بکرێت کە بتوانن بە ئاسانی لە نێو ئەو ژینگەیە هەڵس و کەوت بکەن. وە وولاتانی ئەندام کاراکردنی ئەو مافە دەپارێزێ و پاڵپشتی لێ دەکا، لە نێویشیاندا مافی ئەوانەی کە تووشی پەککەوتەیی دەبن لە کاتی کارکردن، ئەویش لە رێگای گرتنەبەری هەنگاوی پێویست، لە نێویشیاندا دانانی یاسا بۆ وەدیهێنانی کۆمەڵێک ئامانج لەوانەش:

قەدەغەکردنی جیاکاری لەسەر بنەمای پەککەوتەیی لە هەموو ئەو پرسانەی کە پەیوەستن بە شێوازەکانی کرێکاری، و لە نێویشیاندا مەرجەکانی بەکارخستن و بوون بە فەرمانبەر و کارکردن، و بەردەوامی لە کار و پێشکەوتنی کارمەندان و ژینگەی کارکردنی ئاسودەو تەندروست .

پاراستنی مافەکانی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە بارودۆخی کارکردنی یەکسان و گونجاو بە یەکسانی لەگەڵ خەڵکانی تر، لە نێویشیاندا دەرفەتی هاوتا و وەرگرتنی کرێ ی یەکسان لەبەرامبەر کارێک یەکسان لە بەها کە دەیکەن ، و بارودۆخی کارکردنی گونجاو ئاسودە، لە نێویشیاندا پارستن لە هەراسان کردن، و دادپەروەری لە ستەمەکان.

زامن کردنی بەتواناکردنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە پیادەکردنی مافە کرێکاریەکان و سەندیکاییەکانیان بە یەکسانی لەگەڵ خەڵکانی تر.

بەتواناکردنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە دەست کەوتنی بە شێوەیەکی کارای پرۆگرامە گشتیەکانی رابەرایەتی تەکنیکی و پیشەیی و خزمەتگوزاریەکانی بەکارخستن و راهێنانی پیشەیی و بەردەوام.

پاڵپشتنی کردنی دەرفەتەکانی کارکردن و پێشکەوتنی فەرمانبەری بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە بازاڕی کارکردن، سەرباری پێشکەش کردنی یارمەتی بۆ دۆزینەوەی کار و دەستکەوتنی و بەردەوامی لەسەری و گەڕانەوەش بۆی.

پاڵپشتنی کردنی هەلی کارکردنی ئازاد، و دەست کردن بە کاری سەربەخۆ و پێکهێنانی کۆمەڵەکانی هەرەوەزی و دەستکردن بە کارە بازرگانیە تایبەتەکان.

بەکارخستنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە کەرتی گشتی.

هاندانی کرێکاری کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە کەرتی تایبەت لە رێگای پەیڕەوکردنی سیاسەت و رێکاری گونجاو کە لەوانەیە پرۆگرامی راستکردنەوەو هاندان و هەر رێکارێکی تر لە خۆبگرێت.

دەستەبەرکردنی دابین کردنی جێ و ڕێ ی ئاسانکاری گونجاو بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە شوێنەکانی کارکردن.

هاندانی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بۆ دەستکەوتنی ئەزموونی پیشەیی لە بازاڕی کارکردنی کراوە.

پاڵپشتنی کردنی پرۆگرامەکانی دووبارە شیاندنەوەی پیشەیی و فەرمانبەری و پارێزگاری کردن لە پۆستەکان و گەڕانەوە بۆ کار لە بەرژەوەندی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی .

٢. وولاَتانی ئەندام دەستەبەری ئەوە دەکەن کە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی دووچاری کۆیلایەتی نەبن و بیانپارێزێت بە یەکسانی لەگەڵ خەڵکانی تر لە کارکردنی بە زۆری و سەپاو.

## ماددەی ٢٨: ئاستی شایستەی گوزەران و پاراستنی کۆمەڵایەتی

وولاَتانی ئەندام دان دەنێن بە مافی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە هەبوونی ئاستی گوزەرانی گونجاو بۆ خۆیان و خێزانەکانیان، لە نێویشیاندا ئەوەندی کە پێویستیانە لە خۆراک و جل و بەرگ و شوێنی حەوانەوە، وە بەردەوامبوون لە باشترکردنی بارودۆخی گوزەرانیان، و هەنگاوی پێویست دەگرنە بەر بۆ پاراستنی ئەم مافە و پاڵپشتی کردنی مافەکەو کاراکردنی بەبی جیاکاری لەسەر بنەمای پەککەوتەیی.

وولاَتانی ئەندام دان دەنێن بە مافی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بە پاراستنی کۆمەڵایەتی، و پیادەکردنی ئەم مافە بەبێ جیاکاری لەسەر بنەمای پەککەوتەیی، وە هەنگاوی پێویست دەگرنەبەر بۆ پاراستنی ئەو مافە و پاڵپشتی کردن لە کاراکردنی، لە نێویشیاندا ئەو رێکارانەی کە ئامانج لێیان :

دەستەبەرکردنی یەکسانی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لەگەڵ کەسانی تر لە دەرفەتی دەستکەوتنی ئاوی پاک، وە دەستەبەر کردنی دەست گەیشتنیان بە خزمەتگوزاریەکان و ئامێرە گونجاوەکان بە نرخی پەسەند، و هەر هاوکاریەکی تر بۆ دابین کردنی ئەو پێداویستیانەی کە پەیوەستن بە پەککەوتەییەوە.

دەستەبەر کردنی سوود وەرگرتنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بە تایبەتیش کچان و ژنان و بەساڵاچوان لە پرۆگرامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی و پرۆگرامەکانی نەهێشتنی هەژاری.

دەستەبەر کردنی سوود وەرگرتنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی و خێزانەکانیان کە لە بارودۆخی هەژاری دەژین بەو هاوکاریانەی کە دەوڵەت پێشکەشیان دەکات بۆ دابین کردنی ئەو تێچوانەی کە پەیوەستە بە پەککەوتەییان، لە نێویشیاندا راهێنانی گونجاو و پێدانی راوێژ و یارمەتی دارایی و چاودێری کاتی.

دەستەبەر کردنی سوود وەرگرتنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە پرۆگرامەکانی ئیسکانی گشتی.
دەستەبەر کردنی سوود وەرگرتنی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بە شێوەیەکی یەکسان لە گەڵ کەسانی تر لە شایستەکان و پرۆگرامەکانی خانەنشینی.

### ماددەی ٢٠ بەشداری کردن لە ژیـانی سیاسی و گشتی

وولاّتانی ئەندام دەستەبەری ئەوە دەکەن کە کەسانی خاوەن پەککەوتەیی پیادەی مافە سیاسیەکانی خۆیان دەکەن بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ خەڵکانی تر و پەیمان دەدەن کە:

بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی شیانی بەشداری بەشێوەیەکی کارا و تەواو لە ژیانی سیاسی و گشتی دەستەبەر بکەن بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ خەڵکانی تر، یان راستەوخۆ وەیان لە رێگای نوێنەران کە خۆیان بە ئازادی هەڵیان بژێرن، لە نێویشیاندا زەمانەتی ماف و دەرفەت بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی کە دەنگ بدەن و خۆشیان بپاڵێون، ئەمەش بە چەندێک رێگا دەبێت لەوانە:

- زەمانەت کردنی ئەوەی کە رێکارەکانی دەنگ دان و جێ و رێیەکەی و کەرەستەکانی گونجاو و ئاسانە تێگەیشتن لێیان و بەکارهێنانیان.
- پاراستنی مافی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە دەنگ دان لە رێگای دەنگدانی نهێنی لە هەڵبژاردن و راپرسی گشتی بەبی تۆقاندن، وە خۆپالاّوتن لە هەڵبژاردنەکان و وەرگرتنی کردەیی پۆستەکان و ئەنجامدانی هەموو ئەرکە گشتیەکان لە حکومەت لەسەر هەموو ئاستەکان، وکارئاسانی کردن لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای دیاریکراو و نوێ هەرکاتێک پێویست بێت.
- زامن کردنی ئازادی رادەربڕینی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە خواستی خۆیان وەک دەنگدەر و رێگەپێدانیان ، هەر کاتێک پێویست بێت ، بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە ، بە هەڵبژاردنی کەسێک کە هاوکاریان بکات بۆ دەنگدان.

کاربکەن بە شێوەیەکی کارا لە پێناو ئامادەکردنی ژینگەیەک بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی کە تیایا بتوانن بەشداریەکی کارا و تەواو لەبەڕێوەبردنی کاروباری گشتی بکەن، بەبی ً جیاکاری لەگەڵ کەسانی تر، وە بەشداری کردنیشیان لە کاروباری گشتی هان بدرێت لەرێگای ئەوانەی خوارەوە:

- بەشداری کردن لە رێکخراوەکان و کۆمەڵە ناحکومیەکانی پەیوەندیدار بە ژیانی گشتی و سیاسی وولاّت ، لە نێویشیاندا چالاکیە سیاسیەکانی حیزبەکان و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان.
- دامەزراندنی رێکخراوەکانی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی و چوونە ناویان بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیان بکەن لە سەر ئاستەکانی نیشتمانی و هەرێمی و ناوخۆیی .

**ماددەی ٣٠- بەشداری لە ژیانی فەرهەنگی و چالاكی رابواردن و یاری و وەرزشی**

وولاتانی ئەندام دان دەنێن بە مافی كەسانی خاوەن پەككەوتەیی لە بەشداری كردن لە ژیانی فەرهەنگی بە یەكسانی لەگەڵ خەڵكانی تر، وە هەموو رێكارێكی گونجاو دەگرنە بەر بۆ زامن كردنی ئەم شتانەی خوارەوە بۆ كەسانی خاوەن پەككەوتەیی:

سوود وەرگرتن لە كەرەستە فەرهەنگیەكان بە شێوەیەكی ئاسان.

سوود وەرگرتن لە پرۆگرامە تەلەفیزیونیەكان و فیلم و نمایشە شانۆییەكان و هەموو چالاكیە فەرهەنگیەكانی تر بە شێوەیەكی ئاسان.

سوود وەرگرتن لە چوونە ناو شوێنەكانی تایبەت بە نمایش و خزمەتگوزاریە فەرهەنگیەكان وەك شانۆكان و مۆزەخانەكان و هۆڵەكانی سینەما و كتێبخانەكان و خزمەتگوزاریە گەشت و گوزاریەكان ، سوود وەرگرتن لە بە پێ ی توانا لە گەیشتن بە پەیكەرە یادەوەریەكان و شوێنەكانی تری كە گرنگی فەرهەنگی و نیشتمانی هەیە.

وولاتانی ئەندام ئەو رێكارە گونجاوانە دەگرنە بەر بۆ دابین كردنی هەل بۆ كەسانی خاوەن پەككەوتەیی بۆ گەشە كردن و بەكارهێنانی توانا هونەری و هزری یەكانیان نەك تەنها بۆ خزمەتكردنی بەرژەوەندیەكانیان بەڵكو بۆ دەوڵەمەند كردنی كۆمەڵگاش.

وولاتانی ئەندام هەموو هەنگاوێكی گونجاو دەگرنە بەر ، بە پێ ی یاسای نێودەوڵەتی، بۆ دڵنیابوون لەوەی كە یاساكان مافی مولكداری هزری دەپارێزێت وە نابێتە كۆسپێكی هەرەمەكی یان جیاكاری كە ببێتە هۆی سوود وەرنەگرتنی كەسانی خاوەن پەككەوتەیی لە كەرەستە فەرهەنگیەكان.

كەسانی خاوەن پەككەوتەیی مافی خۆیان بە یەكسانی لەگەڵ خەڵكانی تر، كە دان بەناسنامەی فەرهەنگی و زمانەوانی تایبەتیان بنرێت وە پاڵپشتیشیان بۆ دەست كەوێت لە نێویشیاندا زمانەكانی ئاماژە و فەرهەنگی كەا.

بۆ ئەوەی كەسانی خاوەن پەككەوتەیی بە توانا بكرێن بۆ بەشداری كردن بەشێوەیەكی یەكسان لەگەڵ خەڵكانی تر، لە چالاكیەكانی وەك یاری و رابواردن و وەرزش، وولاتانی ئەندام رێكاری پێویست دەگرنە بەر لە پێناو:

هاندان و پاڵپشتی كردنی بەشداری كەسانی خاوەن پەككەوتەیی، تا لە توانا دابێت، لە چالاكیە وەرزشیە گشتیەكان لەسەر هەموو ئاستەكان.

زامن كردنی رەخساندنی هەل بۆ كەسانی خاوەن پەككەوتەیی بۆ رێكخستنی چالاكی وەرزشی و رابورادنی تایبەت بە پەككەوتەیی و پەرەپێدانیان و بەشداریكردنیان تیایا، و كاركردن بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە و

هاندانی دابین کردنی بڕی گونجاو لە فێرکردن و ڕاهێنان و کەرەستەکان بۆیان بە یەکسانی لەگەڵ خەڵکانی تر.

دەستەبەر کردنی چوونە ژوورەوەی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی بۆ شوێنەکانی وەرزش و رابوارادن و گەشت و گوزاریەکان.

دەستەبەر کردن و رەخساندنی هەل بۆ منداڵانی خاوەن پەککەوتەیی بۆ بەشداریکردن بە یەکسانی لەگەڵ خەڵکانی تر، لە چالاکی یاری و رابواردن و وەرزش لە نێویشیاندا ئەو چالاکیانەی کە لە چوارچێوەی سیستەمی خویندن ئەنجام دەدرێن.

زامن کردنی توانای کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە دەست کەوتنی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەش دەکرێن لە لایەن ئەوانەی کار لە رێکخستنی چالاکیە وەرزشی و رابورادن و گەشت و گوزاریەکان دەکەن.

## ماددەی ٣١ : کۆکردنەوەی داتاکان و ئامارەکان

وولآتانی ئەندام هەڵدەستن بە کۆکردنەوەی زانیاری گونجاو ، لە نێوشیاندا ئەو ئامارار و داتایانەی کە لە توێژینەوەکان بەکارهاتون، بۆ ئەوەی بتوانی نەخشەیەک دابنی و جێبەجێ ی بکات کە زامنی جێبەجێ کردنی ئەم رێککەوتننامەیە بێت. وە دەبێ پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاریەکان و پاراستنیان رەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

پابەند بوون بەو زەماناتانەی کە بە یاسا کاریان پێ دەکرێت لە نێویشیاندا ئەو یاسایانی پەیوەندیدارە بە پاراستنی داتاکان بۆ زامن کردنی نهێنی و رێزگرتن لە تایبەتمەندی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی .

پابەند بوون بەو رێسایانەی کە پەسەندکراوە لە ئاستی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان و پرەنسیپە مۆراڵیەکان لە کۆکردنەوەی ئامارەکان و بەکارهێنانیان.

ئەو زانیاریانەی کە کۆدەکرێنەوە بە پێ ی ئەم ماددەیە پۆلێن دەکرێن، بە پی ی پێویستی ، وە بەکاردەهێنرێت لە هەڵسەنگاندن و جێبەجێ کردنی ئەو پابەندیانەی کە وولآتانی ئەندام پەیمانیان داوە جێبەجێ ی بکەن بە پێ ی ئەم رێککەوتننامەیە وە ئاشکرا کردنی ئەو کۆسپانەی کە دێتە پێش کەسانی خاوەن پەککەوتەیی لە کاتی پیادەکردنی مافەکانیان وە کارکردن بۆ لابردنیان.

وولآتانی ئەندام بەرپرسیاریەتی بڵاو کردنەوەی ئەو ئامارانە لە ئەستۆ دەگرن وە زامنی فەراهەم کردنیشی دەکەن بۆ کەسانی خاوەن پەککەوتەیی و خەلکی تریش.

## ماددەی ٣٢ — هاریکاری نێودەوڵەتی

وولآتانی ئەندام دان دەنێن بە گرنگی هاریکاری نێودەوڵەتی و پاڵشتی کردنی، وەک پاڵپشتیەک بۆ هەوڵە نیشتمانیەکان کە ئامانجیان بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم رێککەوتننامەیە و مەبەستەکانیەتی، وە رێکاری پێویست و کاراش دەگرنە بە لەم پێناوە لەنێوان خۆیان، وە بە پێ ی پێویست بە هەمئاهەنگی لەگەڵ

ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان و هەرێمیەکانی پەیوەندیدار و کۆمەڵی مەدەنی ، بەتایبەتیش ڕێکخراوەکانی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی . وە دەکرێت ئەم ڕێکارانە ئەم شتانە لە خۆ بگرێت:

زامن کردنی ئەوەی کە هاریکاری نێودەوڵەتی کەسانی خاوەن پەککەوتەیش دەگرێتەوە و سوودی لێ دەبینن، لە نێویشیاندا پرۆگرامەکانی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی.

ئاسان کردن و پاڵپشتی بەرزکردنەوەی تواناکان، لە نێویشیاندا لە ڕێگای ئاڵ و گۆڕی زانیاریەکان و شارەزاییەکان و پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و باشترین پیادەکراوەکان .

ئاسانکاری کردن بۆ هاریکاری کردن لە بواری توێژینەوە و دەست کەوتنی زانیاری زانستی و تەکنیکی.

دابین کردنی یارمەتی تەکنیکی و ئابووری ، بە پێ ی پێویست، لە نێویشیاندا لە ڕێگای ئاسانکاری کردن بۆ وەدەستهێنانی تەکەنەلۆژیای ئاسان وەدەست هاتوو و دیاری کراو و ئاڵ و گۆری کردن لە ڕێگای گواستنەوەی تەکنەلۆژیا .

حوکمەکانی ئەو ماددەیە هیچ لە جێبەجێ کردنی پابەندیەکانی تری دەوڵەتی ئەندام بە پێ ی ئەم ڕێککەوتننامەیە کەم ناکاتەوە.

## ماددەی ٣٣ — جێبەجی کردن و چاودێری کردن لە سەر ئاستی نیشتمانی

وولاتانی ئەندام، بە پێ ی شێوازی ڕێکخستنی خۆی، لایەنێک یان زیاتر دیاری دەکەن لە ناو حکومەت بۆ کار کردن لەسەر ئەو پرسانەی کە پەیوەستن بە جێبەجێ کردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە وە ڕەچاوی پێویستی پرسی دامەزراندنی یان دیاری کردنی میکانیزمێکی هەمئاهەنگی لە نێو حکومەت دەکات بۆ ئاسانکاری کردن لە نێوان بەشە جیاوازەکان و لەسەر ئاستە جیاوازەکان.

وولاتانی ئەندام ، بە پێ ی ڕێکخستنە یاسایی و کارگێڕیەکانی خۆی هەڵ دەستن بە دامەزراندن یان پاڵپشتی کردن یان دیاری کردن یان دانانی چوارچێوەیەکی کارکردن لە نێو دەوڵەتی ئەندام، لە نێویشیاندا میکانیزمێکی سەربەخۆ یان زیاتر، بە پێ ی پێویست ، بۆ پاڵپشتی کردن لەم ڕێککەوتننامەیە و پاراستنی و چاودێری جێبەجێ کرنی. وە وولاتانی ئەندام لە کاتی دیاری کردن این دانانی ئەو میکانیزمە ، بنەماکانی پەیوەست بە مەڵبەند و ڕێگاکانی کاری دامەزراوە نیشتمانیەکانی پەیوەندیدار بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پاڵپشتی کردنی لەبەرچاو دەگرن.

کۆمەڵی مەدەنی بەشدار دەبێت، بەتایبەتیش کەسانی خاوەن پەککەوتەیی و ئەو ڕێکخراوانەی کە نوێنەرایەتیان دەکەن لە پرۆسەی چاودێری کردن بەشداریەکی کارای تەواو.

## ماددەی ٣٤ — لێژنەی پەیوەندی دار بە مافەکانی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی

لێژنەیەک پێک دەهێنرێت پەیوەست بە مافەکانی کەسانی خاوەن پەککەوتەیی ( لێرە بە دواوە بە ناوی " لێژنە " ناوی دەهێنرێت) ، بۆ ئەوەی بەرپرسیارەتی جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی لە خوارەوە هاتوون .

لێژنە پێک دێت ، لە کاتی دەست کردن بە جێبەجی کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە ، لە ١٢ دوانزە شارەزا، وە شەش شارەزای تر بۆ لێژنە زیاد دەکرێت دوای ئەوەی کە ٦٠ شەستەمین پشتڕاستکردنەوە یان چوونە ناوەوە ئەنجام دەدرێت، بە شێوەیەک کە ئەندامێتی لێژنەکە بگاتە بەرزترین ئاست کە ١٨ ئەندامە.

ئەندامانی لێژنە بە سیفەتی کەسی خۆیان کار دەکەن وە خاوەن مۆراڵی بەرز دەبن و ددان بە لێهاتوویی و ئەزموونیان لەم بوارەی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەیگرێتەوە. وە وڵاتانی ئەندام داوەتکراون بۆ دەست نیشان کردنی پاڵێوراوانیان وە دەبێ ڕەچاوی ئەو حوکمانە بکات کە لە ماددەی ٤ بڕگەی ٣ دا هاتوە لەم ڕێککەوتننامەیە.

ئەندامانی لێژنە هەڵدەبژێردرێن لەلایەن وڵاتانی ئەندام لەگەڵ ڕەچاو کردنی دابەش بوونی جوگرافی یەکسان ، و نوێنەرایەتی کردنی شارستانی و سیستمە یاساییە سەرەکیەکان و نوێنەرایەتی هاوسەنگی هەردوو ڕەگەز و بەشداری شارەزایان کە پەککەوتەییان هەیە.

ئەندامانی لێژنە بە دەنگدانی نهێنی هەڵ دەبژێردرێن لە لیستی ئەو کەسانەی کە وڵاتانی ئەندام دەیان پاڵێون لە نێو هاوڵاتیانی خۆیان لە کۆبونەوەکانی گۆنگرەی وڵاتانی ئەندام. وە لە ناو ئەو کۆبونەوانەدا، کە ڕێژەی یاساییان بە دوو لەسەر سێ ی وڵاتانی ئەندام تەواو دەبێت، بۆ ئەندامێتی لێژنە ئەو کەسانە هەڵ دەبژێردرێن کە زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دێنن وە دەنگی زۆرینەی ڕەهای نوێنەرانی وڵاتانی ئەندام کە ئامادن و دەنگیان داوە وەدەست دێنن.

یەکەم هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت لە کاتێک کە پێش تَپەڕینی شەش مانگ بێت لە بەرواری چوونە بواری جێبەجێ کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە. وە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان پێش چوار مانگ لە کاتی هەڵبژاردن هەڵدەستی َ بە ناردنی نامەیەک بۆ وڵاتانی ئەندام داوایان لێ دەکات کە ناوی پاڵێوراوەکانیان پێشکەش بکەن لە ماوەی دوو مانگدا.وە دواتر ئەمینداری گشتی لیستێک بە ناوی هەموو کەسە پاڵێوراوەکان ئامادە دەکات ، بەپێ ی ڕیزبەندی ئەلف و بی، لەگەڵ ڕوون کردنەوەی ناوی وڵاتانی ئەندام کە ئەوانیان پاڵاوتوە وە ئەو لیستە دەنێردرێت بۆ وڵاتانی ئەندام لەم ڕێککەوتننامەیە.

ئەندامانی لێژنە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێن. وە دەکرێ یەک جاری تریش دووبارە هەڵ ببژێردرێنەوە. بەڵام ئەندامێتی شەش ئەندام کە لە هەڵبژاردنی یەکەم هەڵبژێردراون کۆتایی دێت لە دوای تێپەڕینی دوو ساڵ ، وە ڕاستەوخۆ دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی یەکەم ، سەرۆکی کۆبونەوەکە کەلە بڕگەی ٥ ئاماژەی بۆ کراوە لەم ماددەیە ناوی ئەو شەش ئەندامە بە ڕێگای تیرو پشک دیاری دەکات.

شەش ئەندامەکەی تری لێژنە هەڵ دەبژێردرێن لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئاسایی، بە پێ ی حوکمەکانی پەیوەندیدار لەم ماددەیە.

وە لە حالەتی کۆچ کردن یان دەست لە کار کێشانەوەی یەکێک لە ئەندامانی لێژنە یان کە ئەندامێک لەبەر هۆیەک بێت رای بگەیەنی توانای نیە ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، ئەوا دەوڵەتی ئەندام کە ئەو ئەندامەی پاڵاوتبو شارەزایەکی تر دیاری دەکات کە خاوەن لێهاتوویی بێت و مەرجەکانی پەیوەندیدار کە هاتوون لە حوکمەکانی ئەم ماددەیەی تیابێت، بۆ ئەوەی وەک ئەندامی لێژنە کاربکات بۆ ئەو ماوەیەی کە ماوە لە ماوەی کاری ئەندامەکەی پێشوتر.

لێژنە پەیڕەوی ناوخۆی تایبەت بۆخۆی دائەنێ.

ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کارمەندی پێویست و شوێن و جێ و رێ ی پێویست بۆ لێژنە دابین دەکات بۆ ئەوەی لێژنە کارەکانی خۆی بە لێهاتوویی ئەنجام بدات بە پێ ی ئەم رێککەوتننامەیە، وە داوای بەستانی یەکەم کۆبونەوەش دەکات.

ئەندامانی لێژنەی پێکهێنراو بە پێ ی ئەم رێککەوتننامەیە مووچەکانیان لە سەرچاوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان وەردەگرن، بە پێ ی ئەو پێوەرو مەرجانەی کە کۆمەڵەی گشتی دیاریان دەکات، لەگەڵ رەچاو کردنی گرنگی بەرپرسیاریەتیەکانی لێژنە.

ئەندامانی لێژنە ئەو ئاسانکاری و شایستانەی و پارێزبەندیانەیان دەبێت کە شارەزایانی راسپێردراو بە ئەرکەکانی پەیوەست بە نەتەوە یەکگرتوەکان هەیانە، هەروەک لەو برگە پەیوەندی دارەکان هاتووە لە رێککەوتننامەی شایستەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و پارێزبەندیەکانیان.

## ماددەی ٣٥- راپۆرتەکانی وولاتانی ئەندام

هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە رێگای ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە راپۆرتێکی گشتگیر پێشکەش دەکات بۆ لێژنە سەبارەت بەو رێکارانەی کە گرتویەتە بەر بۆ جێبەجێ کردنی پابەندیەکانی بە پێ ی ئەم رێککەوتننامەیە و ئەو پێشوەچونانەی کە هاتۆتە دی لەم بارەوە، ئەویش لە ماوەی ٢ساڵ دوای چوونە بواری جێبەجێ کردنی رێککەوتننامەکەوە پەیوەست بە دەوڵەتی ئەندام.

دوای ئەوە، وولاتانی ئەندام راپۆرتەکانیان هەر چوار ساڵ جارێک بەلایەنی کەم پێشکەش دەکەن یان هەر کاتێک کە لێژنە داوا بکات.

لێژنە ئەو پرەنسیپە رینیشاندەرانە دیاری دەکات کە پێویستە لە بەرچاو بگیرێت بۆ ئامادەکردنی راپۆرتەکان.

نابێت دەوڵەتی ئەندام کە راپۆرتی یەکەمی گشتگیری پێشکەش بە لێژنە کردوە ، دووبارە هەمان ئەو زانیاریەکان جارێکی تر بخاتەوە ناو راپۆرتەکانی داهاتووی ، وە وولاتانی ئەندام داوایان لێ کراوە کە لە کاتی ئامادەکردنی راپۆرتەکانیان بۆ لێژنە، بە پرۆسەیەکی روون و کراوە ئامادەی بکەن وە رەچاوی پێویستیش بۆ حوکمەکانی برگە ٣ لە ماددەی ٤ی ئەم رێککەوتننامەیە دابنێن.

دەکرێت لە ناو راپۆرتەکان هۆکارەکان و ئاستەنگەکانی کە کاریگەریان هەیە لەسەر پلەی پابەندبوون بە پی ی ئەم رێککەوتننامەیە باس بکرێت.

## ماددەی ٣٦- بینینی راپۆرتەکان

لێژنە دەڕوانێتە هەر راپۆرتێک وە ئەو پێشنیار و راسپاردە گشتیانەی کە بەگونجاوی دەزانی دەخاتە روو دەربارەی راپۆرتەکە وە ئەیان نێرێت بۆ دەوڵەتی ئەندامی پەیوەندیدار. وە بۆ دەوڵەتی ئەندام هەیە کە وەڵامی لێژنە بداتەوە بە هەر زانیاریەک کە خۆی هەڵی دەبژێرێت. وە بۆ لێژنە هەیە کە داوای زانیاری زیاتر لە وولاتانی ئەندام بکات کە پەیوەست بێت بە جێبەجێ کردنی ئەم رێککەوتننامەیەوە.

وە ئەگەر دەوڵەتی ئەندام دوا کەوت لە پێشکەش کردنی راپۆرتەکەی، دەکری لێژنە کە ئاگاداری دەوڵەتی ئەندامی مەبەست بکاتەوە سەبارەت بە پێویستی تەماشاکردنی جێبەجێ کردنی ئەم رێککەوتننامەیە لە لایەن دەوڵەتی ئەندامەوە ، بە پشت بەستن بە زانیاری برواپێکراو کە فەراهەم کراوە بۆ لێژنە، ئەگەر راپۆرتی پەیوەندیداری پێشکەش نەکرد لە ماوەی ٣ مانگ لە ئاراستەکردنی ئاگاداریەکە. وە لێژنە داوا لە دەوڵەتی ئەندام دەکات کە بەشدار بێت لەم تەماشاکردنە. وە ئەگەر دەوڵەتی ئەندام وەڵامی داوە بە پێشکەش کردنی راپۆرتی پەیوەندیدار ، ئەوا حوکمەکانی برگە ١ یەکی ئەو ماددەیە جێبەجێ دەکرێت.

ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان راپۆرتەکە بۆ هەموو وولاتانی ئەندام فەراهەم دەکات.

وولاتانی ئەندام راپۆرتەکانی خۆی لەسەر ئاستێکی بڵاو بۆ خەڵکی گشتی لە نێو وولاتانی خۆیان فەراهەم دەکات و ئاسانکاری دەکات بۆ خەڵک بۆ ئەوەی دەستیان بگات بە راپۆرتەکە و پێشنیارەکان و راسپاردە گشتیەکان پەیوەست بە راپۆرتەکە.

لێژنە هەر کاتێک بە گونجاوی بزانێت، راپۆرتی دەوڵەتی ئەندام دەنێرێت بۆ ئاژانسە تایبەتمەندەکان و سەندوقەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و پرۆگرامەکانی و هەموو دەستە تایبەتمەندەکانی تر بە مەبەستی داواکردنی راوێژ یان یارمەتی تەکنیکی یان ئاماژە بە پێویستی لێژنە دەکات بۆ ئەو راوێژە یان یارمەتیە و سوودیشی بۆ تێبینیەکانی لێژنە و راسپاردەکانی سەبارەت بەو داوایانەوە راویژانە هەر کاتێک هەبوون.

## ماددەی ٣٧ – هاریکاری نێوان وولاتانی ئەندام ولێژنە

هەموو وولاتانی ئەندام هاریکاری دەکەن لەگەڵ لێژنە و یارمەتی ئەندامانیشی دەدەن بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانیان.

لێژنە لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی ئەندام رەچاوی پێویست دادەنێ بۆ هۆکارەکانی پاڵپشتی کردنی توانا نیشتمانیەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم رێککەوتننامەیە، لە نێویشیاندا لە رێگای هاریکاری نێودەوڵەتی.

**ماددەی ٣٨- پەیوەندی لێژنە لە گەڵ دەستەکانی تر**

بۆ پاڵپشتی کردنی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە شێوەیەکی کارا و هاندانی هەمئاهەنگی نێودەوڵەتی لەو بوارەی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەیگرێتەوە:

ئاژانسە تایبەتمەندەکان و ئەوانی تر لە دەستەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان مافی ئەوەیان هەیە کە نوێنەریان هەبێت لە کاتی سەیر کردنی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە لەو بوارانەی کە دەچێتە تایبەتمەندی ئەوانەوە. وە بۆ لێژنە هەیە کە داوەتی ئاژانسە تایبەتمەندەکان و دەستە تایبەتەکانی تر بکات هەر کاتێک بە گونجاوی بزانێت، بۆ پێشکەش کردنی راوێژی شارەزایەکانیان سەبارەت بە جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکە لەو بوارانەی کە چوارچێوەی کار و چالاکی ئەواندایە. وە بۆ لێژنە هەیە کە داوا لە ئاژانسە تایبەتمەندەکان و ئەوانی تر لە دەستەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بکات بۆ پێشکەش کردنی راپۆرتیان سەبارەت بە جێبەجێ کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە لەو بوارانەی کە چالاکیەکانی ئەوان دەیگرێتەوە.

لیژنە لە کاتی راپەڕاندنی ئەرکەکانی راوێژ دەکات، هەر کاتێک پیویست بکات، لەگەڵ دەستەکانی تری پەیوەندیدار کە دامەزراون بە پێ ی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ ، بە مەبەستی زامن کردنی رێک و پێکی لەو پرەنسیپ و رێنماییانەی کە دایان دەنێت بۆ ئاگادار کردنەوە و پێشنیارەکان و راسپاردە گشتیەکان، دووکەوتنەوە لە دووفاقی و تێکەڵ بوون لە ئەنجامدانی کارەکانی.

**ماددەی ٣٩ – راپۆرتەکانی لێژنە**

لێژنە هەموو دوو ساڵ جارێک راپۆرتەکانی خۆی پێشکەش بە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی دەکات وە بۆی هەیە کە پێشنیار و راسپاردەی گشتی پێشکەش بکات لەسەر بنەمای لیکۆڵینەوە لەو راپۆرت و زانیاریانەی کە بۆی هاتوون لە وولاتانی ئەندامەوە. ئەو پێشنیار و راسپاردە گشتیانەش دەخرێتە ناو راپۆرتی لێژنە لە پاڵ کۆمینتەکانی وولاتانی ئەندام، ئەگەر هەبن.

**ماددەی ٤٠ — کۆنفرانسی وولاتانی ئەندام**

وولاتانی ئەندام بە شێوەیەکی رێک و پێک کۆ دەبنەوە لە کۆنفرانسی وولاتانی ئەندام بە مەبەستی تێڕوانین لە هەر پرسێک کە پەیوەندیدار بێت بە جێبەجێ کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە.

ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان داوای بەستانی کۆنفرانسی وولاتانی ئەندام دەکات، لە کاتێک کە تێنەڕی بەسەر ٦ مانگ لە دەست کردن بە جێبەجێ کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە. وە ئەمینداری گشتی داوای کۆبونەوەکانی تری داهاتوو دەکات هەر دوو ساڵ جارێک یان لەسەر بنەمای بڕیاری کۆنفرانسی وولاتانی ئەندام.

**ماددەی ٤١ — رادەستکراو**

ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان رادەستکراوی ئەم رێککەوتننامەیە دەبێت.

**ماددەی ٤٢ — واژۆکردن**

دەرگای واژۆکردن بۆئەم رێککەوتننامەیە دەکرێتەوە بۆ هەموو دەوڵەتان و رێکخراوەکانی تەواوکاری هەرێمی لە بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان لە نیویۆرک لە بەرواری ٣٠ ئازاری ساڵی ٢٠٠٧ ەوە.

**ماددەی ٤٣–رازی بوون بە پابەندبوون**

ئەم پەیماننامەیە ملکەچی پشتڕاستکردنەوەی ئەو دەوڵەتانە دەبێت کە واژۆیان کردوە وە دان نانی فەرمی رێکخراوەکانی تەواوکاری هەرێمی کە واژۆیان کردوە. وە کراوە دەبیچت بۆ چوونە ناوەوە بۆ هەر دەوڵەتێک یان رێکخراوێکی تەواوکاری هەرێمی کە پێشتر واژۆی نەکردبێت.

**ماددەی ٤٤ — رێکخراوەکانی تەواوکاری هەرێمی**

مەبەست لە دەستەواژەی " رێکخراوی تەواوکاری هەرێمی " ئەو رێکخراوەیە کە وولاتانی خاوەن سەروەری دایدەمەزرێنن لە ناوچەیەک لە ناوچەکان، وە وولاتانی ئەندام تایبەتمەندی جێبەجێ کردنی ئەم رێککەوتننامەیە دەدەن بەو رێکخراوە. وە ئەو رێکخراوانە لە بەڵگەنامەکانی پشتڕاستکردنەوە یان چوونەناوەوە مەودای تایبەتمەندیان کە پەیوەستە بە پرسەکانی حوکمەکانی ئەو رێککەوتننامەیە رادەگەیەنن. وە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانیش ئاگادار دەکەنەوە لە هەر هەموارێکی ناوەڕۆکی لە بواری تایبەتمەندی خۆیان.

ئاماژەکانی ناو ئەو رێککەوتننامەیە لەسەر " وولاتانی ئەندام " لەسەر ئەو رێکخراوانەش جێبەجێ دەبێت لە سنوری تایبەتمەندیان .

بۆ مەبەستەکانی برگە ١ لە ماددەی ٤٥ و برگەکانی ٢و٣ لە ماددەی ٤٧ هیچ بەهایەک بۆ هیچ بەڵگەنامەیەک دانانرێت کە لەلایەن رێکخراوی تواوکاری هەرێمیەوە رادەست بکرێت.

رێکخراوەکانی تەواوکاری هەرێمی مافی دەنگدان پیادە دەکەن لە کۆنفرانسی وولاتانی ئەندام، لەو پرسانەی کە دەکەوێتە سنوری تایبەتمەندیان، بە ژمارەیەک دەنگ کە یەکسان بێت لەگەڵ ژمارەی دەوڵەتەکانیان کە ئەندام لەم رێککەوتننامەیە. وە ئەو رێکخراوانە مافی دەنگدانیان نابێت کاتێک هەر یەکێک لە وولاتانی ئەندام لە رێکخراوەکە پیادەی مافی دەنگدانی خۆی کرد و پێچوانەش راستە.

**ماددەی ٤٥– چوونە بواری جێبەجێ کردن**

چوونە بواری جێبەجێ کردنی ئەم رێککەوتننامەیە لە رۆژی ٣٠ سیەمی دوای بەرواری رادەستکردنی بەڵگەنامەی ژمارە ٢٠ بۆ پشتڕاستکردنەوە یان چوونە ناوەوە دەست پێ دەکات.

بەرواری دەست کردن بە جێبەجێ کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە سەبارەت بە هەر دەوڵەتیچک یان ڕێکخراوی تەواوکاری هەرێمی کە ئەو ڕێککەوتننامەیە پشتڕاست دەکاتەوە یان بە رەسمی دانی پێ دەنێ یان دەچێتە ناویەوە دوای رادەست کردنی بەڵگەنامەی ٢٠ەم لە رۆژی ٣٠یەم لە بەرواری رادەستکردنی بەڵگەنامەکە دەست پێ دەکات.

**ماددەی ٤٦ — خۆبەدوورگرتن**

نابێت هیچ خۆ بەدوورگرتنێک دابنرێت کە لەگەڵ بابەتی ئەو ڕێککەوتننامەیەو مەبەستەکانی یەک نەگرێتەوە.
دەکرێت خۆبەدوورگرتنەکان بکشێنرێنەوە هەر کاتێک .

**ماددەی ٤٧- هەموارکراوەکان**

دەشێت بۆ هەر دەوڵەتێکی ئەندام کە پێشنیاری هەموار کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بکات و پێشکەشی بکات بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان. وە ئەمینداری گشتیش هەڵدەستی بە ئاگادارکردنەوەی وولاتانی ئەندام سەبارە بە هەر هەموار کردنێکی پێشنیارکراو، وە داواشیان لێ دەکات کە ئاگاداری ئەمیندار بکەنەوە کە ئایا بەستانی کۆنفرانسێک بۆ وولاتانی ئەندام بۆ تێڕوانین لەو پێشنیارانە بە باش دەزانن یان نا. وە ئەگەر سێ یەکی وولاتانی ئەندام لەگەڵ ئەوە بوون کە کۆنفرانس ببەسترێ، ئەوا ئەمینداری گشتی لە ماوەی ٤ مانگ لە ئاگادارکردنەوەکە کۆنفرانسەکە دەبەستی بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتەوەکان. وە ئەمینداری گشتی هەر پێشنیارێک کە دوو لەسەر سێ ی وولاتانی ئەندامی بەشدار بوو و دەنگیان بۆ دابێت بەرز دەکاتەوە بۆ کۆمەڵەی گشتی بۆ پەسەند کردنی ئەمجا دواتر بۆ هەموو وولاتانی ئەندام بۆ پەسەند کردنی.

ئەو هەموارکردنەی کە لە خۆدەگیرێ و بڕیاری لەسەر دەدرێ بەپێ ی بڕگە لەم ماددەیە، ئەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە لە رۆژی ٣٠ سیەم لە گەیشتنی بەڵگەنامەی پەسەند کردن رادەستکراوی دوو لەسەر سێ ی ژمارەی وولاتانی ئەندام لە بەرواری لە خۆگرتنی هەموارکردنەکەوە. ئەمجا سەبارەت چوونە بواری جێبەجێ کردن بۆ وولاتانی ئەندام ئەوا لە رۆژی ٣٠ سیەم لە بەرواری رادەست کردنی بەڵگەنامەی پەسەندکردن دەبێت. وە تەنها ئەو وولاتانی کە هەموار کردنەکەیان پەسەند کردوە پابەندی جێبەجی کردن لەسەریان دروست دەبێت.

ئەو هەموار کردنەی کە لەخۆ دەگیرێ و بڕیاری لەسەر دەدرێ بە پێ ی بڕگەی ١ لەم ماددەیە وە پەیوەستە تەنها بە ماددەکانی ٣٤ و ٣٨ و٣٩ و ٤٠ دەچنە بواری جێبەجێ کردنەوە بۆ وولاتانی ئەندام لە رۆژی ٣٠ سیەم لە گەیشتنی بەڵگەنامەی پەسەندکردنی رادەستکراو لەلایەن دوو لەسەر سێ ی ژمارەی وولاتانی ئەندام لە بەرواری لە خۆگرتنی هەموار کردنەکەوە، ئەوە ئەگەر کۆنفرانسی وولاتانی ئەندام بڕیاریان دا بە سازانی رایەکان.

**ماددەی ٤٨ — جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامە**

دەکرێ بۆ هەر دەوڵەتێکی ئەندام کە ئەو ڕێککەوتننامەیە هەڵوەشێنێتەوە بە ئاگادارکردنەوەیەکی نوسراو ئاراستەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بکرێت وە ئەو هەڵوەشانەویە دەچێتە بواری جێبەجی کردنەوە دوای یەک ساڵ لە بەرواری گەیشتنی ئاگادارکردنەوەکە بە دەست ئەمینداری گشتی.

**ماددەی ٤٩ – شێوازی دەقی بەردەست**

دەقی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەو شێوازانە فەراهەم دەکرێت کە گەیشتن پێیان ئاسان بێت.

**ماددەی ٥٠- ڕەسەنایەتی دەقەکان**

دەقە قەوارەی و ڕەسەنەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە ئیسپانی و ئینگلیزی و ڕوسی و چینی و عەرەبی و فەرەنسی وەک یەک ئەبن. وە بۆ سەلماندنیشی نوێنەرانی ڕێگەپێدراو لە لایەن حکومەتەکانی خۆیانەوە ئەم ڕێککەوتننامەیەیان واژۆ کرد.

# ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە پاراستنی هەموو کەسێک لە وونبوونی زۆرەملیَ

## لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە بڕیاری ١٧٧/٦١ لە ٢٠ ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦ لەخۆگیراوە و لە ٦ ی شوباتی ٢٠٠٧ یشەوە کراوەتەوە بۆ واژوو کردن

### دیباجە

پێویستە وولاتانی ئەندام لەم ڕێکەوتننامەیەدا:

ڕەچاوی ئەوە بکەن کە پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەر وولاتانی ئەندامدا دەیسەپێنێت بە برەو بدان و ڕێزگرتن و چاودێری کردنێکی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان، هەروەها جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ بەهەند وەربگرن و هەردەم لەبەرچاوگرتنی پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان لەگەڵ ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆیی و یاسای تاوانی نێودەوڵەتی، هەروەها لەبەرچاوگرتنی جارنامەی تایبەت بە پاراستنی هەموو کەسێک لە وونبوونی زۆرةملیَ کە بەبڕیاری ١٣٣/٤٧ لە بەرواری ١٨ کانوونی یەکەمی ١٩٩٢ دا لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەخۆ گیراوە و هۆشیاریش بن لەوەی کە مەترسی گەورەی وونبوونی زۆرةملیَ، دەبێتە تاوان و لە زۆر بارووودۆخدا بە پێی یاسای نێودەوڵەتی بە شێوەیەک پێناسەی بۆ دەکرێت کە تاوانێکە لەدژی مرۆڤایەتی و هەوڵ بدەن بۆ قەدەغەکردنی حاڵەتەکانی وونبوونی زۆرةملیَ، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی پارێزبەندی لە تاوان بۆ ئەو کەسانەی کە تاوانی وونبوونی زۆرةملیَ ئەنجام دەدەن، و ڕەچاوکردنی ئەوەی کە نابێت هیچ کەسێک دووچاری وونبوونی زۆرةملیَ ببێتەوە، لەگەڵ مافی قوربانیەکان لە دادپەروەری و قەرەبووکردنەوە و جەختیش لەوە بکەنەوە کە هەموو قوربانییەک مافی ئەوەی هەیە کە هەموو ڕاستییەکان بزانێت دەربارەی بارودۆخی وونبوونی بەزۆرەملی و چارەنووسی کەسی وونبوو هەروەها مافی ئازادی لە وەرگرتن و گواستنەوەو گەڕان بەدوای زانیارییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر ئەمانەی خوارەدا ڕێکەوتن:

## بەشی یەکەم

**ماددەی ١**

١.نابێت هیچ کەسێک دوچاری وونبوونی زۆرەملێ ببێتەوە.
٢.نابێت هیچ بارودۆخێکی ناوازە بکرێت بە پاساو، ئینجا بارودۆخی شەڕ بێت یان هەڕەشەی شەر یان ناجێگیری دۆخی سیاسی یان هەر بارێکی تری تەنگەتاوی کە بکرێت بە پاساو بۆ وونبوونی بە زۆرەملێ.

**ماددەی ٢**

بۆ مەبەستی ئەم ڕێکەوتننامەیە " وونبوونی زۆرةملیَ" واتە دەستگیرکردن و ڕاگرتن و ڕفاندن یان هەر جۆرێک لە بێبەشکردن لە ئازادی کە لەلایەن کارمەندانی حکومی یان کۆمەڵە کەسێک کە بە فەرمان و پاڵپشتی و ڕەزامەندی حکومەت کاردەکەن و ڕەتکردنەوەی دانپێداناانی نەزانینی زانیاری و بێئاگایی بەدوادا دێت لە وونبوونی کەسێک و زانینی چارەنوسی ئەو کەسە و شوێنەکەی، کە ئەم کەسە دەکەوێتە دۆخێکەوە لەدەروەی چوارچێوەی پاراستنی یاساییدا بێت.

**ماددەی ٣**

پێویستە لەسەر هەموو وولاتێک ڕێوشوێنی گونجاو بگرنە بەر بۆ لێکۆڵینەوە لەم هەڵسوکەوتانەی کە لە ماددەی (٢) دا دەستنیشان کراون کە بریتییە لە کردارەکانی ئەم کەسانە یان کۆمەڵە کەسانەی کە بەبێ ڕێپێدان و ڕەزامەندی حکومەت ئەم کارانە ئەنجام دەدەن، هەروەها بۆ پێشکەشکردنی بەرپرسیارەکان بۆ دادپەروەری.

**ماددەی ٤**

پێویستە لەسەر هەموو وولاتان کە ڕێوشوێنی پێویست بگرنە بەر بۆ ناساندنی وونبوونی زۆرةملیَ وەک تاوانێک لە نێو یاساکانی تاوانی خۆیاندا.

**ماددەی ٥**

پراکتیزەکردنی بەرنامە بۆ دارێژراو و بەربڵاوی وونبوونی زۆرةملیَ تاوانێکە لەدژی مرۆڤایەتی هەروەک لە یاسای نێودەوڵەتی کارپێکراودا پێناسەی بۆ کراوە و ئەم ئاکامانە بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە لە یاسای نێودەوڵەتی کارپێکراودا هاتوون.

**ماددەی ٦**

١.پێویستە هەر وولاتێک پێوەری پێویست بۆ بەرپرسیارێتی تاوان بەلانی کەم بەم شێوەیە بگرێتەبەر:
ا. هەر کەسێک ئەنجامی بدات یان فەرمانی پێبدات یان هانی بدات یان هەوڵی ئەنجامدانی وونبوونی زۆرةملیَ بدات ئەوە بە بەشداربوو یان هاوبەشی تاوان هەژمار دەکرێت.

ب. ئەو بەرپرسەی کە:

١)ئاگادار بووە بەڵام زانیارییەکانی پشتگوێی خستوون بە ڕوونی نیشانی دەدەن کە ئەم کەسانەی لەژێر فەرمان و دەسەڵاتی ئەودان تاوانی ونبوونی زۆرەملیَیان ئەنجام داوە یانیش خەریک بوونە ئەنجامی بدەن.

٢)پەیڕەوکردنی بەرپرسیارێتیەکی کارا بۆ کۆنترۆلکردنی ئەم چالاکیانەی کە پەیوەستن بە تاوانی ونبوونی زۆرەملیَ.

٣)سەرکەوتوو نەبێت لە گرتنەبەری پێوەری پێویست لە چوارچێوەی تواناکانیدا بۆ ڕێگەگرتن یان نەهێشتنی تاوانی ونبوونی زۆرەملیَ یان پێشکەشکردنی کەیسەکان بۆ دەسەڵاتە پەیوەندارەکان بۆ لێکۆڵینەوەو دادگاییکردن.

ج. لە بڕگەی فەرعی ب. دا لەسەروە هیچ سەرپێچییەک بەدی ناکرێت لە ڕێساکانی کە پێویستە جێبەجێ بکرێن بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندار لەسەر سەرکردە سەربازییەکان یان ئەو کەسەی کە کاری سەرکردەی سەربازی دەکات.

٢. هەر فەرمانێک یان ڕێنماییەک کە لە دەسەڵاتە گشتییەکانەوە دەردەچێت، جا مەدەنی بێت یان سەربازی، نابێت بکرێت بە پاساو بۆ ئەنجامدانی ونکردنی زۆرەملیَ.

## ماددەی ٧

١.پێویستە هەر وڵاتێکی ئەندام تاوانی ونبوونی زۆرەملیَ بە تاوانێک دابنێت کە بە سزای گونجاو سزا بدرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئاستی بەرزی مەترسیی ئەم جۆرە تاوانانە.

٢.هەر وڵاتێکی ئەندام بۆی هەیە دەستنیشانی ئەمانەی خوارەوە بکات:

(ا) بارودۆخەکانی سووککردن سزاکان، بەتایبەتیش بۆ ئەو کەسانەی کە بەشداربوونە لە ئەنجامدانی تاوانی ونبوونی زۆرەملیَ، لەهەمانکاتیشدا بەشدار دەبن لە دۆزینەوەی کەسە ونبووەکان یان ڕوونکردنەوە دەدەن دەربارەی کەیسەکانی ونبوونی زۆرەملیَ و دەستنیشانکردنی بەرپرسان لەم کەیسانەی ونبوونی زۆرەملیَدا.

ب. بەبێ لادان لە ڕێکارەکانی تری تاوان، بارودۆخی توندی سزادان، بەتایبەتی لە حاڵەتەکانی مردنی کەسی ونبوو یان ئەنجامدانی تاوانی ونبوونی زۆرەملیَ لەدژی ئافرەتانی دووگیان و منداڵ و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت یان کەسانی لاواز و بێدەسەڵات.

## ماددەی ٨

بەبێ سەرپێچی لە ماددەی ٥،

١.ئەو وڵاتەی کە سیستەمی بەسەرچوون ( نظام التقادم) جێبەجێ بکات لە ونبوونی زۆرەملیَدا، پێویستە ڕێوشوێنی ئەوتۆ بگرێتە بەر کە ماوەی (تقادم) ی داواکارییەکانی تاوان:

(ا) درێژ خایەن بێت و بگونجێت لەگەڵ ئەوپەڕی ترسناکی تاوانەکە.

ب. لەگەڵ کۆتایی تاوانی ونبوونی زۆرەملیَ دەستپێدەکات بە ڕەچاوکردنی سروشتی بەردەوامی.

٢. پێویستە هەر وڵاتێکی ئەندام مافی قوربانیانی ونبوونی زۆرەملیَ دەستەبەر بکات بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر لە ماوەی (تقادم) ە کەدا.

**ماددەی ٩**

١.پێویستە لەسەر هەر وڵاتێکی ئەندام ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر بۆ پەرەپێدانی توانستی (اختیاێ) پراکتیزە کردنی دەسەڵاتی دادوەری لەسەر تاوانەکانی ونبوونی زۆرەملیَدا:

(ا) کاتێک تاوانەکە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دادوەی وڵاتدا ئەنجام درابێت یان لەسەر کەشتیەک یان فرۆکەیەک کە لەم وڵاتەدا تۆمارکراو بێت.

ب. کاتێک کە کەسی تاوانباری گومانلێکراو یەکێک لە هاوڵاتیانی خۆی بێت.

ج. کاتێک کە کەسی ونبوو یەکێک لە هاووڵاتیانی خۆی بێت و وڵاتی ئەندام بە گونجاوی بزانیًت.

٢. پێویستە لەسەر هەر وڵاتێکی ئەندام ئەم پێوەرانە بگرێتەبەر کە پێویست بن بۆ دامەزراندنی توانستەکان بۆ پراکتیزەکردنی دەسەڵاتە دادوەرییەکان لە بەدواداچوون لە تاوانەکانی ونبوونی زۆرەملیَدا کاتێک کە تاوانباری گومانلێکراو لەم هەرێمەدا دەژیت کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دادوەری وڵاتەوە، تەنها ئەگەر ئەم وڵاتە ڕادەستی وڵاتێکی تری نەکاتەوە یان بیگوازێتەوە بۆ وڵاتێکی تر بەگوێرە ی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی، یانیش بینێرێت بۆ دادگایەکی تاوانی نێودەوڵەتی کە دەسەڵاتە دادوەرییەکانی ناسراو بێت.

٣. ئەم ڕێکەوتننامەیە هیچ توانستێکی تری دادوەری لە بواری تاوان ڕەتناکاتەوە کە بەپێی یاسا نیشتیمانییەکان کاربکات.

**ماددەی ١٠**

١.هەر وڵاتێکی ئەندام، کاتێک کەسێکی گومانلێکراو بە ئەنجامدانی تاوانی ونبوونی زۆرەملیَ لە یەکێک لە ناوچەکانیدا دەژییت، پێویستە لەسەری دەسگیری بکات یان ئەم ڕێوشوێنە یاساییە پێویستانە بگرێتە بەر بۆ زامنکردنی ئامادەبوونی کەسەکە لە دادگا. هەروەها پێویستە ڕێکارەکانی دەستگیرکردن و ڕاگرتنی کەسەکە بەپێی یاساکانی ئەم وڵاتە بێت، و نابێت ماوەکەی لە ماوەی یاسایی تێپەڕ بکات بۆ زامنکردنی ئامادەبوونی لەکاتی بەدواداچوون بۆ تاوان یان ڕێکارەکانی ڕادەست کردن و پێشکەشکردنی بۆ دادگا.

٢.هەر وڵاتێکی ئەندام بۆی هەیە ئەم پێوەرانە بگرێتە بەر کە لەبڕگەی (١) ئەم ماددەیەدا ئاماژەی پێکراوە کە پێویستە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەستبەجێ ئەنجام بدات بۆ دەرخستنی ڕاستیەکان. هەروەها پێویستە ئاگاداری وڵاتانی ئەندام بکاتەوە هەروەک لە ماددەی (٩) برگەی (١) دا ئاماژەی پێکراوە لە هەر

ڕێوشوێنێک کە گرتوویەتە بەر بە کارپێکردن بە بڕگەی (١) لەم ماددەیەدا، لەنێویشیدا ڕاگرتن و دۆخی دەستگیرکردنی ، هەروەها بە ئەنجامی لێکۆڵینەوە سەرەتایی و ئاساییەکان و دەریشی بخات کە نیازی بەکارهێنانی دەسەڵاتی دادوەری خۆی هەیە.

٣.هەر کەسێکی ڕاگیراو بەپێی بڕگەی (١) ی ئەم ماددەیە بۆی هەیە دەستبەجێ پەیوەندی بە نزیکترین نوێنەری ئەم وولاتەوە بکات کە خۆی تێیدا هاوڵاتییە و ئەگەر هاتوو کەسەکە ڕەگەزنامەی هیچ وولاتیکی نەبو ئەوە پێویستە پەیوەند بە نوێنەری ئەم وولاتەوە بکات کە ئەم کەسە تێیدا نیشتەجێیە.

**ماددەی ١١**

١.ئەگەر وڵاتێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دادوەری خۆیدا گومانلێکراوێک بدۆزێتەوە کە تاوانی وونبوونی زۆرەملیَی ئەنجام داوە، ئەگەر هاتوو ئەم کەسەی ڕادەستی وولاتێکی تر نەکردەوە بەگوێرەی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی یانیش ڕادەستی دادگایەکی نێودەوڵەتی کە دەسەڵاتە دادوەرییەکانی باوەڕپێکراو بێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا پێویستە کەیسەکە پێشکەش بە دادگایەکی پەیوەستی نیشتیمانی بکات بەمەبەستی لێکۆڵینەوە.

٢.پێویستە ئەم دەسەڵاتانە بڕیارەکانی خۆیان بەهەمان شێوە بدەن وەک لە کەیسە ئاساییەکاندا دەیدەن کە سروشتێکی مەترسیداری هەیە و بە گوێرەی یاساکانی ئەم وولاتە. لە کەیسەکانی کە ئاماژەی پێکراوە لە لەبڕگەی (٢) ی ماددەی (٩) دا و پێوەرەکانی بەڵگەی پێویست بۆ دادگایی کردن و تۆمەتبارکردن پێویستە هەرچۆنێک بێت سووکترین لە جێبەجێکردنی ئەوانەی کە لە بڕگەی (١) ی ماددەی (٩) دا ئاماژەیان پێکراوە.

٣. هەر کەسێک کە ڕێکارەکانی پەیوەست بە وونبوونی زۆرەملیَی لەدژدا ئەنجام دەدرێت پێویستە لە هەموو قۆناغەکاندا مامەڵەیەکی دادپەروەرانەی لەگەڵدا بکرێت و هەر کەسێک کە بەهۆکاری ئەنجامدانی وونبوونی بەزۆرەملی دادگایی بکرێت دەبێت دادگاییکردنەکە دادپەروەرانەو لەبەردەم دادگایەکی تایبەتمەندو بێلایەن و دەستپاکدا بێت کە بەپێی یاسا دامەزرابێت.

**ماددەی ١٢**

١.پێویستە هەر وولاتێکی ئەندام دەستەبەری ئەوەبکات کە کاتێک کەسێک بانگێشەی ئەوە دەکات کە دووچاری وونبوونی زۆرەملیَ بۆتەوە مافی ئەوەی هەبێت کە ڕاستییەکان بباتە بەردەم دەسەڵاتە پەیوەندارەکان، کە ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە پێویستە بە دەستپاکی و خێرا لێکۆڵینەوە لە بانگێشەکەدا بکەن بەپێی پێویست و بێ دواکەوتن، هەروەها هەنگاوی گونجاو بگرنەبەر بۆ زامنکردنی پاراستنی داواکارو شایەتحاڵەکان و کەسوکاری کەسی وونبوو و ئەوانەی کە داکۆکی لێدەکەن، لەگەڵ ئەم کەسانەی کە بەشداری

لە لێکۆڵینەوەکەدا دەکەن لە هەموو جۆرێک لە تۆقاندن و مامەڵەی ناشیرین بەهۆکاری سکاڵاکردن یان هەر بەڵگەیەک کە پێشکەش دەکرێت لە کەیسەکەدا.

٢.کاتێک کە هۆکاری ماقول هەبێت بۆ باوەڕکردن بەوەی کە کەسێک بۆتە قوربانی ونبوونی زۆرەملیَ ، پێویستە لەسەر ئەم دەسەڵاتانەی کە لە برگەی (١) ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێکراوە لێکۆڵنەوە ئەنجام بدەن ئەگەر هاتوو سکاڵایەکی فەرمیش نەبێت لە کەیەسکەدا.

٣.پێویستە هەموو وولاَتانی ئەندام تاکید لەوە بکەنەوە کە دەسەڵاتەکانی ئاماژەپێکراو لە برگەی (١) ئەم ماددەیەدا لەسەریانە کە:

(ا) تواناو سەرچاوەی پێویستیان هەبێت بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان بەشێوەیەکی کارا، بەتایبەتیش گەیشتن بە دۆکۆمێنت و زانیارییەکانی پەیوەست بە لێکۆڵینەوەکانیان.

ب. ئەگەر پێویست بکات وەرگرتنی مۆلەتی پێشتر لە دەسەڵاتی دادوەری بۆ دەستبەجێ دەستپێکردن دەربارەی کەیسەکە، ئەم مۆڵەتەش بۆ چوونە ناو هەر سەنتەرێکی ڕاگرتن یان هەر شوێنێکی تر کە گومانی لێدەکرێت کەسە ونبووەکەی تێدایە.

٤. پێویستە لەسەر وولاَتانی ئەندام ڕێوشوێنی گونجاو بگرنە بەر بۆ نەهێشتنی کارەکانی سزادان کە بەربەست دەخاتە بەردەم پرۆسەی لێکۆڵینەوەکان و دەبێت تاکید لەوە بکەنەوە کە ئەو کەسانەی گومانی ئەنجامدانی تاوانی ونبوونی زۆرەملیَیان لەسەرە کاریگەریان نەبێت لەسەر پرۆسەی لێکۆڵینەوەکان لەڕێگای تۆقاندن و تۆڵەسەندنەوە لە داواکار و شایتحالەکان و کەسوکاری کەسی ونبوو یان پارێزەرەکەیان یان ئەو کەسانەی کە لێکۆڵینەوەکان ئەنجام دەدەن.

## ماددەی ١٣

١.بە مەبەستی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی تاوانەکانی ونبوونی زۆرەملیَ لە نێوان وولاَتاندا، نابێت تاوانی ونبونی زۆرەملیَ بە تاوانێکی سیاسی هەژمار بکرێت و بکرێت بە تاوانێک کە مۆرکی سیاسی پێوەبێت و ئامانجی سیاسی لەدواوە بێت و ناکرێت تەنها لەبەر ئەم هۆکارە ڕادەست کردنەوەی تاوانباران ڕەتبکرێتەوە لەم جۆرە تاوانانەدا.

٢.بەپێی یاسا، تاوانی ونبوونی زۆرەملیَ یەکێک لەم تاوانانەیە کە پێویستە تاوانبار ڕادەست بکرێتەوە لە ڕێکەوتننامەکانی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران لەنێوان وولاَتاندا پێش ئەوەی ئەم ڕێکەوتننامەیە بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

٣.پێویستە وولاَتانی ئەندام بەڵێنی ئەوە بدەن کە تاوانی ونبوونی زۆرەملیَ بخەنە لیستی ئەم تاوانانەی کە دەبێت تاوانبار ڕادەست بکرێتەوە لە هەموو ئەم ڕێکەوتننامانەی کە لەنێوان خۆیاندا دەیکەن.

٤.ئەگەر هاتوو هەر وولاتێک ڕادەستکردنەوەی تاوانباران بەم مەرجە جێبەجێ بکات کە پێویستە ڕێکەوتننامەیەک هەبێت لەگەڵ وولاتەکەی تردا، بۆی هەیە کە ئەم ڕێکەوتننامەیە بکات بە بنەمایەکی یاسایی پێویست بۆ ڕادەستکردنەوە لە تاوانەکانی وونبوونی زۆرەملیَدا.

٥.ئەم وولاتانەی کە ڕادەستکردنەوەی تاوانبارەکان نابەستنەوە بە مەرجی هەبوونی ڕێکەوتننامە، پێویستە دان بەوەدا بنێن کە ئەنجامدەرانی تاوانەکانی وونبوونی زۆرەملیَ دەبێت لەنێوان خۆیاندا ڕادەست بکرێنەوە.

٦.لە هەموو بارودۆخێدا، ڕادەست کردنەوە دەکەوێتە ژێر باری یاساکانی وولاتی ئەندام یان ڕێکەوتننامەکانی کارپێکراوی ڕادەست کردنەوەی تاوانباران، بەتایبەتیش ئەو مەرجانەی کە پەیوەستن بە کەمترین پێوەرەکانی پێویست بۆ سزادان و ئەو هۆکارانەی کە وولاتی داوالێکراو ڕادەستکرنەوەکە ڕەت دەکاتەوە یان دەیخاتە ژێر ئەم مەرجانەوە.

٧.نابێت هیچ شتێک لەم ڕێکەوتننامەیەدا بە جۆرێک شیبکرێتەوە کە پابەندییەک بسەپێنێت بۆ ڕادەستکردنەوە ئەگەر هاتوو ئەو وولاتەی کە داوای لێدەکرێت چەند هۆکارێکی هەبێت کە مەبەست لە داواکارییەکە سزادانی کەسێکە لەسەر بنەمای جۆری ڕەگەز یان ئاین یان ڕەگەزنامەی یان ڕەسەنی نەتەوەیی یان بیروڕای سیاسی یانیش هاوسۆزی لەگەڵ چینێکی کۆمەلایەتی دیاریکراو یان کاتێک وولاتەکە بۆی دەرکەوێت کە پابەندبوون بە داواکارییەکە بەهەر هۆکارێک بێت زیان بە کەسەکە دەگەیەنێت.

**ماددەی ١٤**

١.پێویستە لەسەر وولاتانی ئەندام زۆرترین هاوکاری دادوەری پێشکەش بەیەکتر بکەن لەکاتی بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوە یان هەر ڕێکارێکی تری تاوان کە پەیوەندی بە وونبوونی زۆرەملیَوە هەبێت، لە نێویشدا خستنەڕووی هەموو بەڵگە پێویستەکانی پێویست بۆ پرۆسەکە.

٢.ئەم جۆرە هاوکارییە یاساییەش پێویستە بەپێی ئەم مەرجانە بێت کە لە یاسا نیشتیمانییەکانی ئەم وولاتەدا هاتووە کە داواکارییەکە وەردەگرێت یان بەپێی ڕێکەوتننامەکانی کارپێکراوی پەیوەست بە گۆڕینەوە و هاوکاری یاسایی، بەتایبەتیش ئەو مەرجانەی کە پەیوەستن بە هەلومەرجی ڕێگەدان بەم وولاتەی کەداوای ڕادەستکردنەوەی لێدەکرێت، ڕەتی دەکاتەوە هاوکاری دادوەری پێشکەش بکات یان یان پابەند بێت بە مەرجەکان.

**ماددەی ١٥**

پێویستە لەسەر وولاتانی ئەندام هاوئاهەنگی یەکتر بکەن و پێویستە هەر یەکەیان زۆرترین هاوکاری یاسایی پێشکەش بە ئەوانی تر بکات بەمەبەستی یارمەتی قوربانییەکانی وونبوونی زۆرەملیَ و گەڕان بەدوای کەسانی وونبوو و ئازادکردنیان و لە حالەتی مردنی ئەم کەسانەشدا دەرکردنی تەرمەکانیان و ئاشکراکردنی ناسنامەکانیان و گەڕاندنەوەی تەرمەکانیان.

**ماددەی ١٦**

١.نابێت هیچ وولاتێک هەڵسێ بە دەرکردن یان ڕادەستکردنی " ڕادەستکردنی زۆرەملیَ" کەسێک بۆ وولاتێکی تر ئەگەر هاتوو باوەڕی هەبوو کە لەوانەیە کەسەکە دووچاری ونبوونی زۆرەملیَ ببێتەوە.

٢.بۆ دڵنیا بوونەوەش لە هەبوونی ئەم جۆرە هۆکارانە، پێویستە دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان ڕەچاوی هەموو شتێکی پێویست بکەن، بەتایبەتیش کاتێک لە ناو وولاتی ئەندامدا شێوازێکی جێگیر هەیە بۆ پێشێلکاریە مەترسیدارو زەقەکانی مافی مرۆڤ هەروەها پێشێلکارییە مەترسیدارەکان لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی.

**ماددەی ١٧**

١.نابێت کەس بخرێتە گرتووخانەی نهێنی

٢.بەبێ سەرپێچیکردن لە پابەندییە نێودەوڵەتیەکانی تری وولاتی ئەندام ئەوەی کە پەیوەستە بە بێبەشکردن لە ئازادی، پێویستە لەسەر هەر وولاتێکی ئەندام کە لەیاساکانی خۆیدا:

(ا) ئەم مەرجانە دەستنیشان بکات کە بۆ بێبەشکردن لە ئازادی دایان دەنێت.

ب. ئەم دەسەڵاتانە دەستنیشان بکات کە فەرمانی بێبەشکردن لە ئازادی دەردەکەن.

ج. زەمانەتی ئەوە بکەن کە ئەو کەسەی لە ئازادی بێبەش دەکرێت لە شوێنێکی ناسراوو فەرمیدا دابنرێن و ئەم شوێنەش پێویستە سەرپەرشتیاری هەبێت.

د. زەمانەتی ئەوە بکەن کە ئەو کەسەی لە ئازادی بێبەش دەکرێت مافی ئەوەی هەبێت کە پەیوەندی بە کەسوکارەی و پارێزەرەکەیەی یان هەرکەسێک کە خۆی هەڵیدەبژێرێت بکات و سەردانی بکەن تەنها ئەم مەرجانە نەبێت کە لە یاساکاندا هاتووە، هەروەها زەمانەتی ئەوەی کە بیانیەکان دەرفەتیان پێبدرێت کە پەیوەندی بە دەسەڵاتەکانی کونسوڵگەری وولاتانی خۆیانەوە بکەن بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی کارپێکراو.

ە. زامنکردنی گەیشتنی هەموو دەسەلات و دەزگا پەیوەستە یاساییەکان بە گرتووخانەکان، ئەمەش بەپێی پێویست و وەرگرتنی مۆڵەتی پێشوەختە لە دەسەڵاتی دادوەری.

و. زامنکردنی ئەوەی کە هەر کەسێک لە ئازادی بێبەش دەکرێت یان دووچاری ونبوونی بەزۆرەملی دەبێتەوە و لەبەر ئەوەی ئەم کەسە لەتوانایدا نییە کە پەیڕەوی مافەکانی بکات، پێویستە کەسێکی تر لە کەسوکاری کەسەکە یان پارێزەرەکەی بتوانێت لە دادگا ئامادە بێت، بۆ ئەوەی دادگا بەبێ دواکەوتن بڕیار لەسەر شەرعیەتی گرتنەکەی بدات و ئەگەر هاتوو دەرکەوت گرتنەکە شەرعیەتی نییە ئەوا پێویستە ئازاد بکرێت.

٣. پێویستە لەسەر هەر وولاتێکی ئەندام کە تۆمارێک / یان دۆکۆمێنتێک دابنێت بە ناوی هەموو ئەو کەسانەی کە لە ئازادی بێبەش کراون و لیستەکە دوا زانیارییەکانی تێدا بێت و پێویستە ئەم لیستە بەردەست بێت بۆ داواکاری هەر دەسەڵاتێکی دادوەری پەیوەست یان هەر دەزگایەکی تری بە یاسا دەسەڵات

پێدراو لەلایەن وولاتی ئەندامەوە بۆ ئەم مەبەستە یان هەر رێکەوتننامەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی پەیوەست کە وولاتەکە ئەندام بێت تێیدا و پێویستە ئەم زانیاریانە بەلانی کەم ئەمانەی خوارەوە بگرێتەوە:

(ا) ناسنامەی کەسی لە ئازادی بێبەش کراو.

ب. بەروار و کات و شوێنی کەسی لە ئازادی بێبەش کراو لەگەڵ ناسنامەی ئەم دەسالاتەی کە ئەم کەسەی گرتووە یان لە ئازادی بێبەشی کردووە.

ج. دەسەڵاتی بڕیاردەر لەسەر بێبەشکردن لە ئازادی

د. دەسەڵاتی بەرپرس لە چاودێریکردنی بێبەشکردن لە ئازادی،

ه. شوێنی گرتنەکە یان لەئازادی بێبەش کردنەکە بەروارو کاتی بردن بۆ شوێنی لەئازادی بێبەش کردن، لەگەڵ دەسەڵاتی بەرپرس لێی،

و. ئەو لایەنانەی کە پەیوەستن بە باری تەندروستی کەسی لە ئازادی بێبەشکراو،

ز. لە ڕووداوەکانی مردن لەکاتی بێبەشکردن لە ئازادیدا، هۆکارو دۆخی مردنەکەو ئەو لایەنەی کە تەرمی مردوەکەی گواستۆتەوە،

ح. بەروارو کاتی ئازادکردنی کەسەکە یان گواستنەوەی بۆ گرتوخانەیەکی تر، شوێنەکەو ئەو دەسەڵاتەی کە گواستیتیەوە،

**ماددەی ١٨**

١.بە ڕەچاوکردنی هەردوو ماددەی ١٩ و ٢٠، پێویستە هەموو وولاتێکی ئەندام زامنی پێدانی ئەم زانیاریانە بکەن بۆ هەرکەسێک کە بەرژەوەندی لە کەیسەکەدا هەبێت وەکو کەسوکاری کەسی گیراو یان لە ئازادی بێبەشکراو یان نوێنەرو پارێزەرەکانیان کەبۆیان هەیە بەلانی کەم زانیاریان لەسەر ئەمانەی خوارەوە هەبێت:

(ا) ئەو دەسەڵاتەی کەبڕیاری لەسەر بێبەشکردنی کەسەکە داوە لە ئازادییەکانی،

ب. بەروارو کات و شوێنی بێبەشکردن لە ئازادییەکان و چوونە ناو شوێنی بێبەشکردن لە ئازادییەکان،

ج. دەسەڵاتی بەرپرس لە چاودێریکردنی بێبەشکردن لە ئازادی،

د. شوێنی کەسی بێبەشکراو لە ئازادییەکان، هەروەها دۆخی گواستنەوەی بۆ گرتووخانەیەکی تر، ئەو شوێنەی کە گوازراوەتەوە بۆی و دەسەڵاتی بەرپرس لەم گواستنەوەیە،

ه. بەروارو کات و شوێنی ئازادکردنی،

و. ئەو لایەنانەی کە پەیوەستن بە باری تەندروستی کەسی لە ئازادی بێبەشکراو،

ز. لە ڕووداوەکانی مردن لەکاتی بێبەشکردن لە ئازادیدا، هۆکارو دۆخی مردنەکەو ئەو لایەنەی کە تەرمی مردوەکەی گواستۆتەوە،

٢. پێویستە ڕێوشوێنی گونجاو لەکاتی پێویستدا بگیرێتە بەر بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی ئەو کەسانەی کە لە بڕگەی (١) ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێکراوە، لەگەڵ ئەم کەسانەی کە لە لێکۆڵینەوەکاندا بەشدار دەبن لە هەموو مامەڵەیەکی خراپ و تۆقاندن و سزادان بە هۆکاری گەڕان بەدوای زانیاریەکان دەربارەی ئەو کەسەی کە لە ئازادییەکان بێبەش کراوە.

**ماددەی ١٩**

١.زانیارییە کەسیەکان، بەتایبەتی زانیاری پزیشکی و بۆماوەیی (جینی) ئەوانەی کە کۆدەکرێنەوە یان دەگوازرێنەوە لەچوارچێوەی گەڕان بەدوای کەسی ونبوو، نابێت بەهیچ شێوەیەک بەکاربهێنرێت یان بەردەست بکرێت بۆ مەبەستێکی تر جگە لە پرۆسەی گەڕان بەدوای کەسی ونبوودا. ئەمەش بەبێ سەرپێچیکردن لە بەکارهێنانی ئەم زانیاریانە لە پرۆسەی تاوانی پەیوەست بە تاوانێکی ونبوونی زۆرەملیَ یان پڕاکتیزەکردنی مافی وەرگرتنی قەرەبوو.

٢.نابێت کۆکردنەوەی زانیارییە کەسیەکانی وەکو زانیاری پزیشکی و بۆماوەیی بە جۆرێک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بەکاربهێنرێت و هەڵبگیرێت کە ببێتە پێشێلکاری لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتیەکان و شکۆمەندی مرۆڤ.

**ماددەی ٢٠**

١.نابێت هیچ جۆرێک لە پابەندی هەبێت لە بەدەستهێنانی زانیارییەکان، ئەوەی کە لە ماددەی (١٨) دا هاتووە تەنها بە ئیفەتی هەڵاویرد نەبێت و ئەمەش تەنها لە حاڵەتێکدا دەبێت کە کەسەکە لەژێر پارێزگاری یاسادا بێت و گرتنەکەش یان بێبەشکردن لە ئازادییەکە لەژێر چاودێری دادوەریدا بێت، گەر هاتوو حالەتە پێویست بکات بەمە و لەیاساشدا هاتبێت و ئەگەر هاتوو گواستنەوەی زانیارییەکان کاریگەری هەبێت لەسەر ژیانی کەسەکە یان ئاسایشی کەسێتی یان بەربەست دەخاتە بەردەم پرۆسەی لێکۆڵینەوەی تاوان، یان هەر هۆکارێکی تری یاسایی بێت کە بگونجێت لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی کارپێکراو و ئامانجەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە و نابێت بەهیچ شێوەیەک ئەم بەربەستانە قەبوڵ بکرێن بۆ مافی دەستکەوتنی زانیارییەکان کە لەمادی (١٨) ئەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە وئەگەر هاتوو ببێت بە ئاکارێک (سلوک) کە لە ماددەی (٢) دا پێناسەی بۆکراوە، یانیش سەرپێچی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٧) دا.

٢.بەبێ سەرپێچی لە بەهەند وەرگرتنی بەشەرعی بوونی بێبەش کردنی کەسێک لە ئازادییەکان، پێویستە وڵاتانی ئەندام زامنی مافەکانی ئەم کەسانە بکەن کە لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٨) دا ئاماژەیان پێکراوە بۆ چارەسەرێکی دادپەروەر و گونجاو و خێرا وەک ڕێگایەک بۆ دەستکەوتنی هەموو زانیارییەکان بەبێ دواکەوتن کە لە بڕگەی (١) لە ماددەی(١٨) دا ئاماژەی پێکراوە و نابێت ئەم مافەی چارەسەری دادپەروەرانە بەهیچ جۆرێک و لەژێر هەر بارێکدا سنووردار بکرێت.

**ماددەی ٢١**

پێویستە وولاّتانی ئەندام ڕێوشوێنی چاک بگرنەبەر بۆ ئازادکردنی کەسەکان و تاکید کردنەوە لەوەی کە ئازادکردنەکە بە شێوەیەکی فیعلی بێت، هەروەها پێویستە وولاّتانی ئەندام ریوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ سەلامەتی جەستەیی ئەم کەسانەو توانستیان بۆ پراکتیزەکردنی مافەکانیان لەدوای ئازادکردنیان، بەبێ سەرپێچی لە هەر پابەندییەک کە لە یاسا نیشتیمانییەکاندا کەسەکە دەگرێتەوە.

**ماددەی ٢٢**

بەبێ سەرپێچی لە ماددەی (٦)، پێویستە لەسەر وولاّتانی ئەندام ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بەمەبەستی قەدەغەکردنی ئەم ڕەفتارانەی خوارەوە:

(ا) بەربەست خستنەبەر یان ڕیگرتن لەم تانەیەی کە لە برگەی فەرعی و. لە برگەی (٢) ی ماددەی (١٧) و برگەی (٢) لەماددەی (٢٠) دا هاتووە،

ب. تۆمارنەکردنی ناوی کەسانی لەئازادی بێبەشکراو، یان هەر زانیارییەک کە فەرمانبەری فەرمی بەرپرس پێیبزانێت یانیش زانیاری لەسەر هەبێت کە تۆمارەکان نادروستن.

ج. ڕەتکردنەوەی بەردەستکردنی زانیاری لەسەر هەر حاڵەتێکی بێبەشکردن لە ئازادی یان پێشکەش کردنی زانیاری هەڵە لەگەڵ ئەوەی کە پێدانی ئەم زانیارییانە داواکارییەکی یاسایی بێت.

**ماددەی ٢٣**

١.پێویستە لەسەر هەر وولاّتێکی ئەندام ڕاهێنان بە فەرمانبەرانی جێبەجێکردنی یاسا بکات، جا چ مەدەنی بن یان سەربازی یان ئەوانەی کە لەبواری پزیشکیدا کاردەکەن و بەرپرسە گشتییەکان و کەسانی تر کە کاری پاسەوانی و مامەڵە لەگەڵ کەسانی بێبەشکراو لەئازادیدا دەکەن، پێویستە ئەم ڕاهێنانەش بریتی بێت لە هۆشیارکردنەوەو زانیاری پێویست دەربارەی ئەحکامەکانی ئەم ڕێکەوتنامەیە بێت بە مەبەستی:

ا. ڕێگەگرتن لە تێوەگلانی بەرپرسە فەرمییەکان لە هەر کارێکی ونبوونی زۆرەملیَدا،

ب. جەختکردنەوە لەسەر گرنگی قەدەغەکردن و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە ونبوونی زۆرەملیَ،

ج. دەستەبەرکردنی یەکلایی کردنەوەی خێرا لە کەیسەکانی ونبوونی زۆرەملیَدا،

٢.پێویستە لەسەر هەموو وولاّتانی ئەندام کاربکەن بۆ قەدەغەکردنی دەرکردنی هەر فەرمانێک یان ڕێنماییەک بۆ سەپاندنی ونبوونی زۆرەملیَ، یان ڕێگەی پێبدات و هانی بدات، هەروەها دەبێت هەموو وولاّتانی ئەندام سزای ئەم کەسانە نەدەن کە گوێڕایەڵی ئەم فەرمانە نابن.

٣.پێویستە لەسەر ولاّتی ئەندام ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە لە برگەی (١) ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێکراوە، ئەوانەی کە هۆکاریان هەیە بە باوەڕبوون بە ڕوودانی ونبوونی زۆرەملیَ

یان پلان هەبووە بۆ ئەنجامدانی بتوانن ئەم حاڵەتە بە سەرووی خۆیان ڕابگەیەنن و لەکاتی پێویستیشدا بە دەسەڵات و دەستەکانی ڕێپێدراو بۆ پێداچوونەوەو دۆزینەوەی چارەسەر.

**ماددەی ٢٤**

١.بۆ مەبەستی ئەم ڕێکەوتننامەیە " قوربانی" واتە کەسی ونبوو یان هەرکەسێک کە زیانی پێگەیشتووە لە ئەنجامی ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆی بە ونبوونی زۆرەملیدا.

٢.هەر قوربانییەک مافی خۆیەتی کە ڕاستییەکان بزانێت دەربارەی ونبوونی زۆرەملی، لەگەڵ پرۆسەو ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە لە چارەنوسی کەس ونبوو. پێویستە هەموو وڵاتانی ئەندام ڕێوشوێنی گونجاو بگرنە بەر لە بارەیەوە.

٣.پێویستە هەر وڵاتێکی ئەندام ڕێوشوێنی گونجاو بگرێتەبەر بۆ گەڕان بەدواو ئازادکردنی کەسانی ونبوو و لە حاڵەتی مردنیشدا پێویستە شوێنی ڕوفاتەکانیان دەستنیشان بکرێت و بەڕێزەوە بگەڕێندرێتەوە.

٤.پێویستە لەسەر هەموو وڵاتانی ئەندام لە سیستەمە یاساییەکانیاندا زامنی ئەوە بکەن کە قوربانیانی ونبوونی زۆرەملی مافی ئەوەیان هەبێت بەشێوەیەکی گونجاوو دادپەروەرانە قەرەبوو بکرێنەوە.

٥.مافی وەرگرتنی قەرەبوو کە لە برگەی (٤) ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی پێکراوە هەموو زیانە مادی ومەعنەوییەکان دەگرێتەوە و لەکاتی پێویستیشدا شێوازی تری قەربووکردنەوە هەن وەکو:

ا. گێڕانەوەی مافەکان ( قەرەبووکردنەوە)،

ب. دووبارە شیاندنەوە،

ج. ڕازیکردن، بەتایبەتیش گێڕانەوەی شکۆمەندی و ناوبانگ بۆ کەسەکە،

د. زامنکردنی دووبارە نەبوونەوە،

٦.بەبێ سەرپێچی لە پابەندییەکان بۆ بەردەوام بوون لە لێکۆڵینەوەکان تاکو چارەنوسی کەسی ونبوو ئاشکرا دەکرێت، پێویستە لەسەر وڵاتانی ئەندام ڕێوشوێنی گونجاو بگرنەبەر دەربارەی دۆخی یاسایی ئەم کەسە ونبووانەی کە چارەنوسیان بۆ کەسوکارەکانیان ئاشکرا نەکراوە، بەتایبەتیش لە بوارەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و بابەتە داراییەکان و یاسای خێزان و مافی خاوەندارێتی.

٧.پێویستە لەسەر هەموو وڵاتانی ئەندام ڕێگە بدەن بە دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانەی کە مەبەستیان دەستنیشانکردنی دۆخی ونبوونی زۆرەملیە و ئاشکراکردنی چارەنوسی کەسە ونبووەکان، هەروەها یارمەتی قوربانیانی ونبوونی بەزۆرەملی بدرێت لەوەی کە بە ئازادی بەشداربن لەم کۆمەڵەو ڕێکخراوانەدا.

**ماددەی ٢٥**

١.پێویستە لەسەر وولاتانی ئەندام ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ قەدەغەکردنی ئەم تاوانانەی خوارەوە:

ا دوورخستنەوەی ئەو منداڵانەی کە دووچاری وونبوونی زۆرەملیَ بوونەتەوە یان ئەو منداڵانەی کە یەکێک لە باوانیان یان بەخێوکەری یاساییان دووچاری وونبوونی زۆرەملیَ دەبێتەوە یان ئەو منداڵانەی کە لەدایک دەبن لەکاتێدا کە دایکیان بەدیل گیراوە لە ئەنجامی وونبوونی زۆرەملیَدا

ب. ساختەکردن وشاردنەوە یان لەناوبردنی هەر دۆکۆمێنتێک کە ناسنامەی ئەم منداڵانە بسەلمێنێت کە لە سەرەوە لە بڕگەی فەرعی (ا) لەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێکراوە.

٢.پێویستە لەسەر هەر وولاتێکی ئەندام کە ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ ناسینەوەو گەڕان بەدوای ئەو منداڵانەی کە لە بڕگەی فەرعی (ا) لە بڕگەی (١) ی ماددەیەدا ئاماژەیان پێکراوە و گێڕانەوەیان بۆ خێزانەکانیان بەگوێرەی ڕێکارە یاساییەکان و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییە کارپێکراوەکان.

٣.پێویستە وولاتانی ئەندام هاوکاری یەکتر بکەن لە گەڕان و دەستنیشانکردنی شوێنی ئەو منداڵانەی کە لە بڕگەی فەرعی ا لە بڕگەی (١) ی ماددەیەدا ئاماژەیان پێکراوە

٤.زیاتر برەودان بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەم منداڵانەی کە لە بڕگەی (١) (ا) لەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێکراوە، هەروەها مافی پاراستن و گێڕانەوەی ناسنامەیان، بەتایبەتی ڕەگەزنامەو ناو و پەیوەندییە خێزانیەکانی هەروەک بە یاسا ناسێنراوە، تایبەت بەم وولاتانەی کە سیستمی هەڵگرتنەوەی منداڵ (تبنی) یان هەر جۆرە دۆخێکی تری سەرپەرشتی منداڵ پەیڕەو دەکەن پێویستە ڕێکاری یاسایی کارپێکراویان هەبێت بۆ پێداچوونەوە لە پرۆسەکانی هەڵگرتنەوەو سەرپەرشتی منداڵان و ئەگەر بشێت ئەوە پێویستە هەر هەگرتنەوەیەک و سەرپەرشتیەکی منداڵان هەڵبوەشێنرێتەوە کە لەحاڵەتی وونبوونی زۆرەملێ دا سەری هەڵدابێت.

٥. پێویستە لە هەموو بارودۆخێکدا بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی منداڵ لەسەرووی هەموو شتێکەوە بێت، بەتایبەتیش ئەوانەی پەیوەستن بەم ماددەیەوە و ئەو منداڵەی کە توانای بڕیاردانی هەیە پێویستە مافی هەبێت لە ئازادی ڕا دەربڕیندا و ئەم بیروڕایەش بەگوێرەی تەمەن و پێگەیشتنی منداڵەکە بەهەند وەربگیرێت.

## بەشی دووەم

### ماددەی ٢٦

١.لێژنەی تایبەت بە حاڵەتەکانی ونبوونی زۆرەملێ ( کە لەخوارەوە بە "لێژنەکە" ناوی دەبرێت) پێویستە دابمەزرێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارانەی کە لەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتوون. ئەم لێژنەیەش لە دە پسپۆر پێک دێت کە کەسانی خاوەن ڕەوشتی بەرز بن و ناوبانگیان هەبێت لە دەستپاکی و لێهاتوویی لە بووارەکانی مافەکانی مرۆڤدا و پێویستە بەتوانای کەسێتی خۆیان کاربکەن و سەربەخۆو بێلایەن بن، ئەندامانی ئەم لێژنەیە لەلایەن وولاتانی ئەندامەوە هەڵدەبژێردرین بەپێی دابەشکردنی جوگرافی و بۆ بەرژەوەندی بەشداریکردن لە کارەکان پێویستە کەسانی خاوەن ئەزمون و پسپۆڕی یاسایی هەڵبژێردرێن و هاوسەنگی لە نێوان هەردو ڕەگەزی ئافرەت و پیاویشدا هەبێت.

٢.پێویستە هەڵبژاردنی ئەندامانی لێژنەکە لە کۆبونەوەیەکدا لەلایەن وولاتانی ئەندامەوە بکرێت کە لە بارەگای سەرەکی نەتەوە یەککگرتووەکان لەسەر بانگهێشتی سکرتێری گشتی ئەنجام دەدرێت و پێویستە ئەم کۆبوونەوەیەش ژمارەی یاسایی تەواو بێت بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی وولاتانی ئەندام و ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆ لێژنەکە لەم کاندیدانە پێکدێت کە زۆرترین دەنگ بەدەست دێنن و زۆرینەی دەنگەکانی وولاتانی ئەندامی بەشداربوو بەدەست دێنن.

٣.یەکەم هەڵبژاردن پێویستە لەماوەیەک دا بکرێت کە زیاتر نەبێت لە شەش مانگ لە بەرواری چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا و چوار مانگ بەر لە هەر هەڵبژاردنێک پێویستە سکرتێری گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان نامەیەک ئاڕاستەی هەموو وولاتانی ئەندام بکات کە داوایان لێبکات بۆ پێشکەشکردنی ناوی کاندیدەکانیان لەماوەی سێ مانگدا. هەروەها سکرتێری گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان هەڵدەستی بە ئامادەکردنی لیستێک بە پێی ئەلفوبێ بۆ ناوی هەموو کاندیدەکان لەگەڵ ڕاگەیاندنی ناوی ئەم وولاتانەی کە ئەم کەسانەیان کاندید کردووە. ئەم لیستەش دەنێرێت بۆ وولاتانی ئەندام.

٤.ئەندامانی لێژنەکە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێن و بۆیان هەیە بۆ جارێکر تریش هەڵبژێردرێنەوە. بەڵام ئەندامێتی پێنج لە ئەندامانی هەڵبژێردراو لە هەڵبژاردنی یەکەمدا دوای دوو ساڵ تەواو دەبێت و ڕاستەوخۆ لەدوای هەڵبژاردنی یەکەمدا سەرۆکی کۆبوونەوەکەی وولاتانی ئەندام کە لە برگەی (٢) ئەم ماددەیەدا ئاماژەی پێکراوە ناوی ئەم پێنج ئەندامە بە تیروپشک هەڵدەبژێرێت.

٥. ئەگەر هاتوو یەکێک لە ئەندامانی لێژنەکە بمرێت یان دەست لەکار بکێشێتەوە یان ڕاییگەیەنێت کە بەهەر هۆکارێک بێت ناتوانێت بەردەوام بێت لە ئەرکەکانی خۆی لە لێژنەکەدا، پێویستە وولاتی ئەندام پسۆرێکی تر لە هاوڵاتیانی خۆی لەجێگای ئەو دەستنیشان بکات، بە پابەندبوون بەم پێوەرانەی کە لە برگەی (١) ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی پێکراوە، بۆ کارکردن لە لێژنەکە لەم ماوەیەی کە ماوەتەوە، پێویستە ئەم پرۆسەیەش

بە ڕەزامەندی زۆرینەی وولآتانی ئەندام بێت و ئەم ڕەزامەندییەش پێویستە پەسەند بکرێت تەنها ئەگەر نیوەی یان زیاتر لەنیوەی وولآتانی ئەندام لەماوەی شەش حەفتەدا بە نەرێ وەڵامیان دایەوە لە بەرواری پێڕاگەیاندنی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانانی کەسی پێشنیار کراو.

٦.پێویستە لێژنەکە پەیرەوی ناوخۆی دابڕێژێت.

٧.پێویستە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کارمەند و ئاسانکاری پێشکەش بە لێژنەکە بکات بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی کارا. ئینجا سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگهێشت بۆ یەکەم کۆبوونەوە دەکات.

٨.ئەندامانی لێژنەکە مافی ئەوەیان هەیە کە سوودمەند بن لە ئاسانکارییەکان و ئیمتیازات و پارێزبەندییەکانی بڕیار لەسەردراو بۆ پسپۆڕەکانی نێردەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان وەک ئەوەی لە بەشەکانی ڕێکەوتننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی پەیوەست بە ئیمتیازات و پارێزبەندیدا هاتووە.

٩.پێویستە لەسەر هەموو وولآتانی ئەندام بەڵێن بدەن کە هاوکاری پێشکەش بەم لێژنەیەو ئەندامەکانی بکەن لە جێبەجێکردنی کارەکانیاندا، لەم چوارچێوەیەی کە وولآتانی ئەندام لەسەری ڕێککەوتوون.

**ماددەی ٢٧**

کۆنفراسێک بۆ وولآتنی ئەندام دەبەسترێت کە لە دوای چوار ساڵ کەمتر نەبێت و لە شەش ساڵیش زیاتر نەبێت لە ماوەی چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی کارەکانی لێژنەکەو هەروەها بڕیاردان، بەشێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ ئەم ڕێکارانەی کە لە برگەی (٢) لە ماددەی (٤٤) دا پێناسەی بۆ کراوە، کە ئایا پێویست دەکات بنێردرێت بۆ دەستەیەکی تر - بەبێ دوورخستنەوەی ئەگەرەکانی تر- چاودێریکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە بە گونجاندنی لەگەڵ کارەکان لە مادەکانی ٢٨ بۆ ٣٦ دا پێناسەی بۆ کراوە.

**ماددەی ٢٨**

١.لەچوارچێوەی ئەم توانستانەی کە لەم ڕێکەوتننامەیەدا پێشکەش کراون، پێویستە لێژنەکە هاوئاهەنگی بکات لەگەڵ هەموو ئۆرگانەکانی پەیوەندارو نوسینگەکان و فەندو ئاژانسە تایبەتمەندەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەگەڵ دەستەکانی دامەزراو بە گوێرەی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها ڕێکارە تایبەتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە ڕێکخراوە حکومییە نێودەوڵەتییەکان و هەرێمییەکانی پەیوەست بە دەستەکان، هەروەها لەگەڵ هەموو دەزگاکانی دەوڵەت و ئاژانس و نوسینگەکانی پەیوەست کە کاردەکەن بۆ پاراستنی هەموو کەسێک لە ونبوونی زۆرەملی.

٢.بەپێی دەسەڵاتەکانی، پێویستە لێژنەکە لەگەڵ دەستەکانی تری پەیوەست بە ڕێکەوتننامەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤەوە ڕاوێژ بکات، بەتایبەتیش لێژنەی مافەکانی مرۆڤی دامەزراو بە گوێرەی پەیماننامەی

نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان بە مەبەستی هاوئاهەگی لەنێوانیان دەربارەی تێبینی و ڕاسپاردەکانیان.

**ماددەی ٢٩**

١. پێویستە هەریەک لە وڵاتانی ئەندام ڕاپۆرتێک لەڕێگای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پێشکەش بە لێژنەکە بکات دەربارەی ئەم ڕێوشوێنانەی کە گرتویەتیە بەر دەربارەی جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە، ئەمەش لەماوەی دوو ساڵ دەبێت لە چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە بۆ وولاتی ئەندام.

٢.پێویستە لەسەر سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم ڕاپۆرتە بۆ هەموو وولاتانی ئەندام بەردەست بکات.

٣.پێویستە هەموو ڕاپۆرتێک لەلایەن لێژنەکەوە تێڕوانینی بۆ بکرێت و بۆی هەیە لەلایەن خۆیەوە کۆمێنت یان تێبینی یان ڕاسپاردەکان بەپێی پێویست دەربکات، پێویستە ئەم کۆمێنت و تێبینی یان راسپاردانە بە وولاتی ئەندامی پەیوەست ڕابگەیەنرێ کە ئەویش لەلای خۆیەوە دەتوانێت وەڵامیان بداتەوە جا بە دەستپێشخەری بێت یان لەسەر داواکاری لێژنەکە.

٤.لێژنەکە هەروەها بۆی هەیە داوا لە وولاتانی ئەندام بکات کە زانیاری زیاتر پێشکەش بکەن لەسەر جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە.

**ماددەی ٣٠**

١.کەسوکاری کەسانی وونبوو یان نوێنەری یاساییان یان پارێزەرەکانیان یان هەرکەسێک کە لەلایەن ئەوانە ڕاسپێردراوە یان هەرکەسێک کە بەرژەوەندییەکی یاسایی هەبێت، بۆیان هەیە داواکارییەکی خێرا پێشکەش بە لێژنەکە بکەن بەمەبەستی گەڕان بەدوای کەسی وونبوو و دۆزینەوەی.

٢.ئەگەر لێژنەکە بۆی دەرکەوێت کە داواکاری بۆ کاردانەوەی خێرا پێشکەش کراوە بەگوێرەی بڕگەی (١) ی ئەم ماددەیە:

ا. هیچ بنەمایەکی ڕوونی نییە،

ب. نابێتە پێشێلکاری لە مافی پێشکەشکردنی ئەم جۆرە داواکاریانە،

ج. بەشێوەیەکی گونجاو پێشکەش بە دەستەکانی تایبەت کراوە لە وولاتی ئەندامدا وک ئەم دەستانەی دەسەلاتی لێکۆڵینەوەیان پێدراوە ئەگەر هەبن،

د. لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ماددەیەدا دەگونجێت وە،

ه. لەبەردەم هیچ دەستەیەکی نێودەوڵەتی تر لە دەستەکانی لێکۆڵینەوەو یەکلاکردنەوەدا تێڕوانینی بۆ نەکراوە،

پێویستە داوا لە وولاتی ئەندامی پەیوەست بکرێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا هەموو زانیارییەکان دەربارەی حاڵەتی کەسی وونبوو پێشکەش بکات.

٣.لەبەر ڕۆشنایی ئەم زانیاریانەی کە لەلایەن وولاتی ئەندامی پەیوەستەوە دراون بەپێی برگەی (٢) ی ئەم ماددەیە، لێژنەکە بۆی هەیە ڕاسپاردەکانی بۆ وولاتی ئەندام بنێرێت، بەتایبەتیش داوای گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست، لەنێویشیدا ڕێوشوێنی کاتی بۆ دەستنیشان کردن و پاراستنی کەسی پەیوەست بەپێی ئەم ریکەوتننامەیەو ئاگادارکردنەوەی لێژنەکە دەربارەی ئەم ڕێوشوێنانەی کە دەیگرێتە بەر لەماوەیەکی دیاریکراودا، بە ڕەچاوکردنی مەترسیداری باودۆخەکە. پێویستە لێژنەکە ئاگاداری ئەو کەسە بکاتەوە کە داواکاری پێشکەش کردووە بۆ کاردانەوەی خێرا دەربارەی هەموو ڕاسپاردەو زانیارییەکانی کە لەلایەن وولاتی ئەندامەوە بۆی نێردراون هەرکاتێک کە بەردەست بن.

٤.پێویستە لێژنەکە هەموو هەوڵەکانی بخاتە گەڕ بۆ کارکردن لەگەڵ وولاتی ئەندامی پەیوەست تا چارەنووسی کەسی وونبوو بە هەڵپەسێردراوی مابێتەوە. ئەو کەسەی کە داواکارییەکەش پێشکەش دەکات پێویستە ئاگادار بکرێتەوە.

**ماددەی ٣١**

١.لەکاتی پەسەندکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا یان هەر کاتێکی دواتر، وولاتی ئەندام بۆی هەیە ئاشکرای بکات کە دان بە لێهاتوویی لێژنەکەدا دەنێت لە وەرگرتنی سکاڵانامەکان لەلایەن یان لەجیاتی ئەو کەسانەی کە لەژێر دەسەلاتەکانی ئەم وولاتەدا دەژین و بانگێشەی ئەوە دەکەن کە بوونەتە قوربانی پێشێلکارییەکانی ئەم وولاتە ئەندامە لە ئەحکامەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا و پێویستە لێژنەکە دان بە هیچ سکاڵانامەیەک نەنێت کە پەیوەست بێت بەم وولاتەی کە ئەم جۆرە ڕاگەیەنراوەی دەرنەکردووە.

٢.لێژنەکە لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا سکاڵانامەکان قەبوڵ ناکات:

(ا) ئەگەر سکاڵانامەکە لە کەسێکی نادیارەوە بێت،

ب. یان ببێتە سەرپێچی لە مافی پێشکەشکردنی سکاڵانامەی لەم جۆرە یان لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا نەگونجێت.

ج. یان لەبەردەم دەستەیەکی تری نێودەوڵەتی یان هەر دەستەیەکی تری لێکۆڵینەوەدا تێڕوانینی بۆ بکرێت.

د. یان هەموو چارەسەرییە ناوخۆییە کاراکانی بەکارهێناوە، بەڵام ئەم ڕێسایە نابێت بەکاربهێنرێت کاتێک کە پێشکەشکردنی چارەسەر کاتێکی زۆر دەبات.

٣.ئەگەر هاتوو لیژنەکە بۆی دەرکەوت کە سکالانامەکان لەگەڵ ئەم داواکاریانەدا یەکدەگرێتەوە کە لە برگەی (٢) ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، پێویستە سکالانامەکان بنێرێت بۆ وولاتی ئەندامی پەیوەست و داوای لێبکات کە تێبینی و کۆمێنتەکانی لە ماوەیەکی دیاریکراودا بنێرێت کە لیژنەکە بۆی دیاری دەکات.

٤.لەدوای هەر کاتێک لە وەرگرتنی سکالانامەکە و پێش ئەوەی بگەن بە بریارێک دەربارەی بابەتەکە، لیژنەکە بۆی هەیە بەبێ دواکەوتن وولاتی ئەندام ئاگادار بکاتەوە کە ڕێوشوێنی کاتی و پێویست بگرێتەبەر بۆ دوورکەوتنەوە لەم زیانانەی کە چارەسەریان ئەستەم دەبێت بۆ قوربانییەکانی پێشێلکارییەکانی بانگێشەکراو. کاتێک کە لیژنەکە دەسەلاتی هەڵسەنگاندن بەکار دەهێنێت، مانای ئەوە نییە کە بریار دەردەکات لە سەر ڕازیبوون یان لەسەر ئەوەی کە سکالانامەکە بەجێیە.

٥.پێویستە لیژنەکە بەپێی ئەم ماددەیە لە کۆبونەوەی داخراودا تێروانین بۆ سکالانامەکانی پێشکەشکراو بکات. هەروەها پێویستە ئەو کەسەش ئاگاداربکاتەوە کە سکالانامەکەی پێشکەش کردووە لە هەموو وەلامەکانی کە وولاتی ئەندامی پەیوەست پێشکەشی کردوون. کاتێک کە لیژنەکە بریار لەسەر تەواوکردنی پرۆسەکە دەدات، ئەنجامەکان دەنێرێت بۆ هەریەک لە وولاتی ئەندام و خاوەن سکالانامەکە.

**ماددەی ٣٢**

هەر وولاتێکی ئەندام لەم ڕێکەوتننامەیەدا و لەهەر کاتێکدا بۆی هەیە ڕایبگەیەنێت کە دان بە لێهاتوویی لیژنەکەدا بنێت لە وەرگرتن و تێڕوانینی بۆ ئەم سکالانامانەی کە وولاتێکی ئەندام بانگێشەی ئەوە دەکات وولاتێکی ئەندامی تر پابەند نەبووە بەم ڕێکەوتننامەیە. هەروەها لیژنەکە هیچ سکالانامەیەک وەرناگرێت کە پەیوەست بێت بەم وولاتە ئەندامەی کە ئەم ڕاگەیەنراوەی دەرنەکردووە و هیچ سکالانامەیەکیش کە لەلایەن وولاتێکی ئەندامەوە پێشکەش دەکرێت کە ئەم ڕاگەیانراوەی دەرنەکردووە.

**ماددەی ٣٣**

١.ئەگەر هاتو لیژنەکە زانیاری باوەڕپێکراوی دەستکەوت کە وولاتێکی ئەندام بەشێوەیەکی مەترسیدار پێشێلکاری دەکات لە ئەحکامەکانی ئەم ماددەیە و لە دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ وولاتی ئەندامی پەیوەست، داوا لەیەکێک یان زیاتر لە یەکێک لە ئەندامەکانی دەکات کە سەردانێکی ئەم وولاتە بکەن و بەبێ دواکەوتن ڕاپۆرتێک پێشکەش بکەن.

٢.پێویستە لیژنەکە وولاتی ئەندامی پەیوەست بە نوسراو ئاگادار بکاتەوە لەوەی کە نیازیان وایە سەردانێک ڕێکبخەن، لەگەڵ دەستنیشانکردنی پێکهاتەی شاندەکەو مەبەست لە سەردانەکە. پێویستە وولاتی ئەندامیش لە کاتێکی گونجاودا وەلامی لیژنەکە بداتەوە.

٣.لەسەر داواکارییەکی بە پاساو لەلایەن وولاتی ئەندامی پەیوەستەوە، لیژنەکە بۆی هەیە بریار بدات کە سەردانەکە دوابخات یان هەڵی بوەشێنێتەوە.

٤.ئەگەر وولاتی ئەندام سەردانەکەی پەسەند کرد، لێژنەکەو وولاتی ئەندام هەڵدەستن بە دەستنیشانکردنی شێوازو چۆنییەتی سەردانەکە و پێویستە لەسەر وولاتی ئەندامیش هەموو ئاسانکارییەکی پێویست پێشکەش بکات بۆ سەرکەوتنی سەردانەکە.

٥.لەدوای سەردانەکەش، پێویستە لێژنەکە هەموو تێبینی و ڕاسپاردەکانی بە وولاتی ئەندامی پەیوەست ڕابگەیەنێت.

**ماددەی ٣٤**

ئەگەر هاتوو لێژنەکە هەر زانیارییەکی بۆ هات کە بەڵگەی بەهێزی تێدابێت کە وونبوونی بەزۆرەملی بە شێوەیەکی بەربڵاوو و سیستماتیکی لە هەر ناوچەیەکدا کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی وولاتێکی ئەندام پراکتیزە کراوە ، لەم حاڵەتەدا بۆی هەیە داوا لە وولاتی ئەندامی پەیوەست بکات کە زانیاری زیاتر بدات دەربارەی دۆخەکە و دەستبەجێش لە ڕێگای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بابەتەکە بخاتە بەردەم کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**ماددەی ٣٥**

١.پێویستە لێژنەکە توانستەکانی تەنها لەم کەیسانەدا بەکار بهێنێت کە لەدوای  چوونە بواری جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکەوە ڕوودەدەن.

٢.ئەگەر هاتوو وولاتێک لەدوای چوونە بوواری جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکەوە بوو بە ئەندام، لەم حاڵەتەدا پابەندییەکانی بەرامبەر لێژنەکە تەنها بۆ ئەم کەیسانەی وونبوونی زۆرەملیَ دەبێت کە لەدوای چوونە پاڵ ڕێکەوتننامەو چوونە بوواری جێبەجێکردن بۆ وولاتی ئەندام روویان داوە.

**ماددەی ٣٦**

١.پێویستە لێژنەکە ڕاپۆرتێکی ساڵانە لەسەر هەموو چالاکییەکانی بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە پێشکەش بە وولاتانی ئەندام و کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات.

٢.پێش ئەوەی هەر تێبینییەک دەربارەی وولاتێکی ئەندام لە ڕاپۆرتی ساڵانەدا بڵاوبکرێتەوە، پێویستە وولاتی ئەندامی پەیوەست پێشتر ئاگادار بکرێتەوەو ماوەیەکی گونجاویشی پێ بدرێت بۆ وەڵامدانەوە و بۆشی هەیە داوای بڵاوکردنەوەی تێبینی و کۆمێنتەکانی بکات لەگەڵ ڕاپۆرتەکەدا.

## بەشی سێییەم

### ماددەی ٣٧

نابێت هیچ شتێک لەم ڕێکەوتننامەیەدا کاریگەری لەسەر ئەو ئەحکامانە هەبێت کە دەستەبەری باشترین پاراستن دەکەن بۆ هەموو کەسێک لە وونبوونی زۆرەملیَ، ئەمانەش لە مانەی خوارەوەدا بەدی دەکرێن:

ا. لە یاساو تەشریعاتەکانی وولاتی ئەندامدا،

ب. یاسا نێودەوڵەتییە کارپێکراوەکانی تایبەت بە وولاتی ئەندام،

### ماددەی ٣٨

١.دەرگای واژۆکردن لەم ڕێکەوتننامەیەدا بۆ هەموو وولاتانی ئەندام کراوە دەبێت.

٢.ئەم ڕێکەوتننامەیە کراوەیە بۆ پەسەندکردن لەلایەن هەموو وولاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان و هەموو دۆکۆمێنتەکانی پەسەندکردن و چوونەپاڵ ڕادەستی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت.

٣.دەرگای چوونەپاڵ بۆ ئەم ڕێکەوتننامەیە بۆ هەموو وولاتێک کراوە دەبێت و چوونەپاڵیش لەڕێگای ( وەدیعە)ی چوونەپاڵ دەبێت کە ڕادەستی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت.

### ماددەی ٣٩

١.ئەم ڕێکەوتننامەیە دەکەوێتە بوواری جێبەجێکردن لە ڕۆژی سییەمی لەدوای بەرواری ڕادەستکردنی ( ودیعە) ی بیستەم لە وەدیعەکانی پەسەندکردن و چوونەپاڵ بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢.تایبەت بە هەر وولاتێک کە ئەم ڕێکەوتننامەیە پەسەند دەکات یان دەچێتەپاڵی دوای ئەوەی (وەدیعەی) بیستەم لە وەدیعەکانی چوونەپاڵ و پەسەندکردن ڕادەست دەکات. ئەم ڕێکەوتننامەیە لە ڕۆژی سییەمی دوای وەدیعەکە لەلایەن وولاتی ئەندامەوە دەچێتە بوواری جێبەجێکردن.

### ماددەی ٤٠

پێویستە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو وولاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو ئەم وولاتانەی کە واژویان کردوەو هاتوونەتە ناو ئەم ڕێکەوتننامەیە لەمانەی خوارەوە ئاگادار بکاتەوە:

ا. واژۆکردن و پەسەندکردن و چوونەپاڵ بەپێی ماددەی ٣٨،

ب. بەرواری چوونە بوواری جێبەجێکردن بۆ ئەم ڕێکەوتننامەیە بەپێی ماددەی ٣٩.

### ماددەی ٤١

پێویستە ئەحکامەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە لەسەر هەموو بەشەکانی وولاتانی سیستمی فیدرالی بەبێ سنووردانان جێبەجێ بکرێت.

**ماددەی ٤٢**

١.هەر کێشەیک لە نێوان دوو یان زیاتر لە دوو وولاتی ئەندامدا دەربارەی شیکردنەوەی یان جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە کە بە وتووێژ چارەسەر نەبێت، پێویستە لەسەر داوای یەکێک لە وولاتەکان پێشکەش بکرێت بۆ نێوەندگیری کردن. ئەگەر هاتوو لەماوەی شەش مانگ لە بەرواری پێشکەشکردنەکە بۆ نێوەندگیری کردن لایەنەکان نەگەنە هیچ ڕێکەوتنێک لە ڕێکخستنی ئەم نێوەندگیرییە، هەر یەکێک لە لایەنەکان بۆی هەیە بە داواکارییەک کێشەکە بباتە دادگای دادی نێودەوڵەتی بەپێی سیستمی بنەڕەتی ئەم دادگایە.

٢.هەر وولاتێکی ئەندام مافی خۆیەتی لەکاتی واژوکردن یان پەسەندکرنی ئەم رێکەوتنامەیەدا رایبگەیەنێت کە خۆی پابەند نەکات بە برگەی (١) ی ئەم ماددەیە. هەروەها هەر وولاتێکی تری ئەندامیش پابەند نابێت بەم برگەیە ئەگەر هاتوو ڕاگەیەنراوی لەم جۆرە دەربکات.

٣.هەر وولاتێک کە راگەیەنراوێک بەگوێرەی برگەی (٢) ی ئەم ماددەیە دەربکات مافی ئەوەی هەیە کە لەهەر کاتێک ڕاگەیەنراوەکەی بکێشێتەوە، ئەویش بە ئاگادارکردنەوەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**ماددەی ٤٣**

ئەم ڕێکەوتننامەیە هیچ سەرپێچیەکی تێدا نییە بۆ یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، بەتایبەتیش وولاتانی ئەندام لە چوار ڕێکەوتننامەکەی جنێڤی ١٢ ی ئابی ١٩٤٩ لەگەڵ دوو پرۆتۆکۆلە زیادکراوەکەی ٨ی حوزەیرانی ١٩٧٧ یان بەردەستکردنی هەلێک بۆ وولاتانی ئەندام کە ڕێگە بە کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی بدەن کە سەردانی سەنتەرەکانی ڕاگرتن بکەن لەم حاڵەتانەی کە لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیدا نەهاتوون.

**ماددەی ٤٤**

١.هەر وولاتیکی ئەندام لەم ڕێکەوتننامەیە بۆی هەیە کە پێشنیار پێشکەش بکات بۆ هەمووارکردنەوەیەک و بینێرێت بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، سکرتێری گشتیش هەڵدەستی بە ناردنی هەر هەموارکردنەوەیەکی پێشنیارکراو بۆ وولاتانی ئەندام و داوایان لێدەکات کە پ َی ڕابگەیەنن ئەگەر ئارەزووی ئەوەیان هەیە کە کونفراسێک بۆ وولاتانی ئەندام ڕێکبخرێت بە مەبەستی پێداچوونەوە بە پێشنیارەکان و ئایا دەنگدانی بۆ بکرێت یان نا، لە حاڵەتێک ئەگەر بەلانی کەم یەک لەسەر سێی وولاتانی ئەندام ئەم ئارەزوەیان هەبوو، لە ماوەی چوار مانگ لەم ڕاگەیاندنەدا، ئەم کونفراسە ڕێکدەخرێت، ئینجا سکرتێری گشتی لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان بانگهێشت بۆ کۆنفراسەکە دەکات.

٢.هەر هەموارکردنەوەیەکیش کە لەلایەن زۆرینەی دوو لەسەر سێی وولاتانی ئەندامی دەنگدەرەوە لە کۆنفراسەکەدا لەخۆدەگیرێت لەلایەن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ هەموو وولاتانی ئەندام دەنێردرێت بۆ پەسەندکردن.

٣.هەر هەموارکردنەوەیەکیش بەپێی بڕگەی (٢) ئەم ماددەیە لەخۆبگیرێت، دەچێتە بواری جێبەجێکردن دوای ئەوەی دوو لەسەر سێی وولاتانی ئەندام لەم ڕێکەوتننامەیەدا پەسەندی دەکەن بەگوێرەی پرۆسەی دەستووری وولات.

٤.هەرکاتێکیش کە هەمووارکردنەکان چوونە بوواری جێبەجێکردنەوە، ئەم وولاتانەی کە پەسەندیان کردووە پابەند دەبن پێیەوە، هەروەها وولاتانی تریش بەردەوام پابەند دەبن بە ئەحکامەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە لەگەڵ هەموارێکی تر کە پێشتر پەسەندی کردبێت.

**ماددەی ٤٥**

١.ئەم ڕێکەوتننامەیە کە بەزمانەکانی ئیسپانی و ئینگلیزی و ڕوسی و چینی و عەرەبی و فەڕەنسی بەردەستە، پێویستە ڕادەستی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بکرێت.

٢.پێویستە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆپیەکی پەسەندکراوی ئەم ڕێکەوتننامەیە بۆ هەموو وولاتان بنێرێت.